# کۆمەڵناسیی ئەدەب

## ڕۆبێر ئیسکارپیت

# کۆمەڵناسیی ئەدەب

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

**هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم**

هەولێر- ٢٠١٨

هەواڵنامەی کتێب

# دەزگای ئاوێر


- کۆمەڵناسیی ئەدەب
- رۆبێرت ئیسکارپیت
- وەرگێڕانی لە فارسییەوە:هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم
- دیزاینی ناوەوە:عبداللە رحمان
- دیزاینی بەرگ:ئاکار جەلیل
- چاپی یەکەم،هەولێر،٢٠١٨
- تیراژ: (١٠٠٠)دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکاندا ژمارە(     )ی
ساڵی ٢٠١٨ی دراوەتێ


هەولێر کتێب

# پێرست


**بابەت** **لاپەڕە**

وتەیەک بۆ چاپی کوردی.............................................٧

وتەی وەرگێڕی فارسی.............................................٩

**بەشی یەکەم: بنەماو میتۆد.............................................٢٣**

پاری یەکەم: مەبەست لە کۆمەڵناسیی ئەدەب چییە؟...................٢٣

١ .ئەدەب و کۆمەڵ.............................................٢٣

٢ .کورتە مێژوییێک.............................................٢٦

٣ .بەرەو سیاسەتێک بۆ کتێب.............................................٣٨

پاری دووەم: میتۆدی لێکۆڵینەوەی دیاردەی ئەدەبی...................٤٣

١ .کتێب، خوێندنەوە، ئەدەب.............................................٤٣

٢ .ڕێگاکانی دەستگەیشتن و بەدەستهێنانی دیاردەی ئەدەبی............٥٥

**بەشی دووەم: بەرهەمهێنان.............................................٦٥**

پاری یەکەم: نووسەر لە زەمینەی کاتدا.............................................٦٥

١ .سیمایەکی ئەوانەی کە نەمر دەبن.............................................٦٥

٢ .وەچەکان و گروپەکان.............................................٧٤

پاری دووەم: نووسەر لەکۆمەڵدا.............................................٨٥

١ .ڕەگ و ڕەچەڵەک.............................................٨٥

٢ .مەسەلەی دەستەبەری خەرجی ژیان.............................................٩٤

٣ .پیشەی ئەدەبی.............................................١٠٣

**بەشی سێیەم: دابەشکردن.............................................١١٣**


هەواڵنامەی کتێب

پاری یەکەم: پرۆسەی بڵاوکردنەوە..............................١١٣
١ .بڵاوکردنەوە و داهێنان..............................١١٣
٢ .کورتەمێژوویێکی بڵاوکردنەوە..............................١١٦
٣ .پرۆسەی بڵاوکردنەوە..............................١٢٤
پاری دووەم: تۆڕەکانی دابەشکردن:..............................١٤١
١ .سنورەکانی تۆڕ (بازنە)..............................١٤١
٢ .بازنەی ڕۆشنبیران..............................١٤٨
٣ .تۆڕە گشتییەکان (بازنە گشتییەکان)..............................١٦٤
٤ .بەربەست شکێنەکان..............................١٧٤
**بەشی چوارەم: بەکاربردن..............................١٨٩**
پاری یەکەم: بەرهەم و خوێنەران..............................١٨٩
١ .خوێنەران..............................١٨٩
٢ .سەرکەوتن..............................٢٠٧
پاری دووەم: خوێندنەوە و ژیان..............................٢١٨
١ .شارەزایان و بەکاربەران..............................٢١٨
٢ .پاڵنەر..............................٢٢٥
٣ .بارودۆخە گونجاوەکانی خوێندنەوە..............................٢٣٤
ئەنجام..............................٢٤٢
لیستی کتێبە فرەنسییەکان..............................٢٤٥
لیستی سەرچاوە فارسییەکان..............................٢٤٨
ژیاننامەی نووسەر رۆبێر ئیسکارپیت..............................٢٥٣

کتێبی هەواڵنامە

# وتەیەک بۆ چاپی کوردی

یەکێک لەو بابەتانەی ئەدەب، کە بەدرێژایی سەدەی بیستەم مایەی گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە بووە لەنێو کۆڕی ڕەخنەگران و پسپۆڕاندا کۆمەڵناسیی ئەدەب بووە، کە بەراورد بە لقەکانی دیکەی کۆمەڵناسی تەمەنێکی کەمتری هەیە، بەڵام هاتنەکایەوەی ئەم لقە وەرچەرخانێکی گرنگ و کاریگەر بوو لە ڕەخنە و ئەدەبی خۆرئاواییدا. ڕۆڵی کۆمەڵناسی لە بواری ئەدەبدا زیاتر دیوێکی پراکتیکی هەیە و ئیش لەسەر هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییە کاریگەرەکانی سەر ئەدەب لەناو کۆمەڵدا دەکات ، بەرامبەر بەوەش کاریگەری ئەدەب لەسەر ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەدا دەخاتەڕوو.

جێگەی داخە تا ئێستا لەناو ئەدەب و رەخنەی کوردیدا زەمینەیەکی ئەوتۆ بۆ کۆمەڵناسیی ئەدەب ئاوەڵا نەکراوە و گرینگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە،ئەوەی هەیە و نییە بریتییە لە چەند هەوڵێکی تاکەکەسی، کە بە شێوەی کتێب، یاخود نامەی زانکۆیی یا کورتە وتاردا دەرکەوتوون ، کە لە دووتوێی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا کەم تا زۆر ڕوویان لەم بابەتە کردووە، جگە لەمەش لە ناوەندە ئەکادیمییەکانیشدا تا ئێستا کۆمەڵناسیی ئەدەب نەکراوەتە پرۆگرامێکی سەرەکی خوێندنی زانکۆیی

ئەمە لە کاتێکدا لە وڵاتانی دیکەدا چەندین سەنتەر و دەستەی سەربەخۆی تایبەت بە کۆمەڵناسیی ئەدەب هەن، کە ئەرکیان لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەدەبە وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی. لەبەر ئەم هۆکارانەی باسکران، هەروەها نەبوونی کتێبێکی تایبەتی گشتگیر بەم لایەنە ئەم کتێبەمان بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕا، تا هیچ نەبێت تۆزێک تینوێتی خوێنەری کورد بشکێنێت، هەروەها خوێندکارانی ئەدەب لە سەرجەم ئاستەکاندا بتوانن سوودێک، ئەگەر کەمیش بێت لێی وەربگرن.

ئەم کتێبە تا ئێستا بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی دونیا وەرگێڕدراوە و بەدرێژایی ساڵانی دوای نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم سوودی لێوەرگیراوە و تا ئەمڕۆش ساڵانە چەندین جار لە فرەنسا و وڵاتانی دیکەدا چاپدەکرێتەوە.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەین، کە سەرباری دەقە فارسییەکە سوودمان لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی کتێبەکەش بینیوە و لە زۆر شوێندا، ئەگەر ناڕوونییەک ، یا زانیارییەکی زیاتر لەبارەی کارەکەوە هەبووبێت بۆ وەرگێڕانە عەرەبییەکە گەڕاوینەتەوە و پاشتریش لەگەڵ دەقە فاسییەکەدا بەراوردمان کردووە.

**پ.د.هیمدادی حوسێن.** **م.ی.سەنگەر نازم**

# وتەی وەرگێڕی فارسی

**کۆمەڵناسیی ئەدەب** (سۆسیۆلۆژیای ئەدەب) لە خانەوادەی مەزنی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە،لە هەموویان گەنجترە،ئەم لقە زانستییە تازە بابەتە، گەرای لەنێو مێژووی کلتورەکاندا داناوەو بڵاوبۆتەوەو بۆ چەندین سەدە وەکو مەلۆتکەیەک لە هەناوی کۆمەڵگاکاندا دەژیا، دواجار لە دایکبوو و بەخۆی و هاوەڵەکەی سەردەمی مەلۆتکەیی،کە لەپشت خۆیەوە گرێدرا بوو ، لە دوای لە دایکبوونی زۆر بە زوویی گەشەی کرد و لە نێو کۆمەڵناسیی بەگشتی و کۆمەڵناسیی هونەردا بە تایبەتی گیانێکی تازەی بەخشی.هاتنە دنیای ئەو بەشە زانستییە، بە هەموو پیرۆزییەکانییەوە، بێ کێشە نەبوو ، بۆیە کۆمەڵناسیی ئەمجارەیان لە بەینی گوزارەیی و ماددیەتدا وەستا و کەوتە دنیای زەمینی و خولقاندنەوە،لە دەرەوە بەرەو ناوەوە هەنگاوی ناو لە عەقڵەوە بەرەو هەستەوە خۆی خەریک دەکرد و خۆی نقومی توندوتیژی یاساکانی کۆمەڵایەتی دەکردو ئاشنای نەرمونیانی و سۆزداری مرۆڤ دەبێت. کۆمەڵناسیی ئاینی سەرقاڵی پەیدابوونی خواوەندەکان و کۆمەڵناسیی ئەدەب خۆی بە پەیدابوونی تاکەکانەوە خەریک کردووە ، هەردوو لایان لە کفر ڕادەکەن ، هەردوولا لە دۆزینەوەی دروستبوونی گەردوون خۆیان بە دوور دەگرن ، تا ئەو جێگایەی هەر دوولایان خۆیان لە نێو بەشە

هەواڵنامەی کتێب

نزیکەکاندا دەدۆزنەوە و پشت بە بەڵگەی زانستی دەبەستن.ئەمڕۆ کۆمەڵناسیی ئەدەب وەکو هەر لقێکی زانستی تر ڕیشەیەکی پتەوی هەیە، ناسنامەی خۆی پەیداکردووەو بەچەندین ناوی کەسایەتی گەورەی وەکو لۆکاچ ، لۆسێن گۆڵدمان ، والتەر بنیامین ، تیۆدۆر ئەدۆرنۆ ، ئاریش کۆهلەر ، میخائیل باختین بەستراوەتەوەو پێوەندی خۆی بە فەلسەفە و کلتور و هونەر و ئابووری توند گرێداوە و کەسێکی وەکو (کەدکەنی) دەڵێت: (( چ ئەوانەی ئەمڕۆ دەڵێن دەق پێوەندی بە ژیاننامە یان لایەنی دەروونی نووسەر یان دەوروبەر و ژینگەوە هەیەو بە دوای پێوەندی شاراوەی نێوان بەرهەمێک یان هۆکارە مێژوویی و ئابوورییەکانی ڕۆژگاری نووسەراندا دەگەڕێن دژایەتی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەن و ئەوانەیشی، کە خەریکی لێکۆڵینەوەی بنیات و وێنەو چنینی دەقن،ئەوانیش ڕەتی دەکەنەوە،هەردوولایان باش لەوە تێگەیشتوون،کە هەریەکێ لەو میتۆدانە دەتوانن ڕاستگۆیی توێژینەوەیەکی دروستی ئەدەبیات بن و هەربۆیە کەسانێ ، کە توانیویانە وێنەی هەلومەرجی مێژوویی و ئابووری و سەرهەڵدانی ئەو دۆخە بە چاوێکی کراوەتر بە ژیانەوە پەیوەست بکەن،ئەوان گرنگترین هەوڵ و کۆششیان لە مەیدانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی بەرهەمی ئەدەبی لە بواری کۆمەڵناسیی ئەدەبیاتدا ئەنجام داوە))[١] .

---

[١] : شفیعی کدکنی، محمد رضا، موسیقی شعر،تهران، انتشارات اگاه ،١٣٧٠، ص ١٧.

ئیدی زەمینەکانی گەشەکردن دیاریکران، تیۆرییەکان بەرجەستەکران، میتۆدەکان نووسرانەوەو توێژینەوەکان بە دەزگایی کران ، دەرەنجامی هەوڵەکان زوو بە زوویی دەدرەوشێنەوە و بڵاوکراوەکان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرە و پێشەوە دەچن[٢].

لەسەر خاکی ئەدەبپەروەرانی ئێران، بەر لەوەی نەسیمی بەهەشتیی ئەم بەشە ژیان بەخش و درەوشاوە هەڵبکات و لە خەوی قووڵ بێدارمان بکاتەوە، بیرمەندانێ هەبوون کە هەستیان بەو شنەبایە کردبوو و لەو زەمینەدا کاریان دەستپێکردبوو و بە هیممەتی کەسیی خۆیان بەرجەستە بوونی لایەنی کۆمەڵایەتییان لە ئەدەبیاتدا هەست پێکردبوو، لە پێوەندی نێوان گوڵ و بولبول و واقیعیەت و سیمبول تێگەیشتبوون. مێژوو لە ناوەرۆکی چیرۆکەکان،خەفەت لە شیعرەکان،ژیان لە نێو پەندو مەتەڵەکان ،سیاسەت لە چوارچێوەی کاری ئەدیباندا ڕەنگی داوەتەوەو عەشق و کینە،خۆشی و ناخۆشی،هێرش وبەرگری، شکست و سەرکەوتن، کەوتن و ئاشتی خەڵکیان نووسیوەتەوە و ئەو ئەدەبیاتە ئاوێنەیەکی ڕوونی چڵێکی ژیانی ئێمە، مێژوو و کلتوور و کۆمەڵ و خانەوادە و کەسایەتی و پوختەی لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەیان داوەتە دەستمان. ڕێکەوت نەبووە،کە هەوەڵین کۆمەڵناسی ئێرانی،غولام موحسین سەدیقی، چارەکە سەدەیەک پێش ئێستا یەکەمین هەولی دەرسی خۆی بە ناوی (کۆمەڵایەتی لە

[٢]: ئەو بەشەی تایبەتە بە کۆمەڵناسیی ئەدەبی.

ئەدەبیاتدا) داوە،ئەو نووسەرە سۆراغی ڕێگەی ناسینی ئێمەی لەنێو ئەدەبیاتدا کردووەو کلیلی چەندین دەرگای داخراوی کلتوری ئێمەی لە نێو ئەو سندووقەدا دۆزیوەتەوە، وەلێ مخابن! خۆی ئەو ڕێگەیەی تەواو نەکردو ڕۆیشت و ماڵەکەی بە یەکێکی دی سپارد و زانستی بێ خاوەنی دایە دەست مەحموود رۆح ئەلئەمینی،کە ئەگەر سەرقاڵییەکانی ژیانی ڕۆژانە نەبووایە، تەمەنی خۆی لەو ڕێگەیەدا سەرف دەکرد .

کۆمەڵایەتی لە ئەدەبیاتدا—ئەو بەشەیە،کە لە هەناوی کۆمەڵ خۆیدا لەدایک بووە،شتێک نەبووە،کە لە ڕۆژئاواوە هاتبێت و ڕێوشوێنی زانستی بە ئێمە نیشان بدات،درەختێ بووە لە خاکی وێژەوانی ئێران و بە تایبەتی لە گوڵستانی بێ هاوتای شیعریی خۆمانەوە ڕواوە، قەسیدە و غەزەلەکانمان،پەندو قسە نەستەقەکانمان، تەنز و کینایەکانمان،ئەفسانەو ئامۆژگارییەکانمان حیکمەتەکانمان)،بەهاو باوەڕەکانی ئێمە ڕژاونەتە نێو ڕووباری کلتووریمانەوە، زاناو کۆمەڵناسی ئێمە توانیویەتی و دەتوانێ لە کۆمەڵگەی خۆمانەوە ئەدەبی ئێرانی تاقیبکاتەوەو داهێنانی گەورەی کۆمەڵناسیی تێدا بدۆزێتەوە، مەودای کلتوورناسی و کۆمەڵ گەشە پێبدات و ئەوە پیشان بدات، کە چۆن مێژووی ئێمە، ئەدەبیات و مێژووی ئێمە دروست بووە، هەروەکو چۆن (مەدام دی ستایل) نووسەری فەرەنسی نووسیویەتی: ( (کاریگەریی دین،داب و نەریت و یاساکان لە ئەدەبیات و لە بەرانبەریشدا کاریگەریی ئەدەبیات بەسەر ئەواندا )). ئاشکرایە .هەربۆیە (جەلال ئال ئەحمەد)لەو

باوەڕەدایە: ((ڕەسەنترین ئەرگۆمێنتی مێژووی هەر میللەتێک ئەدەبیاتەکەیەتی، ئەوەی تری هەمووی فیڵ و تەڵەکەیە)) .کەوابێ مێژووی ئەدەبیاتی هەرمیللەتێک مێژووی ڕاستەقینەی ئەو میللەتە دەنوێنێ،بەڵام بەداخەوە مێژووی ئەدەبیاتی فەرمی خودی میللەت پشتگوێ دەخات و تەنیا خۆی خەریکی ژیاننامەی نووسەر،مێژووی لە دایکبوون و مردنی،نەژاد و شوێنەکەی، گەنجی و پیری،سەفەر و گەڕان و قۆناغە جیاوازەکانی ژیان و گۆڕانی هزری و ڕۆحی و سۆزداریی نووسەر و شێواز و سەلیقەی و پێوەندی لەگەڵ دنیای هونەری سەردەمدا و هەلە لە دەستچووەکانی و کاریگەریی ئەدەبیی نووسەر لەسەر نەوەی نوێ و نەوەکانی دواتر لە لایەکی ترەوە دەخاتەبەرباس...

مێژووی ئەدەب باسی ڕوانینی هزریی نووسەر لە هەمبەر پێکهاتەی گشتیی دەوروبەر، باسی شێوازی کارەکانی ئەو لەگەڵ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری سەردەمدا ناکات، میکانیزمەکانی داهێنانی هونەریی لە بەرهەمەکانی نووسەر ناخاتە بەر باس و ئەندێشە و بیری ئەو لە میانی سەردەمی خۆیدا جێگە ناکاتەوە، پێوەندی ئەو لەگەڵ بیرکردنەوەی باو،لەگەڵ ڕژێمی دەسەڵاتدار،دەگەڵا خواستەکانی سەردەم ، لەگەڵ بەرژەوەندی چین و توێژەکانی کۆمەڵ دیاری ناکات . کاریگەری نووسەر لە هۆشیاری ڕاستەقینەی خەڵکدا نانوێنێ ، ئەندازەی سەنگ و چەندێتی هۆشیاری نووسەر بەسەر زەینی خوێنەراندا ڕوون ناکاتەوە و

هەواڵنامەی کتێب

ئەو گۆڕانکارییانەی، کە بەهۆی بەرهەمی نووسەرەوە لەسەر بەهای کلتووری و کۆمەلایەتی و کەسایەتی و هەروەها چێژی ئیستاتیکی لەو بەرهەمانە پشتگوێ دەخات .

ئەم بەشەی ئەدەبیات دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵناسیی ئەدەبەوە، ئەم بەشە پێوەندی ئاڵۆزی نێوان نووسەر و خوێنەر وێنا دەکات و گۆشە تاریکەکانی ئەو پێوەندییە بەرجەستە دەکات و ئەدەبیات لە ڕوانینی تاکەوە بۆ پێکهاتەی کۆمەلایەتی لە ڕێگەی وێنەی ئەبستراکتەوە دەگوازێتەوەو پێوەندی نێوانیان دیاری دەکات و بە یاسایی دەکات.ئەم شتانە هەر هەمووی هێشتا بە کۆمەڵناسیی ئەدەبی دانانرێن.

**کۆمەڵناسیی ئەدەب** گوتەیەکی ترە : توێژینەوەی لە دایک بوون و بلاوکردنەوە و بەکارهێنانی ئەدەب لە پێودانگی کۆمەڵە. هەروەکو چۆن کۆمەڵناسیی پیشەسازی دەرەنجامی توێژینەوەی ئەو سێ بەشەی کاری پیشەسازییە، یان کۆمەڵناسیی میدیا،کە چۆن بەرنامەو پەخش و شێوازی سوودی ئەو بەرنامانە دەگرێتەوە،داهێنانی ئەدەبییش بۆ نووسەر و بۆ پێگەی کۆمەلایەتی،بۆ گرینگی پیشەکەی دەگەڕێتەوە، بۆ ڕوانینی نووسەر بۆ بیری چینەکانی کۆمەڵ، بۆ ئەو نەتەوانەی بەرهەمەکەی دەخوێننەوە، بۆ کاریگەری و پێشوازی بەرهەمەکەی لەلایەن ئەو نەتەوانەوە،بۆ ئەو پێوەندیەی نێوان جۆری خوێنەران و بزافە جیاوازەکانی هزریی و فەلسەفی و دەروونی و سۆزداریی نووسەرەکە هەیەتی، بۆ ڕەهەندی مێژوویی و جوگرافیای نووسەر هەموو

ئەمانە دەگرێتەوە،هەروا پێوەندی نووسەر لەگەڵ خەڵکی سەردەمی خۆی و بۆ ئاینده،چ لە شوێنی زادگای خۆی و چ لە دەرەوەی سنووری زمان و کلتوررو و سیاسی و نەتەوەیی نووسەر دیسان دەکەوێتە چوارچێوەی کاری داهێنانەوە .

بەڕاستی ئێمە نازانین چی لەگەڵ ئەدەبیاتی خۆماندا دەکەین، دەبێ چی بکەین، ئێمەو دنیایەکی پڕ لە شەڕ،جیهانێکی پڕ لە ئەندێشە و هەست و سۆز،ئەو هەموو بلیمەتی و بەرهەمی مەزنی ئەدەبییە...

**کۆمەڵناسیی ئەدەب**، کۆمەڵناسیی چەمکی ئەگەرێکە هەروەکو دەسەڵاتی سیاسی و توانای خانەوادەیی و بەهای ڕەوشتییە،ماددەگەراییی و خانسالاری و ئامانجخوازییە، خزمەت و خیانەت، ئازایەتی و بێباکی، تۆڵەسەندنەوەو چەواشەکاری خەڵک و سەدان چەمکی ترە، هەروا کۆمەڵناسیی قسە لەبارەی کەسایەتییەکانی ئێمە ، دایک وباوک ، گەنج و منداڵ ، ژن و مێرد،خاوەن موڵک و کرێچی،ئەڤیندار و دڵبەر، مامۆستاو خوێندکار،کرێکارو خاوەنکار،گەشتیارو شۆفێر،وەزیرو بریکاری وەزیر، سەرۆک و سەرکردە،پۆلیس و یاغی،دەوڵەمەندو هەژار لە ئەدەبیاتی ئێمەدا وەسفیانکراوە، کوردەکان،لوڕەکان، بلوج و بوشەهری و عەرەب و تورک و قەشقایی و بەختیاری و باکوورییەکان باشوورییەکان،شاری و گوندییەکان،چیایی و دەشتەکییەکان،ئەرز و،ئاومان،بەهار و، پایزمان، میر و ئابانمان،ڕەوتی ژیان و ڕزقمان دەکات، ئەمانە هەمووی لە

هەواڵنامەی کتێب

ئەدەبیاتی ئێمەدا پەنگ دەخۆنەوە . ئێمە تاوەکو ئێستاش پێوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگەی خۆمان نە دۆزیوەتەوە، ڕۆحی خەڵکی خۆمان لە نێو ئەدەبیاتماندا نەدۆزیوەتەوە، لە گرنگی پێوەندی نێوان کلتووری زارەکی و کتێبەکانی خۆمان تێنەگەیشتووین، پردێکمان لە نێوان هونەر و پەروەردەدا بنیات نەناوە، دەسەڵاتی هونەر وئەدەبیاتمان لە ئیدارەدانی پێکەوە گرێدانی کلتوورو کۆمەڵدا بەرچاو نەخستووە، لە جەنگ و ئاشتیماندا ئەدەبمان بە ئامانج نەگرتووە،هەموو کۆمەڵانی خەڵکمان بە ئەدەب ئاشت نەکردۆتەوە و بەها و ئازادی و بێداری، هیمەت و مرۆڤ دۆستی،هێزو توانامان بە ئەدەب نەبەخشیووە، لەدژی بەهاکانی خۆمان ، زمان لووسی و تەڵەکەبازی و بەندایەتی و کۆیلایەتی و فرت و فێڵ و پاشملە قسەکردن ڕانەپەڕیوین.ئەدەبیات دەتوانێ خۆی بخزێنێتە نێو هەموو ئەو کارانەوە،جۆرە ئەدەبییەکان دەتوانێ مەودای کاریگەریی خۆی لەبەرانبەر توێژەکانی کۆمەڵدا پیشان بدات، باڵادەستی شیعری ئێمە بەسەر نواندندا پیشان بدات،خەمەکانمان لە چیرۆکەکانماندا،عیشقی ئێمە لە غەزەل و قارەمانیەتی لە داستانەکانماندا ئاشکرا بکات،ئەدەبیاتی ئێمە لە گوڵزارێک دەچێت، کە خاکەکەی لەبەر بێ ئاوی شەقار بووبێ .

دابەشکردنی ئەدەبی،ئەوە کاری بڵاوکردنەوەی بنکەکانی بڵاوکردنەوەیە ،لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی لەسەر سفرەی ئەو دادەنیشن و لەگەڵ هەموو ئەو ئامرازانەی لەبەر دەستیەتی. بڵاوکەرەوە

پردێکە لەنێوان نووسەر و رازەکانی لە لایەک و خوێنەر و داواکاران لە لایەکی دیکەوە ، هۆکارێکە لە نێوان فرۆشیاری کاڵای هەرزان و کڕیارەکانی،بە سەلیقەیەکی جۆرو زۆربەی کات گرانبەها .ئاساییە بڵاوکەرەوەیش وەکو هەر بازرگانێکی دی بەر لە هەمووشتێک لە بیری پڕکردنی هەگبەی دڕاوی خۆیەتی . کاری ئەدەبی بەلایەوە ڕەهەندێکی ماددیی و ئابووری لە خۆدەگرێت و ئەو ڕەهەندەش کاریگەری خۆی بەسەر کڕین و فرۆشتنی بەرهەمی ئەدەبی و کلتووریدا دەبێت .

بەکاربردنی ئەدەب، کاری خەڵکە.کاری چینەکان و کارو سەواد و سامانی ئەوانە، بەپێی کات وشوێن و حەز و ئارەزوویانە، پێوەندی خوێنەرانە، کە نووسەر بە نووسەر و بڵاوکەرەوە بە بڵاوکەرەوە دیاری دەکات و لەو نووسینانەوە دیاردەی ئەدەبی دەسازێنن.

لەنێوان ئەو سێ بزاوتەی دیاردەی ئەدەبیدا پێوەندییەکی نکوڵی لێنەکراو هەیەو شارەزا نەبوون لەو پێوەندییانە بۆ کلتووری کۆمەڵ مەینەتباری و کارەساتئامێزەو بە قازانجی هیچ یەکێک لەو سێ هۆکارانەی ئەو دیاردەیە نییە. کۆمەڵناسیی ئەدەب، سەرباری ناسینی هۆکارە کلتورییەکان، دواجار هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی کلتووری و بەرنامەڕێژی کلتووریش لەسەر بنچینەی پێودانگە پەسەند و گونجاوەکان دادەڕێژێ ، هەر بۆیە جیاوازی کۆمەڵناسیی ئەدەب لەگەڵ کۆمەڵناسیی کاڵاکاندا ئەوەیە، کە ئەوەی یەکەمیان دەبێت بۆ بەرهەمهێنەر و بەکاربەر جگەلە قازانجی ماددی شتێکی تر لەبەرچاو بگرێ،ئەدەب دەبێ ئامانجی

ئەوەبێت بەئامرازی توانایی خۆی بۆ داڕشتنی سیاسەت و کۆمەڵ و کلتوری وڵات سوودمەند بێ و پێگەی بەخشندەیی ژیان و بە ئاوات گەیشتنی ئەندێشەکان و ماکەکانی کەسایەتی مرۆڤەکان بنیات بنێ .

لە وڵاتی ئێمەدا ئەدەب گوزارشت لە ناوەرۆکی کلتووری دەوڵەمەندی ئێمە دەکات،بەڵام بە گوتەی (ئال ئەحمەد) هەر ئەو ئەدەبیاتە تاوەکو ئێستایش پیشەیی نییەو لە هونەر و نواندنی بەهرەیەک زێتر نییە،بەڵام هونەر نواندنێکی زۆر جدییە لە پیشەیی،واتە پیشە و پیشەیەکی زۆر پڕ دەردەسەری و ڕەنگە بەد ئاقیبەتیش...)[٣] .

بەراستی ئێمە نازانین چی لەگەڵ ئەدەبیاتی خۆماندا دەکەین،دەبێ چی بکەین،ئێمەو دنیایەک شەڕ و جیهانێکی پڕ لە ئەندێشەو هەست و سۆز،ئەو هەموو بلیمەتی شیعری و بەرهەمە مەزنەی ئەدەبی.

**کۆمەڵناسیی ئەدەب**،کۆمەڵناسیی چەمکگەلێکە هەروەکو دەسەڵاتی سیاسی و توانای خانەوادەیی و بەهای ڕەوشتییە ، ماددەگەرایی و خانسالاری و ئامانجخوازییە، خزمەت و خیانەت و ئازایەتی و بێباکی، تۆڵەسەندنەوەو چەواشەکاریی خەڵک و سەدان چەمکی ترە، کۆمەڵناسیی کەسایەتییەکانی ئێمەیە،دایک و باب،گەنج و منداڵ، ژن و مێرد، خاوەن موڵک و کرێچی،ئاشق و ماشوق،مامۆستا و خوێندکار،کرێکار و خاوەنکار، نەفە و شوفێر،وەزیر و وەکیل

[٣] :زمانی نیا، مصطفی، فرهنگ جلال ال احمد،تهران، انتشارات پاسارگاد،١٣٦٣ ، ص٣٥٧. به نقل از: ارزیابی شتابزده، ص٦٥.

وەزیر،سەرۆک و سەرکردە،پۆلیس و یاغی، دەوڵەمەند و هەژار لە ئەدەبیاتی ئێمەدا وەسفیانکراوە.

کورد، لوڕ، بلوچ و بوشەهری و عارەب و تورک و قەشقایی و بەختیاری،شیمالی و جنوبی و شاری و گوندی،چیایی و دەشتەکی، عاردمان،ئاومان، بەهارو پاییزمان، میرو گوزیرمان،رەوتی ژیان و رزقمان، ئەمانەو هەموو لە ئەدەبی ئێمەدا پەنگی خواردۆتەوە.

ئێمە هەتاوەکو ئێستایش پێوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵی خۆمان نەدۆزیوەتەوە،رۆحی خەڵکی خۆمان لەناو ئەدەبیاتماندا نەدۆزیوەتەوە،لە گرنگی بەینی کەلەپووری زارەکی و کتێبەکانی خۆمان تێنەگەشتووین. پردێکمان لەنێوانی هونەر و پەوەردەدا بنیات نەناوە،دەسەڵاتی هونەر و ئەدەبیاتمان لە ئیدارەدانی پێکەوەگرێدانی کلتور و کۆمەڵدا نەدیوە،لە جەنگ و ئاشتیماندا ئەدەبیاتمان بە ئامانج نەگرتووە،هەموو کۆمەڵانی خەڵکمان بە ئەدەب ئاشنا نەکردووەو بەها و ئازادی و هۆشیاری ، هیممەت و مرۆڤدۆستی،هێزو برستمان بەو ئەدەبە نەداوە،لەدژی بەهاکان، زمانلووسی و تەڵەکەبازیو بەندایەتی و کۆیلەیەتی،فرتوفێڵ و زەم و لۆمە بەخۆنەکەوتووین.

ئەدەب دەتوانێ خۆی بخزێنێتە ناو هەموو ئەو کارانەوە،مەودای کاریگەریی ژانرە ئەدەبییەکان لەسەر توێژە کۆمەلآیەتییەکاندا دەردەکەوێ، بالآدەستی شیعر بەسەر نواندندا دیارە،خەمەکانمان لە

چیرۆکەکانماندا،عەشقی ئێمە لە غەزەل و قارەمانیەتیمان لە داستانەکاندا بەرجەستە بووە.

ئەدەبیاتی ئێمە لە گوڵزارێک دەچێ،کە عەرزەکەی لەبەر بێ ئاوی شەقار شەقار بووبێ، گوڵزارێک، کە گوڵەکانی ناوی تینوو و ژاکاون.

ئەم کتێبەی بەردەستتان بنەماسەرەکییەکانی کاری ئەدەبیاتی وڵاتی ئێمە پیشان دەدات، جێگەی خاڵیی لێکۆڵینەوەی مەیدانی ئەدەبیی دەنوێنێ و کەموکورتی زانیاری ئێمە لەبارەی دەوڵەمەندترین گەنجینەی مەعنەوی بەرجەستەدەکات، زەمینەی ئەم زانیاری و لێکۆڵینەوانە ئاوێتە دەبن و لە شێوەی خەفییەگەری و بە دواداچووندا دەردەکەون.

کۆمەڵناسیی کلتوور بە شێوەیەکی گشتی و کۆمەڵناسیی ئەدەبی بەشێوەیەکی تایبەتی لە هەمان ئاستەنگی زۆر ئاڵۆزدایەو بە قەڵەمڕەوییەکی زۆر پان و پۆڕەوە گرێدراوە،...(هەر بۆیە بەتەنیا بە هەوڵ و کۆششی یەک یان چەند توێژەرێک و بەیەک دوو توێژینەوە پێکنایەت و ناتوانرێ ئەو مەیدانە پێش بخرێ،بێگومان ئەمە شتێکە قسە هەڵناگرێ...پێشکەوتنی ڕاستەقینەی بنیادیی تەنیا ئەو ڕۆژە بەدی دێت،کە کۆمەڵناسیی ئەدەبی لە مەیدانی توێژینەوەی گشتیدا بێت و لە نێو بەرنامەی زانستگا و سەنتەرەکانی توێژینەوە لە سەرانسەری دنیایێدا بە دواداچوونی بۆ بکرێت))[٤].

---

[٤]:گلدمن، لوسین، جامعەشناسی ادبیات ، ترجمە محمد جعفر پویندە ، تهران ، انتشارات هوش و ابتکار، ١٣٧١، ص١٠.

ئێمە دەمانەوێت ئەم کتێبەی بەردەستتان ئاوڕدانەوەیەک بێت،کە ئێمە هەرچییەکمان هەیە لە پێناو دەوڵەمەندکردنی هزریی و هونەریی بخەینە بەردەست تا ئەو ڕاستییە، بەرجەستە بکەین،تا ئەو توانایە بێنینە پێشەوە، کە مێژووی کۆمەڵایەتیمان باشتر لە نێو ئەدەبیاتماندا جێگیر بێت ، پێوەندی نێوان خاوەن سەرمایەکان و بەکاربەرانی زیاتر لە جاران بەرقەرار بێ و بە گوتەی نووسەری ئەم کتێبە (( دەبێ ئەدەبیات لە بەند و باوی قەدەغەکراوە کۆمەڵایەتییەکان – بە درک کردن بە ڕازی توانای ئەو تابۆیانەو کپ کردنیان – ئازادبکەین.ئەو کاتە ڕەنگە نەوەکو مێژووی ئەدەبیات،بەڵکو مێژووی مرۆڤە بوونەوەرەکانی نێو کۆمەڵیش لەسەر بنچینەی کردەو گوتەی داهێنەرەکان ، وشە و ئەفسانە و ئەندێشەکان لەگەڵ هاوچەرخان و ئایینەکان بنووسینەوە ، کردە و گوتەیەک ، کە ئێمە ئێستا ئەدەبیاتی پێ دەڵێین)).

**مورتەزا کوتوبی**

کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی تاران

تاران- ١٩٩٤/١١/٢٣

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم: بنەما و میتۆد

## پاری یەکەم: مەبەست لە کۆمەڵناسیی ئەدەب چییە؟

### ١.ئەدەب و کۆمەڵ:

هەر دیاردەیەکی[٥] ئەدەبی وابەستەی سێ واقیعیەتە: نووسەران، کتێب و خوێنەران، یا بە دەربڕینێکی گشتیتر ، بەرهەمهێنەران و بەرهەم و خەڵک. دیاردەی ئەدەبی تۆڕێکی ئالوگۆڕییە،کە لەڕێگەی دەزگایەکی گوێزانەوەی یەکجار ئاڵۆز، کە لەهەمان کاتدا پێوەندی لەگەڵ هونەر و تەکنەلۆژیا و بازرگانیدا پەیدا دەکات، چەند کەسێکی تەواو دیاریکراو (یا بەلانیکەم ناسراو) بە کۆمەڵە کەسێکی نەناسراو (بەڵام سنوردار)دەبەستێتەوە .

لە هەر خاڵێکی ئەم تۆڕەدا ئامادەیی کەسانی داهێنەر و بەرهەم و گرۆی خوێنەران چەند مەسەلەیەک ڕووبەڕومان دەکەنەوە: ئامادەیی

[٥]. مەبەست لە زاراوەی دیاردەی ئەدەبی(پدیده ادبی)فارسییە، یا (حدث الادبی)عەرەبی.و.کوردی

کەسانی داهێنەر چەند مەسەلەیەکی وەک شیکردنەوەی دەروونی، ڕەوشتی و فەلسەفی دەخەنەڕوو، بەرهەمەکان کە ڕۆڵێکی نێوەندگیرییان هەیە مەسەلەکانی وەک جوانیناسی، شێواز، زمان و هونەری نووسین دەخەنە بەردەممان و سەرەنجام کۆمەڵی خوێنەرانی مەسەلە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابوریش دەخەنەڕوو،بە گوزارشتێکی دیکە لەم سێ مەیدلنەدا –بەلانیکەم – دەتوانرێت بە سەدان شێوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

ئەم وابەستەییە سیانەییەی ئەدەب بە جیهانی هۆشی کەسەکان و شێوە ئەبستراکتییەکان و بونیاتە کۆمەڵییەکان وادەکەن لێکۆڵینەوە لێی کارێکی سەخت و دژوار بێت. بەرجەستەکردنی دیاردە سێ ڕەهەندییەکان لە زەینی ئێمەدا کارێکی ئاسان نییە بەتایبەت کاتێک کە ناچاربین مێژوەکانیان بەرجەستە بکەین، لەبەر ئەم هۆیەیە کە مێژووی ئەدەب بە درێژایی سەدەکان و ئەمڕۆش لە زۆربەی لایەنەکاندا تەنیا ڕووی لە لێکۆڵینەوە لە بەرهەمهێنەران و بەرهەمەکانیان کردووە و بە باسکردنی ژیننامەی مەعنەوی نووسەران و لێکدانەوەی دەقەکانیان بەسەندەی کردووە و زەمینەی کۆمەڵی (جماعي، یا الجماعیة)ی وەکو زێوەر و جوانکارییەک وەرگرتووە و بۆ لێکۆڵەری سیاسی جێهێشتووە تا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات.

نەبوونی تێڕوانینێکی کۆمەڵناسیی ڕاستەقینە تەنانەت لە باشترین کتێبەکانی مێژووی ئەدەبی نەریتی (تەقلیدی)شدا هەستپێکراوە، هەڵبەتە

لە چەند بوارێک نووسەرانی ئەم کتێبانە ئاگایان لە یەکێک لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان هەیە و هەوڵدەدەن تاوەکو شێوەیەکی ئەم کێشەیە، واتە لایەنە کۆمەڵایەتییەکە نیشان بدەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی میتۆدێکی ورد و گونجاویان بۆ ئەم مەبەستە نییە ، بۆیە زۆربەیان لە چوارچێوەی نیشاندانێکی نەریتیی نووسەر و بەرهەمەکە گرفتار دەبن (واتە نیشاندان و لێکۆڵینەوەکە لە بازنەی کلاسیکیی نووسەر و بەرهەمەکەدا ناچێتە دەرەوە). لە لێکۆڵینەوەکانیاندا قووڵاییەکانی مێژوو بە وردی نابینرێت، ڕێک وەکو ڕەنگدانەوەی وێنەکان لەسەر پەردەی سینەما و هەر بۆیە دیاردەی ئەدەبی دووچاری لاری و چەند کەموکورتییەک دەبێت، کە هاوشێوەی کەموکورتی و لاری و وێری نەخشەی جیهانە لەسەر لاپەڕەیەکی ساف و پاکدا. هەروەکو ئەوەی کە گۆیەکی جوگرافیی (ئەتلەسی جوگرافی) خوێندکاران، کە بە هەڵە کێشاویانە و وای نیشاندەدات، کە ئەلاسکای گەورە و زەبەلاح سێبەری خستۆتە سەر مەکسیکی بچووک، دوازدە یا پازدە ساڵ ژیانی دەرباری لە کۆشکی ڤێرسای لە سەدەی حەڤدەیەمیشدا شەست ساڵ ژیانی ئەدەبیی فەرەنسا نابوت و کەمڕەنگ دەکات.

ئەم دژواریانە هەرگیز ناتوانرێت بە تەواوەتی لاببردرێن و لەناوببردرێن و ئەگەرچی ناتوانین وێنەیەکی تەواو نیشان بدەین، بەڵام گرنگ ئەوەیە ژیاننامەنووس، یا شیکەرەوە، مێژوونووس یا ڕەخنەگر و لێکۆڵەری ئەدەبی لە دیاردە ئەدەبییەکاندا (دیاردەکانی ڕابردوو و چ

هەواڵنامەی ڤیژن

دیاردەکانی ئەمڕۆ) ڕوانینێکی تەواو پوخت و لانەدراویان هەبێت. بۆ ناسینی داهێنەران ئەوە گرنگە،کە بزانین لە ڕۆژگاری ئێمەدا نووسین حوکمی (بەهای) پیشەیەک- یا بەلانیکەم چالاکییەکی سودگەرایانەی پەیداکردووە و لە چوارچێوەی سیستمە ئابورییەکاندا لێی دەکۆڵرێتەوە و بەشێوەیەکی ڕەها کاریگەری دەخەنە سەر داهێنانی ئەدەبی. بۆ ناسینی بەرهەمەکان، ئەوە گرنگە، کە بزانین کتێب حوکمی (بەهای) کاڵایەکی پیشەسازی پەیداکردووەو وەکو کاڵاکانی دیکە بەشێوەیەکی بازرگانی دابەش دەکرێت، لەبەرئەوە شوێنەکەوتەی یاسای خواست و خستنەڕوو (عرض و طلب)ە، لەئەنجامدا گرینگە ئەوەش بزانین، کە ئەدەبیش بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگر گۆڕاوە بۆ لقێکی (بەرهەمهێنان)ی و کتێب خوێندنەوەش گۆڕاوە بۆ لقی (بەکاربردن)لە پیشەسازی کتێبدا.

**٢. کورتە مێژووییێک:**

چەمکی ئەدەب بەو شێوەیەی، کە لەزەینی ئێمەدا هەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتا ساڵەکانی سەدەی هەژدەیەم. لە بنەڕەتدا ئەدەب وەکو (کار) وەرنەگیراوەو لەدایک نەبووە، بەڵکو لەناو (گیان)ی نووسەردا بووە.ئەدەب نیشانەی وابەستەیی و پێوەندی نووسەر بووە بە چینی (خوێندەواران). بۆ کەسێک، کە لە سەردەمی ڤۆڵتێردا ژیاوە، ئەدەب لە بەرامبەر (ڕەشۆک)دانراوە[٦]. لە ڕاستیدا جۆرێک لە ئەرستۆکراتیەتی کلتوری بوونی هەبووە و ئەگەرچی ئەم دیاردە،

[٦] : واتە خەڵکانێک،کە هاوشانی یەک بن و لەهەمان چین بن،وشەی بینەر(الجمهور)یش هاوواتای وشەی گەل(الشعب) بووە.و.کوردی)

هەولێرنامەی کتێب

دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی بووە و پێوەندی ئەدەب لەگەڵ كۆمەڵدا بەشێوەیەكی هۆشیارانە نەخراوەتەڕوو.

لە سەرەتای سەدەی شازدەیەمدا گۆڕانكارییەك دێتە ئاراوە، كە لە سەدەی هەژدەیەمدا شێوەیەكی خێراتر وەردەگرێت ، لەڕوویێكەوە زانستەكان دەبن بە زانستی دەستنیشانكراو و پسپۆڕیی[٧]، كارە زانستی و هونەرییەكان وردە وردە لە ئەدەب دوور دەكەونەوە و بازنەی ئەدەب تەسك دەبێتەوە و بەرەو سنوورداربوون بۆ چالاكییەكی سەرقاڵكەر هەنگاو دەنێت، لەو كاتە بەدواوە ئەدەب، كە گرفتاری بێهودەیی كۆمەڵایەتی بووە بەرەو ئەوە دەچێت، كە چەند پێوەندییەكی زیندوو و نوێ لەگەڵ كۆمەڵدا دروست بكات.

لە ڕوویێكی دیكەوە هەر لەو بەرەو پێش چوونە كلتووری و هونەریانەدا، كە بێهوودەیی ئەدەبییان خێرا دەكرد، لەنێو كۆمەڵی بەكاربەراندا خواست و نیاز لەسەر ئەدەب چەكەرەی دەكرد و ڕوویان لە فراوانكردن و زیادكردنی ئامرازە گوێزانەوەییەكان كرد. كتێب كە جیاكەرەوەیەكی تایبەتی خەڵكانی خوێندەوار بوو لەدوای داهێنانی چاپ و گەشەكردنی پیشەسازی كتێب و كەمبوونەوەی نەخوێندەواری و دواتریش پەیدابوونی تەكنیكە بیستراو و بینراوەكان بۆ كارێكی كلتووریی گرووپێكی تا ڕاددەیەك بەربڵاو لە دەستەبژێرانی شار لە كۆمەڵدا

[٧] : واتە لە زانستێكی گشتییەوە دەكرێن بە زانستی بەش بەش و هەر پسپۆڕییەك لەوەیتر جیادەكرێتەوە.و.كوردی)

دەگۆڕێـت، ئەویـش (چینـی بـۆرژوازیە) و لەدوای ماوەیەکـدا دەبێـتە ئامرازێک بۆ گەشەکردن و بەرەوپێش بردنی هزریی چینەکانی کۆمەڵ.

چەمکـی پسـپۆڕیبوون لەلایەک و بڵاوبـوونەوەی فراوانـی بەرهەمە ئەدبییەکـان لەلایەکـی دیکە لە دەوروبەری سـاڵی ١٨٠٠زاییینیـدا دەگەنە لـوتکەی قەیرانـی خۆیـان، لەو کاتەشـدایە کە ئەدەب دەسـت بە پەیـداکردنی ئاگـایی و هۆشـیاری لە ڕەهەنـدە کۆمەڵایەتییەکـانی خـۆی دەکـات و (مـەدام دی سـتایل) کتێبێـک بە ناونیشـانی (**ئەدەب لەڕووی پێوەنـدییەکانی لەگەڵ ڕەهەنـدە کۆمەڵایەتییەکانـدا**)[٨] بـڵاو دەکـاتەوە، ئەمەش بێگومان سەرەتاییترین هەوڵـێکە لە وڵاتـی فرەنسـە، کە چەمـکە ئەدەبییەکـان و کـۆمەڵی لە لێکـۆڵینەوەیەکی ڕێـک و پێکـدا پـێکەوە گرێداوە.

(مەدام دی ستایل) لە وتاری دەسپێکی ئەم بەرهەمەدا تێڕوانینـی خـۆی بەم شێوەیە دەخاتەڕوو:

**(من دەمەوێ لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەریی ئـایین و داب و نەریـت و یاسـاکان لەسـەر ئەدەب و لەبەرامبەریشـدا کاریگەری ئەدەب لەسەر دین و داب و نەریت و یاساکاندا بکەم و لێی بکۆڵمەوە)**[٩]

---

٨. De la literature consideree dans rapports avec les institutions socials.

٩. G.lanson, methods de l histoire literature, Etudes fancaises, I er , janvier1925, p.23.

لەڕاستیدا ئەو دەیەوێت ئەو کارەی، کە یەکێک لە سەرچاوە و ژێدەرە فیکرییەکانی خۆی (کە مۆنتیسکیۆیە) لەبارەی مێژووی یاسا ئەنجامیدا و (گیانی یاساکان)ی نووسی، ئەویش بەهەمان شێوە لەبواری ئەدەبدا ئەنجامی بدات و (ڕۆحی ئەدەب)بنووسێت، لەو کاتەی کە وشە گرێدراوەکان بە ڕەخنە و وشە نوێ و میللییەکان واتای نوێ لەخۆیان دەگرن، دەبێت بتوانرێت جۆراوجۆری ئەدەب لە کات و شوێندا لەگەڵ جۆراوجۆری تایبەتمەندییە مرۆییە جیاوازەکاندا نیشان بدرێت.

هەردوو چەمکی بنەڕەتی (ڕۆحی کاتzeitgeist)و ڕۆحی نەتەوەیی (volksgeist) بۆ یەکەمین جار لە دەوروبەری ساڵی ١٨٠٠دا لە کۆڕی هاوڕێیانی ئەڵمانی (مەدام دی ستایل) هاتە ناو زمانەوە و برەویان پەیداکرد، هەمان ئەو چەمکانە دەتوانرێت لەسەر شێوەی گوزارشتێکی سێ شێوەیی لاستیکیتر لە تیۆری (هیپۆلت تین)دا بەدەست بهێنرێت: ڕەچەڵەک، ژینگە، کات. پێکەوەلکانی ئەم سێ هۆکارە چەسپێنەری دیاردەی ئەدەبییە.

(هیپۆلت تین) تێگەیشتنێکی قووڵ و ڕوونی لەچەمکی (زانستە مرۆییەکان)دا نەبوو، هەر بۆیە نیو سەدە دواتر (ژۆرژ لانسۆن) ڕەخنەی لێدەگرێت و دەنوسێت:

**شیکردنەوەی بلیمەتی شاعیرانە جگە لە ناو نەبێت هیچ لایەنێکی هاوبەشی لەگەڵ شیکردنەوەی قەند و شەکردا نییە)**

نموونەی سێ ڕەهەندی تین (ڕەچەڵەک، ژینگە، سەردەم)پووچەڵتر و نەزۆکترە لەوەی، کە تەواوی لایەنە واقیعیە بێ کۆتاییە ئاڵۆزەکانی کاری ئەدەبی لەخۆ بگرێت، یا بگرێتەوە، بە تایبەت میتۆدگەلێک، کە (تین) پێشنیازی دەکات هاوتا نین لەگەڵ تایبەتییەکانی دیاردەی ئەدەبی، بەو واتایەی، کە وێڕای ئەو شێوازانەی کە بەشێوەیەکی لێنەکۆڵراوە و هەڵنەسەنگێنراو لە زانستە مرۆییەکاندا بە ڕووتی وەرگیراون، ئەو لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا جگە لە ئامرازە نەریتییە مێژووییەکان و ڕەخنەی ئەدەبیدا (شیکردنەوە و باسی ژیاننامە و لێکدانەوەی دەقەکان)شتێکی دیکەی لەهەگبەدا نییە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشەوە لەبنەڕەتدا کرۆکی تیۆرییەکەی (تین) بە مەحکەمی و پایەداری دەمێنێتەوە و لەدوای ئەو مێژوونووسانی ئەدەب، یا ڕەخنەگرانی ئەدەب چیتر ناتوانن ڕێگە بەخۆیان بدەن، کە هۆکارە دیاریکەرەکانی بارودۆخی دەرەکی بەتایبەت هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، کە کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر چالاکی ئەدەبی جێدەهێڵن لەبەرچاو نەگرن وەکو ئەوەشی هەندێجار لەم پانتاییەدا دەکەونە غەفڵەتەوە.

ئابووری چونکە یەکێکە لە زانستە مرۆییەکان، لەبەرئەوە دەربارەی تیۆرییەکەی (تین) زیاتر لە هەر لایەنێکی دیکە چاوەڕوانییەکی زۆر لە مارکسیزم دەکرا، بەڵام لە ڕاستیدا هەوەڵین تیۆریستە مارکسییەکان لەبارەی مەسەلە ئەدەبییەکان تا ئەندازەیەکی زۆر بێدەنگییان هەڵبژاردووە، تەنیا بەرگێک لە نووسینەکانی مارکس و ئەنگڵس بە

ناونیشانی (دەربارەی ئەدەب و هونەر)فەراهەم بووە، کە تا ئەندازەیەک مایەی نائومێدبوونە، تەنیا پلیخانۆڤ بوو، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بیردۆزێکی مارکسیستی حەقیقی دەربارەی ئەدەب خستەڕوو، کە هەڵبەتە لە بنەڕەتدا کۆمەڵناسیی بوو، لەوە بەدواوە سەرنجدان و ئاوڕدانەوە لە چالاکی سیاسی بووە هۆی ئەوەی، کە ڕەخنەی ئەدەبی سۆڤیەتیی ( لەگەڵیشیدا ڕەخنەی ئەدەبیی کۆمۆنیستی)جەخت بکاتە سەر ئەو مەسەلە و خاڵە کۆمەڵایەتییانەی، کە لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا نیشاندراون.

ڤلادیمێر ژدانۆڤ لە ساڵی١٩٥٦دا بەم دەربڕینانەی خوارەوە باسی ئەم ڕێچکە فەرمییەی کرد:

**( (ئەدەب دەبێت لە پێوەندی لێکدانەبڕاوی لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتیدا، لەسەر پایەی ژێرخانی ئەو هۆکارە مێژوویی و کۆمەڵایەتییانەی،کە کاریگەرییان بەسەر نووسەرەوە هەبووە لێی بڕوانرێت(...). ئەم ڕوانینەشی کە هەر کتێبێک بە یەکەیەکی سەربەخۆ و تاکەکەسی دادەنێت، بەشتێکی زەینی و تاکلایەنانەی دانا و ڕەتی کردەوە))**[١٠].

دەرەنجامی میتۆدی ئەو ئەمەبوو کە :

---

[10] .Traduit de V.jdanov, some recent soviet studes in literature soviet literature, Moscow, 1956, n 8, p.141.

**(تەرازووی وەفـــاداری بەرهەمەکە لە ڕەنگـــدانەوەی واقیعیەتــدا بە تەواوی ئاڵۆزییەکانیشــیەوە، بەراییتــرین پێوەری بەرهەمی هونەرییە)).**[11]

بەرهەڵستیکردنێکی سـەرەکی لەگەڵ ئەم میتـۆدە کۆمەڵناسـییە لە سـۆڤیەتدا لەلایەن لایەنگرانـی فۆرمـالیزمەوە ئەنجامـدرا، ئەم قوتابخـانە کاریگەرە،کە لە ماوەی سالانی ١٩٣٠دا بەشێوەیەکی فەرمی قەدەغەکرا ، بـانگەوازی بەکارهێنـانی جۆرێـک لە جوانیناسـیی لەبـارەی شـێوە و شێوازەکانی هونەری ئەدەب دەکرد[12] . ئەم قوتابخانەیە لە ڕاستیدا جگە لە ڕێچکەیەک لە بزوتنەوەیەکی فراوانتر، کە لەئەڵمانییدا بنجی داکوتابوو شـتێکی دیـکە نەبـوو، لەم بـزوتنەوەیەدا کاریگەرییەکـانی فەلسـەفەی نیوهیگڵی (ویلیام دێلتای) و ڕەخنەی زمانەوانی و دەروونناسی گشتاڵتی پــــــــێکەوە تێکەڵبـــــــــوون. ئەم زانســــــــــتەی ئەدەب (Literaturwissenschaft) لە کۆتاییەکـانی سـەدەی نۆزدەمـدا تـاوەکو ئەمڕۆ یەکێـک بـووە لە سـەرەکیترین بەربەسـتەکان لەبەردەم ڕێگای پەیدابوونی کۆمەڵناسییەکی ڕاستەقینەی ئەدەب.

لە ڕوویێکی دیکەوە کۆمەڵناسـی، کە بە هەوڵـی کۆنـت، سپنسـەر، لۆپلێ و دۆرکهایم هەنگاوی بەرەو سـەربەخۆییەکی تەواو نـابوو، ئەدەبـی

---

[11]. هەمان سەرچاوە.

[12].شایەنی باسە کە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٧ و ١٩٣٠دا کۆمەڵناسییەکی فۆرمالیستی لە ئەدەبدا بوونی هەبووە، بگەڕێوە بۆ:

Gleb struve, histoire de la literature sovietque, paris, 1946, pp. 226-229.

وەلانـــابوو، چـــونکە ئەدەب مەیـــدانێکی ئـــاڵۆز و خـــاوەنی چەنـــد پێدراو (المعطیات) و پێناسەیەکی گوماناوی بوو و بەجۆریک لە جۆرەکان سوودی لە بەهایەکی مرۆیی وەرگرتبوو.

لە مەیــدانی ڕەخــنەی زانکۆییــدا بێگومــان ئەدەبــی بەراورد، کە پاشەبەرەی زانستە ئەدەبییەکانە و زۆرتـرین دەسپێشـخەری و داهێنـراوە سەرنجڕاکێشەکانی نیشانداوە.

لێکۆڵینەوە لە تەوژمەکانی هۆشیاری دەستەجەمعی،کە (پۆل هازار) بەشـێک لە بەرهەمەکەی خـۆی تـایبەت بەمە کـرد[١٣] بەنـاوی (قەیرانـی هۆشیاری ئەوروپی)، بەرەو (مێژووی هزرەکـان ) دەمانبـات، مێژوویێـک، کە لـۆڤ جـۆی love joy ئەمریکـی بـوو بە پسـپۆڕی و لەپـاش ئەویـش بـــووە پێداویســـتییەکی حەتمـــی بـــۆ درککردنێکـــی دروســـتی دیـــاردە ئەدەبییەکان. (ژان ماری کـاری) سـەرنجی خوێنـدکارەکانی خـۆی بەرەو مەســـەلەکانی (سەراب)ڕاکێشـــا ، کە بـــریتییە لە ڕوانینێکـــی شـــێواو،کە گروپێکی نەتەوەیی لەڕێگەی گەواهی و شـایەتی چەنـد نووسـەرێکەوە لە نەتەوەیەکی دیکە بەدەستی دێنن[١٤].

لە پانتـــایی مێـــژووی ئەدەبیـــدا، یەکێـــک لە سوودبەخشـــترین بیرۆکەکـان، بێگومـان (چەمکـی وەچەکـان) بـوو، کە لە سـاڵی ١٩٢٠دا یەکێـک لە خوێنـدکارەکانی (کۆرنـۆ) بەنـاوی (فرانسـوا مێنتـرێ) لە کتێبێکدا بەناونیشـانی (وەچە کۆمەڵایەتییەکـان) بەشـێوەیەکی ڕێـک و

[13] P..Hazard, la crise de la conscienceeuropeene, paris,1935.

[14] . J.M. carre, les ecrivains francais et le mirage allemande, paris,1947.

پێک خستیەڕوو، بەڵام یەکەمین کەسێک، کە بۆ یەکەمجار بەشێوەیەکی ورد پۆڵینبەندییەکی وەچەیی بۆ ئەدەب کرد ئالبێرت (تیبۆدە) بوو، بەم کارەشی تا ئەندازەیەک قووڵییەکی کۆمەڵناسانەی دا بەنووسینەوەی مێژووی ئەدەبی- (کە پێشتر نووسینەوەی مێژووی ئەدەب ئەو قووڵییە کۆمەلایەتییەی تێدانەبوو)- کتێبە شورشگێڕیەکەی ئەو لەم بوارەدا بریتییە لە (مێژووی ئەدەبی فرەنسە لە ١٧٨٠ ەوە تاوەکو ئەمڕۆ)، کە لەساڵی ١٩٣٧دا بڵاوکرایەوە.

بەرهەمە سەرەکییەکەی (هێنری پییر) بەناوی (وەچە ئەدەبییەکان)،کە لەساڵی ١٩٤٨دا بڵاوکراوەتەوە، واتای کۆمەڵناسیی (مەسەلەی سرووشی دەستەجەمعی کە هەمان مەسەلەی وەچە ئەدەبیەکانە )[١٥] بە دروستی نیشانداوە. دەتوانرێت ناوی (گی میشۆ)ش بۆ لیستی ئەم ناوانە زیاد بکرێت. ئەو لە کتێبێکدا بەناوی (دەروازەیەک بۆ زانستی ئەدەب)،کە لەساڵی ١٩٥٠ دا لە ئیستەنبۆڵ بڵاوکرایەوە، تا ئەوەندی من دەزانم و ئاگادارم یەکەمین کەسێکە (لەنێوان دەیەها کەسی دیکە)دا،کە چەمکی (کۆمەڵناسیی ئەدەب)ی بەو شێوەیەی، کە ئێمە لە هزرماندایە بە ئاشکرا خستەڕوو.

لەبەرئەوە ڕێچکە و ڕێبازە کۆمەڵناسییەکان تا ماوەیەکی زۆر بەشێوەی بیرۆکە ڕێنیشاندەرەکان لەئارادابوون و نیشاندراون، تا ئەوەی

---

15 . H.Peyre , les generations litteraires,paris,1948.
هەر ئەو هێنر پییرە بوو، کە لە ساڵی ١٩٥٠ دا منی ڕاسپارد لەمەیدانی سۆسیۆلۆژیای ئەدەبدا لێکۆلینەوە ئەنجام بدەم.

لەسەر شێوەی یاسا و ڕێساگەل و بونیاتی میتۆدێک بن، ئەوانە هەندێجار خۆیان بە ڕێچکە فۆرمالیستییەکانەوە گرێدەدەن: بۆ نموونە کۆمەڵناسی چێژ بە کۆششی ل.ل.شۆکینگ و زمان وەکو ڕەگەزێکی کۆمەڵایەتی بە هەوڵی ڕینێ وێلیک[16].

یەکەمین سیستمی ڕێک و پێک لە کۆمەڵناسیی ئەدەبدا، کە زادەی بیرۆکەکانی جۆرج لۆکاچ[17] بوو، لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیدا لەسەردەستی یەکێک لە پەیڕەوکارانی (کە لوسیان گۆڵدمان)ە بەشێوەیەکی ڕێک دەرکەوت.

بونیادگەری پێکهاتەیی (لوسیان گۆڵدمان) لەگەڵ ڕێچکە مارکسیستییەکەیدا رووی لە مەسەلە تایبەتییەکانی جوانیناسییە، پێشنیازی بنەڕەتی ئەو ئەوەیە کە:

**تایبەتمەندی دەستەجەمی لە داهێنانی ئەدەبیدا، دەسکەوتەکەی ئەوەیە،کە بنیاتەکانی دونیای بەرهەمەکان لەگەڵ بنیاتە زەینی و هەندێک لە گروپە**

---

[16] .L.L.schucking, de soziologie der literarischen Geschmacksbildung, Lepzig, 1931: R. wellek et A. warren, theory of literature, new york , 1949.

چەند بەشێک لە کتێبەکەی ڕینێ ویلک و ئۆستن وارین بۆ فارسی وەرگێڕدراوە: رنه ولک، اوست، ادوارد مورگان فورستر، استین وارن، باروزدان هەم، چشم اندازی از ادبیات و هنر، ترجمه غلامحسین یوسفی، محمد تقی(امیر)صدقیانی، انتشارات معین، تهران ١٣٧٠. هەڵبەت ئێستا ئەم کتێبە بە تەواوەتی بۆ فارسی وەرگێڕدراوە: لەلایەن پرویز مهاجر پور .انتشارات نیلوفر.(و کوردی).

[17]. بگەڕێوە بۆ:امری جورج، جورج لوکاچ، ترجمه عزت الله فولادوند، مرکز نشر سمر، تهران ١٣٧٢. و.فارسی.

**کۆمەڵایەتییەکانـــدا هاوتـــان، یـــا لەگەڵ ئەوانـــدا پێوەندییەکیەکان هەیە، کە قابیلی درککردنە.))**[١٨]

لە ساڵی ١٩٦٠ بەدواوە بڵاوبـوونەوەی بیـرۆکە بونیادگەرییەکـان بە تـایبەت لەسـەرەتادا لەژێـر کـاریگەری ڕۆلان بارتـدا[١٩] چەنـد ئاسـۆیەکی تازەیـــان بەڕووی کۆمەڵناســیی ئەدەبیــدا کــردۆتەوە. ســیمیۆلۆژی و واتاناسی بۆ دۆزینەوەی شوێنی پێوەلکانی کۆمەڵناسی جەختیان لەسـەر نووسین و دەق کردۆتەوە، بەرهەمە بڵاوکراوەکان لە گۆڤـاری Tel Quell نیشـاندەری خـاڵی هەرە بەرز و لـوتکەی ئەم ڕێچـکەیەیە،کە ئەمـانەش سود و ئیلهامیان لە مارکسیزم وەرگرتبوو.

ڕێچکەیەکـن کە لەم کتێـبەی ئێسـتادا دەخـرێتەڕوو، بەبـێ ئەوەی بەرهەڵستی لە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەم تەوژمە فیکرییە جۆراوجۆرانەدا بکەین لەسەر بنەمای ئەم بیرە بنەڕەتییەی (سارتەر) لە کتێبی (ئەدەب چیـیە؟)[٢٠]دا دامەزراوە، کە دەڵێت:کتێـب بەبـێ خـوێنەر بـوونی نیـیە و

---

[18] . L.Goldmann, pour une socilogie du roman, paris, 1964,p.226. بە وەرگرتن لە (لوسین گلدمن)، جامعەشناسی ادبیات(دفاع از جامعەشناسی رمان)، ترجمە محمد جعفر پوینده، انتشارات هوش و ابتکار، ١٣٧١ص٣٢٠-٣٢١.

[١٩]. دوو کتێبی ڕۆلان بارت بۆ فارسی وەرگێردراو: نقد تفسیری، ترجمە محمد تقی غیاثی، انتشارات بزرگمهر، تهران، ١٣٦٨.، چاپ دوم. عصر نشانەشناسی، ترجمە مجید محمدی، انتشارات بین المللی الهدی، تهران، ١٣٧٠. وەرگێری فارسی.

[20] .J.P.sarrtre, quest – ce que la literature?, paris, 1946.

ئەم کتێبەی سارتەر بۆ فارسیش وەرگێردراوە: ژان پل سارتر، ادبیات چیست، ترجمە ابوالحسن نجفی، مصطفی رحیمی، کتاب زمان، تهران، ١٣٥٢.

ئەدەب پێویستە وەک چەمکێکی پێوەندی (یا ئالوگۆڕی.و) لەبەرچاو بگیرێت.

سەرەتا ڕۆڵی یۆنیسکۆ لەم زەمینەدا شایەنی باسکردنە. سەرژمێری و ئامارەکانی ڕێکخراوە جیاوازەکانی یۆنسکۆ ئەو ئیمکانیەتەیان وەدەست خستووە،کە لەبارەی ڕەهەندە کۆمەڵییەکانی ئەدەب چەند زانیارییەک بەدەست بهێنرێت،کە تا ئەو کات بەدەستنەهاتوو بوون. لە ساڵی ١٩٥٦دا ڕاپۆرتی (ر.ا.بارکەر) بە ناونیشانی (کتێبێک بۆ هەمووان ) ژمارەیەک دۆکیۆمێنتی نیشاندا،کە بەداخەوە هێشتا یەکجار پەرش و بڵاو و ناڕێک بوو، بەڵام بۆ دەسپێکی کاری لێکۆڵەر شتێکی باش و کارساز بوو.

بەرهەمێکی (ڕۆبێر ئیسکارپێت) بەناوی (شۆڕشی کتێب)،کە لە ساڵی ١٩٦٥دا بڵاوبووەوە، هەروەها لێکۆڵینەوەیەک کە ر.ا.بارکەر و ڕۆبێر ئیسکارپێت بەبۆنەی ساڵی جیهانی کتێب لە ١٩٧٢دا ئەنجامیان دابوو بە ناونیشانی (تینوێتی خوێندنەوە) بارودۆخی جیهانیی کتێبیان ڕوونکردەوە،بەتایبەت لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا. پیشەسازی کتێب سەرەتا بە دوودڵی و گومانەوە و لەدواتردا بەشێوەیەکی ڕەها لێکۆڵینەوەی ڕێک و پێکی پەسەند کرد.

لە فرەنسەدا، بەڕێوەبەرایەتی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەکان لە وەزارەتی ڕۆشنبیریدا، بە تایبەت بەشی کتێب لەم وەزارەتەدا لە ساڵی ١٩٨١ دەستی بە چەند لێکۆڵینەوەیەکی ڕێک و پێک دەربارەی

بەکـاربردنی ئەدەبـی، خوێنـدنەوە، بەرهەمهێنـان و دابەشـکردنی کتێـب کردووە ، نەک تەنیا لەئاستی وڵاتـدا، بەڵکو لە ئاسـتی ناوچەییشـدا. لە زانکۆکانیشدا زانستێکی حەقیقی کتێبناسیی لە بارودۆخی شکڵ و شـێوە وەرگرتن و دەرکەوتنندایە.

لە ١٩٦٢ تـا ١٩٨٢ چـالاکی یۆنسـکۆ لە چوارچێـوەی (بەرنـامەی فراوانکردنــی کتێــب)دا هاوکــاری وڵاتــانی جیهــانی ســێیەمی کــرد تــا دواکەوتوویی کلتوریی خۆیان بە دانانی سیاسـەتێکی بەرنـامەبۆداڕێژراو و هۆشیارانە لەبارەی کتێبەوە تا ئەندازەیەک قەرەبوو بکەنەوە.

ئێستا دێینە سـەر بابەتێـک ، کە بێگومـان لەڕۆژگـاری ئـێمەدا و لە ئایندەشــدا دەبێــتە بزوێنەرێکــی یەکجــار چــالاکی توێژینەوەکــانی کۆمەڵناسیی ئەدەبی، ئەویش گرنگی هەبـوونی سیاسـەت و بەرنـامەیەکە بۆ کتێب.

**٣.بەرەو سیاسەتێک بۆ کتێب:**

ئەمـڕۆ گرنگـی زیرەکـی تاکەکەسـی و مەعـریفەی خۆناسـی، کە لە ڕابــردوودا هەبــووە شــوێنی خــۆی داوەتە زیرەکــی بەکــۆمەڵ (زیرەکی کۆمەڵی)، لەگەڵ هەمـوو ئەمانەشـدا لە پانتـایی ئەدەبـدا سـەرگەردانی و خۆنەناسیی یاسایەکی گشـتییە لە کۆمەڵگاکـانی ئـێمەدا. بەرزبـوونەوە و بەرەوپێش چوونی ئاستی ژیانی جەماوەر، کە لەسەدەیەک لەمەوپێشـەوە بانگەوازی بۆکراوە، بەڵام تەقـریبەن لە وەچەیەک لەمەوپـێش گـۆڕاوە بـۆ واقیعیەتێکـی چەسـپاو، ئەوەش وامـان لێـدەکات لەبـارەی تایبەتمەنـدییە ماددییەکانی شارەکانمان دووبارە دەست بە بیرکردنەوە بکەین.

تایبەتمەندییە کلتورییەکان بەشێوەیەکی یەکجار زۆر فەرامۆش کراون و لایان لێنەکراوەتەوە، هەرچەند چەمکی کلتوری خەڵک قسەیەکی زۆری لەبارەوە کراوە، بەڵام لەوێشدا گیانێکی ئاگادارکردنەوە و پێڕاگەیاندن و خێرخوازی و باوکایەتی باڵی بەسەردا کێشاوە، کە لەڕاستیدا پەردەکێشانێکە بەسەر جۆرێک لە بێتوانایی و نەتوانین. شارە ملیۆنییەکان هەروەکو تیمساحە زەبەلاحەکانی هەزارەی دووەم، کە سەرێکی بچووکیان هەیە، ئەدەبێکێکیان لە ئاستێکی یەکجار نزمی هەزار کەسی لە ئەستۆ دایە.

لەبەرئەوە جێگەی سەرسوڕمان نییە، کە ئەم بارودۆخە، ڕێکخراوە بەرپرسەکانی سیاسەتدانانی کۆمەڵایەتی نیگەران کردبێت. لە کانوونی دووەمی ١٩٥٧دا گۆڤاری (زانیارییە کۆمەڵایەتییەکان)ی ئۆرگانی (یەکێتی میللی سەندوقەکانی هاریکاری خێزانی) ژمارەیەکی تایبەتی بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی فراوان لەبارەی (ئەدەب و کۆمەڵی خوێنەران)تەرخانکرد. لایەنی چاکەی ئەم بەدواداچوونە ئەوەبوو،کە تاڕاددەیەک تەواوی لایەنەکانی کۆمەڵناسیی ئەدەبی خستەڕوو و بڵاوکردنەوەشی دەتوانرێت وەکو هەنگاوێکی بنەڕەتی لەپێناوی لێکۆڵینەوەگەلێکی ڕێک و پێک لەبارەی ئەم بەشە (واتە کۆمەڵناسیی ئەدەب) هەژمار بکرێت[21].

[21].ئەم بەدواداچوونە بریتییە لە کۆمەڵێک لە (بینین و ڕوانینی بابەتی )هەڵبەت بەبەهاگەلێکی جیاواز،من بەڕاسپاردەی بەڕێز(rene monge) ڕینێ مۆنژێ سەرنوسەری گۆڤار و داهێنەری ئەم بەداوداچوونە، ڕێکخستن و لێکدانەوەی دەرەنجامەکانی بەداواداچوونەکەم ئەنجامدا.

لەم ژمارەیەدا بەتایبەت وتارێکی (ژێلەبەر مۆری) بەناونیشانی (ئایا کۆمەڵناسیی کتێب دەتوانرێت ئەنجام بدرێت) چاپکراوە و تێیدا کۆمەڵناسیی ئەدەبی لەسەر بنەمای کۆمەڵناسیی ئایینی ئاراستەکراوە:

هێشتا کاتێکی زۆر تێنەپەڕیوە لەوەی،کە هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی بابەتی لەبارەی باوەڕ و فەریزە ئاینییەکان بەلای کەسە گەورە ڕۆحانییەکان بە جۆرە دژایەتی و خراپەیەک بەرانبەر بە هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی ئایینی دادەنرا، بەڵام ئەمڕۆ دەستەی ئەسقۆفە کاسۆلیکییەکان بۆ هاوتاکردن و جێبەجێکردنی کردار و ڕەفتارەکانی خۆیان لەگەڵ واقیعیەتە کۆمەڵایەتییەکان، خۆیان هانی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دەدەن... ئاشکرایە کە ئەهلی کتێب، لە نووسەرەوە بگرە تا کتێب فرۆش سود لە لێکۆڵینەوەیەکی ڕێک و پێک لەبارەی خوێنەرانی کتێب و ناسینێکی باشتری کاردانەوەکانی ئەم خوێنەرانە و لە کۆتاییشدا لە دۆزینەوە و بەدەسهێنانی ڕێگەگەلی بەدەستهێنان و دەسکەوتنی خوێنەرانەوە وەردەگرن.[22]

( ژێلبەر مۆری) بە دروستی ئەوە باس دەکات، کە کاسبکارانیش جێگەی خۆیان لە پەرستگای خوداوەنداندا هەیە: چونکە ئەدەب ڕەهەندگەلێکی ئابوری هەیە، کە ئایین خوازان دژی ئەمانەن، پێویستە ئاسانتر خۆیان ڕادەستی سەرنجە کۆمەڵناسییەکان بکەن، لەبەرئەوە ئەم ڕوانینە قووڵە بۆ ئەدەب ، بەتەواوەتی پێداویستییەکی کردارەکی نییە،

---

22 . Informations sociales, janvier, 1957, p.64.

بەڵکو وەکو کارێکی سوودمەندیش هەژماردەکرێ، هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نییە کە خۆمان سنووردار و کۆت و بەند بکەین بە چەند تێبینییەکی بازرگانی. (دیدرۆ) لە نامەیەکدا لەبارەی (بازرگانی کتێب)ەوە دەنووسێت:

**((هەڵەیەک، کە پێڕەوکارانی سەرسەختی یاسا گشتییەکان پێکەوە تووشی دەبن ئەوەیە کە بنەماکانی کارگەیەکی چنین لە بڵاوکردنەوەی کتێبێکیشدا بەکاردەبەن)).**

کۆمەڵناسیی ئەدەبی پێویستە تایبەتمەندی دیاردەی ئەدەبی لەبەرچاو گرتبێت و ڕەچاوی بکات، ئەم کۆمەڵناسییەی، کە بۆ بەرهەمهێنەرانی کتێب سوودبەخشە دەبێت بۆ خوێنەرانیش سودمەند بێت و لە دەرئەنجامی ئەرکەکانیدا هاریکاری زانستی ئەدەبی نەریتی- چ مێژوویی و چ ڕەخنەیی- بکات، هەڵبەتە کۆمەڵناسیی ئەدەبی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کار لەسەر ئەم مەسەلانە دەکات: ڕۆڵی ئەو لەکارکردن لەسەر ئەو مەسەلانە تەنیا لەسەر ئاستی کۆمەڵە.

ئەنجامی بەرنامەیەکی لەم جۆرە جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و بەربڵاو دەسەپێنێن، کە لە توانای تاکەکان و تەنانەت لە توانای گروپە پەرش و بڵاوەکانیش بەدەرە.لە چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە ساڵی١٩٥٨دا من تەنیا توانیم بۆ بەشێکی بچووک لەو مەسەلانەی کە باسکراون، وەڵامێکی پێشنیارئاسا بخەمەڕوو، بەڵام هەر ئەو بابەتە هەلێکی پێدام تا

پەیوەندی لەگەڵ لێکۆڵەرانی دیکە پەیدا بکەم و هەستی بەدواداچوونی تێڕامانم بۆ دەسپێکردنی چەند لێکۆڵینەوەیەکی نوێ تێدا جولا. کۆنگرەیەیەکی هاوشێوەی دانیشتنە نێودەوڵەتییەکانی ئەدەبی بەراوردکاری کە لەساڵی ١٩٧١دا بە ناونیشانی (ئەدەب و کۆمەڵ) لە بۆردۆ سازکرا ئەوەی نیشاندا کە، کەسە پسپۆڕە زانکۆییەکانی بواری ئەدەب دیدگای کۆمەڵناسانەیان زیاتر لە پێشوو قەبوڵکردووە.

سەنتەری بچووکی (کۆمەڵناسیی دیاردە ئەدەبییەکان)، کە لە ساڵی ١٩٥٩ دا لە بۆردۆ دامەزرا و بە تاقیگەی گەورەی وابەستە بە زانستە پێوەندییەکان و هەواڵییەکانەوە لکا. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا، ئەوروپای خۆرهەڵات و خۆرئاوا و ژاپۆن چەند سەنتەر و ناوەندێکی زۆر، کە لەڕووی ڕێباز و پێوەندییەکانەوە لەیەکتر جیاوازن خەریکی کارکردنن، بەڵام هەموویان یەک دیدگای کۆمەڵناسییان هەیە. کۆمەڵناسیی ئەدەب لە چەند زانکۆیەکی دیاریکراودا دەخوێنرێت، ئەوەی کە لەساڵی ١٩٥٨دا بێجگە لە پێشنیازێک شتێکی دیکە نەبوو، ئێستا گۆڕاوەو بووە بە واقیع.

## پاری دووەم
## میتۆدی لێکۆڵینەوەی دیاردەی ئەدەبی

**١.کتێب، خوێندنەوە، ئەدەب.**

دیاردەی ئەدەبی لەسەر سێ شێوەدا ڕەنگ دەداتەوە و خۆی دەنوێنێت: کتێب، خوێندنەوە، ئەدەب. لە زمانی ڕۆژانەدا، زۆربەی کات ئەم وشانە لەبری یەکتر بەکاردەهێنرێن، لەڕاستیدا ئەم سێ چەمکە تەنیا بەشێوەیەکی بەشەکی لەیەکتر جیادەبنەوە و سنورەکانیان یەکجار دیارینەکراو و ناڕوونە.

نیشاندانی پێناسەیەک بۆ کتێب کارێکی سەختە، تاکە پێناسەیەکی تاڕاددەیەک تەواو، کە تاوەکو ئەمڕۆ لەبارەیەوە خراوەتەڕوو ئەوەندە ناڕوونە کە شایەنی سوودلێوەرگرتن نییە: ( ماددەیەکە لە ڕەگەز و کاڵایەکی دیاریکراو و دەشێ بەشێوەی نوشتاوە یا بەشێوەی لولدراو بێت

، لەسەریدا چەند نیشانەگەلێک تۆماردەکرێن، کە هەندێک لە دراوە فیکرییەکان دەنوێن، یا نیشاندەدەن)[23]. (لیترێ)[24] لەنێوان دوو پێناسەدا دودڵی و گومان نیشاندەدات: لە ڕوێکەوە پێناسەیەکی ماددیی (بریتییە لە کۆمەڵە نامیلکەیەک، کە پێکهاتوون لە چەند لاپەڕەیەکی بەدەست نووسراو، یا چاپکراو)).لە ڕوێکی دیکەوە پێناسەیەکی نیوە فیکرییە: (بریتییە لە بەرهەمێکی زەینی، بە پەخشان نووسراو یا بەشیعر، کەخاوەن قەوارەیەکە بەلانیکەم لە قەوارەی بەرگێک کەمتر نییە)). ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ وشەی (بەرگ=جلد) تێدەگەین لەوەی، کە مەبەستی ئەو بریتییە لە کتێبی بەرگگراو، یا کتێبی دوراو، ئەم پێناسەیە نامانگەیەنێت بەهیچ شوێنێک.

لە ڕاستیدا لەبارەی کتێبەوە تەنیا یەک پێناسە بوونی نییە. هەر وڵاتە و دەزگایەک پێناسەیەک، یا چەند پێناسەیەکی تایبەتی خۆی هەیە.لە فرەنسهدا هەر خودی وەزارەتی دارایی پێناسەیەکی بۆ کتێبی گومرگ و پێناسەیەکی دیکەشی بۆ کتێبی دەرامەتەکان هەیە! کۆبوونەوەی گشتی یونسکۆ لە ساڵی ١٩٦٤دا قبووڵکردنی پێناسەیەکی ئاماری جیهانیی پێشنیاز کرد: ( بڵاوکراوەیەکی ناوەرزی،کە پێکهاتووە لە ٤٩ لاپەڕە،یا زیاتر) دەسەڵاتە یاساییەکانی کەنەدا، فینلەندا و نۆرویژ

---

[23]. پێناسەی پاوڵ ئۆتلێیە، ئەریک دوگرۆلێ لە بەرهەمێکدا بەناوی( مێژووی کتێب) لە کۆمەڵەی(چی دەزانم؟)(que sais-je?) وەریگرتووە.

[24]. ئیمیل لیترێ(١٨٠١-١٨٨١) وشەناسی فەڕەنسی، خوێندکارێکی سەربەخۆ و پۆزەتیڤیستی ئۆگۆست کۆنت بوو، کارە بەناوبانگەکەی ئەو بریتییە لە(کتێبی زمانی فەڕەنسی)کە ناوی خودی خاوەنەکەی وەرگرت و بووە هۆی بەناوبانگ بوونی.و.فارسی.

٤٩ لاپەڕەیان پەسەندکرد. بۆ لوبنان و ئەفریقیای باشوور پێناسەیەکی دیکە هاتەکایەوە،کە پێویست بوو ژمارەی لاپەڕەکان ٥٠ دانە بێت، دانیمارک ٦٠لاپەڕە، مەجەرستان٦٤، ئیرلەندا و ئیتاڵیا و مۆناکۆ١٠٠ لاپەڕەیان دانا! لەبەرامبەردا بەلژیکا ٤٠ لاپەڕە، چیکۆسلۆڤاکیا ٣٢لاپەڕە و ئایسلەنداش بە ١٧ لاپەڕە پەسەندیان کرد. هیند بچووکترین نامیلکەکان لە ڕیزی کتێبدا هەژمار دەکات! پێناسەی ئینگلتەرا تا ماوەیەک وەکو پێناسەیەکی ماددی مایەوە: کتێب لەوێدا بریتیبوو لە هەر بڵاوکراوەیەک، کە بەهاکەی بەلایەنیکەمەوە ٥ پێنس بێت.[٢٥]

کەموکورتی سەرجەم ئەم پێناسانە لەوەدایە، کە کتێب وەکو ئامرازێکی ئالوگۆڕی کلتوری سەیرناکەن، بەڵکو وەکو کالآیەکی ماددی هەژماری دەکەن. زۆرێک لەوانە ڕێنیشاندەری ڕێگای شەمەندەفەریش وەکو کتێب هەژمار دەکەن و شانۆگەرییەکی ڕاسین و مۆلییێریش، کە هەرچەند دەخوێندرێتەوەش، بەڵام بە کتێب داینانێن، بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە، کە هەندێک لەم پێناسانە ناوەرۆکی کتێب لەبەرچاو دەگرن، کەچی هیچ یەکێکیان ڕوویان لە بەکاربردنی نەکردووە. لەڕاستیدا کتێب (ئامێرێکە بۆ خوێندنەوە) و لەڕێگەی خوێندنەوەوە پێناسە دەکرێت.

(ژان پۆڵ سارتەر) لە کتێبی (ئەدەب چییە؟) دا نووسیویەتی:

---

25 .D arpres R.E.Barker, book for all, p.17.

**(هەوڵــی دوولایەنەی نووســەر و خــوێنەر ئەوەیە کە ئەم شـــتە هەســـتپێکراو و خەیـــاڵییەی ، بەرهەمەکە کە خولقێنراوی هۆشە بهێننەکایەوە).**

ئامانجی کتێب بەشێوەیەکی گشتی چ دەستنووس بێت، یا چاپکراو، یا سکانکراو ئەوەیە،کە توانـای زێدەکردن و لەهەمانکاتیشدا پاراستنی گوتارەکە بهێنێتەکایەوە: بڵاوکردنەوەی کتێبێک بە تەواوەتی بۆ کەسێک هیچ مانـایەکی نییە، لەبەرئەوە وادێتەپـێش چاو، کە پێویستە ژمارەی خـوێنەران لە پێناسـەی کتێبـدا جـێگەی بـۆ بکـرێتەوە، یـا بخـرێتە نـاو پێناســەی کتێــبەوە، بەڵام یەکەی ئامــاری کتێبەکــان ، بــریتییە لە ناونیشانەکانیان، نەوەک تیراژیان.

تەنیــا لەدوای ســاڵی ١٩٦٥ەوەیە، کە لە ئامــاری یۆنســکۆدا بــۆ هەندێک وڵات تیراژی کتێب ناوی دەهێنرێت و بـاس دەکرێت، لەبەرئەوە پێویســـتە ئەو ئامـــارەی، کە لەوڵاتە جیاوازەکانـــدا بڵاودەکـــرێتەوە بە وریاییەکی زۆرەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. لە سـاڵانی ١٩٨٠دا ئەوە ڕوونبــووەوە، کە وڵاتە (زەبەلاحەکــانی) بڵاوکــردنەوەی کتێــب، واتە ئەو وڵاتـانەی، کە زیـاتر لە ٢٠٠٠٠ناونیشـان لە سـاڵێکدا چـاپ دەکەن حەوت وڵاتن:

| | |
|---|---|
| سۆڤیەت و ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا | لەنێوان٨٠ تا ٩٠ هەزار |
| ئەڵمانیای فیدراڵ | لەنێوان ٥٠ تا ٦٠ هەزار |
| ژاپۆن | لەنێوان ٤٠ تا٥٠ هەزار |
| ئینگلتەرا | لەنێوان ٣٠تا ٤٠ هەزار |
| فرەنسا و ئیسپانیا | لەنێوان ٢٠ تا ٣٠ هەزار |

پێویستە ئەوە بزانرێت، کە ٣٢ وڵاتی تازە پێگەیشتوو، کە کەمتر لە نیوەی کەسانی خوێندەواری پێگەیشتوو و ئەو منداڵانەی دەچنە قوتابخانە لەخۆ دەگرن و ٢٦ لەسەدی دانیشتوانی جیهان پێکدێنن، ٨٩ لەسەدی کتێبە چاپکراوەکانی جیهان بەرهەمدێنن و ٨٥ لەسەدی کاغەزی چاپ و نووسینی دونیا بەکاردەبەن. ئەو نەگونجاویە بەرزە، کە لەساڵانی ١٩٧٠دا بە ئاشکرا ڕووی لە زیادبوون بوو، لە ساڵانی ١٩٨٠دا بەئارامی ڕووی لە کەمی کرد. لەم کەمبوونەوەیەدا بێگومان دەتوانرێت سەیری ئەو کاریگەرییەی سیاسەتی هاندانی یۆنسکۆ بکرێت، کە لەساڵی ١٩٦٥ەوە پیادەدەکرا.

ئامارێک، کە لەناونیشانەکانی کتێبدا دەبینرێت، بە وردبوونەوە لە هاوردەکراوەکان (لەڕێگەی وەرگێڕان) و زێدەکردن (لەڕێگەی وەرگێڕان لەناوەوەی وڵاتدا، وەکو لە یەکێتی سوڤیەتدا) تاڕاددەیەکی زۆر دەتوانرێت دەوڵەمەندی و هەمەجۆری ژیانی فیکریی وڵاتێک نیشانبدات و تاڕاددەیەکیش دەتوانێت ژمارە و توانای بەرهەمهێنانی نووسەرانی ئەو

وڵاتە نیشان بدات، بەڵام بچووکترین زانیاری لەبارەی ڕۆڵی خوێندنەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتەدا دەرناخات.

بۆ شیکردنەوەی دیاردەی ئەدەبی، پێویستە نەک تەنیا تیراژی کتێب، بەڵکو تیراژی گۆڤار و ڕۆژنامەکانیش هەژمار بکرێت. تیراژی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بەشێوەیەکی گشتی ڕوون و دیاریکراوە، بەڵام تیراژی کتێب یەکجار سەختترە بەدەست دەهێنرێت. بەرهەمهێنانی جیهانیی کتێب لە ١٩٨٠دا نزیکەی نۆ ملیار نوسخە بووە.

لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانرێت بە لێکۆڵینەوەی تەرازووی بەکاربردنی کاغەز لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا تا ڕاددەیەک لە بارودۆخی کتێب ئاگادار بین. ئەگەر وڵاتان بەپێی بەکاربردنی کاغەز تیایاندا (بەکاربردنی تەواوی کاغەزی ڕۆژنامە لە ڕوویێکەوە و کاغەزی نووسین و کاغەزی چاپی کتێب لە ڕویوێکی دیکەوە ) پۆلین بکەین، هەمدیسان حەوت وڵاتە گەورەکە لە سەرەوەی پێرستی وڵاتانن ، بەڵام سەیردەکەین کە سویسرا، بەلژیکا، وڵاتە ئەسکەندەناڤیەکان، ئوستراڵیا و زلاندۆیش بەوان گەیشتوون و یەکێتی سۆڤیەت و ئینگلتەرا بەشێوەیەکی ڕەها یەکەمین شوێنیان بۆ خۆیان گرتووە[٢٦].

یەکێک لە پێدراوە سەرنجڕاکێشەکان بریتییە لە بەراوردکردنی تەرازووی خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکان لە تەرازووی گشتی خوێندنەوەدا، لە فرەنسا لە ساڵی ١٩٨٠دا لە ٣٨ کیلۆگرام کاغەزی چاپ

---

[26] . D après. Annuaire statistque de l U.N.E.S.C.O. ed 1980.

و کاغەزی نووسینی بەکارهێنراو لە ساڵێکدا بۆ هەر کەسێک نزیکەی دوو لەسەر سێ کیلۆگرامی ئەمە بۆ بەکارهێنانی پیشەسازی کتێب دەڕوات، لە هەمان ساڵدا بەکاربردنی ساڵانەی کاغەزی ڕۆژنامە گەیشتۆتە ١٢ کیلۆ، لەڕوو ژمارەی وشەکانەوە- بە سەرنجدان لە جۆری پیتە بەکاربراوەکان- ناوەرۆکی چاپکراوەکان زیاتر لەسەدا پەنجای کتێبە، قەوارەی بابەتەکان کە ڕۆژنامەکان بۆ خوێندنەوە دەیخەنە بەردەم خوێنەرانی فرەنسی دە هێندەی قەوارەی بابەتەکانی کتێبەکانە. ئەم ڕێژەیە بۆ زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا دروستە (ئینگلتەرا ١٢ تا ١٣ هێندە)، بەڵام لە یەکێتی سۆڤیەتدا خوێندنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان تەنیا چوار هێندەی خوێندنەوەی کتێبە لەکاتێکدا لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ڕێژەکە بەرامبەرە بە ٢٠٠ هێندە و ئەگەرچی ئەو ڕیکلامانەی، کە ڕۆژانە ڕوو لە فراوانتربوون و زیاتر بوون دەکەن لە ڕۆژنامەکاندا جێگەیەکی زۆر داگیر دەکەن، ئەم ئامارە جێگەیەکی بەرز و باڵا لەبارەی خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار (نەک کتێب) بە ئەمریکییەکان دەدات.

هەڵبەتە تەواوی ئەو بابەتانەی بۆ خوێندنەوە دانراون لە ڕاستیدا ناخوێندرێنەوە، بە وردبوونەوە لە ڕێژەی کاغەز کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، بە سڕینەوەی نەخوێندەواران و منداڵان و ئەگەر وامان دانا کە هەر بابەتێک بۆ سێ، یا چوار کەس گونجاوە، دەبێت ئەوە پەسەند بکەین، کە کەسێکی فرەنسی بەشێوەیەکی مامناوەند٤٠٠٠٠ وشە بە

تێکڕایی لە ڕۆژێکدا دەخوێنێتەوە (واتە هاوتای هێندە و نیوی ئەم کتێبەی بەردەستتان) و کەسێکی ئینگلیزی سێ هێندەی کەسێکی فرەنسی!

سەرباری ئەمە پێویستە کتێب و بڵاوکراوە نەفرۆشراوەکان و دەرنەچووەکانیش هەژمار بکەین، ئەم دوو هۆکارە تەرازووی خوێندنەوەی کتێب نزم دەکەنەوە، لە ڕاستیدا وەرزیبوونی ڕۆژنامەکان و تەمەن کورتییان هاوتایی تیراژ لەگەڵ تەرازووی فرۆشتن وەکو شتێکی پێویست و گرنگ دێنێتەکایەوە، چونگە ئەگەر لەسەر شێوەیەکی وا نەبێت ئەوا زۆر بەخێرایی لەناودەچن و بێ کەڵک دەبن، لەڕوویێکی دیکەوە زیاتر کتێبەکە هەنادرە دەکرێت. لەبارەی فرەنسا بە وردبوونەوە لە هەناردەی کتێب، کە بەشێوەیەکی تایبەت بۆ ئەو وڵاتە ئەفریقیانەی، کە بە زمانی فرەنسی قسە دەکەن زیاتر هەنادرە دەکرێت، دەتوانرێت بوترێت، کە لە نێوان ١٢ تا ١٥ لەسەدی بەرهەمهێنانی نیشتیمانی ناگاتە دەستی فرەنساییەکان.

لەبەرئەوە کتێب بەشێکی زۆر بچووک لە خوێندنەوە ئەگەرییەکان و بەشێکی بچووکتر لە خوێندنەوە ئەنجامدراوەکان پێکدێنێت، بەڵام ئەگەر چەمکی ئەدەب بهێنینەناوەوە، دەبینین بارودۆخەکە دەگۆڕێت. ئاشکرایە کە ئێمە ئەدەب بە هیچ پێوەرێکی چۆنایەتی (کیفی) پێناسە ناکەین. پێوەری ئێمە هەمان ئەو شتەیە، کە ناوی لێدەنێین ڕێبازی نامادی. هەر بەرهەمێک کە ئامرازێک نەبێت، بەڵکو لەخودی خۆیدا ئامانجێک بێت بە

ئەدەب هەژمـــار دەکرێـــت. تەواوی خوێنـــدنەوە نائەرکییەکـــان[٢٧]،واتە خوێنـــدنەوەیەک، کە وەڵامـــدەرەوەی مەبەســـتە ڕۆشـــنبیرییە نامـــاددی و ناپوڵەکییەکانن بە ئەدەب هەژمار دەکرێن.

لەنێـو ئەو خوێنـدنەوانەی، کە بەدواداچـوون و لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر کراوە، زۆربەیان خوێندنەوەی ئەرکین، بەتایبەت لەبارەی چاپکراوەکان، کە خـوێنەر زیـاتر بەدوای زانیـاری و دۆکیۆمێنتەکـانە، لەبـارەی کتێبیشـەوە تەواوی خوێندنەوەکان وابەستە نابن بە ئەدەبەوە.

ئەدەب یەکـێکە لەو دە وتـارە گەورەی نـاو پـۆلینی دەیـی کە (مێلڤـڵ دیوی) بەر لە هەشتا سـاڵ پـێش ئێسـتا دایهێنـاوە و زۆربەی وڵاتـانیش لە ئامارەکانیاندا پەسەندیان کردووە و بەکاری دەهێنن:

١- شتە گشتییەکان.
٢. فەلسەفە.
٣. ئایین.
٤. زانستە کۆمەڵایەتییەکان.
٥. وشەناسی (فیلۆلۆژیا).
٦. زانستە پەتییەکان.
٧. زانستە پراکتیکییەکان.
٨. هونەر و ئارامبەخشی (سەرقاڵی)
٩. ئەدەب.
١٠.مێژوو و جوگرافیا.

[٢٧]. نامەنهەنجییەکان، واتە ئەوانەی لە قوتابخانە و زانکۆدا مەنهەج نین.و.کوردی

بەداخەوە ئەم وتارانە یەکجار ناڕوونن. فرەنسا بەتایبەت تا ساڵی ١٩٦٣ وتاری چوارەم (واتە وشەناسی)لەبەرچاو نەدەگرت و لەژێر ناونیشانی زماننناسی لە وتاری هەشتەمدا (ئەدەب)دایدەنا. هەندێک وڵات هەن، کە هێشتا ئەو پۆلێنبەندییە وردتر و چڕوپڕترەی، کە یۆنسکۆ لە ١٩٧٦دا پێشنیازی کردووە بەکاردەبەن.

بەو هۆیەوە ئامارە فەرمییەکان جگە لە زانیاریگەلێکی نادیار و زۆربەی کات ناڕاست، ناشێ شتێکی دیکە نیشان بدەن. ئەگەر پۆلێنبەندی دەیی و ئامار لەسەر بنەمای ناونیشانی کتێب ئەنجام بدەین، ئەوا ئەدەب ٢٤ تا ٢٥ لەسەدی بەرهەمهێنانی کتێب لە فرەنسا پێکدێنێت، ئەم ژمارەیە لە ئەڵمانیا تۆزێک نزمتر و لە ئینگلتەرا هەندێک بەرزترە، ئەمەش گرێدراوە بەوەی تا لە وڵاتە گەورەکانی بەرهەمهێنان لە سنوری ٢٣ لەسەد بە چەسپاوی بمێنێتەوە.

لە وڵاتە تازە ئازادبووەکاندا کە پێداویستییە تەکنیکییەکان لەسەروی هەموو شتێکە و دەستەی نووسەرانی ناوخۆیی هێشتا بەبڵاوی و فراوانییان بەخۆیانەوە نەدیوە،ئەم ژمارەیە دەشێ بگاتە ژێر ١٠ لە سەد.

لە ڕوویێکی دیکەوە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان- بە تایبەت چاپکراوە هەفتانەیی یا مانگانەییەکان- بەشێکی گۆڕاو، بەڵام یەکجار زۆر لە خوێندنەوەی نائەرکی[٢٨]، کە سیفاتی ئەدەبییان هەیە دەگرنەوە: ڕۆمانە

٢٨. مەبەست لە نائەرکی ئەو جۆرەیە کە فەرز نەبێت لەسەر خوێنەر، واتە لە قوتابخانە و زانکۆکان نەیخوێنت.هەندێجار بە نامەنهەجیانەش ناومان هێناوە، بەرامبەر بەمەش ئەو

زنجیرەییەکان، چیرۆکەکان، گوتارەکان، یادداشتەکان و هیتر بەشێکن لەو لایەنانەی،کە لەچاپی کتێبەکاندا دووبارە بەکاردەهێنرێنەوە، بەڵام قەوارەی بەرهەمهێنانی ئەدەبی وەرزی جێگەی تێرامانە و هەندێجار هاوتا و هاوسەنگ دەبێت لەگەڵ قەوارەی کتێبەکان: بە چاوپۆشی لەو هەڵبژاردە و گوڵچین و کەشکۆڵانەی، کە لە چەند گۆڤارێکی لەجۆری Saturday evening post بڵاو دەکرێنەوە و پێداویستی ئەدەبی چەندین ملیۆن کەس لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان لەپێش شۆڕشی کتێبی گیرفانییەوە تێرکردووە، لەبەرئەوە بۆ بەدەستهێنانی بیرۆکەیەکی ڕوون لەبارەی پێوەندی نێوان خوێندنەوە و ئەدەب ناتوانرێت پشت بە پۆلێنبەندییە شێوەیی، یا مادییە میتۆدییەکان ببەسترێت، زیاتر ئالوگۆڕەکە لەنێوان نووسەر و خوێنەردایە، کە ئەو توانایەمان پێدەدات ئەدەب لە شتی نائەدەبی جیاکەینەوە، هەم لە کتێب و هەمیش لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەقگەلێکی زۆر بوونیان هەیە، کە بە مەرامی ئەرکی نووسراون، بەڵام زۆربەیان بۆ مەبەستی نائەرکی و ئەدەبی بەکاردێن: بۆ نموونە ڕاپۆرت و هەڵسەنگاندنی کتێبەکان، سەرباری ئەمەش بە ئاسانی دەتوانرێت ناوی ژمارەیەک لە کتێبە تەکنیکی و زانستی و فەلسەفییەکان بهێنرێت، کە دانەرەکانیان بەئاشکرا ئەم کتێبانەیان بە بەرهەمی ڕاستەقینەی ئەدەبی داناوە و خوێنەرانیش ئەم شتەیان پەسەند کردووە، هەر نووسینێک توانای

---

خوێندنەوانەی کە مەرجن واتە لە قوتابخانە و زانکۆکان لەسەر خوێنەر دەکرێنە مەرج بە مەنهەجی یا ئەرکی لەم وەرگێڕانەدا ناوبان هاتووە.و.کوردی

هەڵاتن لە کێشەکان، خەیاڵپڵاوی و بیرکردنەوە و ڕامان و ڕۆشنبیرکردن بەخۆڕایی بهێنێتەکایەوە، دەشێ وەکو ئەدەب وەربگیرێت، یا بە ئەدەب دابنرێت: ژ. ک. چیسترتۆن تەنانەت ئەوەشی خستۆتەڕوو، کە نامیلکەی ڕێنیشاندەری شەمەندەفەریش سوودی ئەدەبی لێوەردەگیرێت[٢٩].

لەبەرامبەردا هەندێجار سوودی نائەدەبی لە بەرهەمێکی ئەدەبی وەردەگیرێت: بەکارهێنانی ئەدەب جیاوازی لەگەڵ خوێندنەوەی ئەدەبیدا هەیە،دەتوانرێ کتێبێک بکڕدرێت بەبێ ئەوەی مەرامی خوێندنەوە لەئارادابێت، بەهەمان شێوە دەشتوانرێت کتێبێک بخوێندرێتەوە بەبێ ئەوەی مەرامی چێژی ئیستاتیکی، یا سوودی رۆشنبیری لەئارادابێت.

دەبینین، کە درککردنی دیاردەی ئەدەبی- بەچاوپۆشی لە تەکنیکی لێکدانەوەکەی- چەند مەسەلەیەکی دەروونناسی تاکەکەسی و دەستەجەمعی دێنێتەکایەوە، پێناسەیەکی وردی ئەدەب وابەستەیە بەوەی، کە لەنێوان مەرامەکانی خوێنەر و نووسەردا هاوسەنگی هەبێت. پێناسەیەکی فراوانتر بەلایەنی کەمەوە هاوئاهەنگی و گونجاوی مەبەستەکانی نێوان ئەم دوو لایەنە (خوێنەر و نووسەر)ی دەوێت، هەرکاتێک ئێمە ئەم پێداویستیانە لە هزرمان دوور بخەینەوە، ئیتر لە خوێندنەوەدا ، جگە لە بەکارهێنانێکی میکانیکی ماددەیەکی چاپکراو شتێکی دیکە نابینین هەروەها لە کتێبدا بۆمان ناشێت بێجگە لە یەکێک

---

[٢٩]. لە بەشی یەکەمی کتێبی The man who was Thursday

له شـێوەکانی ئەم مـاددەیە، شـتێکی دیـکە ببینـین، کە بێگومـان گرینگترین شێوەش نییە.

**٢.ڕێگاکانی دەستگەیشتن و بەدەستهێنانی دیاردەی ئەدەبی:**

ڕوونترین ڕێگا بۆ درککردنی دیاردەیەکی ئەدەبی لەهەمانکاتـدا کە دەروونـی و دەستەجەمعیشـە بـریتییە لە ئاراسـتەکردن و خسـتنەڕووی پرسـیار لە ژمـارەیەکی پێویسـت لەو کەسـانەی، کە بەوردیـیەوە هەڵبژێردرابن، ئەم ڕێگەی بەدواداچوونە هەمان ئەو ڕێگایەیە، کە دکتـۆر کینسی بۆ خوێندنەوەی هەڵسوکەوتی سێکسـی هاونیشـتیمانیانی خـۆی بەکـاری هێنـا، ئەگەر ئەو بیویسـتبا ڕەفتـاری کلتوریشـیان بەم ڕێگـایە بخوێنێتەوە، بێ گومان ڕووبەڕووی چەندین سەختی دەبوویەوە، چونکە سەرەڕای ئەوەی پرسیار لەکەسێک بکەی لەبارەی خوێنـدنەوەکانی، ئەوا توانای دەسکەوتنی وەڵامێک، کە هەم ڕوون بێت و هەمـیش ڕاسـتگۆیانە کەم دەبێت، لەکاتێکدا دەشێ لە وەڵامـدانەوەی تـایبەتییە سێکسـییەکان بەرامبەر لێکۆڵەرەکە بەرەو جـۆرە خۆنوانـدنێکی شـاراوە هەنگـاو بنێـت، چ جـای ئەوەی دەرخسـتنی چێـژ و سـەلیقە ئەدەبییەکان (یـا دژە ئەدەبییەکان) کە دەبێتە هۆی گۆڕان و زۆرتریش دەبێتە هۆی دابەزینی پایەی چینایەتی مرۆڤ لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا.

ئەوە بەسە، کە ئەو دەرئەنجامەی کە لەڕێگای بینینـی ڕاسـتەوخۆ و ڕێکوپێکی ڕەفتاری کلتوری کەسـێک لەگەڵ قسـەکانیدا تەنانەت ئەگەر ڕاسـتگۆیانە دەرییبڕیبێـت-بەراورد بکەیـن تـا لەوە تێـبگەین، کە سـوود وەرگرتنێکی زانستی لەو زانیاریـانەی، کە کەسـەکان لەبـارەی خۆیانـەوە

پێماندەدەن تا چ ئەندازەیەک سەخت و دژوارە. کەسێک کە ناوی کتێبەکانی ستاندال و ئەندرێ مالرۆ وەکو خوێندەوەی ڕۆژانەی خۆی دەهێنێت، لەو نێوەندەدا دەڵێت جارجارە بۆ ڕەواندنەوەی وەڕسی یەک دوو ڕۆمانی پۆلیسیش دەخوێنێتەوە، هەرگیز ئەوەمان پێنالێت، کە ئەو کاتەی بۆ خوێندنەوەی بەرهەمە پۆلیسییەکان بەفیڕۆی دەدات لە ڕاستیدا چەند هێندەی ئەو کاتەیە، کە بۆ خوێندنەوەی کتێبە (کلینیکییەکان= بالینی)ی خۆی تەرخانی دەکات، ئەگەر کەسێک بڵێت ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە، ئەو خولەکانە هەژمار ناکات کە بۆ وێنە جوڵاوەکان (وێنە کارتۆنییەکان) تەرخانی دەکات، لەکاتێکدا کە کۆی ئەم خولەکانەوە بەسەریەکەوە جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە.سەرباری ئەم خوێندنەوانەی کە لە ژورەکانی چاوەڕوانی شەمەندەفەر، یا لە کتێبخانەی بچووکی منداڵەکانمان دروست دەبن هەژمار ناکرێت: کام لێکۆڵەر هەرگیز دەتوانێت بە پرسیارکردن و لێکۆڵینەوە پشکی گەورەی چەند کتێبێکی وەک (camembert) یا کۆمەڵەکانی (tintin) لەنێو کۆی خوێندنەوەکانی کەسێکی فرەنسی پێگەیشتوو و خوێندەوار بچەسپێنێت؟

هەڵسەنگاندنی خوێندنەوەی کەسەکان لەسەر بنەمای دۆکیۆمێنت و بەڵگە مێژووییەکان تا ئەندازەیەک ئاسانترە، شەرم و ئابڕووی دۆکیۆمێنتەکان کەمترە لە گوتە ڕاستەوخۆکانی کەسەکان، کۆمەڵە زانیارییەکی بنیاتراو لەسەر: یادەوەرییەکان، نووسراوەکان، دەق و

گفتوگۆکـان، ئامـاژە و پێرسـتەکانی کتێبخـانە تایبەتییەکـان توانـای بەردەست خستنێکی تاڕاددەیەک ورد بۆ کۆی خوێنـدنەوەکانی کەسێکی دیاریکراو فەراهەم دەکەن- هەڵبەتە بە مەرجێک، کە کەسەکە وابەستە بێت بە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی تاڕاددەیەک (بەرز و بالا). لەڕاستیدا تا ئەنـدازەیەک هـیچ ئامرازێـک لەبەردەسـتدا نییە تـا گرنگـی بـابەتە بێشومارەکان لە ڕەفتاری کلتوری جەماوەر هەڵسـەنگێنین، کە لەکاتی پەیـــدابوونی چـــاپ لەڕێـــگەی دەســـتگێڕ و دەستفرۆشـــەکانەوە دابەشکراون. (شارل نیزار) لە سەدەی نۆزدەیەمدا کرۆکی ئەم بابەتانەی لە کتێبەکەی خۆیدا بەناونیشانی (مێژووی کتێبەکانی خەڵکی، یا ئەدەبی دەستگێڕ)دا هەڵسەنگاندووە و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کردووە[٣٠].

لێـــرەدا پانتـــاییەکی یەکجـــار فـــراوان بـــۆ لێکـــۆڵەر هەیە ، کە مێژوونووسـی ئەدەبـی ناتوانێـت وەلاوەی بنێـت و لەبەرچـاوی نەگرێـت، هەمـان ئەو مەیـدانەی، کە هەنـدێجار بە (وردە ئەدەبیـات) و هەنـدێجار بە (ژێـر- ئەدەب)و هەنـدێجاریش بە (ئەدەبـی پەراوێزی)نـاوی لێـدەنرێت[٣١].

---

[٣٠]. سەرباری ئەمە بگەڕێوە بۆ ئەم بەرهەمانە:
p.brochon, le livre de colportage en france depuis le xvi siècle(paris,1954)
J.P. seguin, nouvelles a sensations et canards du xix siècle(paris,1959).

[٣١]. ئەدەب و وردە ئەدەب ناونیشانی ژمارە دەی بڵاوکراوەی سیمیناری ئەدەبی گشتی شاری بۆردۆی(١٩٦٣،١٩٦٢،١٩٦١)یە. ئا.تریڤێ(a.therive) زاراوەی(ژێر- ئەدەب)ی لە یەکێک لە کتێبەکانی خۆیدا بەکارهێناوە(la foire literature ,paris,1963) لە ئەنجامدا بەرگی سێیەمی ئینسکلۆپیدیای پیلیاد چەندین بەشی تایبەتکردووە بە (ئەدەبی پەراوێزی) و(ئەدەبی وردە ، ڕۆمـــانە ڕەشـــۆکییەکان و هیتر)شەشـــەمین کـــۆنگرەی ئەنجـــومەنی ئەدەبـــی بەراوردی فرەنسی(شاری ڕێن، ١٩٦٣) بەتایبەتی ڕووی لە باسکردنی ئەم بابەتە کردووە، لە هەمان کۆنگرەدا ئێمەش وتارێکمان بەناونیشانی (ئایا لە ئەدەبدا پلە بوونی هەیە؟)خوێندۆتەوە.

لەنێوانی ئەم ناوچەیەی، کە تا ماوەیەک لەوەو پێش لە کتێبەکانی مێژووی ئەدەبدا فەرامۆش کرابوو و مەیدانی بەرهەمە (باڵا)کان لەسەر ئاستی ناوەڕۆکەکان، بیرۆکە و ڕووخسارەکاندا ئالوگۆڕێکی بەردەوام بوونی هەیە، تەنانەت هەندێجار ئەوە دێتەپێشەوە کە بەرهەمێک لە بەشێکەوە تێدەپەڕێت بۆ بەشێکی دیکە. لەڕاستیدا بەهەمان شێوەی کە دواتر دەیبینین وابەستەیی بە دونیای ئەدەب یا وردە-ئەدەب نە بە خاسیەتە ئەبستراکتییەکانی نووسەر، بەرهەم، یا خوێنەر بەڵکو دەبێتە جۆرێک لە ئالوگۆڕییەکی دیاریکراو[٣٢] هەر لەبەر ئەوەشە، کە مەودای نێوان ئەوەی دەخوێنرێتەوە و ئەوەی پێویستە بخوێندرێتەوە- مەودایەک-کە چەندەها جار بەتێپەڕبوونی سەدەکان بینراوە- هەمیشە بۆ دەستەی خوێندەواران مایەی شەرم و ڕیسوایی بووە، بۆ هەمان ئەو دەستەیەی، کە دەبێت بەرامبەر مێژوونووس گەواهی بدات و کۆمەڵناسیش خودی خۆی وابەستەیە بەو دەستەوە.

ئێستا ئەگەر دانپێدانان و گەواهی خوێنەران وەلاوەبنێین و پرسیار لە نووسەران بکەین، ئەوا هەمدیس پتر تووشی بێهیوایی دەبین، چونکە کردەی داهێنانی ئەدەبی کردارێکی تاکەکەسی و ئازادە و جۆرێک لە خۆدورخستنەوە و دوورەپەرێزی لە پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان دەسەپێنێت، بە دەربڕینێکی دیکە ئەگەر نووسەر بەسیفەتی ئەوەی مرۆڤە و هونەرمەندە ناچاربێت بەوەی، کە ببێتە زمانحاڵی

[٣٢]. بگەڕێوە بۆ بەشەکانی شەشەم و هەشتەمی ئەم کتێبە.

جەماوەرەکەی و هەستی هاودەردی و هاوتایی لەگەڵیان هەبێت، ئەوا ئەم ترسناکییە لەئارادایە، کە زیاتر لەو ئەندازەیە بڕوانن کە لێی چاوەڕواندەکەن[٣٣].

کردەی داهێنانی ئەدەبییان بە جوڵەی کەسێکی نقوومبوو بەراوردکردووە، کە بوتڵە شوشەکەی فڕێدەداتە ناو دەریاکە بۆ کەسی ڕزگارکەر، کە پەیامەکەی بۆ دەنێرێت و ئەو کەسەش بەڕزگارکەری خۆی دەزانێت، بەڵام نازانێت کە شەپۆلی ئاو پەیامەکە بەرەو ڕووی کام کەناری نەناسراو دەبات.

گەواهی نێوەندگیرییەکانی کتێب دەشێ سوودی لە زیاتر لە بەهایەک وەرگرتبێت، چونکە بڵاوکەرەوەکان، کتێبفرۆشان و ئەمینی کتێبخانە ترپەی میکانیزمی گۆڕینەوەکانیان لەدەستدایە، بەداخەوە بۆ دوو گروپەکەی یەکەم نهێنیپارێزی پیشەیی هۆکارێکی یەکجار کاریگەرە بۆ شاردنەوە و ئێستا ئەگەر بڵاوکەرەوەکان و کتێبفرۆشان ئامادەبن زانیاریگەلی پێویستمان پێبدەن ئەوا ناتوانن بەم کارە هەڵسن، چونکە ئامرازگەلی ماددی پێویستیان بۆ ناسینی گرنگێتی ڕۆڵی تایبەتی خۆیان لەبەردەستدا نییە، بۆ زۆربەیان دەفتەری کار، یا دوکان هاوشێوەی بارەگای سەرکردایەتییە ئابلووقەدراوەکانە، کە لەوێدا بەشێوەیەکی کوێرانە کاریگەری دەخەنە سەر نووسەران و خوێنەران، ئەم کاریگەرییەش کاریگەرییەکی واقیعی و یەکلاییکەرەوەیە!

---

[٣٣]: واتە زیاتر لەو ئەندازە و ڕاددەیەی، کە چاوەڕێدەکەن نووسەر دەریبڕێت.و.کوردی).

بـارودۆخی ئەمینـدارانی کتێـب[٣٤] تـا ئەنـدازەیەک جیـاوازە، چـونکە ئەوان بەشێوەیەکی گشتی دەتوانن ڕاستەوخۆ بیروڕای خۆیـان لەبـارەی ڕەفتاری خوێنەرانی کتێبخانەکانیان بدەن. کەموکورتی کارەکە لەوەدایە، کە بیـروڕای ئەوان تەنیـا بەشـێکی تـاڕاددەیەک سـنوردار و تـایبەت لە خوێنەران، واتە سـەردانیکەرانی کتێبخانەکـان دەگـرێتەوە، لەگەڵ ئەوەدا نابێـت ئەم دەرگـایە، کە هەرچەنـدە بەرتەسـک و بچـووکە فەرامـۆش بکەیـن، چـونکە تـاکە دەرگـایەکە، کە بتـوانین لەڕێـگەیەوە بگەیـن بە واقیعیەتـی بەکارهێنـانی ئەدەبـی. لێکـۆڵینەوەی بـارودۆخی کتێبخـانەی کارگەکانیش شاڕێگەیەکی گرنگە بۆ شیکردنەوەی مەسـەلەی خوێنـدنەوە لە ژینگە و ناوەندەکانی کرێکاریدا.

لەدواتــــردا دەتوانرێـــت بگەیـــنە ئەو ئەنجـــامەی کە لەڕێـــگەی لێکۆڵینەوەیەکی ڕێکوپێکی پێدراوە بابەتییەکان دیاردەی ئەدەبی بەبێ بوونی بیرۆکە و داوەرییە پێشوەختەکان بناسرێت.

لەنێو پێدراوە بابەتییەکاندا، سەرەتاترین پێـدراوەکان، کە سـوودیان لێوەردەگیرێت بریتین لە پێدراوە ئامارییەکان.

ئامـار لە زەمینـەی بازرگـانی و پیشەسـازی کتێبـدا، هەرچەنـدە کەموکـورت و نـاتەواویش بێـت دەتوانێـت لەتەک پێـدراوەکانیتر چەنـد زانیارییەکی سـوودبەخش و بەکەڵـک بەدەسـتەوە بـدات. بیبلۆگرافیـا کە بەتایبەت لەسەر بنەمـای ئەو نوسـخانە نیشـاندەدرێت، کە بە خـورتەکی

---

[٣٤]. ئەو کەسـەی لە کتێبخانەکانـدا بەرپرسـی کتێبـە، لە فارسـیدا کتابـدار و لە عەرەبیـدا امـین المکتبەی پێدەوترێت.و.کوردی.

بۆ کتێبخانە نیشتیمانییەکان ڕەوانەکراون، لە ساڵی ١٩٦٠ەوە تاوەکو ئێستا هەمیشە ڕووی لە پەرەسەندن کردووە، بەڵام بەدەستهێنانی زانیارییە دروستەکان لەبارەی تیراژ و فرۆشی کتێبەکان لە بەڕێوەبەرانی بنکەکانی بلاوکردنەوە کارێکی سەخت و دژوارە. سەرباری ئەمە بەکارهێنانی ڕاپرسی لێکۆڵینەوەکان ڕووی لە زیادی کردووە و ئەگەرچی تەواوی ئەمانە سوودیان لەبەهایەکی هاوتا و یەکسان وەرنەگرتووە، بەڵام بارودۆخی بازاڕی کتێب تا ئەندازەیەک ڕووندەکەنەوە. لەبارەی خوێندنەوە، ئەمیندارانی کتێبخانەکان زیاتر لەپێشوو دەتوانن چەندین زانیاری ورد لەبارەی سەردانیکەرانی کتێبخانەکان نیشانبدەن. سوودوەرگرتنیش لە کۆمپیوتەر لە کتێبخانەکاندا بەتایبەت ئەو دەرفەتەی پێداوین لەبارەی دیاردەی خوێندنەوە لە ژینگە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان زانیاری زیاتر بەدەست بێنین.

تا ئەو شوێنەی کە بلوێت دەتوانرێت سوود لەو ئامارە مێژووییانە وەربگرین، کە لەسەر بنەمای پێڕستی بەرهەمەکان یا نووسەران دانراون بۆ ڕوونکردنەوەی گۆڕانکارییە جیاوازەکان. لە لاپەڕەکانی دواتردا بەکارهێنانی (نموونە وەرگرتنێک= سامپڵێک) لە ٩٣٧ نووسەری فرەنسی کە لەنێوان ساڵانی ١٤٩٠ و ١٩٠٠ دا لەدایکبوون هێنراوەتەوە[٣٥].

پێدراوە ئامارییەکان توانای دەستنیشانکردنی لایەنە سەرەکییەکانی دیاردەی ئەدەبی دەستەبەر دەکەن، دواتر پێویستە ئەم لایەنانە

---

[٣٥]. تەوای ئەو لێکۆڵینەوە ئامارییانەی کە لەم کتێبەدا سوودیان لێوەرگیراوە بە هاوکاری بەشی(خزمەتگوزارییە تەکنیکییەکانی دامەزراوەی نەتەوەیی ئاماری بۆردۆ)هەڵهێنجراوە.

بەیـارمەتی جـۆرێکی دیـکەی پێـدراوە بابەتییەکـان شـیبکرێتەوە، کە بەرهەمـی لێکـۆڵینەوەی بنیـاتە کۆمەڵایەتییەکـانن، واتە هەمـان ئەو بنیاتـانەی، کە دیـاردەی ئەدەبی و هۆکـارە تەکنیکییە جووڵێنەرەکانی دیـاردەی ئەدەبـی (واتە ئەو هۆکـارانەی، کە حـوکم لەسـەر دیـاردەی ئەدەبی دەکەن.و.کوردی) لەخۆدەگرن . ئەم ئامرازە تەکنیکیـانە بـریتین لە: سیسـتمە سیاسـییەکان، دامەزراوە کلتورییەکـان، چینەکـان، تـوێژ و گروپە کۆمەڵایەتییەکـان، پیشـەکان، ڕێخسـتنی کـاتە بەتاڵەکـان، پـلەی نەخوێندەواری، پێگەی ئابوری و یاسایی نووسـەر، خـاوەنی کتێبخـانە و بڵاوکەرەوە، مەسەلە زمانەوانییەکان، مێژووی کتێب و هیتر...

لە کۆتاییدا دەتوانین لەسەر بنەمای میتۆدەکانی ئەدەبی گشتی، یا ئەدەبی بەراورد یارمەتی لێکۆڵینەوە لە هەندێک بابەتی دیاریکراو بدەین: وەک لێکـۆڵینەوە لە توانـای فرۆشـی بەرهەمێک (یـا بەختـی و بەشـی فرۆشـی بەرهەمێـک لەنـاو بەرهەمەکـانیتردا.و.کوردی)، ڕێچـکەی پەرەسـەندنی شـێوازێک یـا ژانرێکـی ئەدەبـی، چارەسـەکردنی بابەتێک (ناوەرۆکێـک) ، مێـژووی ئەفسـانەیەک، پێناسـەی ژینگەیەک و هیتریش.. لەم بارەدا پێدراوە خوددییەکـان بەهـای ڕاستەقینەی خۆیـان پەیـدادەکەن و لێکـۆڵەر بە هاوکـاری ڕاپرسـی، چاوپێکەوتنەکـان، دەرخسـتە زارەکـی یـا نووسـراوەکان و بە سـوود وەرگـرتن لە چەنـد زانیـارییەک کە (مێـژووی بـابەتە لێکچووەکـان) دەیـخەنە بەردەسـتی

دەتوانێت تێبینییەکی بابەتیانە بە تەواوی مانـاوە بـۆ ئەم دیـاردانە بخاتەڕوو.

بەشێوەیەکی تایبەت زانستەکان وابەستەن بە هەواڵەکان و پێوەندییەکان، کە لەساڵانی حەفتاکانەوە توانای تۆمارکردن و خستنەڕووی پێشنیارەکانی لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکانیان دەستەبەر کردووە، ئێستاش ئەگەر زانستێکی تەواو لەسەرپێ وەستاو و چەسپاویش نەبێت ، بەلایەنی کەمەوە مەیدانێکی زانستی هەیە، کە ناوی لێنراوە بیبلۆگرافیا، بەتایبەت دەتوانرێت ناوی دەسکەوتە گرنگەکانی گۆڤاری schema و schematization بهێنرێت،کە بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر ستیڤاڵ بوو.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوەش زیادبکرێت، کە لە ساڵانی ١٩٧٠شدا ئەو جڤاتانەی خەریکی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بوون سەرنجێکی تایبەتیان بەرامبەر کتێب و خوێندنەوە و ئەدەبی منداڵان و گەنجان نیشانداوە بەتایبەت لە بۆدرۆ دەستەیەکی لێکۆڵینەوە لە (سەنتەری کۆمەڵناسیی دیاردە ئەدەبییەکان) لەم بوارەدا لەژێر سەرپەرشتی (دینیز ئیسکارپێت)دا دەستیان بەکار کردووە.

# بەشـــی دووەم

## بەرهەمهێنان

### پاری یەکەم: نووسەر لە زەمینەی کاتدا

**١. سیمایەکی ئەوانەی کە نەمر دەبن:**

بەرهەمهێنـانی ئەدەبـی کـاری گـرۆی نووسـەرانە، کە بەدرێژایـی سـەدەکان ملکەچـی چەنـد گۆڕانکـارییەک بـووە، کە تەوای گروپەکـانی دیـکەی کـۆمەڵ دووچـاری هـاتوون: پیـری و گەنجـی، زێـدەبوون و کەمبوونی دانیشتوان و هاوشێوەی ئەم جۆرە شتانە.

بۆ ئەوەی پێناسەیەک، یا لانیکەم چەنـد نموونەیەکی مانـاداری ئەم گرووپە ئەدەبییە بەدەست بهێنرێت، دەتوانرێت دوو ڕێگە بگرین، کە هەردوو ڕێگەکەش زێدەڕۆییانەن. یەکەمیان پێڕسـتێک پێکهـاتبێ لەنـاوی گشـت ئەو نووسـەرانەی، کە کتێبیـان بە ڕێـگەی چـاپکردن، یـا هەر

ڕێگەیەکی دیکە لە وڵاتدا و لە قۆناغێکی دیاریکراودا بڵاوکردۆتەوە، دوەم پەسەند کردن بە پێڕستێکی ورد، وەکو پێڕستی ناوەکانی کتێبێکی بەناوبانگی مێژووی ئەدەبی.

لەڕاستیدا هیچ یەکێک لەو دوو ڕێگەیە قەناعەتمان پێناکەن، یا مەبەستەکەی ئێمە ناپێکن، چونکە یەکەمیان لەسەر بنەمای پێناسەیەکی میکانیکی بۆ نووسەر بەو سیفەتەی، کە کەسێکە کتێبێکی نووسیوە شێوەی گرتووە، لەکاتێکدا وەکو بینیمان ئەم جۆرە پێناسە میکانیکییە بۆ کتێب مایەی پەسەند کردن نییە، چونکە هاوتایی و هەماهەنگییەکی پێویست لەنێوان مەبەستی نووسەر و خوێنەردا لەبەرچاو ناگرێت. نووسەر تەنیا وەکو چەمکێکی (بەرهەمهێنەری وشەکان)ە و خاڵییە لە واتای ئەدەبی، لەکاتێکدا نووسەر واتای ئەدەبی پەیدا دەکات و بە نووسەر دەناسرێت، کە دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی چاودێرێکی بەئەزموون بتوانێت لە ئاستێکی گشتیدا نووسەر بناسێنێت، کەسێک نووسەر نییە، مەگەر ئەوەی لە پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی دیکە و لەچاوی یەکێکی دیکەدا نەبێ.

پاشان ڕێگەی دووەم، کە هەمان پێڕستی ناوەکانە ئەگەر بەڕوانینێکی ڕەخنەگرانە ئامادە کرابێت درووستتر دێتە پێش چاو، بەڵام هێندە بەسە،کە ئێمە یەکێک لەم پێڕستانە لە کتێبێکی مێژووی ئەدەبدا دەربهێنین تا سەرنج لەوە بدەین بە وردبوونەوە لە پەرەسەندنی گرۆی ئەدەبی هەرچەندە لە مێژووی نووسینەوەی ئەم کتێبە نزیکتر بینەوە ،

ئەوا ژمـارەی ئەو نووسـەرانەی، کە ناویـان تۆمـارکراوە زیـاتر دەبێـت و بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێت.، ئەم زیادبوونە لەسەرەتا یەکجار هێواش و سسـتە بە ئەنـدازەیەک، کە دەتوانرێـت بەکردارەکـی فەرامـۆش بکرێـت، بەڵام کاتێک دەگەیـنە قۆنـاغی نووسـەرانێک، کە تـا ئەنـدازەیەکی نزیـک هاوسەردەمی ژیانی ئەو نووسـەرە بـوون کە کتێبـی مێـژووی ئەدەبەکەی نووسـیوە، واتە لە دەسـپێکی کـار لێکـۆڵینەوەییەکەی ئەودا هێشـتا لەژیاندان، ئەوا بارودۆخەکە دەگۆڕێت: بۆ نموونە لە مێـژووی ئەدەبیـاتی (لانسۆن)دا ژمـارەی نووسـەران بە دەرکەوتنـی ڕۆمـانتیکە بەراییەکـان بەرەو زیـادی هەڵدەکشـێت، لەم مێـژووەدا پێـوەری هەڵبـژاردن بەشـێوەیەکی پلەیـی فەرامـۆش دەکرێـت، لەبەرامـبەردا ئەگەر نووسـەر کتێبەکە بە بێ سەروبەری نیشان بدات و تـا قۆنـاغێکی تەواو هـاوچەرخ بەرەو پێشەوە بێت، واتە ناوی نووسەرانی زیندوو بەتـایبەت ئەوانەی کە لەکـاتی دانـانی کتێـبەکەدا قەڵەم بەدەسـت بـوون بهێنێـت (بۆ نمـوونە سیمبولیسـتەکان بـۆ لانسـۆن) هەمدیسـان ژمـارەکە بەرەو سـەرەوە هەڵدەکشێت، لەم حاڵەتەدا یا کۆتا لاپەڕەکانی کتێبەکە لێکچوون لەگەڵ هەمان ئەو پێڕستە پەیدا دەکات کە بەشێوەی میکانیکی ئامـادەکراوە و ئـێمە بەهەر نرخێـک بێـت دەمانەوێـت خـۆی لـێ دووربخەیـنەوە، یـاخود هەڵبژاردنێک، کە نووسەر بەتەواوەتی بەسەلیقەی خۆی ئەنجامی دەدات بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ هەڵبژاردنی مێژوونووسـێکی دیـکە، کە یەک دوو وەچە دوای ئەو دێـت لێکچـوونی نابێـت. ئەمە بەو واتـایەیە، کە ناشـێت

وێنەی گرۆی نووسەرانێکی تەواو ئەدەبیمان دەستکەوێت تەنیا لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ دواوە، واتە تێپەڕینی ڕۆژگار نەبێت، یۆرپیدس دەیگوت مرۆڤ تەنیا لەدوای مردنی دەتوانرێت پێیبوترێت خۆشبەخت، بەم شێوەیە نووسەریش تەنیا لەدوای مەرگی لەسەر شێوەی ئەندامێتی کۆمەڵگای ئەدەبی دەردەکەوێت، واتە دوای مردنی وەکو ئەندامێکی کۆمەڵ دەردەکەوێت.

ئەوەی کە (تێپەڕبوونی کات) لەسەر نووسەران باری دەکات، هەم ڕەهەندێکی چەندی و هەمیش چۆنایەتی هەیە.

لەڕووی چەندێتییەوە هەڵبژاردنێکی ڕەها و گرینگترینی هەڵبژاردنەکان بریتییە لە هەڵبژاردنی چەند نووسەرێک، کە وەچەیەک لە قۆناغی ژیانیاندا تێپەڕیبێت، چونکە هەر نووسەرێک تاوەکو (دە)یا بیست، یا سی ساڵ دوای مردنی ڕووبەڕووی دەرگای فەرامۆشکردن دەبێتەوە، ئەگەر لەم دەروازە ترسناکە بە ساغی تێپەڕێت ئەوا بە کۆمەڵی ئەدەبی دەلکێت و مانەوەیەکی تاڕاددەیەک نەمر بەدەست دێنێت، لانیکەم بۆ ماوەیەک کە یادەوەری جەماوەرێکی شارستانی، کە لەنێو دڵی ئەو شارستانیەتەدا لەدایکبووە بەردەوامی دەبێت- خۆڕاگری نووسەرانێک لە بەرامبەر ئەم (سووانە مێژوویی)یەدا یەکسان نییە، چەند بەشێک لەوان سووان پەسەند دەکەن و کەمتر کەسێک لەنێوانیاندایە،کە لەناوچوون پەسەند نەکەن (بۆ نموونە نووسەرانی سەرەتای سەدەی هەژدەیەم لە فەرەنسا)چەند بەشێکی خۆڕاگر و بەرگریکاریش هەن،کە

بەرامبەر تاقیکردنەوەی لەناوچوون قایمترن (بۆ نموونە نووسەرانی نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەیەم لە فرەنسا ).

چەند هەڵبژاردنێکی دیکە لە دواتردا ئەنجام دەدرێن. (سیتسمگەلێکی بەدەستهێنانەوە، یا سەرلەنوێ ژیانەوە)ی سەرسوڕهێنەریش پەیدا دەبێت، کە نووسەرێک چەند ساڵێک لەمەوبەر فەرامۆش کراوە، یا ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، بەڵام ئەم فەرامۆشیە زۆربەی کات فەرامۆشییەکی تەواو نەبووە و زیاتر پێویستە قسە لەبارەی ڕوانینێکی نوێ بۆ ژیانی ئەدەبی نووسەرەکە بکرێت تا دووبارە دۆزینەوە و ئاشکراکردنی. سەرلەنوێ ژیانەوە و درەوشانەوەی بەرهەمەکانی شکسپیر لە سەدەی هەژدەیەم لە ئینگلتەرا چارەنووسێکی لەم جۆرەی هەیە. تایبەتییە گشتییەکانی کۆمەڵی نووسەران کاریگەر نییە بەم گۆڕانکاریانە، بەتایبەتیش گۆڕانکارییە چەندێتییەکان.

لە ڕاستیدا ئەم جۆرە ڕوانین و سەرلەنوێ ڕیزبەندیکردنانە لەناو کۆمەڵێک، کە پێشتر پێناسەیەکی دەستنیشانکراو لەبارەیانەوە خرایەڕوو سروشتێکی شیکردنەوەیی هەیە و زۆربەی کات بەو شێوەیە دەگەنە ئەنجام، کە مەبەستە سەرەکییەکانی نووسەر درکنەکراون و نادیارن و چەند مەبەستێکی پێشنیازکراوی نوێ دەبەخشن بە نووسەرەکە، کە هاوتاییەکی زیاتری لەگەڵ مەرام و مەبەستی خوێنەرانی نوێدا هەیە. ئەم پێکەوەگونجانە لەلاپەڕەکانی دواتریێ ناومان لێناوە (ناپاکی داهێنەرانە).

کاریگەری چەندێتی تێپەڕینی کات لەلایەن دەروونناسی ئەمریکی (هارڤی .س. لێهمان) بەشێوەیەکی یەکجار زیرەکانە ڕوونکراوەتەوە[٣٦] . لێهمان بە ڕاوێژکردن لەگەڵ (ئەنجوومەنی نەتەوەیی مامۆستایانی ئینگلیزی)دا پێڕستێکی لە کتێبەکانی (هێڵی یەکەم)[٣٧] ئامادە کرد. ئەم پێرستە ٣٣٧بەرهەمی ٢٠٣ نووسەر، کە لەکاتی لێکۆڵینەوەکەدا مردبوون و ٣٩٦ بەرهەمیش هی ٢٨٥ نووسەری زیندووی لەخۆ گرتبوو. سەرەتا لێهمان بەدوای ئەوەوە بوو، کە بزانێت هەر نووسەرێک لە چ ساڵێکدا ئەو بەرهەمانەی نووسیوە، کە لە پێڕستەکەدا بوون.پاشتر بەرهەمی نووسەرانی مردوو و زیندووی لەیەکتر جیاکردەوە و بەپێی گروپە تەمەنییەکان دابەشی کردن:

فلان کۆمەڵە بەرهەم لە تەمەنی ٢٠تا ٢٥ساڵی نووسراون و فلان کۆمەڵە لە ٢٥تا ٣٠ساڵی و بەهەمان شێوە تا کۆتایی.پاشان وێنەی هێڵکارییەکانی کێشا و جیاوازییەکی یەکجار بەرچاو لە نێوان هێڵکاری بەرهەمی نووسەرانی مردوو و زیندوودا هەیە، هێڵکاری بەرهەمی نووسەرانی دەستەی یەکەم (واتە مردوو) زۆر زوو لە گروپی تەمەنی ٣٥ تا ٤٠ ساڵی دەگاتە لوتکەی خۆی و پاشان دێتە خوارەوە. هێڵکاری بەرهەمی نووسەرانی زیندوو هێواشتر بەرەو سەرەوە دەڕوا و بەرزترین

---

[36] . Harvy.c.Lehman, the creative years:best books, the scientific monthly ,vol45,juillet 1937,pp.65-75.

[٣٧] . هێڵی یەکەم، یا هێڵی سەرەکی، یا هێڵی بەرایی primera linea واتە ئەوانەی کە لەڕیزی پێشەوەن یا لە ترۆپکن.و.کوردی

خـــاڵی له دەوروبەری تەمەنـــی ٤٠تـــا٤٥ســـاڵییه، بەڵام ئاســـتەكەی بەشـــێوەیەكی ڕێژەیـــی تـــا تەمەنـــی ٧٠ بـــۆ ٧٥ســـاڵی له ســـەرەوه دەمێنێـــتەوه. ئەنجـــامی ئەم دوو هێلكـــارییه بەتەواوەتـــی ڕوونه: ئەو هەڵبـــژاردنەی،كه بەپێـــی تێپەڕینـــی كـــات دانـــراوه بەرەو ســـڕینەوەی بەرهەمەكانی سەردەمی كەماڵ و بەتایبەتیش سەردەمی پیری نووسەران بووه و زیاتر لەبەرژەوەندی بەرهەمەكانی سـەردەمی گەنجی نووسـەركان دامەزراوه. تەمەنی هەستیاری مامناوەند لەدەوروبەری٤٠ساڵییەوەیه.

ئەم ئەنجامه چەند دەرئەنجامێكی دیكەی بەدەستهاتوو له چەندین میتۆدی دیكەشدا دووپاتدەكاتەوه، هەرچۆنێك بێت دەتوانرێت ئەم خاڵه به ڕوون و ئاشـكرا دابنێـین، كه وێـنەی نووسـەرێك و ڕوخسـارێك، كه لەڕێـگەیەوه له كۆمەڵـگـای ئەدەبیـدا زینـدوو دەمێنێتـەوه و هەمـان ئەو سیمایەی ئەو، كه نەمر دەبێت بەشێوەیەكی گشتی هەر ئەوەیه، كه له دەوروبەری چل ساڵی لەدوای خۆیدا جێیهێشتووه[٣٨].

نمـوونەوەرگرتن له كـۆمەڵی ئەدەبیـدا پێویسـته به وردبـوونەوه و سەرنجدان له چەنـد هۆكـارێكی جیـاوازدا بكرێـت و كـارێكی لەسـەرخۆ و ورده. (هارڤی.س. لێهمان) له زۆربەی كاره ئامارییەكانی خۆیدا سوودی له پێرسـتگەلێك له (باشـترین كتێبەكان)،كه (ئاسـا دۆن دیكینسـۆنی) ئەمینـداری بەئەزمـوونی كتێبخـانەی كالیفۆرنیـا دابینـابوو وەردەگـرت.

---

[٣٨]. ئەمه ئاماژەیەكی تەواو ئامارییه و چەند بابەتێكی ڕیزپەڕی فراوان هەن،ئێمه مانای دروستی هۆكاری تەمەنمان له وتارێك له بڵاوكراوەی كتێبخانەكانی فەرەنسا(مانگی مەی١٩٦٠) لەژێر ناونیشانی(هۆكاری تەمەن له بەرهەمی ئەدەبی)دا شیكردۆتەوه.

میتۆدی دیکنسۆن بۆ هەڵبـژاردی کتێـب ئەوەیە، کە دوای بەراوردکردنـی چەنـد پێڕسـتێک لە جـۆرە جیاوازەکـان، بە وردبـوونەوە لە ژمـارەی ئەو پێڕستانەی، کە نـاوی ئەم بەرهەمانەیـان هێنـاوە، بەرهەمەکـان بـۆ پـلە یەک و پـلە دوو و... دابەش دەکـات . لێهمـان سـوودی لەو بەرهەمـانە وەرگرتووە، کە وابەستەن بە پلە هەشت و لێکۆڵینەوەی لەسـەر ئەنجام داون.

ئـێمەش بـۆ نموونەوەرگرتن (سـامپڵ وەرگـرتن) لە ٩٣٧نووسـەری فرەنسـی، کە لەنێـوان سـاڵانی١٤٩٠ و ١٩٠٠دا لەدایکبـوون شـێوازێکی هاوشـێوە، بەڵام بەشـێوەیەکی سـنووردارتر و نارێکخراوتر (ناسیستماتیکیتر) بەکارمانهێناوە و شـایەنی گـوتنە، کە هەر ئەو نمـوونەوەرگرتنەیە دەبێـتە بنەمـای زۆرترینـی ئەو تێبینیـانەی کە لەمەو دوا دەخرێنەروو.

ئامانجی ئێمە ئەوەیە،کە بنەمایەکی کۆمەڵناسیی فراوان و گەورە بۆ ئەم نموونە وەرگرتنە بێنینەکایەوە، لەبەرئەوە ئەو شـتە ڕاسـت نییە،کە ئـێمە بێـین و بەهەمـان ئەو شـێوەیەی، کە لە لاپەڕەکـانی پێشـوودا ئاماژەمان پێکرد سوود لە پێڕستی ناوەکانی کتێبێکی مێـژووی ئەدەب- تەنانەت ئەگەر وابەستەبێت بە نووسەرانی کۆچکردوو- وەربگرین، چونکە بەم کارە جگە لـەو نووسـەرانەی، کە لە جـۆری نووسەرانی (ڕۆشـنبیر)ن شـتێکی دیکەمـان دەسـتناکەوێت. لەڕاسـتیدا دیـاردە ئەدەبییەکـان لە کۆمەڵێکی دیـاریکراودا لە تـۆڕە داخراوەکانـدا ڕێکدەخرێن و شـێوەیەکی

ڕێکخراو وەردەگرن و زۆربەی ئەم تۆڕانە پێوەندییان بەیەکەوە نییە. کۆمەڵە نووسەرێکن، کە وەلامی داواکارییەکانی خوێنەرانی (ڕۆشنبیر)دەدەنەوە: هەمان ئەو نووسەرانەی، کە ئێمە باشتریان دەناسین و ناویان لە پێڕستی ناوەکانی کتێبەکانی مێژووی ئەدەبدا دەبینریَ، بەلام دواتر دەبینین کە ئەم نووسەرانە تەنیا بەشێک لە کۆمەڵی ڕاستەقینەی نووسەران پێکدەهێنن. لە هیچ کتێێکی مێژووی ئەدەبدا ناوی (مۆریس لۆبلان)باوکی (ئارسن لۆپین)،کە وابەستەیە بە بازنەیەکی میللییەوە و (بیاتریکس پۆتەر) ژنە شاعیری (کەروێشکە چکۆڵەکان)،کە وابەستەیە بە تۆڕی ئەدەبی منداڵانەوە نەهێنراوە، لەکاتێکدا کە ئەم جۆرە بەرهەمانە خوێنەرێکی بێشوماریان هەبووە، یا ئێستاش هەیەتی و لەبنەڕەتدا بە بە چەند دیاردەیەکی ئەدەبی حەقیقیی هەژمار دەکرێن.

پاشان واباشترە پێرستی ناوەکانی کتێبەکانی مێژووی ئەدەبی نەکەینە بنەمای کاری خۆمان، بەڵکو چەند پێڕستێک بکەینە بنەمای کارەکەمان، کە سروشتێکی ئینسکلۆپیدیاییانەیان هەبێت ( petit Larousse, وdictionary of national biography) هیتریش و لەگەڵ پێڕستە پسپۆڕییەکاندا، کە لە شوێنە جیاوازەکاندا ئامادە دەکرێن (فەرهەنگی بەرهەمەکان، پێڕستی بەرهەمە سەرلەنوێ چاپکراوەکان و وەرگێڕانەکان، بیبلۆگرافیا و پێڕستەکانی گۆڤارە

باوەکان و هیتر...) بەراوردیان بکەین بەم شێوەیە چەند نموونەیەک بەدەست دێت، کە واتایەکی کۆمەڵناسی ڕاستەقینە و واقیعی دەبێت.

هەر نموونە وەرگرتنێک لەلایەنە بەشەکییەکانی خۆیدا چەند کەموکورپییەکی هەیە، بەڵام ئەزموون ئەوە نیشان دەدات، کە ئەگەر هۆشیارییەکی پێویست بێتە ناو کارەکە، ئەوا دەتوانرێ بەم شێوازە دابەشکارییەکی گشتی بەدەست بهێنرێت، کە بە گۆڕانی ڕەگەزەکانی هەڵبژاردن، یا بەکارهێنانی پێوەرە ورد و قورسەکان بارودۆخە گشتییەکەی گۆڕانکاری بەسەردا نایەت.

**٢. وەچەکان و گروپەکان:**

یەکەمین دیاردەیەک، کە ئەم نموونە وەرگرتنە دەتوانێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، دیارەدی وەچەیە. وەچە بە پشت بەست بە پێناسەی ئالبێر تیبۆدێ، یا هێنر پییر دیاردەیەکی ڕوون و ئاشکرایە: لە هەر ئەدەبێکدا مێژووی لەدایکبوونی نووسەران لە چەند (پارچەیەکی زەمەنی)دیاریکراودا پۆلێن دەکەن. لە کتێبەکەی هێنری پییردا پێڕستێکی تەواوی ئەم وەچانە دەستدەکەوێت، کە بۆ چەند ئەدەبێکی ئەوروپایی دەستدەدەن[٣٩].

بۆ نموونە وەچەی ڕۆمانتیکە گەورەکان لە فرەنسە لە دەوروبەری ساڵی ١٨٠٠دا باسدەکەین، کە نێوان ساڵانی ١٧٩٥–١٨٠٥ لەدوای لەدایکبوونی وەچەیەکی تاڕاددەیەک هەژار دەبینرێت:

---

٣٩ .H.peyre, les generations litteraires, Tableau recapitulatifdes generations,pp.214-217.

ئۆگۆست تێری، ڤیجنی، میشیللێ، ئۆگۆست کۆنت، بالزاک، هۆگۆ، لاکۆردەر، مێرمێ، کوینێ، سانت بۆڤ، ژورژ ساند، دۆما، ئۆژین سۆ، بلانکۆ، ئۆژین دوگرن، وەچە گەورەکانی دیکە بریتیین لە: وەچەی ١٥٨٥ لە ئیسپانیا و وەچەی سالآنی ١٦٠٠-١٦١٠ لە فرەنسا و وەچەی سالآنی ١٦٧٥-١٦٨٥ لە ئینگلتەرا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناکرێت چەمکی وەچە بەبێ لەبەرچاوگرتنی چەند خاڵێک بەکاربهێنرێت.

یەکەمین داوێک، کە پێویستە خۆمانی لێ بەدوور بگرین (فریوخواردنی بازنەیی)[٤٠] بوونە. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە وێناکردنە یەکجار فریودەرە، کە گروپەکانی نووسەران لەڕووی کاتەوە بە مەوداگەلە ڕێک و پێک و سیستماتیکی بەدوای یەکدادێن. کاتێک هێنری پییر قسە لەبارەی (هێلی بەدواییەکداهاتوویی وەچەکان)دا دەکات ئاماژەیە بۆ میکانیزمێکی زۆر ئاڵۆزی ناکۆتا، کە ئێمە لە لاپەڕەکانی دواترێ شیکردنەوەی بۆ دەکەین، بەڵام ئەم مێژوونووسە بانگەشەی ئەوەی نەکردووە،کە ئەم هێلە ڕێک و پێکە. (گی میشۆ) بوێرییەکی زیاتر (یا وریاییەکی کەمتر)ی خەرجکردووە و دەڵێت: لە دەرکەوتنی یەک لەدوای یەکی وەچەکاندا هێلێک هەیە، کە لولپێچی (حەلەزۆنی) و تەنانەت بازنەییشە، کە کاتەکەی هاوتایە لەگەڵ تەمەنی مامناوەندی

---

[٤٠]. فریوادانی بازنەیی بوون یا فریودانی خولەکی و زنجیرەییشی پێدەوترێت( cyclical adaptation) کە بەواتای بەدواییکداهاتنێکی زنجیرەیی زەمەنی دێت.و.کوردی

مـــرۆڤ، کە نـــزیکەی حەفتـــا ســـاڵە[41]، ســـەرباری هەمـــوو هەوڵێـــک پێشـنیارێکی لەم جـۆرە لەگەڵ بـوونی ئـارەزووییێکی زۆر، کە ئـێمە بـۆ ســەلماندنی ئەم پێشــنیازە هەمــانە، ئەوا هەرگیــز لە نەمــانتوانیوە لە دەرکەوتنی بەدواییەکداهاتتنی وەچەکاندا هێلێکی ستاندار و ڕێکوپێکمان دەسـتکەوێت، کە مـایەی چەنـد و چـوون نەبێـت. لەگەڵ ئەمەشـدا بـۆ ڕەچـاوکردنی دادپەروەری پێویسـتە دان بەوەدا بنێـین، کە هەنـدێک لە دیـاردە ئەدەبییەکـان کاتێـک دووبـارە دەردەکەونـەوە، لە قۆناغێـک بـۆ قۆناغێکی دیکە ملکەچی چەنـد گۆڕانکـارییەک دەبـن، کە یەکەی حەفتـا ساڵ ڕۆڵیان تێدا دەگێڕێت.

بۆ نموونە (تەمەن)ی ژانرێکی ئەدەبی وەکـو تراژیـدیای ئەلیزابێتـی، تراژیــدیای کلاســیکی، ڕۆمــانی ڕیالیســتی ئینگلیــزی ســەدەی هەژدە، بزووتنەوە ڕۆمانتیکییەکـان بەشـێوەیەکی گشـتی سـی یـا سـی و پێـنج ســاڵە، واتە نیـوەی تەمەنـی مـرۆڤە. لێـرەدا تـاقیکردنەوەیەک هەیە، کە بەداخەوە ئێمە ناتوانین هێلکارییەکەی نیشـان بـدەین و وادەردەکەوێـت، کە پاڵپشـتی ئەم ئەنجـامە دەکـات و جەختـی لەسـەر دەکـاتەوە. ئەم هێلکــارییە تەواوی هــێلانەیە، کە لە نمــوونە وەرگــرتنەکەی ئــێمەدا

---

41 .G.MICHAUD, introducation a une sciencede la literature,pp.252-256 et p.258.

بە وردی بـڕوانە نەخشـەی لاپەڕە ٢٥٩،کە بـزووتنەوە ئەدەبییەکـان بە دواییەکـداهاتنێکی سیستماتیک نیشاندەدات. لای میشۆ تەمەنی حەفتا و دوو ساڵی مرۆڤ بە ٤ نیو- وەچەی ١٨ساڵی دابەش دەبێـت، کە دوو نیـوەی ئەوە بـریتییە لە شـەو(بێ جـووڵەیی و خەو) دوو نیوەکەیتریشـی ڕۆژە(چالاکی و بێداری).

بەشێوەیەکی ڕێکخراو ژمارەی ڕۆماننووسان، شاعیران، شانۆنامەنووسان و پەخشان نووسە جیاوازەکان بەرامبەر بە تێکڕای کۆمەڵی ئەدەبی (نووسەرانێک، کە لەچەند بابەتێکدا دەنووسن چەند جارێک هەژمارکراون) نیشان دەدات، لەم هێلانەدا بەپێی ئەوەی فلان ژانری ئەدەبی پلەیەکی بەرزتر لە ژانرەکانی دیکە بەدەست دێنێت، یا لەئاوادەبێت و دیارنامێنێت بەڕوونی ئەوە ئاشکرا دەبێت، کە ئەم ناوانە لە هەر حەفتا ساڵێک جارێک بە تەواوەتی و لە هەر سی و پێنج ساڵدا جارێک تا ئەندازەیەک دەگۆڕێن.

پێویستە ئەوە بزانرێت،کە هێنانەکایەوەی بچووکترین پێوەندی لەنێوان ئەم ئاوازە بەڕوخسار ڕێکخراو و ستاندەرە لەگەڵ ئاوازی وەچەکانی نووسەراندا کارێکی سەختە.

خاڵی دووەم ئەوەیە، کە وەچە ئەدەبییەکان جیاوازییان لەگەڵ وەچە تەمەنییەکان (زیندوەکان)دا هەیە، چونکە وەچە ئەدەبییەکان چەند گروپێک پێکدێنن، کە لەڕووی ژمارەوە دیار و دەستنیشانکراون و پێوەندییان بە کەرتە (پارچە) زەمەنییەکانەوە هەیە، بەپێچەوانەوە لەنێو دانیشتوانی گشتی وڵاتێکدا دابەشکردنی گروپە تەمەنییەکان زۆر هێواش و لەسەرخۆیە و بەشێوەیەکی ڕێژەییش گۆڕانکاری پەسەند دەکات. هەرەمی تەمەنی دانیشتوانی گشتی بەهۆی چەند هۆکارێکی جیاکەرەوەی تایبەت، کە زانستی ئاماری دانیشتوان لێکدانەوەیان بۆ دەکات خۆی دوردەخاتەوە لە هێڵی داواکراوی (شێوە زەنگی=

جەڕەسی)، بەڵام لەسەر ئاستی گشتیدا باروودۆخی شێوە زەنگی خۆی لەدەست نادات، هەرەمی تەمەنی کۆمەڵی ئەدەبی سیستماتیکیانە بەشێوەیەکی ئەسەفبار فراوان و تەسک دەبێتەوە و شێوەی داواکراو لەخۆ ناگرێت.




ژمارەی نووسەرانی زیندوو

وێنەی ١ ئەدەبی فرەنسا: هەرەمی تەمەنی ١٨١٠-ـ١٨٣٠

وێنەی یەکەم دوو نموونەی هەرەمی تەمەنی کۆمەڵی ئەدەبی فرەنسا نیشاندەدات، کە ماوەی نێوانیان٢٠ ساڵە. لەلای چەپی وێنەکەدا، کە باروودۆخەکە لەساڵی ١٨١٠دا دەردەخات، فەیلەسووفە گەورەکان کۆچی دواییان کردووە (ئەگەر زیندووبوونایە دەبووایە تەمەنیان لەنێوان٩٠ تا ١٠٠ساڵ بووایە)، بەڵام سەبارەت بە ٧٠ تا ٨٠ ساڵییەکان، ئەوا ڕاپەڕینەکە وابەستەیە بە وەچەی بۆمارشێ و بێرنانددن دوسێن پێیر، کە قەشە دولێل) یەکێکە لە دوایەمین بەتەمەنەکانی

وەچەکە. لەدوای ئەم وەچەیە و دەساڵ دواتر، وەچەیەکی بەهێز پەیدا دەبێت، کە دوو دەیە دادەپۆشێت بەشێوەیەکی گشتی لە (ڕیڤارۆڵ)ی (٥٧ساڵە) تا مەدام دی ستایل (٤٤ساڵە) و شاتۆبریان (٤٢ساڵە)دەگرێتەوە. ئەم وەچەیە وابەستەیە بە سەردەمی دامەزراوەیی (کۆنڤانسیۆن) و ناپلیۆن، واتە وەچەیەک،کە گیۆتین (مەقسەلە)بێبەزەییانە کەوتە گیانی و خوێنی ئەو وەچەیەی ڕشت، جێگەی بەتاڵی کوژراو بە دانانی خاڵ نیشاندراوە، بەڵام نووسەرانی ئەم وەچەیە، کە ژمارەیەکی زۆریان گەیشتوونەتە تەمەنی پێگەیشتوویی و کامڵی (واتە نەپیر و نە گەنجن، بەڵکو لەم نێوانەدان)هێشتاش دەسەڵاتیان بەسەر دونیای ئەدەبەوە هەیە، وەچەیەک، کە بێوەستان لەدواتر دێت، وەک بڵێی لەژێر سێبەری وەچەی پێشوو ژیان بەسەر دەبات و وەکو وەچەیەکی سیس بوو دێتەبەرچاو. نووسەرانی بەناوبانگ لەم وەچەیەدا بە دەگمەن دەبینرێن و بە مەودا و ماوەگەلێکی زۆر دەردەکەون: نۆدیە (٣٠ساڵە)، برانژێ (٣٠ساڵە)، لامونیە (٢٨ساڵە)، ستاندال (٢٧ساڵە). لە ساڵی ١٨٣٠دا بارودۆخەکە بەتەواوەتی دەگۆڕێت: وەچەی گەورەی شۆڕش و ئیمپراتۆری داڕووخاوە و جێگەی بۆ بەهرە درەوشاوەکانی گەنجەکان چۆڵکردووە. لامارتین گەیشتۆتە چل ساڵی و ڤیجنی و بالزاک تازە لە تخووبی ٣٠تێپەڕیون، هۆگۆ لە سی ساڵی نزیک دەبێتەوە، مۆسێ ٢٠ ساڵەیە. ئەم نەشمونماکردنە ٥ ساڵی دیکەش بەردەوامی دەبێت تا

گـۆتییەش پێـی بخـاتە نـاو مەیـدانی بـوونەوە، لەدوای ئەوە شـانۆی ئەدەبـی،کە دووبـارە هەناسـەی هەڵمژیـوە و تێربـووە سـەرلەنوێ ڕوو لە کزی دەکات تا پەیدابوونی وەچەی فلۆبێر و بۆدلێر.

لێکـۆڵینەوەیەکی میتۆدیـانەی هەرەمە تەمەنییەکـان بە تێپەڕینـی سـەدە دورودرێژەکـان توانـای ئەوەمـان پێـدەدات بە بـوێرییەوە بڵێـین وەچەیەکی نووسەران پێش ئەوەی زۆرینەی نووسـەرانی وەچەی پێشـوو تەمەنیـان لە ٤٠ سـاڵی تێـپەڕ بکـات پێکنـایەت، هەمـوو شـتێک بەوە بەسـتراوەتەوە، کە وەک بڵێـی گەشـەکردنی وەچەیەک نایەتەکـایەوەو پەیـدانابێت، مەگەر ئەوەی لەسـەر بنەمـای تێپەڕانـدنی چوارچێـوەی هاوسـەنگی واتە کاتێـک، کە فشـاری نووسـەرانی باڵادەسـت لەسـەر گۆڕەپـانەکە ئەوەنـدە لاواز بێـت، کە جەخـت و پاڵەپەسـتۆی گەنجەکـان بیانکشێنێتە دواوە.

تێبینـی سێیەم لە تێبینـی دووەمەوە سـەرهەڵدەدات، کاتێـک ئێمە قسـە لەبـارەی وەچەی نووسـەرانەوە دەکەیـن مێـژووی واتـادار و باوەڕپێکراو مێژووی لەدایکبوونیان نییە، تەنانەت مێژووی تەمەنی بیست ساڵەشیان نییە، لەڕاستیدا مرۆڤ هـیچ کاتێـک بە نووسـەری لەدایـک نابێـت، بەڵکـو لەدواتـردا دەبێـت بە نووسـەر، ئەمەش بە دەگـمەن لە تەمەنی بیست سـاڵیدا دەستگەیشتن بە بـوونی ئەدەبـی سـەیرورەتێکی ئـاڵۆزە ، کە کـاتە دیـاریکەر و یەکلایـیکەرەوەکەی لە دەوروبەری چـل سـاڵیدایە، بەڵام لە کرۆکـدا شـیاوی گۆڕانکـارییە. لێـرەدا واباشـترە

بەدواداچوون بۆ چەند پارچەیەک لە تەمەن بکەین لەبری دیاریکردنی تەمەنێکی دەستنیشانکراو، بەم شێوەیە ڕیچاردسۆن (لەدایکبووی ١٦٨٩)،کە درەنگ هەنگاوی نایە ناو دونیای ئەدەبەوە، لەڕووی تەمەنەوە هاوچەرخی پۆپ (لەدایکبووی ١٦٨٨) بوو، بەڵام پێویستە ئەو لە ڕیزی وەچەی فیلدینگ (لەدایکبووی ١٧٠٧)دا هەژمار بکرێت. زۆربەی کات وادەبینرێن، کە وەچە گەنجەکان لەنێو خۆیاندا (پێشەوا)یەکیان هەیە،گۆتێ، نۆدیە، کارلێل هەریەکەیان ئەو ڕۆڵەیان بە پلەیەکی جیاواز گێڕاوە.

پاشان چەمکی وەچە، کە لەسەرەتادا یەکجار هەڵخەڵەتێنەر خۆی دەنوێنێت، بەهیچ کلۆجێک ڕوون نییە، ڕەنگە باشتر بێت وشەی (گروپ) بکەین بە جێگرەوەی، کە زیاتر لاستیکیتر و ئۆرگانیترە. گروپ تێکڕای نووسەرانێکە لە هەموو تەمەنێکدا (هەڵبەتە تەمەنێکی باڵادەستیش هەیە)،کە بەبوونەی هەندێک ڕووداو و واقیعیەتەوە (قەڵەم لەدەست دەگرن) و دەسپێشخەری دەکەن و شانۆی (مەبەست لە شانۆ لێرەدا مەیدانە .و)ئەدەبی داگیر دەکەن و بەشێوەیەکی ئاگایانە یاخود نائاگایانە بۆ ماوەیەک لەسەر ئەوانی دیکەی دادەدەخەن و ڕێگری لە سەرهەڵدانی بەهرە و ئامادەییە تازەکان دەکەن.

ئێستا با ئەو ڕووداوانە ببینین، کە گروپەکان دەهێنێتە سەر سەکۆ یا هاتنەناوەوەی ئەوان بۆ سەر سەکۆ فەراهەم دەکات کامانەن؟ وادێتە پێش چاو، کە ئەم واقیعیەتانە لە جۆری ڕووداوە سیاسییەکانن، کە

لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخەکان و هاتنەسەر کاری کەسە نوێکان- گۆڕانی دەسەڵاتەکان، شۆڕشەکان، جەنگەکان و هیتر هاوتا و هاوتەریبن.




وێـــنەی دووەم ئەدەبـــی فرەنســـی: دەستنیشـــانکردنی ڕێـــژەی نووسەرانی خوارتر لە ٤٠ ساڵ لە تێکڕای نووسەرانی چالاک لە ١٥٥٠- ١٩٠٠ نیشاندەدات، ئامادەکارییەک، کە بۆکێشانی تیشکەکە بەکارهێنراوە بریتییە لە مامناوەندی سالانە و ٥ساڵ بە ٥ساڵ، خاڵەکانی دەرەوەی هێڵەکەش ڕێژە دروستەکانی سالانی زۆرترین و سالانی کەمترین نیشان دەدات.

وێنەی دووەم وەک بڵێی هێڵکارییەکی بێکۆتا نیشان دەدات. ئەم هێڵکارییە ئاماژە بۆ ڕێژەی نووسەرانی سێ سەدەی ڕابردووی فرەنسا دەکات و ڕێژەی نووسەرانی ٢٠تا ٤٠ساڵە بۆ تێکڕای نووسەرانی چالاک نیشاندەدات. ئاشکرایە کە کاتێک هێڵەکە بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێ

واتای گەنج بوونەوەی کۆمەڵی ئەدەبی و کاتێکیش بەرەو خوارەوە دێت واتای وەستانیان لە نوێبوونەوە، یا پیری دەگەیەنێت، ئەم گروپە لە مەیدانەکەدا پیر دەبن بەبێ ئەوەی هەناسە تازەکان بێنە ناو مەیدانەکەوە. شکانەوەکانی ژێرەوە (دەسپێکی جوڵە )نیشان دەدات، یا بەدەربڕینێکی دیکە هاتنەناوەوەی گروپێکی نوێ ڕادەگەیەنێت، کە هەموویان لە قۆناغی ئارامی ڕوودەدەن (کۆتایی جەنگە ئاینییەکان لە ١٥٩٨، کۆتایی جولانەوەی فرۆند[٤٢] لە ساڵی ١٦٥٢) یا بە کۆتاییهاتنی دەسەڵاتدارەکان پێدەنێنە ناو مەیدانەکەوە (لویسی چواردەیەم، لویسی پازدەیەم، ناپلیۆنی یەکەم، ناپلیۆنی دووەم). شکانەوەکانی سەرەوە (چەقبەستوویی)نیشان دەدەن، کە هەموویان هاوتەریب بوون لەگەڵ توندوتیژیە سیاسییەکان:توندوتیژییەکانی ڕیشیللۆ کە دامەزراندنی ئەکادیمیا ئاماژەیەکی بەرچاوی ئەو بووە، توندوتیژییەکانی لویسی چواردەیەم، توندوتیژییەکانی لویسی پازدەیەم، توندوتیژییەکانی حکومەتی شۆڕشگێری لەگەڵ ئەکادیمیستە نوێکان لە ئیمپڕاتۆڕی یەکەمدا، کە دووچاری زیان و دژوارییەکی زۆری کردن، توندوتیژییەکانی گیزۆ لەدوای ڕووداوەکانی سێپتێمبەر، تەنانەت دەتوانرێت ئیستۆپێک، کە لەگەڵ بارودۆخی (یاسا ئەخلاقییەکان)- دوای ڕووخانی ئیمپڕاتۆریەتی دووەم- بەرامبەر بە نەشونماکردنی کۆمەڵی نووسەرە گەنجەکان کراوە بە ڕوون و ئاشکرا ببینرێت.

---

[٤٢]. LA Fronde شەڕێکە کە لە فەڕەنسا لەسەردەمی منداڵی لویسی چواردەیەم لەنێوان لایەنگرانی دەربار و لایەنگرانی پەڕلەمان لە ١٦٤٨ تا ١٦٥٣ ڕوویداوە.و.فارسی.

دەڤید .ت.پۆتینگەر لە کتێبی THE FRENCH BOOK TRADE IN THE Ancient regime(Harvard, 1958) چەند ژمارەیەک دێنێتەوە ، کە هەژمارکردنی (هێلکاری توانای بەرهەمهێنان)ی نووسەرانی فرەنسی لە ساڵی ١٥٥٠ تا ١٨٠٠دا فەراهەم دەکات، ئەم هێلکارییە بە مەودای ٢٠ساڵ هاوتایی و هاوتەرییبیەکی تەواوی لەگەڵ هێلکاری (تەمەنی)دا هەیە[٤٣].

هەمان ئەم شێوازە ئەگەر لەبارەی ئەدەبی ئینگلیزییەوە بەکاربهێرێت دەرئەنجامێکی هاوشێوە دەدات بەدەستەوەو دوو قۆناغی گەورە (پیری کۆمەڵ) زیاتر دەردەکەون: یەکێکیان سەردەمی شاژنە ئەلیزابێتی یەکەم لە ساڵی١٥٨٨دا (گەلە کەشتی نەبەز ) تا ساڵی ١٦٢٥ (مردنی جاکی یەکەم) و دووەمیان سەردەمی شاژنە ڤیکتۆریایە لە ساڵی ١٨٣٧-١٨٧٧.

ڕەنگە ئەوە جێگەی داخ بێت، کە لەم هێلکاریانەدا هیچ هێلێکی ڕێک، یا هیچ کاتبەندییەکی وەها، کە مایەی پێوان و ئەندازەگرتن بێت بەدەست ناهێنرێت، چەندە پەسەندتر بوو گەر بمانبینیبا،کە دیاردە ئەدەبییەکان لەسەر بنەمای هێلێکی ماتماتیکی و ماکینەیی ڕێکدەخرێن، بەڵام ئایا جوانتر و دڵڕفێنتر نەدەبوو،کە بە ڕوانین لە هاوپەیوەندی و وابەستەییە قووڵەکانیان لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەین و ماهیەتی ئەم هاوپەیوەندییە درک بکەین؟

---

٤٣. لەبارەی (هۆکاری تەمەن لە بەرهەمهێنانی ئەدەبی)دا، کە لە پێشەوە باسی لێوەکرا بگەڕێوە بۆ ئەو وتارەی ئێمە لە Bulletin des bibilitheques

# پاری دووەم :
# نووسەر لە کۆمەڵدا

## ١.ڕەگ و ڕەچەڵەک

بـۆ دەستنیشـانکردنی جێگـای نووسـەر لە کۆمەڵـدا وەک بڵێـی یەکەمین هەنگاوی پێویست بـریتییە لە بەدەسـتهێنانی زانیـاری لەبـارەی ڕەگ و ڕەچەڵەک و شـوێنی ژیـانی نووسـەر. زۆربەی ژیاننامەنووسـەکان لەبـارەی ڕەچەڵەک و شـوێنی ژیـانی نووسـەران ئەم کـارە دەکەن، بەڵام لەبـــارەی تایبەتمەنـــدییە کۆمەڵییەکان (دەســـتەجەمعییەکان)یان زانیارییەکـان یەکجـار کەمتـرن. لێـرەدا پێویسـتە بەچـاکی ئـاوڕ لە دەروونناسی ئینگلیزی (هێنری هاڤلوک ئیلیس)بدرێتەوە و باسی بکرێـت، کە لەم زەمینەیەدا پێشڕەو بوو، ئەو لە کۆتاییەکـانی سـەدەی ڕابـردوودا شێوازێکی ئاماری لەبارەی ئەوەی، کە خۆی ناوی ناوە بە (شـیکردنەوەی بلیمەتی)[٤٤] بەکارهێنا.

---

[44] .H.Havelock Ellis, A study of britsh genius, londres, 1904.
دەربارەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بگەڕێوە بۆ:
H.Peyre, les generations litteraires, pp.80-81

لەبەدواداچوونەکـانی هاڤلۆکـدا دەتوانرێـت دوو گرینگـی ببینـرێن: یەکەمیـان بـنەڕەت و ڕەچەڵەکـی جوگرافیـایی و ئەوەیتریـان ڕەگ و ڕەچەڵەکی (کۆمەڵایەتی- پیشەیی)یە.

چەند ساڵێکە جوگرافیـای ئەدەبی بووەتە بابەتێکی باو[45]، ڕەنگە واچاکتر بێت چاوەڕوانیی و پێشبینییەکی زۆرمان لەم بابەتەدا نەبێت، چـونکە لە جوگرافیـاوە زۆر زوو بەرەو نـاوچەگەری و لەنـاوچەگەریش بەرەو ڕەگەزپەرستی هەڵدەخلیسکێین، لەم زەمینـەیەدا ئـێمە تەنیا بە سـوود وەرگـرتن لە زانیارییـە سـەرەتاییەکان دەربـارەی شـوێنی لەدایکبـوونی نووسـەرمان پەسـەند کـردووە و ئەمەش بەسـە بـۆ ئەوەی دەستمان بگـات بە چەنـد دیـاردەیەک، کە دەبێـت لەدواتـردا ڕوونیـان بکەینەوە.

ئەم کارە بەشێوەیەکی تایبەت توانای ئەوەمان پێدەدات تا لەبارەی فرەنسا لێکـۆڵینەوە لەبـارەی بـابەتێکی یەکجـار سـەرنجڕاکێش، ئەویش کێشـەی بەراودکـردنە لەنێـوان پـاریس و تەواوی شـارەکانی دیـکەیەدا بکەین، لێرەدا توانـای کێشـانی هێڵکارییەکـانی ئەم بەراوردەمـان نیـیە. ئەوە بەسـە بڵێـین، کە ٣١٪ نووسـەران لەو ٩٣٧ نووسـەرەی،کە لەسنووری لێکۆڵینەوەکەماندان لەپاریس لەدایکبوون، ڕێژەی نووسـەرانی پـاریس بەرامبەر تێکڕای نووسـەرانی چالاک لەنێـوان سـاڵانی ١٥٣٠تـا ١٧٢٠دا بەشـێوەیەکی بەرچـاو بەرز بـووە و بەرزتـرین خـاڵی

---

[45] .Voir A. Dupoury,geographie des lettres francaises,paris, 1942, et A. Ferre, geograpie litteraire, paris, 1946.

هێلكارییەكە (تیشـكەكە)،كە ٥٠, ٢ (%)ە وابەسـتەیە بەسـاڵانی نێـوان ١٦٦٥و ١٦٦٩. سـەدەی هەژدەیەم بەپـێچەوانەوە وابەسـتەیە بـە شـارەكانی دیـكەوە، بەتـایبەت لەنێـوان سـاڵانی ١٧٤٠ و ١٧٤٤دا (بە ڕێـژەی ٢ ,٢٨%ی نووسـەرانی پاریسـی) و لەنێـوان سـاڵانی ١٧٨٠ و ١٧٨٤دا (بەڕێـژەی ٢٨ ,١%ی نووسـەرانی پاریسـی). لەسـەدەی نۆزدەیەمدا دیاردی (دابەشبوونی نیشتیمانی)،كە لەو نزیكانە بەزوویـی لێیـدەكۆڵینەوە خـاوەنی ڕێژەیەكـی نـزیكەی %٣١ە لەگەڵ لـوتكەیەكی پاریسی كورت،كە لەنێوان ساڵانی ١٨٦٠ و ١٨٦٣ دا دەگـاتە ٩ ,٣٥%. ئەم ژمـارە پەرش و بـڵاوانە پاڵپشـتی چەنـد بیـرۆكەیەكن، كە هاوكـاری ئێمە (پییر بـارییر) زۆر جـار لەبـارەی نۆرە (التنـاوب)ی نێـوان پـاریس و شارەكانی دیكە جەختی لەسەر دەكاتەوە.

وێـنەی ژمـارە (٣) دابەشـبوونی چڕیـی لەدایكبـوونی نووسـەران بەدرێژایی شەش قۆنـاغ نیشـاندەدات، لەم وێـنەیەدا ئەوە دەبینرێت، كە بۆ قۆناغی١٤٩٠/ ١٥٨٠ (لە ڕابیللێ تـا مـاتۆرن رینـێ) ئەو ناوچـانەی،كە لەژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی شاهانەن واتە نۆرمانـدی و شـامپانی، دۆڵـی لا لـۆیر، یـونی و سـانت ڤینس، پریگـۆرد خـاوەنی زۆرتـرین ژمـارەی لەدایكبـوونی نووسـەرانن. قۆنـاغی ١٥٨٠-/١٦٥٠ (لە ڕاكـان تـا لابرۆویێـر)لەپێش هەرشـتێك وابەسـتەیە بە پـاریس و ڕۆیـان (نابێـت كۆڕنێمـان بیرچێـت). قۆنـاغی سـێیەم ١٦٥٠/-١٧٢٠ (لە فینلـۆن تـا دالامپێـر)بەپێچەوانەوە وابەسـتەیە بە شـارەكان. خەسـڵەتنومای ئەم

قۆناغە لەسەرەتادا هاتنەناوەوەی بریتانی و باشوری (بەشی زمانی ئۆک) و پاشان چەند ناوچەیەکی دیکەی شارەکانە بۆ ناو مەیدانەکە، شایەنی باسە شارەکانی تۆر، گرۆنۆبڵ و بەتایبەتیش دیژۆن بە چالاکییەکی فێرکاری فراوانەوە چووە سەر شاری ڕوان.لەنێوان ساڵانی ١٧٢٠ و ١٧٩٠ (لە مارمۆنتێل تا لامارتین) لەدایکبوونەکان لە شارەکاندا دووبارە بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێت: زۆرترین ڕێژەی دانیشتوان لەدەوروبەری نشینگەکانی پەرلەمان بوون، بەڵام بە زوویی لەگەڵ شۆڕشدا ئەو ناوچانەی کە تا ئەو کات بەبێ دەنگی مابوونەوە دێنە ناو مەیدانەکەوە. قۆناغی (دابەشبوون)لەوێوە دەست پێدەکات.ئەم دابەشبوونەوە لەنێوان ساڵانی ١٧٩ و ١٨٦٠ بەتینتر دەبێت (لە سکریب تا ژۆڵ لافۆرگ): بێجگە لە چەند ناوچەیەکی یەکجار کەم، هەموو وڵات خەریکی بەرهەمێنان دەبن. چڕترین ناوچەکان وردە وردە دەگۆڕێن بۆ قەرەباڵغترین ناوچەی دانیشتوان (لەم بارەیەوە دەتوانرێت ناوی سەنتەرەکانی مارسی، بۆردۆ،لیۆن، لیل و هیتر بهێنرێت)کۆتا نەخشە کە زیاتر جێگەی گومانە، دابەشبوونێکە بۆ چل ساڵ کە ١٨٦٠ تا ١٩٠٠ (لە بارس تا ئیگزۆپری)نیشاندەدات:ناوەندێتی (سێنترالیزم)ی شارەکی توندوتۆڵتر و قایمتر دەبێت (تۆلۆز،نیس،بوزانسۆن،کان دێنە ناو مەیدانەکەوە)ئیدی ڕەنگە بتوانرێت کاریگەری زانکۆکانیش ببینرێت.




ئەو نووسەرانەی کە ساڵانی ١٤٩٠-١٥٨٠ لەدایکبوون

ئەو نووسەرانەی کە ساڵانی ١٥٨٠-١٦٥٠ لەدایکبوون

ئەو نووسەرانەی کە ساڵانی ١٦٥٠-١٧٢٠ لەدایکبوون

ئەو نووسەرانەی کە ساڵانی١٧٢٠- ١٧٩٠ لەدایکبوون

ئەو نووسەرانەی کە ساڵانی١٧٩٠-١٨٦٠ لەدایکبوون

ئەو نووسەرانەی کە ساڵانی ١٨٦٠- ١٩٠٠ لە دایکبوون

وێنەی ژمارە سێ وابەستە دەبێت بە ڕێژەی لەسەدای تەواوی ئەو نووسەرانەی کە لەقۆناغە نیشاندراوەکان لەدایکبوون. دابەشبوونە نیشتیمانییەکان کە لەسەر بنەمای کارەکەی ئێمە دانراون چەند پارێزگایەکن کە سنورەکانیان زۆربەی کات هەمان سنوری ویلایەتە کۆنەکانە.

ئێمە کاریگەرییە ئەگەرییەکانی ژینگەکان و سیستەمەکان وەکو دەسەڵاتدارەکان، ئەکادیمیاکان، ئەنجومەنەکان، سەنتەرەکانی شار و زانکۆکان بۆ سەر پیشە ئەدەبییەکان زۆر بەهەند وەردەگرین و بەوریاییەکی زۆرەوە سەیریان دەکەین. لە لە چەند بەدواداچوونێک کە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دیاردانە ئەنجام دەدرێت پێویستە بە تەواو وریاییەوە کاری لەسەر بکرێت و پێش ئەوەی ئەو دەرەنجامانەی ،کە مایەی سوودبەخشینن لە خوێندنەوەی دیاردە ئەدەبییەکانی پێشوو وەربگیرێن پێویستە کاری لێکۆڵینەوە و ڕەخنە یەکجار فراوان بکرێت بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی جێگۆڕکێ کردنەکان و بنەچە و ڕەچەڵەکە بەڕێکەوتییەکان. (تەسادوفیەکان).

بەدەستهێنان و دەستگەیشتن بە ئامار لەبارەی ڕیشە (کۆمەڵایەتی-پیشەیی)ەکان کە تا ئەمڕۆ بەشێوەیەکی تەواو و هیوابەخش ئامادەنەکراوە کارێکی دژوارە، بەڵام زۆریش گرنگە. دوو هەڵسەنگاندنی خێرا لەبارەی چەند نووسەرێکی فرەنسی و ئینگلیزی وابەستە بە سەدەی نۆزدەیەم ئەوەی کە دەتوانرێت لەم جۆرە بەدواداچوونانەدا چاوەڕوان بکرێت بەدەستەوە دەدات.

| | ئینگلتەرا | | فەرەنسا | |
|---|---|---|---|---|
| چینەکان | باوان (الوالدين) % | نووسەران % | باوان (الوالدين) % | نووسەران % |
| ئەرستۆکراتی بێکار | ١٨ | ٢ | ٨ | ٠ |
| ئاییني (پیاوانی کڵێسا) | ١٤ | ٤ | – | ٤ |
| سوپا، هێزی دەریایی | ٤ | ٢ | ٢٤ | ٤ |
| کارە ئازادەکان، زانکۆکان | ١٤ | ١٢ | ١٦ | ٨ |
| پیشەسازییەکان، بازرگانی، بانکەکان | ١٢ | ٢ | ٢٠ | ٠ |
| دیپلۆماسی، کارمەنداتی پلەباڵا | ١٠ | ٨ | ٤ | ١٦ |
| بەڕێوبەرایەتییە بچووکەکان، فەرمانبەران | ٨ | ١٠ | ٨ | ٨ |
| ئەدەب و هونەرەکان | ٨ | ٤٤ | ٨ | ٥٢ |
| سیاسەت | ٢ | ٤ | ٤ | ٨ |
| تەکنیکی | ٢ | ٢ | ٠ | ٠ |
| کرێکاران و جوتیاران | ٨ | ٠ | ٨ | ٠ |

بـــۆ هەر وڵاتێـــک یەکەمـــین ســـتون ژینگەگەلێکـــی گونجـــاو بـــۆ پەروەردەکردنـــی نووســـەران نیشـــان دەدات، لەبـــارەی ئینگلـــتەرا تەواوی چوارچێـــوەیەک کە لە ئەرســـتۆکراتیەت تـــا تـــوێژی ســـەرەوەی چینـــی مامناوەندی بازرگانی دەگرێتەوە ژینگەیەکی گونجاو پێکدەهێنێت، بەڵام بێ گومـان پیـاوانی ئـایینی ئاینزای پرۆستانت بەوردبوونەوە لە ژمـارە زۆرەکەیان لەناو وڵاتدا کە دەگاتە ڕێژەی ١٥٪ بە ژینگەیەکی چاک بۆ گەشەکردنی نووســەران هەژمـار دەکرێـت، لە ڕاسـتیدا لەنێـو نووسـەرانی ئینگلیزی سەدەی نۆزدەیەمدا کـوڕە قەشـەی زۆر دەبینرێـت. لە فرەنسـا وەک ڕۆژ ڕوونـــــاکە،کە پیـــــاوانی ئـــــایینی کاســـــۆلیکی نـــــاتوانن جیاوگ (ئیمتیـازاتێکی) لەم چەشـنە داوا بـکەن و ئەم جیـاوگە دراوە بە سووپا: کوڕی ئەفسەر (بەگشتی لە سوپای ناپلیۆنی)لە بەرامـبەر کـوڕی قەشە لەنگەری گرتووە، جـگە لە سـوپا لەبەرئەوەی خانەدانەکـان لەگەڵ شۆڕش تاڕاددەیەک بەرەو نابووتی چوون بۆیە فرنساشدا وەکو ئینگلتەرا توێژی سەرەوەی بۆرژوازی بازرگانی یا کارە ئازادەکان گەورەترین بەشی نووسەران پێدەگەیەنن.

ســتونی دووەم چەنـد زانیارییەکمـان لە جـۆرێکی دیـکە پێـدەدات: لەڕاستیدا ئەم ستونە پۆلێنبەندی توێژی خودی نووسەران نیشـاندەدات، تێدا ئەوە دەبینرێت، کە تاڕاددەیەک لە هەردوو وڵاتدا نیوەی نووسەران (٥٤٪ئینگلـتەرا و٥٢٪ فرەنسـا) پەیوەنـدییان بە چینـی (ئەدیـب و هونەرمەندان)ەوە هەیە بەو واتایەی کە نووسەران لەڕووی کـۆمەڵایەتی و

**پیشەیی لەسەر بەری ڕەنجی دەستی خۆیان ژیان دەگوزەرێنن. ئەم کەسانە (ئەهلی ئەدەب)ن، تەنیا نزیکەی٨%یان لە ژینگە ئەدەبییەکانەوە هەڵقولاون، لەڕوێکی دیکەوە ٣٢%ی نووسەرانی هەردوو وڵاتەکە یا کاری ئازادیان هەیە (کە زۆربەیان کاری زانکۆیین)یا لە زومرەی فەرمانبەرانی پلەباڵا و پلەنزم هەژمار دەکرێت: ڕێژەکان لەبارەی باوانیشەوە هاوشێوەیە (٣٢% ئینگلتەرا، ٢٨%فرەنسا) و ئەم بابەتە دەچەسپێنن، کە ئەم توێژانە بەپێچەوانەی تەواوی چینەکان لەگەڵ چالاکی ئەدەبی سازگار و گونجاون.**

**دەتوانرێت لەڕێگەی ئەم ژمارانەی سەرەوەدا ئەو ئەو ئەنجامە بەدەست بهێنرێت،کە ئەوەی ئێمە ناوی لێدەدنێن (ژینگەی ئەدەبی) لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی دیکە لە مەودایەکی مامناوەندی زنجیرەی پایەیی کۆمەڵایەتی (سلسله مراتب اجتماعی)چڕبۆتەوە[٤٦].**

**دیاردەی ژینگەی ئەدەبی تایبەتمەندی جیاکەرەوەی سەدەی نۆزدە و بیستەمە، ئەم دیاردە هەموکات بوونی نەبووە[٤٧]، لەبەر ئەم هۆیە**

---

[٤٦]. ئێمە ژمارەکانی خۆمان لەگەڵ ئامارێک بەراورد دەکەین، کە گۆڤاری ئێکسپرێس لە ٢٧ی نۆڤێمبەری ١٩٥٤دا لەبارەی ١٢٨ ڕۆمانی بڵاوکراوە لەهەمان ساڵدا بڵاویکردەوە: ٤١% خاوەن قەڵەم، ١٦% مامۆستا، ١٠% پارێزەر، ٧% فەرمانبەر، ٥% ئەندازیار و ٢% پزیشک. پێویستە ژمارەیەک (کاری جۆراوجۆر)یش بۆ ئەم ژمارانە زیاد بکرێت، کە لە نێوانیاندا ٤% بازرگان هەیە. ئەم ژمارانە هاوشێوەی ژمارەکانی ئێمەن و بەچاکی ئەوە نیشاندەدەن، کە ئەگەر گۆرانکارییەکیش بوونی هەبووبێت ئەوا بەقازانجی ڕێژەی کارە ئازاد و بەتایبەتیش کارە زانکۆییەکان بووە.

[٤٧]. دەیڤید. ت. پۆتینگەر لە کتێبەکەی خۆیدا the French book trade in the ancient regime چەند ژمارەیەک بەدەستەوە دەدات، کە توانای کێشانی خشتەیەک لە ژینگەی خێزانی نووسەرانی فرەنسی سەدەکانی ١٦ و ١٧ و ١٨ فەراهەم دەکات. لەم خشتەیەدا کەمبوونەوەی

ئێستا پێویستە ڕەوتی گۆڕانکاری پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان نوسەر و کۆمەڵ، واتە پیشەی نووسەریی بخەینە بەر باس.

**٢. مەسەلەی دەستەبەری خەرجی ژیان:**

بۆ ئەوەی ماهیەتی پیشەی نووسەریی درک بکەین پێویستە ئەوە بزانن،کە نووسەر- تەنانەت دەگمەنترین و کاریگەرترینی ناو شاعیران- هەموو ڕۆژێک خواردن دەخۆن و دەخەون، لەبەرئەوە هەر دیاردەیەکی ئەدەبی مەسەلەی دەستبەری خەرجی (بێ بەرامبەر)ی نووسەر بەسیفەتی ئەوەی،کە مرۆڤە دێنێتەئاراوە، جیا لە دەستەبەری خەرجی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی، کە لەجێگایەکی دیکەدا لێیدەکۆڵینەوە.

ئەم مەسەلەیە یەکجار کۆنە و بە ئەندازەی دونیا تەمەنی هەیە: پەندێکە،کە دەڵێت ئەدەب سکی نووسەر تێر ناکات. لەڕوویێکی دیکەوە ئەو شتە پێچەوانەی عەقڵی بێگەردە،کە نکۆڵی لە کاریگەری بەها ماددیەکان لەسەر بەرهەمهێنانی ئەدەبیدا بکەین. ئەدەبی نانهێنەر هەمیشە خراپترین جۆری ئەدەب نییە. پێویستبوونی پارە (سێرڤانتس)ی ناچارکرد،کە ڕۆمان بنووسێ و دۆنکیشتۆتی خوڵقاند، هەر ئەو مەبەستەش بوو،کە (واڵتەر سکۆت)ی شاعیری گۆڕی و کردی بە ڕۆماننووس. لەبارەی هەژاری ئەدەبی،کە یەخەی شانۆی ئینگلیزی لە

---

(ژینگەی ئەدەبی)شتێکی هەستپێکراوە. خانەدانی سوپایی٢٨%، پیاوانی ئایینی٦%، چینی سێیەم٦٦%، خانەدانی پاشایی و دەرباری٣١%،چینی بۆرژوازی سەرەوە٢٠/٥% ، بۆرژوازی ناوەند٤/٥% و پیشەسازیکاران و جوتیاران١٠%.

بەشی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا گرت دەتوانرێت بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەمە بە دەرەنجامی کەمی و نزمی مافەکانی نووسەر دابنرێت[٤٨]، واتە کەمی پارێزگاری کردن لە مافەکانی نووسەران.

چەند ساڵێک پێش ئێستا لە کۆمەڵەیەک کە بەداخەوە سەرکەوتنەکانی بەئەندازەی شایستەکانی نەبوو لەبارەی ژمارەیەکی زۆری نووسەرانی گەورە ئەو پرسیارەی خوارەوە خرابوویەڕوو: ( ئەم نووسەرانە لە چ ڕێگایەکەوە بژێوییان دابین دەکەن؟) لەو وەڵامانەی کە بۆ ئەم پرسیارە دراونەتەوە چەند زانیارییەکی یەکجار سەرنجڕاکێش بەدەست هاتووە[٤٩].ئەم بەدواداچوونەوە پێویستە سەرلەنوێ پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و بەشێوەیەکی ڕێک بەردەوام بێت.

لەڕاستیدا تەنیا دوو جۆر ئامرازی بژێوی بۆ نووسەر هەیە: بەدەستهێنانی دەستەبەری ناوەکی لەڕێگەی مافەکانی نووسەر، کە لەشوێنێکی دیکەدا قسەی لەبارەوە دەکەین، هەروەها بەدەستهێنانی دەستەبەری دەرەکی، ئەم جۆرە دەرامەتە لە دوو ڕێگاوە بەدەست دەهێنرێت: چاودێریکردن و پارێزگاریکردنە ئەدەبییەکان و دەستەبەری

[٤٨]. چارەنووسی شانۆنامەنووسانی ئینگلیزی تا دەرچوونی یاسای مافی دانەر(کۆپی ڕایت) لە ساڵی ١٨٤٢دا بەشێوەیەکی کردارەکی لەبەردەستی بەڕێوەبەری شانۆکان و گروپە شاۆییەکاندا بوو، لەم بارەوە دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ گفتوگۆیەک، کە لە نێوان ( والتەر سکۆت و بایرۆن)دا ئەنجامدراوە لە کتێبی lord Byron , un temperament literature بەرهەمی ڕۆبێر ئیسکارپێت، پاریس، ١٩٥٧، بەرگی ٢، لاپەڕەکانی ١٥٤-١٥٥دا هاتووە.

[٤٩].ئەم کۆمەڵەیە، کە بڵاوکەرەوەی دی-ڕیف(deux- rives ) بڵاویکردەوە بە تایبەت لەبارەی بەلزاک نووسینی. ڕبۆیڤە و ا.میناڵ، و ڤێرلن نووسینی ژ. ڕۆسلۆ، مۆلێر نووسینی ژ.ل. لوازلێ و ڤۆلتێر نووسینی ژ.د. ڤیز بوو.

خوددی. (واتە خۆی گرەنتی خۆی بکات لەڕێگەی ئەو دەرامەتەی کە هەیەتی .و.کوردی)

لە پارێزگاریکردنی ئەدەبیدا کەسێک یا ڕێکخراوێک گرەنتی خەرجی ژیانی نووسەر دەکات، بەڵام لەبەرامبەر ئەم پارێزگاریکردنەدا چاوەڕوانە تا نووسەر ئارەزووە کلتورییەکانی تێر بکات. پێوەندییەکانی نێوان کرِیار و خاوەن کارەکە لێرەدا دوور نییە لە پێوەندییەکانی نێوان ئاغا و کرمانج (ڕەنجدەر). پارێزگاریکردنی ئەدەبی هەروەکو سیستمی دەرەبەگایەتی لەسەر شێوەی بنیاتێکی کۆمەڵایەتی دەمێنێتەوە،کە لەسەر بنەمای بەشە سەربەخۆکان (خۆبەڕێوەبەرییەکان) دامەزرابێت، نەبوونی ژینگەیەکی ئەدەبی هاوبەش (خاڵیبوونی کلتوری، یا غیابی چینە مامناوەندییەکان)، نەبوونی سیستمێکی سودگەرایانە، چڕبوونەوەی سامان لەدەست ژمارەیەکی دیاریکراو، پەروەردەی فیکریی خانەدانەکان) بەناچاری درێژدەبێتەوە بۆ پەیدابوونی سیستمگەلێکی داخراو، کە نووسەر تێیدا وەکو سەنعەتکارێکی چاک هەژمار دەکرێت کە ناچاری دەکات بەرهەمهێنانی خۆی وەکو کاڵایەکی بازرگانی بەرامبەر بە هاوکاریکردنی ماددی خۆی ئاڵوگۆڕ بکات.

بنیاتی خێزانی دەوڵەمەندی ڕۆمانی لەسەردەمی ئیمپراتۆریدا بێگومان گونجاوترین بنیاتی کۆمەڵایەتی بوو بۆ پەیدابوونی سیستمی پارێزگاریکردنی ئەدەبی (mecenat)،جکە ناوی خۆیشی لە کەسایەتی بەناوبانگ (میسین)ی هاوڕێی ئۆگۆست و پارێزەری هۆراس بەقەرز

وەرگرتووە، بەڵام سیستمی پارێزگاریکردنی ئەدەبی بەشێوەیەکی تایبەت لە کۆشکی فەرمانڕەوا و پاشاکاندا تەنانەت لە دەرباری پاپاکانیشدا سەریدەرهێنا و گەشەی کرد، تا سەردەمی دوبارەدابەشکردنەوە و دەسکاریکردنی سامانەکان و دەستگەیشتنی توێژگەلێکی زۆر بە مەیدانی فیکری و داهێنانی ئامرازە سودهێنەرەکان بۆ بڵاوکردنەوە،وەک چاپخانە سیستمەکە بەردەوامی هەبوو.

ئەم سیستمە ئێستاش بەشێوەی پارێزگاریکردنی دەوڵەتی یا لانیکەم لەسەر شێوەی پارێزگاریکردنی گشتی بەردەوامی هەیە.

پارێزگاریکردنی دەوڵەتی بەدرێژایی سەردەمەکان بریتی بووە لە بەرقەراری بڕیارگەلێکی کەم تا زۆر ڕێک و پێک، یا پێدانی چەند ئەرک و پێگەیەکی فەرمی وەک ناونیشانگەلی لەچەشنی (شاعیری کۆشکی پاشاpoet laureate) لە ئینگلتەرا و (مێژوونووسی پاشا)لە فەرەنسا، موچەگەلێک کە ژیانی چەندین نووسەری سەدەی نۆزدەیەمی فەرەنسای دەستەبەرکرد، دەتوانرێت بە جۆرێک لە پارێزگاریکردنی دەوڵەتی دابنرێت.

لەتەک سیستمی (پارێزگاریکردنی ئەدەبی)دا پێویستە قسە لەبارەی بوونی چەند سیستمگەلێکی پارێزگاریکردنی ناڕاستەوخۆ بکرێت،کە جگە لە کاریگەریی لەسەر بازاڕی ئەدەب چەند داهاتێکیش بۆ نووسەر دەهێنن، کە نووسەر ناتوانێت لەڕێگەیەکی دیکەوە بەدەستیان بهێنێت، بۆ نموونە دەشێ دەوڵەت بۆ کتێبخانە گشتییەکان و کارە

ڕیکلامییەکانی خۆی ژمارەیەکی زۆر لە کتێبێک داوابکات، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا باوترین شێواز، کە پشتی پێبەستریێت بەخشینی خەڵاتی ئەدەبییە کە بەوە جیادەکرێتەوە یەکجار ئابووریانەترە، چونکە لەگەڵ ئەوەی بەهای خەڵاتەکە دەستنیشانکراوە بەهەمان شێوە دەبێتە هۆی زیاتر فرۆشتنی کتێبەکەشی، بەوەش داهاتەکەشی زیاد دەبێت،هەندێک لە خەڵاتەکان وەکو خەڵاتی ئەدەبی نۆبڵ بڕە پارەیەکی زۆر بە دیاری بە نووسەران دەدات.

ڕەخنەگرتن لە سیستمی (پارێزگاریکردنی ئەدەبی) کارێکی سەختە سەرزەنشتکردنی ئەم سیستمە لەسەر شێوە نەریتییەکەی یا لەسەر شێوەی ئەمڕۆیدا، واتە پێدانی خەڵاتەکان دوڕوییەکی گاڵتەجاڕانە دەردەخات. (پارێزگاریکردنی ئەدەبی) سەرباری ئەو چاکەیەی، کە هاتنە ناوەوەی نووسەری بۆ ناو بازنەیەکی ئابووری فەراهەم کرد،کە پێشتر شوێن و پێگەیەکی لەناو ئەو بازنەیەدا نەبوو، بۆیە توانای مانەوە و بەرهەمهێنان بۆ نووسەر هێنایەکایەوە، چاکەیەکی دیکەشی هەبوو ئەویش ئەوەیە،کە کاریگەرییەکی زۆربەی کات خوازراوی بەسەر چلۆنایەتی ئەدەبدا جێهێشت: ئەگەر پارێزگارگاریکردنەکانی لویسی چواردەیەم تا ئەندازەیەک هاوکاری سەربەخۆبوونی (مۆلییێر)ی لە جەماوەرە قازانج ویستەکەی نەدەکرد، ئەوا ئێمە زیاتر بەرهەمگەلێکی وەک (شازادە ئەلید)مان هەیە تا دۆن ژوان.

نووسەری میسری (تەها حوسەین) مانای ئابووری ڕاستەقینەی ئەم مەسەلەیەی ڕوونکردۆتەوە:

لێرەدا مامەڵەیەکی درۆزنانە پەیدادەبێت: پارێزگاریکەر زێڕ یا پارەیەک دەدات، کە ئەهلی ئەدەب بەشێوەیەکی تەدریجی ئەوەی وەریدەگرێت خەرجی دەکات، لەبەرامبەردا ئەهلی ئەدەب هونەر یا فیکری خۆی دەدات، کە بەهیچ شێوەیەک مایەی خەرج کردن نییە[50].

بە دەربڕینێکی دیکە، پارێزگاریکردنی ئەدەبی سەرەڕای ئەو خزمەتەی کە دەیکات، بەڵام لەگەڵ پابەندبوونە ڕەوشتییەکانی کۆمەڵی ئێمەدا هاوتایی و هاوگونجاوی نییە و ناتوانرێت بە دامەزراوە یا دەزگایەکی تەندروست هەژمار بکرێت. تەها حوسەین لەبەرامبەردا (کاری دووەم) بە کەم زیانترین ڕێگەچارە دەزانێت، کە ئەمەش شتێکی یەکجار کۆنە.

ئەرستۆی پەروەردەکاری ئەسکەندەر، پلەین (plaine)ی گەنج فەرمانبەری پلەباڵای ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی، (بیکۆن)ی پیاوی دەوڵەت لە حکومەتی ئینگلتەرا، (شاتۆبریان)ی باڵوێزی فەرەنسە و دواتریش وەزیر، (مالارمێ)ی مامۆستا، (ژیرۆدۆ)دیپلۆماتکار بوو، چ ژمارەیەکی زۆری نووسەران،کە پیاوانی ئایینی یا دادوەر و پزیشک بوون[51]!.

---

50 TAHA.Husseien,L ecrivain dans la societe modern, communication a la conference international des artistes, venise, 1952, pubile dans l artiste dans la societe contempporaine . U,N.E.C.O, 1954, PP.72-87.

51 .Ibid.

لەڕاستیدا پیشەی دووەم ڕێگەچارەیەکە بۆ سەربەخۆیی دارایی. کاتێک خەرجی ژیان لەڕێگەی سامانی تاکەکەسییەوە دەستەبەر دەکرێت، تەنانەت دەتوانرێت قسە لەبارەی (خۆپارێزی)بکرێت و ئەمە شتێکە،کە زیاتر لەوەی پێشەوە دەبێتە شتێگی نایاب و دەگمەن: (بایرۆن) یەکێک لە کۆتا نووسەران بوو، کە دەیویست نەجیبزادەیەک بێت، کە لەسەر خەرجی خۆی دەنوسێت و لەکۆتاییدا نەیتوانی بەردەوامی بە کارەکە بدات، بەڵام ژمارەی ئەو هونەرمەندانەی،کە شاعیر پیشە بوون و لەسەر میراتێک، کە لەباوانیانەوە بۆیان جێمابوو، دەژیان چەند بوو! (لێرەشدا بەهەمان شێوە نووسەر بەشێوەی توانج قسە دەکات.و.کوردی) ڤێرلین یەکێک لەدیارترینی ئەوانە بوو[٥٢].

هەمدیسان سەربەخۆیی دارایی (دەستەبەری خوودی) بەرهەمی ئەو تێکەڵبوونە سەیرە بوو بە چالاکییەکانی پارەپەیداکردن، کە مۆڵەتی بە (ڤۆڵتێر)دا بژییێت و دەوڵەمەند بێت. لەنێو ئەم چالاکییانەدا هەموو جۆرە داهاتێک هەیە، لە بەردەوامی پارێزگاریکردنی ئەدەبییەوە بگرە تا داهاتەکانی بڵاوکردنەوە، مافەکانی نووسەر و بەتایبەت پارەگۆڕینەوەی

---

لێرەدا نووسەر بەواتایەکی هەزەلیانە بیرۆکەکەی دەردەبڕێت وەکو توانجێک، چونکە وەک دەزانین ژمارەی ئەو نووسەرانەی، کە لەگەڵ دەوڵەتدا بوون یا کاربەدەستێکی باڵابوون یەجگار کەمە. (و.کوردی)

[52] . Vor de roivivait Verlaine? De.j. rousselot

زیرەکانە، تێگەیشتوویی بازرگانیانە لە پیشەی دروستکردنی کاتژمێر و زیرەکی خاوەن موڵکی ڕەزیل[٥٣].

ئەوەندە بەسە بگەڕێینەوە بۆ ئەو ئامارەی، کە لەسەرەوە هێنامان و ئەو پێڕستەی،کە (تەها حوسەین) داویەتی تا لەوە تێبگەین، کە ئیشی دووەم خاسیەتی کۆمەڵە کەسێکی تەواو دەستنیشانکراوە: ئەوانەی کە کاری ئازادیان هەیە، یا کەسانی کارگێڕین. لەڕاستیدا ئەم جۆرە ئیشە زیاتر ئیشی یەکەمیانە تا ئیشی دووەم، بەڵام کارێکە کە لەڕوویێکەوە دەستبەتاڵییەک جێدەهێڵێت و لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ مەرجە ماددی و مەعنەوییە خواستراوەکانی داهێنانی ئەدەبیدا دژایەتییەکی ئەوتۆی نییە. یەکەمین و ڕەنگە توندرین ڕەخنە لە ئیشی دووەم بگیردرێت ئەوەیە، کە پیشەی نووسەریی تەنیا بە توێژێکی کۆمەڵایەتی- پیشەیی تایبەتەوە گرێدەدات، واتە لەم توێژەدا کورتی دەکاتەوە و ئابڵوقەی دەدات.

بەبێ هۆ نییە، کە ناوی (ئەدەبی مامۆستایان)یان لە ئەدەبی ئێستای فەرەنسا ناوە. دەرەنجامەکانی ئەم کارە لەسەر چلۆنایەتی بەرهەمهێنانی ئەدەبی شتێکی زۆر ترسناک نییە. بانگەشەی بەدەستهێنانی ڕیتمێکی فێرکاریانە بەوجۆرەی،کە (تەها حوسەین) بە توندی جەختی لەسەر دەکاتەوە لە بەرهەمەکانی مامۆستایەک یا پەلەپەلییەکی ناپەسەند لە بەرهەمەکانی ڕۆژنامەنووسێک بەهۆی

[53].. Vor de roivivait Verlaine? De.j. donvez

ئەوەی،کە مامۆستا یا ڕۆژنامەنووسن نیشاندەری خراپترین جۆری ڕەخنەیە،واتە ڕەخنەگرتن لەپێش ئەزموون و تاقیکردنەوەیە. لەمەش خراپتر ئەوەیە،کە پیشەی ئەدەبی لە مرۆڤێکدا کە لەڕێگەی بازووی خۆیەوە نان پەیدادەکات- بەگشتی لە چینی کرێکار یا لادێنشینی- چاوەڕوان ناکرێت، مەگەر ئەوەی بۆ ئیشکردنی لە کاری دووەمدا چینە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی بگۆڕێت، ئەمەش کارێکە زۆربەی کات نەشیاوە.

ڕەخنەیەکی دیکە،لە جۆری ڕەوشتییە. پیشەیەک-تەنانەت ئەگەر ئازادیش بێت- لەدونیادا دەستناکەوێت، کە چەند پابەندبوونێکی ڕەوشتی تایبەت بەخۆی نەبێت. ئەم پابەندبوونانە هەموو کات گونجاو نییە لەگەڵ ئەو ئازادییانەی،کە پێویستە لەکاری نووسەریدا هەبن. مەبەستی ئێمە لە ئازادی جووڵەی ئازادی بیرکردنەوەیە، کە نووسەر لەگەڵ خۆیدا بۆ هەموو شوێنێکی دەبات: ئازادی بەکارهێنانی تەواوی بەشەکانی ئەزموونی خۆی بۆ دووبارە ئەفراندنی واقیعیەت، هەبوونی ئازادی لە ژیانی تایبەتی لەدەرەوەی ناخۆشی و گرفتارییەکانی کاردا...

لەبەرئەوە پێویستە ئیشی دووەم وەکو ڕێگەچارەیەکی پەسەند دابنرێت، بەڵام پێویستە ئەوەش بزانرێت، کە کاریگەرییەکانی سنووردارە. (بەو واتایەی کە ئیشی دووەم پەسەندە،بەڵام کاریگەرییەکەی سنوردارە.و). کۆمەڵی مۆدێرن دەتوانێت ئیشی دووەم وەکو جێگرەوە بۆ پارێزگاریکردنی ئەدەبی پەسەند بکات، بەڵام ناتوانێت پیشەی دووەم لە خستنەڕوو و چارەسەرکردنی مەسەلەی

گونجاندنی پیشەی ئەدەبی بە سیستمە ئابوورییە-کۆمەڵایەتییەکەی خۆی هەڵاوێرد بکات.

**٣. پیشەی ئەدەبی:**

ئەگەر پێویست بێت مێژوویێک هەرچەندە ڕەمزییش بێت بۆ دەرکەوتنی پیشەی ئەدەبی بهێنینە پێش چاومان، ئەوا دەتوانین ساڵی ١٧٥٥ پێشنیاز بکەین. ئەم مێژووە، مێژووی نامەیەکی بەناوبانگە،کە (ساموێل جۆنسۆن) بۆ (چیستەرفیڵد)ی نووسیوە تا ئەو کۆمەکە دارایییەی، کە چەند ساڵێک پێشتر بۆ تەواوکردنی کتێبی (فەرهەنگDictionare)ەکەی خۆی لێی داواکردبوو و بێ ئەنجام مابوویەوە ڕەتبکاتەوە:

(بەڕێز حەوت ساڵ تێپەڕ دەبێت بەسەر ئەو بەروارەی، کە من لەپشتی دەرگای ئێوە بەچاوەڕوانییەوە دانیشتم و ئێوە منتان دەرکرد، لە تەواوی ئەم ساتانەدا من سەرباری ئەو کێشانەی، کە یەخەمی دەگرت و نامەوێ لێردەدا بیانگێڕمەوە بەردەوامیم بەکارەکەی خۆمدا، تا لەئەنجامدا بەبێ کەمترین یارمەتیدان، یا هاندانێک یا خەندەیەکی میهرەبانانەنان فەرهەنگەکەم بۆ چاپ ئامادەکرد)[٥٤] .

ئەم دەقەی سەرەوە مردنی سیستمی پارێزگاریکردنی ئەدەبی ڕادەگەیەنێت. جۆنسۆن سەرکەوتوو بوو لەوەی لەڕێگەی قەڵەمی خۆیەوە بەردەوامی بە ژیان بدات، بەڵام ئەوەش ناشاردرێتەوە،کە

---

[٥٤]. نامەی لۆرد بایرۆن بۆ چیستەرفێڵد لە بەرواری ٧فێبرایەری ١٧٥٥ بە وەرگرتن لەکتێبەکەی بۆس ڤێڵ بەناونیشانی(life of the dr.janson )

لەدواتــردا ناچــار بــوو ئەو یارمەتیــانە پەســەند بکــات، لەبەرئەوەی لەبەرەبەیانی ململانێیەکدا دەژیا، کە دوو سەدە درێژەی کێشا.

لە ســاڵی ١٧٠٩دا لە ئینگلــتەرا یاســایەک هەبــوو، کە ناســرابوو بە (یاســای شــاژنە ئــان) و پارێزگــاری لەنووســەر دەکــرد لەبەرامــبەر زێدەڕۆییەکانی خاوەن چاپخانە و کتێبفرۆشــەکاندا، پارێزگاریکردنێک کە زیــاتر ڕەهەنــدێکی خەیــاڵی هەبــوو تــا واقیعــی. تــاوەکو پەیــدابوونی وەبەرهێــنەرە بازرگانییەکــان (واتە بڵاوکەرەوەکــان)-لە ناوەڕاســتی سەدەی هەژدەیەمدا، کە بەرپرسیاریەتی بەرگریکردن لە خاوەنداریەتی ئەدەبییــان لەئەســتۆدابوو ، هــیچ جــۆرە چــاودێرییەکی یاســایی لەســەر بەرهەمهێنانی ئەدەبی نەبوو، شۆڕشی فرەنسی دەسپێکێکی گرنگ بــوو بۆ ئەم گۆڕانکارییە.

پارێزگــاریکردن لە مافەکــانی دانەر بــریتییە لە دەســتەبەرکردنی سوودوەرگرتنی دانەر لە خاوەندارێتیی کاری ئەدەبی بۆ مــاوەیەک، کە ( لەنێوان ٢٨ساڵ و شیاوی دێژکردنەوەیە لە ئەمریکا) و (تا هەتایە لە وڵاتی پرتوگــال گۆڕانکــاری بەســەردادێت.(واتە کــاتەکە لەنێــوان ٢٨ بــۆ هەتاهەتــایە دایە). لە فرەنسا ئەم کاتە هەمــوو تەمەنــی دانەر و پەنجا ســاڵ دوای مردنیشــی دەگــرێتەوە، چەنــد ســاڵێکی دیکەش،کە لە یاســا هەمــوارکراوەکەدا دەنگی بۆ دراوە دەچێتە ســەر ئەم ســاڵانە. نووســەر بەدرێژایــی ئەم قۆنــاغە دەتوانێــت لەڕێــگەی بەســتنی پەیماننــامە دەستبەرداری مافەکانی خۆی بێت.

پەیماننامەی بێرن لە ساڵ ١٨٨٦دا بەسترا، یاسای وڵاتەکانی تەواوتر و بەهێزتر کرد، ئەم پەیماننامەیە، کە چەندین جار هەمووارکرایەوە، لە ساڵی ١٩٥٦دا ٤٣ وڵاتی لەخۆگرتبوو، وڵاتانی ئەمریکی لەنێوخۆیاندا پەیماننامەی (مۆنتی ڤێدیۆ)یان ئیمزاکرد، لە ساڵی ١٩٥٢دا بە دەسپێشخەریی یۆنسکۆ پەیماننامەی جیهانیی مافەکانی دانەر دانرا،کە لەساڵی ١٥٥دا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و ٤٠ وڵاتی لەخۆ گرتبوو، بەڵام جێگەی پەیماننامەی بێرنی نەگرتەوە.

کاریگەری یاسادانان لەبارەی مافی دانەر لەسەر بەرهەمهێنانی ئەدەبی وەکو نموونە لە ئەدەبیاتی ئەمریکی سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا بە ڕوونی دەردەکەوێت. بڵاوکەرەوە ئەمریکییەکان لەو کاتەدا هیچ جۆرە گرێبەست و پەیماننامەیەکیان لەگەڵ بڵاوکەرەوەکانی ئینگلتەرادا نەبوو، لەبەرئەوە دەیانتوانی تەواوی بەرهەمی نووسەرە گەورە هاچەرخەکانی ئینگلتەرا بەبێ پێدانی هیچ جۆرە مافێک بەو نووسەرانە سەرلەنوێ چاپبکەنەوە و بیفرۆشن. ئەم کارە بێگومان وای لەوان کرد، کە مافی نووسەرانی ئەمریکی ، کە پێویست بوو لەسەریان پێیانبدەن فەرامۆش بکەن. ئەم دژایەتیکردنە کارەساتبارە نووسەرانی ئەمریکی ناچاردەکرد ڕوو لە گۆڤارەکان بکەن بەتایبەت ئەو جۆرەی ئەدەب، کە بۆ گۆڤار لە هەموویان گونجاوتر بوو، کە چیرۆکە. لەبەرئەوە ئێمە لەڕوویێکەوە بەرەوی گۆڤار لە ئەمریکا و لەڕوێکی دیکەشەوە

بەرهەمهێنانی فراوانی چیرۆک لە ئەمریکای سەدەی نۆزدەیەمدا بەتایبەت چیرۆکەکانی ئەدگار ئالان پۆ[٥٥] قەرزاربارى ئەو دژایەتیکردنەین.

ئەگەرچی لە یاساکان مافەکانی نووسەر لەگەڵ دیاریکردنی ماوەکەی بەڕوونی تۆمارکراوە، بەڵام شێوازی بەکارهێنان و سوودەوەرگرتن لێی هەمیشە بەشێوەیەکی تەواو نیشان نادات و ڕووناکاتەوە. لە سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا ژمارەیەکی زۆری بڵاوکەرەوە و نووسەر داویان لەسەر یەکتری تۆمارکرد، ئەم داوایانە زیاتر لەسەر پاراستنی هەردوولایەنەکە بوو لە بەرامبەر چاپە (قاچاغەکان)، کە (زۆربەی کات لە ئەمریکا و هۆڵەندا ئەنجام دەدران).

دوو جۆرە پێڕەو بۆ مافەکانی نووسەر بوونی هەیە: یەکێکیان بەشێوەی پشک و ئەوەیتر بەشێوەی ڕێژەی سەدی لە بەهای فرۆش. لەحاڵەتی یەکەکدا نووسەر بەیەکجاری بڕە پارەیەک وەردەگرێت و لەبەرامبەردا گشت مافەکانی بەرهەمەکەی خۆی بە بڵاوکەرەوە دەبەخشێت، جا دواتر بەرهەمەکەی لە بازاڕدا سەرکەوتن بەدەستبێنێت، یا نەهێنێت. لە حاڵەتی دووەمدا نووسەر بەشێک لە بەهای پاک (پوخت)ی فرۆشی هەر کتێبێکی فرۆشراو وەردەگرێت. ئەم بڕە لە٥% بۆ کتێبی زانستی تا١٢% یا١٥% بۆ بەرهەمە پڕفرۆشەکان گۆڕانکاری بەسەردادێت، هەندێک لە ڕێککەوتنامەکان تەنانەت بە ڕێژەی زێدەبوونی قەوارەی فرۆش لە سەدادا بەرەو سەرەوەتری دەبەن،

---

[٥٥]. ئەم خاڵە لە دەستەواژەی کورتە چیرۆک لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیکادا نووسینی(فێردلویس پاتێ)وەرگیراوە.

سەرباری ئەمە بڵاوکەرەوە بەشێوەیەکی گشتی پێشینەیەک، یا چەند پێشینەیەک وەکو دەستەبەری لەسەر بنەمای هەژماری تیراژی کتێب لە پەیماننامەکەدا لە چەند ماوەیەکی دیاریکراو دەدات بە نووسەر (بۆنموونە کاتێک، کە نووسەر نوسخە دەستنووسەکەی خۆی دەخاتە بەردەستی بڵاوکەرەوە، یا کاتێک کە بڵاوکەرەوە دەست بە فرۆشتنی نوسخە دەکات و هیتریش..) .

لەنێوان ئەم دوو جۆرە پارە پێدانەدا، ڕێککەوتنگەلێکی دیکەی زۆرتر دەشێ لەنێوان هەر دوو لایەنەکە ئەنجام بدرێت، بۆ نموونە دەتوانرێت قسە لەبارەی پەیماننامەی نێوان بالزاک و هێتزل، پۆڵن، دوبوشێ و سوس بۆ بڵاوکردنەوەی کۆمێدیای مرۆڤایەتی بکرێت. ئەمە نموونەیەکی ئاشکراو دیاری ئەوەیە، کە لەو سەردەمدا دەگوزەرا.

بالزاک وابڕیار بوو بۆ هەریەک لەو ٦٠٠٠٠نووسخە چاپکراوە (٢٠ بەرگی ٣٠٠٠ نوسخەیی)٥٠ سانتیم[٥٦] وەربگرێت (ئەمەش بڕێکی خراپ نەبوو)،ئەو پارەیەی کە ئەو دەبووایە وەریگرێت دەگەیشتە ٣٠٠٠٠فرانک، پازدە هەزار فرانک پێویستبوو لە سەرەتادا بخرێتە سەر هەژماری نووسەر، کە خرایەسەری، بەڵام پازدە هەزار فرانکەکەی دیکە،کە وابڕیاربوو لەدوای فرۆشی دوو لەسەر سێی کتێبەکان پێیبدرێت، کە هەرگیز پێینەدرا، بۆیە بەلزاک ناچاربوو زیاتر لە پێنج هەزار فرانک لەو پازدەهەزارەی وەریگرتبوو بۆ کاری ڕاستکردنەوە و پێداچوونەوە بۆ

[٥٦]. پارەی وردەی فەڕەنسا. پێیدەوترێت سانتیم و.کوردی

بڵاوکەرەوە بگەڕێنێتەوە: لەڕاستیدا ڕاستکردنەوەکانی نووسەر لەسەر نموونەکان (نوسخەکان)ئەگەر لە ئەندازەیەکی دیاریکراو تێپەڕێت، ئەوا خەرجییەکەی لە ئەستۆی خودی نووسەرە... و بالزاکیش کەسێک بوو،کە زۆر دەسکاری نووسراوەکەی دەکرد.

گەشەسەندنی ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن و بەستنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بۆتە هۆی ئەوەی، کە مافەکانی وەرگرتن (اقتباس) لە بەرهەمەکان و وەرگێڕانەکانیاندا، کە واباوە لەنێوان نووسەر و بڵاوکەرەوەدا دابەشدەکرێت گرینگییەکی زۆر پەیدا بکات، لەبەرئەوە ڕێککەوتننامەی چاپ زیاتر لەپێشوو ڕەهەندێکی پەیماننامەیی سەرمایە کار پەیدادەکات و چەند وڵاتێکی زۆر هەن، کە هەستیان بە گرینگی دانانی یاساگەلێکی گونجاو بۆ ئەم پەیماننامەیە و دەستەبەرکردنی مافەکانی کار کردووە، لەگەڵ ئەمەدا هێشتاش خراپ بەکارهێنانێکی زۆر لەئارادایە و چەند پەیماننامەیەکی ئابروبەرانەی زۆر مۆر دەکرێن، کە لەسەر بنەمای **بەڵێندەرایەتی** ئامادەکراوە، لەبەرئەوە هەرکاتێک پیشەی ئەدەبی وەکو ئامرازێکی ئاسان بۆ دەوڵەمەندان دابنێین، ئەوا کارێکی ناڕەوامان نەکردووە.

لە فرەنسادا کتێبگەلێک، کە فرۆشی گشتییان بگاتە ١٠٠٠٠نوسخە دەگمەنن و کەمتر لە ڕێژەی ٥٤%ی تێکڕای کتێبەکان پێکدێنن. ڕۆماننوسێک، کە سەرکەوتووبێت لەوەی هەر ساڵێک ٢٠٠٠٠نوسخە لە بەرهەمەکانی بفرۆشرێت، کەسێکی شاز و هەڵاوێردکراوە. داهاتی

بەرهەمهاتووی لەم فرۆشـەدا (بە لێـدەرکردنی باجەکـان،چونکە مافەکـانی نووسەریش دەکەوێتە ژێر باجە ڕێژەیی و ئەو باجانەی، کە بەزیـادبوونی ڕێژەی سوود باجی کەلوپەلەکەش زیا دەکات. ) لەدەوروبەری ٨٠٠فرانکە لە مانگێکـدا و ئەمەش بە هەوڵـدانێکی زۆر (بەشـێوەیەکی مامناوەنـد ٢ ڕۆمان لەساڵێکدا) و بەبێ هیچ سودوەرگرتنێک لە بیمەی کۆمەڵایەتی.

نموونەیەکی دیکە: ڕۆماننووسێکی گەنج، کە دەستنووسەکەی خـۆی بەو ئومێدەوە دەباتە لای بڵاوکەرەوە، کە ١٠٠٠٠فرانک وەربگرێت چانسـی بەدیهـاتنی ئەم پـڕۆژەیەی کەمتـرە لەوەی یەک پلیـت لە دە پلیتـی تاقیکردنەوەی بەخت (یانەسیب)بکرێت بۆ بەدەستهێنانی هەمان داهات.

هەموو جۆرە کـۆمەڵە و ئەنجومەنێـک بـۆ بەرگریکـردن لە مافەکـانی نووسـەران هەن، یەکێـک لەبـاوەڕپێکراوترین کۆمەڵەکـان بـریتییە لە کـۆمەڵەی (ئەدەب دۆسـتان)، کە لە سـاڵی ١٨٣٨دا دامەزراوە. ئەم کـۆمەلەیە لەگەڵ کـۆمەڵەی دانەران، ئـاوازدانەران و بـڵاوکەرەوە مۆسـیقییەکان) هاریکـاری و هاوکـارییەکی نزیکـی هەیە. لە ئینگلـتەرا هەموو کارێکی بەرگریکردن لە مـافی دانەران (کـۆپی ڕایـت) لە ئەسـتۆی کۆمەڵەی (هاریکاری نووسەران، شانۆنامەنووسان و مۆسیقاران)دایە، کە لەسـاڵی ١٨٨٤دا دامەزراوە. هاوتـا ئەمـریکییەکەی ئەوە (یەکێتـی دانەرانـی ئەمریکـی)یە،کە لەساڵی ١٩١٢دا دەرکەوتـووە. کۆمەڵەگەلێکی لەم جۆرە لە تەواوی وڵاتانـدا دەسـتدەکەوێت، هەنـدێک لەوڵاتـان —وڵاتە کۆمۆنیستییەکان بێگومان فرەنساش- خـاوەنی سـەندیکاکانی نووسـەرانن،

خواستەکانی نووسەرانیش زیاتر لەجاران ئامانجیان ڕووەو دەرکردنی یاسایەکی کۆمەڵایەتییە.

لە فرەنسادا ئەو شتەی، کە زیاتر هاوشێوەی یاسای کۆمەڵایەتیەکەیە پێشنیازکردنی سەندوقی ئەدەبە،کە ساڵانێکە ماوەی دەمەتەقێی نێوان نووسەران و پەرلەمان بووە. لە کۆتاییدا سندوقی ئەدەب دامەزرا، بەڵام وەڵامی ئەو داواکاریانەی نەداوە، کە لێی چاوەڕوان دەکرا،بەڵام بنیاتی سەندوقەکە کە لەسەر بنەمای جۆرێک بیمەی کۆمەڵایەتی ئالوگۆڕکەر دامەزراوە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ئەم دەزگایە لە ئایندەدا ڕۆلێکی گرنگ بگێڕێت. دەستەبەری خەرجی ئەم سندوقە لە ئەستۆی دەوڵەت و بڵاوەکەرەوەکان و دانەرانە،کە بەشێک لە مافەکانی خۆیان دەخەنە ناو سندوقەکە.

ئێستاکێ کەسانێک لە ئەدەب دۆستان، کە تیراژی کتێبەکانیان بەرز نەبۆتەوە و براوەی خەڵاتێک نەبوون، یا فیلمێک لەسەر بنەمای بەرهەمەکانیان ئامادە نەکراوە، هەروەک بەدوای کاری دووەمیشەوە نەبن، ئەوا ڕێگەیەکی ئەوتۆیان نییە بۆ بژێویەکانی ژیانیان.

سادەترین ئەم ڕێگەچارانە بریتیین لە دەستەبەرکردنی مووچە، کە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر شێوەی ڕۆژنامەنووسێک، یا کارکردن لە بنکەیەکەی بڵاوکردنەوە وەکو خوێنەر یا هەڵسەنگێنەر و ڕاوێژکاری ئەدەبی خۆی دەنوێنێت و بەرجەستە دەبێت، سیستمێکی دیکەش هەیە پێیدەڵێن بازنەی نیمچەکاتیی نووسەران، کە نووسەران لەڕێگەی

پەیماننامەیەکی درێژخایەن خۆیان لەگەڵ هەندێک لە بڵاوکەرەوەکان گرێ دەدەن و ئەم نووسەرانە ژیانی خۆیان لەڕێگەی ئەو پارە پێشینانەی کە بڵاوکەرەوە پێیانی دەدات دەگوزەرێنن. سەرباری ئەمانە چەندین کاری بچووکی دیکەی ئەدەبی هەن لەنموونەی: وەرگرتن (اقتباس)، وەرگێڕان و نووسینی کتێبی بەڵگەنامەیی هەن، کە وابەستەدەبێت بە چەند کەسێکی پسپۆڕ کە هەم دەگمەنن و هەمیش داوای تێچوێکی زۆر دەکەن.

لە سەرووی ئەمەشەوە پێویستە ئاماژە بە زەمینەی بەربڵاوی ئەدەبی ناندەر (ئەدەبی ڕەشۆک) بکەین کە لە زمانی ئینگلیزیدا pot-boilers (بەرهەمە ڕۆژی هێنەرەکان)ی پێیدەوترێت. جوانترینی ئەم بەرهەمانە لە ڕۆمانە پۆلیسییەکان و ڕۆمانە پڕ لەڕووداو و بەسەرهاتەکان بەدەست دەهێنرێن. ئەم بەرهەمانە چەند ناشرینییەکی تایبەت بەخۆشیان هەیە. ئەدەبیاتی ناندەر حاڵەتێکی (بەرهەمهێنانی پیشەسازی )لەخۆگرتووە و داهاتێکی زۆری بۆ ( هەڵسوڕێنەرانی کارگەی ئەم جۆرە ئەدەبە) دەستەبەرکردووە کە لەنێویاندا دەتوانرێت ناوی ئەلیکساندەر دۆمای باوک بهێنرێت.. ئەم جۆرە ئەدەبە لە سەردەمی ئێستادا زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە برەوی هەیە. هەر لێرەشە کە پێنووسە (قاچاغ)ەکان دێنە ناو کارەکەوە و ئەو بابەتانە دەنووسن کە کەسانی دیکە ئیمزایان دەکەن، یا ئەو ڕۆمانە دڵدارییانە دەنووسن، کە چەرچییەکانی بەرهەمە ڕەشۆکەکان لەژێر ناوە خوازراوە

سەرنجڕاکێشـەکان دەیانفرۆشـن و نەوەد لە سـەدی کـۆمەڵ تینـوێتی خوێندنەوەی خۆیان لەڕێگەی ئەمانەوە دەشکێنن.

بەم شـێوەیە ئـێمە ڕووبەڕووی نزمتـرین ئاسـتی کـۆمەڵی ئەدەبـی دەبیـنەوە، کۆمەڵێـک کە یەکجار ناهاوسـەنگە، چـونکە هێشـتا پـێگەی کـۆمەڵایەتی خـۆی و بەتـایبەتیش پـێگە ئـابورییەکەی لە کۆمەڵگـەی مۆدێرن بەدەست نەهێنـاوە، ئـێمە نـاتوانین پەی بە هۆکـارە قوڵەکانی ئەم نایەکسـانی و ناهاوتـاییە بـبەین، تەنیـا لەڕێـگەی کـارێکی شـیکردنەوانەی یەکجـار هێمنـانە نەبێـت. لێکـۆڵینەوە لە سیسـتمی بڵاوکردنەوەی کتێب بەلانیکەم ڕێگەیەکمان بۆ چارەسەرکردنێکی ئەگەری ئەم کەموکورتییە پێ نیشاندەدات.

# بەشی سێیەم: دابەشکردن

## پاری یەکەم: پرۆسەی بڵاوکردنەوە

### ١.بڵاوکردنەوە و داهێنان:

نابێـت مێـژووی بڵاوکـردنەوە لەگەڵ مێـژووی کتێـب تـێکەڵ بە یەک بکرێـت و بە یەک مێـژوو دابنرێـت، کتێـب بەگشـتی چ چـاپکراو و چ چاپنەکراو تـازەترین و بـاوترین ئـامرازێکە، کە بـۆ زێـدەکردنی بەرهەمـی ئەدەبـی لە پێنـاوی بڵاوکـردنەوەی بەرهەمەکە بـوونی هەیە، بەڵام تـاکە ڕێگا نییە،بۆ نمـوونە شـانۆ ئەوە نیشـاندەدات،کە پرۆسـەی بڵاوکـردنەوە دەتوانرێت لە کۆمەڵگایەک ئەنجام بـدرێت، کە تێیـدا بـاس و خواسـێکی خەت و نووسین نییە[٥٧] . لە ڕۆژگاری ئێمەدا سینەما، ڕادیۆ، تەلەڤزیـۆن

[٥٧].شانۆ چەند بابەتێکی تایبەت دێنێتە پێشمان کە بەدواداچوونیان لەم کتێبە بچکۆڵەیە جێگەی نابێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە بگەڕێوە بۆ کتێبەکەی ژا دۆڤی نیڤ بەناونیشانی( socioloie du theatre) . لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە هەر جارێک ڕووبەڕووی مەسەلەگەلێکی هاوشێوەی ئەمە بوینەتەوە ئوا چەند نموونەیەکمان لە شانۆ هێناوەتەوە.

توانـایەکی وەهـا بە بڵاوکـردنەوەی بیسـتراو و بینـراو دەبەخشـن، کە لە سەرروی  توانای بڵاوکردنەوەی نووسینیدایە.

واتـــــای نەگـــــۆڕی وشـــــەی (بڵاوکردنەوە)publier و ڕەگە لاتینیـیەکەی (pulicare ) بـریتییە لە چەمکی (دانـانی شـتێک بەرامـبەر کەسـانێکی غافـڵ یـا بێئاگـا).publicare  simulacrum واتـای: دانـانی پەیکەرێـک لە مەیـدانێک، بڵاوبـوونەوەی هەواڵـی هاوسـەرگیری، یـا ڕاگەیاندنی نەخشە و پلانێکی تایبەتی و تاکەکەسی بەرامبەر کەسێک، کە ناسراوە یا نەناسراو دەگەیەنێت. کۆنترین بواری بەکارهێنانی ئەم وشـەیە کە لە فەرهەنگـی (لیتـرە)دا هـاتووە وابەسـتەیە بە سـەدەی هەژدەیەم و لەبارەی مـوڵکە گوێزراوەکـانە و بەواتـای (فرۆشـتن لەسـەر شێوەی زیادکردنی ئاشکرا) بەکارهێنراوە.

لێرەدا واچاکترە ڕامانێکی قووڵتر و زیاتر لەبارەی چەمکی (خستنە نـاو زیـادکردنی ئاشـکرای بەرهەم)، واتە ڕاکێشـانێکی بەئەنقەسـت و تاڕاددەیەک لەناکاوی نهێنی داهێنان بەرەو مەیدانی گشتی شار و دانانی بەرامـــبەر چـــاوەڕوانی خەڵـــک نیشـــانبدەین. لەم کـــارەدا جـــۆرە تونـدوتیژییەکی تـێکەڵاو لەگەڵ قـایلبوونێکی بیـر و جـۆرە بێڕێزییەکـی قبـوڵکراو لەئـارادایە، لەم ڕووەوە لەبەرئەوەی  تـێکەڵاوە لەگەڵ بەهـا ماددییەکانـدا ئەوا لەبەرچـاوی خەڵـک بەشـێوەیەکی زینـدووتر خـۆی دەنوێنێـت: بڵاوکـردنەوەی بازرگانیـانەی بەرهەمێـک، کە مرۆڤێـک لە قووڵاییەکانی ناخی خۆی دەریهێناوە تـا ئەنـدازەیەک هاوتـای بەخشـینی

جەستەیە بۆ کاری لەشفرۆشی و بە وتەی شاعیری تەنزنووسی لاتینی (پلاوتۆس) لە نیشاندان و نمایشکردنی جەستەی خۆی لە شوێنێکی گشتی دەچێت.

بڵاوکردنەوەی بەرهەم بە کۆتاهێنانی بەرهەمەکەیە لە ڕێگەی سپاردنی بەدەستی یەکێکی دیکە، بۆ ئەوەی بەرهەمێک بەشێوەی دیاردەیەکی ئازاد و سەربەخۆ وەکو بوونەوەرێک بوونی هەبێت، پێویستە لە بەدیهێنەرەکەی خۆی جیابێتەوە و چارەنووسی خۆی بە تەنیایی لەنێو مرۆڤەکاندا تەی بکات، (ناساندنی بەرهەمە گەورەکان)یا (پیشانگای تابلۆ بەدەست کێشراوەکان) نیشانەگەلێکی ڕەمزی ئەم جیابوونەوەن: تابلۆیەک، کە نیگارکێش دەیخاتە پیشانگا، ئیتر دەستی لێنادات و دەست دەشوات لە ڕاسپاردە و دەستێوەردانەکانی بەدیهێنراوەکەی خۆی و بە هەڵواسینی لە دیواری پیشانگاکە لەدایکبوونی ڕادەگەیەنێت.

بەڵێ بەڕاستی لەدایکبوونێک دێتەکایەوە. ئەو توندییەی ژانی داهێنەر، وەکو ژانی توندی خولقێنەرە لەکاتی زایینـدا: کرانەوەی دەرگاکە و جیابوونەوەیەکی ئازاراوی لە لایەک و هاتنە سەر دونیای بوونەوەرێکی تازە و سەربەخۆ و ئازاد لە لایەکی دیکەوە. لە نموونە و لێکچواندنـدا دەمەتەقێ بوونی نییە،بۆیە دەتوانرێت ڕۆڵی بڵاوکار بە مامان بچوێنرێت: ئەوە مامان نییە، کە ژیان بە منداڵ دەبەخشێت، ئەو هۆکاری دوگیانبوون نییە و پارچەیەک لە گۆشتی جەستەی خۆی

نـادات، بەڵام بەبـێ هاتنــەناوەوەی مامــان ئەو دڵۆپەئـاوەی، کە بـۆتە گۆشتپارەیەک و تاوەکو قۆناغی بەدەیهاتن ڕۆیشـتووە نـایەتە بـوون، یـا بوون (وجود) بەدەستناهێێت.

ئەمە تەنیـــا ڕەهەنــدە ســـەرەکییەکەی کـــارکردنی بـــڵاوکەرەوەیە، پرۆســەی بڵاوکــردنەوە چەنــد ڕەهەنــدێکی فراوانـــی هەیە و بـۆئەوەی لێکچوانـدنەکەی ئـێمە بگـاتە پـلەی تەواومەنـدێتی، پێویسـت دەکـات کە مامانەکەی ئێمە ڕۆڵی ڕاوێژگار لە سەردەمی دوگیانیدا بگێڕێت،لە مـردن و ژیـــانی منـــداڵەکە (تەنانەت لە لەبـــارچوونی کۆرپەکەشــــدا) ڕۆڵ و هاتنەناوەوەی هەبێت، تەندروستی منداڵەکە لەئەستۆ بگرێت، منـداڵەکە فێربکـات، بەرگـدوری بـۆ بکـات، ژیـانی ئەو بەرەو لایەک ببـات و ... منداڵەکە وەکو کۆیلەیەک بفرۆشێت.

**٢. کورتە مێژوویێکی بڵاوکردنەوە:**

لە مێژووی دامەزراوە ئەدەبییەکاندا، بڵاوکار کەسایەتییەکی نـوێیە، بەڵام هەر لە کۆنەوە بۆ زێدەکردنی قسـە نووسـراوەکان و بڵاوکـردنەوەی بەرهەمەکـان چەنـد ڕێگـایەک هەبـووە و زۆربەی کـات خـودی دانەر ئەم کارەی کردووە. خوێندنەوەی بەرهەمەکان بەرامبەر کـۆمەڵە کەسـێک (بە ئامـادەبوونی کـۆمەڵە کەسـێک) لە کۆنـدا یەکێـک لە ڕێـگە باوەکـانی بڵاوکــردنەوە بــوو و تەنــانەت دوای داهێنــانی چــاپیش وەک یەکێـک لە ئاســانترین ڕێگاکــان بــۆ تــاقیکردنەوەی بەرهەمەکە لەبەرامــبەر چەنــد کەسێکی دیاریکراو مایەوە و ئێستاش هەر بەکاردێت. سەرسوڕهێنەرترین بواری بڵاوکردنەوە لەسەر دەستی دانەر ڕەنگە (یۆمیۆری)بێت، کە هەمان

پێشینانی (اسلاف)ڕۆژنامە یابانییەکانە: نووسەر لەدوای نووسینی بابەتەکان چاپی دەکردن و پاشان خودی خۆی بە خوێندنەوەی پارچە ئۆرجیناڵەکانیان بەدەنگێکی بەرز، نوسخە نوسراوەکانی دەفرۆشت.

لەگەڵ ئەمەدا، هەمدیسان لەڕۆژگاری کۆندا پسپۆڕگەلێک هەبوون، کە کاری بڵاوکردنەوەیان ئەنجامدەدا، سەرەتا چیرۆکخوێنە گەڕۆکەکان بوون ، کە دەستیان بۆ فرۆشتنی ئەو بەرهەمە زارەکیانەی، کە زیاتر کلاسیکی بوون و هەندێجاریش نوێ بوون بردووە و هێشتا لە زۆر لە وڵاتەکاندا ئەم کارە دەکەن. ئەم شێوازە بێ هیچ گومانێک جۆرێک لە بڵاوکردنەوە بووە، هەرچەندە سنورداریش بووە[٥٨].

تا پێش پەیدابوونی کتێب هیچ ڕوداوێکی گرنگ ڕوویندەدا، کتێبیش لە سەرەتادا بەشێوەی دەستنووس بووە. لە (ئەسینا)ی سەدەی پێنجەم و لەڕۆماش لە قۆناغی کلاسیکدا چەند کارگەیەکی نووسین (Scriptoria) هەبوون و کارمەندانی ئەم کارگانە چەند نووسەرێکیان بۆ لەسەرنووسینەوەی دەستنووسەکان بەکاردەهێنا، پاشان نوسخە لەسەر نووسراوەکان (ئەو نوسخانەی لەسەر دەستنووسە ئۆرجیناڵەکە دووبارە دەنوسرێنەوە.و) لە کتێبفرۆشییە ڕاستەقینەکاندا

[٥٨]. سنورداربیەکە دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی دابەشکردنی کتێبەکە نەوەک ناوچەی دابەشکردنەکە کە دەکرا ناوچەکە فراوانیش بێت و بەرزتر بوایە لە ئەندازەی ناوچەی فرۆشتنی کتێبە چاپکراوەکە، چونکە کتێبیش نیازی بە کتێبفرۆشی، یا کتێبخانە هەیە، لەکاتێکدا بۆ چیرۆکخوان گۆشەی مەیدانی لادێکە بەسە.

لە پێشانگای فرۆشتندا دادەنران، پاشان پیشەسازی و بازرگانی کتێب هەبوو، بەرزترین تیراژی ئەم جۆرە دەستنووسانەی (کە یەکجار دەگمەنن) هەرگیز لە چەند سەد نوسخەیەک تێنەدەپەڕی، بەڵام بیرۆکەی چاپ شکڵ و شێوە و هێزی وەردەگرت. جێگەی خۆیەتی ئەوە بزانین، کە ڕۆمییەکان بۆ ئەم چەمکە سوودیان لە ڕیشەی فرمانی (Edere) وەرگرتووە،کە بەواتای ( هێنانە سەر دونیا، زایین)دێت: ئەم واتایە تا سەردەمی ڤێرجیل و ئۆڤید بەردەوامی هەبووە،بەڵام نیو سەدە دواتر (پیلین) لەکاتی قسەکردن لەبارەی (بڵاوکردنەوەی گونجاوی کتێبlibelli edition digni ) لە ئاستی (بڵاوکاری نوێ)دا هەڵسەنگاندن و داوەری لەبارەی وتای وشەکەوە دەکات، واتە وشەکە لەو سەردەمدا واتای بڵاوبوونەوەی کتێبی لەناو خەڵک گەیاندووە.

لەبەرئەوەی هەمیشە بەشێوەیەکی باو و ئاسایی بیر لەپێش ئامێرە تەکنیکیەکانەوەیە، بۆیە ئامێرە تەکنیکییەکانی چاپ چواردە سەدە دواتر دروستکران، لەگەڵ پەیدابوونی چاپخانە زیاتر جەخت لەسەر بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکە ، واتە دانانی لەبەر دەستی هەموان دەکرایەوە تا ئەوەی چاپ بکرێت، لەم ڕووەوە دەتوانرێت بگوترێت،کە بڵاوکردنەوەی تەورات یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەردەمی چاکسازی (ڕیفۆرم)بوو، پێویستە ئەوەش زیاد بکەین، کە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە زماننناسییەی، کە لە بەکارهێنانی زمانی ڕۆژانەوە هەڵقوڵابوو هاریکاری بەهێزکردنی بڵاوکردنەوەی تەکنیکی کرد،بەڵام چاپکەرە

بەراییەکان خودی خۆیان هەم کاری چاپکردنیان لەئەستۆ بوو، هەمیش کــاری مامــان، واتە کــاری بڵاوکاریشــیان ئەنجــام دەدا. چێــژ و هەڵبژاردنەکانیان ڕەهەندێکی داهێنەرانەیان هەبوو. بەم شێوەیە چۆسەر، گــــاوور، لیــــدگێت، مــــالۆری و تەواوی دانەرە کۆنەکــــان کە (کاگستۆن)بەرهەمەکانیانی لەڕیزی یەکەمین دانەراندا بڵاوکردەوە، بۆیە لە سەرلەنوێ ژیاندنەوەی ژیانی ئەدەبی خۆیان قەرزاربــاری کاگستۆنن، ژیانێک،کە بەدەستنووسەکانی ئەوان بێ هیچ گومانێک نوێ نەدەکرایەوە.

یەکەمین چاپکەرەکان، بەهەمان ئەو شێوەیەی،کە کتێبگەلە فراوانە (ئەرکی) و خاوەن کڕیارە زۆرەکان نیشانی دەدەن، مامەڵەچیش بوون (واتە چاپکەرەکان بازرگانیش بوون.و). لەڕوویێکی دیکەوە کتێبە سوارچاکییەکان، کە لە ژینگە ئەرستۆکراتییەکاندا بە ئاسانی و دڵنیاییەوە دەفرۆشران لەڕیزی کارە چاپییە خۆشەویست و هەڵبژاردەکانی کاگستۆندا بوون. جێگرەکەی ئەو (واتە جێگری کاگستۆن.و) لە (وینکن دە وورد)لە شەقامی (فلیت) دوکانێک بۆ فرۆشتنی بەدانە (بە تاک) دەکاتەوە، کە یەکێکە لە یەکەمین کتێبفرۆشییە مۆدێرنەکان لە ئینگلتەرادا.

لە کۆتایی سەدەی پازدەیەمدا چەند کۆمپانیایەکی زۆر گەورەی وەک کۆمپانیای (ئانتۆن کۆبۆرژێ)ی بڵاوکاری نۆرنبێرگی، کە خاوەنی ١٦ دوکان و ژمارەیەک بریکاری بڕواپێکراوی سەرەکی هەبوو لە وڵاتە

مەسیحییەکاندا، یا کۆمپانیای (ئاڵتۆ مانۆزیۆ )کە لە ڤینیسیادا بوونیان هەبوو.

لەسەدەی شازدەیەمدا پێویستە لە فەرەنسا ناوی دامەزراوەی ئیستین و لە هۆڵەنداشدا ناوی دامەزراوەی پلانتین و ئیلزڤیر بهێنرێت. وڵاتی هۆڵەندا تا سەدەی هەژدەیەم وەکو بازاڕی جیهانی کتێب ڕۆڵی هەبوو[٥٩].

لە زۆربەی وڵاتەکاندا کۆمەڵە و یەکێتی و ئەنجوومەکانی خاوەن چاپخانەکان بوونیان هەبوو، کە چالاکییەکانیان زیاتر بەهۆی پێڕەوە سیاسییەکان، نەوەک پێڕەوە بازرگانییەکان شوێنکەوتەی بڕیارگەلێکی یەکجار سەخت بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن چاپخانە گەورەکان، کە هەڵاوسانە ڕۆژانەییەکانی پیشەسازی چاپ بە تەواوەتی گرفتاری کردبوون، ناچاربوون زۆر زوو پشت ببەستن بە لایەنە پسپۆڕەکان بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی خۆیان و هەموو یا بەشێک لە کارە بازرگانییەکەی خۆیان بەوان بسپێرن. بەم شێوەیە کتێبفرۆشەکان هاتنە ناو مەیدانەکەوە. لە فەرەنسا لە نیوەی دووەمی سەدەی شازدەیەمدا بوو، کە چیتر زاراوەی کتێب فرۆش بە لەبەرگرەوە (ناسخ) و (فرۆشیاری دەستنووسەکان)نەدەگوترا (لەکاتێکدا لە ئینگلیزیدا وشەکە لەسەر ماناکەی پێشووی مایەوە و وشەی ئینگلیزی کتێبفرۆش واتای خاوەن کتێبیشی لەخۆیدا پاراستووە). لەدەوروبەری هەمان سەردەمدا لە

٥٩. ڤۆڵتێر دەیگوت: کتێبفرۆشانی هۆڵەندی لە ساڵێکدا یەک ملیۆن دەرامەتیان هەیە ، چونکە فرەنسییەکان بیرێکی داهێنەرانەیان هەیە.(. mélanges litteaires).

ئینگلتەرا و ئەڵمانیادا کتێبفرۆش (buchhandler, bookseller) هاتە ناو مەیدانەکەوە، هەڵبەت سنووری نیوان هەردوو پیشەی چاپخانەداری و کتێبفرۆشی زۆر ڕوون نەبوو و مۆڵەتە پیشەییەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی ساڵی ١٦١٨ لە فرەنسا دا چاپکەر و کتێبفرۆشی لەسەر هەمان هێڵ دادەنا و لە دەستەیەکدا کۆی کردوونەتەوە. تا کۆتایی سەدەی هەژدەیەم ئەستەمە بتوانرێت بگوترێت، کە کام یەک لەم دوو کەسە بەرپرسیاریەتی ڕەوشتی و ماددی چاپیان لەئەستۆ بووە و کامیان مەترسی وەبەرهێنانیان هەڵگرتووە و کامیان وەڵامی ئەو داوایانەیان داوەتەوە، کە هەندێجار بەهۆی زیانگەیاندنی بەرهەمەکەوە بەرزکراونەتەوە. تا ئەو کاتە بەشێوەیەکی گشتی ئەم ڕۆڵە پڕ دەردەسەریە لەئەستۆی خاوەن چاپخانە بووە، بەڵام زیاتر لەپێشوو پێگەی کتێبفرۆش هاتۆتە ئەم نێوانەوە. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا یاسا ناپلیۆنییەکان بە دانانی (بڵاوکاری بەرپرس) بۆ هەر بڵاوکەرەوەیەک – کە هاوتای بەڕێوبەری بەرپرسی ڕۆژنامەیە لە فرەنسا دا- داواکەی لە بەرژەوەندی لایەنی سێیەم یەکلاییدەکردەوە، یا چارەسەر دەکرد.

لەو سەردەمەدا نیوە سەدەبوو، کە کەسایەتی بڵاوکار بوونی هەبوو: سەرکار بە دانانی چاپکەر لە کارێکی تەکنیکی و کتێبفرۆش لە کارێکی بازرگانی کاروباری بڵاوکردنەوەی گرتە دەست. تەرازووی بەرهەمهێنانی کتێبی بەپێی داواکارییەکانی بازاڕ ڕێکدەخست، لەگەڵ دانەر و نوێنەرە

جیاوازەکان گفتوگۆ و دەمەتەقێی دەکرد و بەشێوەیەکی گشتیی کارە پەرش و بڵاوەکانی بڵاوکردنەوەی لەڕێگەی سیاسەتی گشتی دامەزراوەکە ڕێکدەخست، به دەربڕینێکی دیکە چەوساندنەوەی سەرمایەداری جێگەی چەوساندنەوەی کەمدەرامەتانەی گرتەوە[٦٠].

ئەم جێگۆڕکێیە دەرەنجامی گەشەکردنی ئابووری، سیاسی و کلتوری بۆرژوازیەتە، بەهەمان ئەو چەشنەی، کە بینیمان ئەو کاتە، کە ئەدەب لەو بارە ئابڵوقەدراوە جیاکەرەوەیەی خوێندەواران دێتە دەرەوە و بۆرژوازی گەشەکردوو داوای ئەدەبێکی تایبەت بەخۆی دەکات: جەماوەری خوێنەر ژمارەیان لەڕووی چەندێتییەوە زیاد دەکات، لەهەمانکاتدا لە چێژ و سەلیقەکانیش شۆڕشێک ڕوودەدات: لە ڕۆمانە ڕیالیستی و هەستبزوێنەکان، بۆ شیعرەکانی پێش ڕۆمانیک و شیعرە ڕۆمانتیکییەکان بە تیراژگەلێکی زۆر و بڵاوبوونەوەیەکی فراوان دەگۆڕێن و سەرمایەداری تیایاندا وابەستەیە بە هێنانەکایەوەی سیستمێکی ئابوری-دارایی بەهێز، کە لە تەواوی لقەکانی چالاکی پیشەسازی و بازرگانیدا کاریگەری خۆی نیشانداوە.

بڵاوبوونەوەی کتێبی (پامێلا)ی بەرهەمی (ڕیچاردسن)، کە نموونەی بەرایی ڕۆمانی ئینگلیزییە لە ساڵی ١٧٤٠دا نموونەیەکی یەکجار چاکە لەبارەی هاتنەکایەوەی کۆمپانیای سەرمایەداری لە مەیدانی چاپدا.

---

[٦٠]. لە دەقە عەرەبییەکە نووسراوە چەوساندنەوەی ماددی لەناو چەوساندنەوە هونەرییە تەکنیکییەکەدا تواوەتەوە. کە ئێمە ئەمە بەڕاستتری دادەنێین لەگەڵ کەش و هەوای پەرەگرافەکەش گونجاوترە.(و.کوردی).

ڕیچاردسن جۆرێک بوو لە بڵاوکاری فەرمی وڵاتی ئینگلتەرا و سەرۆکی یەکێتی کتێبفرۆشان بوو. دوو کەس لە یاریدەدەرەکانی ئەو لە لەندەن بەناوەکانی (ریفنگتن و ئۆزبۆڕن) هاتنەپاڵی و بەشدارییان لە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە (نامەیەکی نموونەیی) بۆ (سکرتێری باڵا) کرد، کە بەشێوەیەکی تایبەت ئاراستەی خانمانی بۆرژوا کرابوو . ڕیچاردسن، کە قەڵەم بەدەست بوو، پێویست بوو خۆی دەقی ئەم کۆمەڵەیە بنووسێت. ئەم کارە نموونەیەکی دیاری بڵاوکردنەوەی کردارەکی سوودبەخش بوو، بلیمەتی ڕیچاردسن بە پشت بەستن بەم ئەزموونە و لەدوای ژمارەیەک گۆڕانکاری ڕۆمانی نامەیی (پامێلا)ی نووسی، کە بەدەسپێشخەری گروپێکی نائەدەبی لە پیشەسازان و بازرگانانی کتێب ئەم کتێبە لەدایکبوو.

هەندێک لە بنکەکانی بڵاوکردنەوەی ئەمڕۆش بەهەمان شێوە دامەزراون: لەوانە (جۆن مۆڕای)،کە پێشکەوتنی کارەکەی هاوتەریب بوو لەگەڵ پەرەسەندن و چوونە لوتکەی ڕۆمانسیزمی ئینگلیزی، بەڵام چەند بڵاوکارێکی زۆر لە هەناوی پیشەسازی چاپدا هاتوونەتە دەرەوە، وەکو (پلۆن) لە فرەنسادا، لەکاتێکدا بنکەکانی دیکەی وەک (ئاشیت) بە کتێبفرۆشیەوە دەستیان بەکارەکەی خۆیان کردووە، سەرباری ئەمە هێشا هەم چاپکەری بڵاوکار و کتێبفرۆشی بڵاوکار بوونیان هەیە.

بەدرێژایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم کاری بڵاوکردنەوە بە تایبەت لە فرەنسا دا ملکەچی گۆڕانکارییەکی دیکە بوو، کە لەگەڵ

داڕوخانی سەرمایەداری و بەرزبوونەوەی چینەکاندا هاوتەریب بوو. زۆر لە بڵاوکارەکان لەبەرامبەر تێچوو و خەرجیە زۆرەکانی وەبەرهێنانی بازرگانی بە واتای وردی وشەکە خۆیان پاشەکشەیان کرد و کارەکانی خۆیان بە کۆمپانیا تایبەتمەندەکانی وەک (ئاشیت) و (شێ) سپارد، ئێستاش ئەستەمە بتوانرێت بگوترێ، کە ئەم پێ سپاردنە چ کاریگەرییەکی بەسەر ئەو گۆڕانکارییەی دواتری کاروباری بڵاوکردنەوەدا دەبێت.

### ٣. پرۆسەی بڵاوکردنەوە:

هەرکاتێک پرۆسەی بڵاوکردنەوە بە پرۆسە و کردە مادییەکانەوە ببەستینەوە، ئەوا دەتوانرێت پرۆسەی بڵاوکردنەوە لە سێ وشەدا کورت بکرێتەوە: هەڵبژاردن، دروستکردن، بڵاوکردنەوە. ئەم سێ کارە پێکەوە بەستراونەتەوەو لەو شوێنەی، کە هەریەکێک لەوان پێوەندی لەگەڵ دوانەکەی دیکەدا هەیە و لەهەمان کاتدا دوانەکەیتر مەرجدار دەکات، ئەم سێ کارە بازنەی پرۆسەی بڵاوکردنەوە پێکدەهێنن.

سێ بەشی سەرەکی لە دەزگایەکی بڵاوکردنەوەدا بەشێوەیەکی ڕێکخراو ئەم سێ کارەی سەرەوەیان لەئەستۆدایە: دەستەی ئەدەبی، نووسینگەی دروستکردن و بەشی بازرگانی. بڵاوکەرەوە خۆی ئەم سێ بەشە لەگەڵ یەکدا دەگونجێنێت و مانای پێدەبەخشێت و بەرپرسیاریەتیشی لە ئەستۆ دەگرێت، تەنانەت کاتێک، کە بڵاوکەرەوە کەسێکی دیاریکراو نییە و سیاسەتی دەزگای بڵاوکردنەوە ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی دایدەنێت پێویستە کەسێکی دیاریکراو – سەرۆک، یا

ڕاوێژکار، یا بەڕێوبەر هەبێت، کە ڕەهەندێکی تاکەکەسی و پێویست،کە مەرج و پێداویستی پرۆسەی بڵاوکردنەوەیە دەبەخشێت بە پرۆسەی بڵاوکردنەوە.

بڵاوکەرەوە دەتوانێت تەنانەت ئەو کاتەی، کە ڕۆڵە جۆراوجۆرە تەکنیکییەکانی هەریەک لە هەڵبژاردن و دروستکردن و بڵاوکردنەوە بە کەسە پسپۆڕەکان دەسپێرێت هەروەک خۆی بە بڵاوکەرەوەش بمێنێتەوە، ئەوەی کە گرنگیەکی سەرەکی هەیە ئەوەیە، کە بەرپرسیاریەتی مەعنەوی و بازرگانی تێکڕای کۆمەڵەکە بپارێزێت، مەسەلەی یەکەمی بڵاوکردنەوە ئەوەیە،کە ژیانێکی دەستەجەمعی بە دیاردەیەکی تاکەکەسی ببەخشێت و هەریەک لەو ڕۆڵە تەکنیکیانەی، کە پێشتر ئاماژەمان پێیان کرد بە جۆرێکی تایبەت لەگەڵ نمونەگەلێک لە پێوەندییەکانی نێوان تاکەکەس و کۆمەڵدا هاوتەریبن.

هەڵبژاردن وابەستەی ئەوەیە،کە بڵاوکەرەوە (یا نوێنەری بڵاوکەرەوە) لە مێشکی خۆیدا وێنەیەکی خوێنەرە گریمانەییەکان بەرجەستە بکات و لەنێو ئەو نووسینە زۆرانەی، کە پێیدەسپێردرێت ئەوەی کە بۆ ئەم جۆرە خوێنەرانە بەگونجاوتری دادەنێت هەڵبژێرێت. ئەم وێناکردنە زەینییە بارودۆخێکی دوانە و دژیەکی هەیە: لەڕوویێکەوە هەڵگری بڕیاردانێکی واقیعییە دەربارەی خواستی خوێنەرە گریمانەییەکان و جۆرە کتێبێک، کە ئەو دەیەوێت بیکڕێت، لەلایەکی دیکەوە هەڵگری بڕیارێکی بەهاییە (قیم) دەربارەی ئەو شتەی، کە ئەم کۆمەڵە دەبێت

بیکرێت، هەڵبەتە ئەم بڕیاردانە یا ئەم هەڵسەنگاندنە بە سەرنجدان لە سیستمی (جوانیناسی – ڕەوشتی) گروپێکی مرۆڤایەتی، کە پرۆسەی بڵاوکردنەوەکە لەپێناو ئەواندا ئەنجام دەدرێت دێتەکایەوە، لێرەدا کە لەبارەی هەر کتێبێک ئەم دوو پرسیارەی خوارەوە دەخرێتەڕوو، کە بێجگە لەڕێگاچارەیەکی نامتمانەیی (ڕێگەچارەیەکی گریمانەیی) ناتوانرێت بەهیچ شێوەیەکی دیکە وەڵامیان بدرێتەوە: ئایا ئەم کتێبەی مەبەستە دەفرۆشرێت؟ ئایا ئەم کتێبە کتێبێکی گونجاوە؟

بڵاوکەرەوەی مۆدێرن، کە لەنێو نووسینەکانی دانەران و ئارەزووەکانی خوێنەراندا بەو شێوەیەی، کە خۆی لەمێشکیدا بەرجەستەیان دەکات گرفتار بووە، تەنیا ناوەستێت، بە ڕۆڵگێڕانێکی نێگەتیڤانەی ئاشتەواییکردن لەنێوان نووسەر و خوێنەردا،بەڵکو هەوڵدەدات تا بەناوی خوێنەرەوە کاریگەری بخاتە سەر نووسەر و بەناوی نووسەریشەوە کاریگەری بخاتە سەر خوێنەر واتە خوێنەران و نووسەرانێکی گونجاو بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

تەواوی مەبەستی بڵاوکەرەوە ئەوەیە، کە دانەرێکی (خاوەن بەرهەمی بەدوابیەکداهاتوو) بدۆزێتەوە، لەڕاستیدا ئەو بە بوونی کەسێکی لەم جۆرە نە چارەنووسی خۆی بەدەست ڕێکەوت و قەزا و قەدەر دەسپێرێت نە ئەو مەبەستەشی دەبێت، کە زیاتر لە جارێک خەرجییەکانی ناساندنی نووسەر بە خەڵک بخاتە ئەستۆی خۆی . کاتێک کاریگەریی نووسەر دەچەسپێت دەتوانێت بەبێ هیچ ترسێک داوای لێبکات، کە بەپێی

نموونە تاقیکراوەکەی پێشووی خۆی بەردەوامی بە کارەکەی بدات. دانەر کاتێک لەڕێگەی ئیمزاکردنی پەیماننامەیەکی درێژخایەن پێوەندی لەگەڵ بڵاوکەرەوەدا دەبەستێت ئەوکات دەبێتە بەشێک لە (بازنەکەی)ئەو. هەمان ئەو بازنەیەشە، کە ڕۆڵی شایەتی کۆمەڵایەتی گێڕاوە و شێوە و شێوازی کاری دەزگای بڵاوکردنەوە دەردەخات، بەشێوەیەکی گشتی کەسایەتییەکی وەک خودی بڵاوکار (ژولیار) یا یەکێک لە ڕاوێژکارەکانی (ژان پولان لە دەزگای بڵاوکردنەوەی گالیمار) چاودێری ئەو بازنەیە دەکەن. ئەم بازنەیە بە پشتن بەستن بە گروپە کتێبخوێنە پیشەییەکان (کە زۆربەیان خودی نووسەرەکانن) دەست بە هەڵبژاردن دەکەن و تەنانەت ئەو نووسەرە نوێیانەی، کە ئارەزوویان هەیە لەڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە بەو بازنەیە بلکێن دەخەنە سەرسوڕمانیی و واق وڕمانییەوە.

لە لایەکی دیکەوە بڵاوکەرەوە بە وروژاندنی چەند داب و نەریتێک لەنێوان خەڵکدا کاریگارییان لەسەر دادەنێت، ئەم داب و نەریتانە دەشێ بەشێوەی ڕەچاوکردنی مۆدە، سنۆپیزم (واتە هەوڵدان بۆ جیاکاری، سنۆپیزم بارودۆخێکە،کە تێیدا واقیعیەتە بابەتییەکان پەیوەست دەکرێن بە کاریگەرییە هەڵچوونییەکان.و) یا تەنانەت بە سەرسوڕمانی و دڵڕفێنییە کاتییەکان بەرامبەر کەسایەتی نووسەرێک دەردەکەوێت، یا ئەوەی تیشک دەخرێتە سەر شێوەیەک لە شێوەکانی بیرکردنەوە یا شێواز یا نووسین. یەکێک لە کۆنترین و بەرچاوترین داب و نەریتە

ئەدەبییەکان، کە بڵاوکەرەوەیەک ئاگایانە برەوی پێداوە تەنانەت ئەگەر بەتەواوەتیش وابەستە نەبووبێت پێوەی (بایرۆنگەرایی)[٦١] بووە.

شێوازێکی دیکە، کە سوودێکی زۆر لەگەڵ خۆیدا دێنێت بریتییە لە چاپکردنی زنجیرەیەکی تایبەتمەند (پسپۆڕی) لەڕێگەی تاکە یەکەیەکی کارگێڕی و تاکە بابەتێک و شێوەیەکی یەکسان. ئەم زنجیرەیە لە ڕووییێکەوە ئەو توانایە بەدەستەوە دەدات، کە دانەران بەرەو ڕووی چەند جۆرێکی بەرهەمهێنان، کە فرۆشتنیان شتێکی حەتمییە، بڕۆن، لەلایەکی دیکەشەوە وەڵامدانەوەی داواکارییەکی تەواو دیار و دەستنیشانکراو دەستەبەر دەکات. زنجیرەی (ڕەنگ پەڕیوو)ی بڵاوکەرەوەی (گالیمار) یا (ژیانی ڕۆژانە)ی بڵاوکەرەوەی (ئاشیت) وەک بڵێی نموونەیەکە لە جۆرە. تەنانەت دەتوانرێت هەنگاوێکی سەرووی ئەوەش بهاوێژرێت و کۆمەڵی خوێنەران دەستنیشانبکرێن و ڕێکبخرێن تا چاکتر ئەوە بلوێت، کە ئەوان لەبەرچاو بگیرێن و لەنێوان ئەم جەماوەرە و گرۆی نووسەراندا پێوەندیگەلێکی تاڕادەیەک تاکەکەسی بەرقەرار بکرێت. ئەم کارە بەشێوەیەکی گشتی لەبارەی ئەو ژانرە ئەدەبییانەی، کە

[٦١]. بایرۆنگەرایی مۆدیلێک بوو، کە بە بڵاوبوونەوەی دوو سروودی یەکەمی شیعری(سەردانی چایڵد هارۆڵد)ی بەرهەمی بایرۆن برەوی پەیداکرد، ئەم سروودانە بە خواستی بڵاوکەرەوەکەی(جان مۆرای) وەها بە وردی ڕێکخرابوون،کە وەڵامی داواکارییەکانی خوێنەرانی ڕۆمانتیکی دەدایەوە، لەدوای ڕەواجی ئەم شێوازەدا بایرۆن نەیتوانی خۆی لەمە دوور بخاتەوە. مۆرای بایرۆنی هاندەدا تا بەهەمان ڕێچکە بنووسێت و گەیشتە ئەو ڕاستییەی، کە شیعرەکانی ئەم شاعیرە ئەگەر بەپێی داب و نەریتەکانی خەڵکی هارۆلد نەهۆنرێنەوە ئەوا هەرگیز چاپناکرێن.

تایبەتمەندیگەلێکی زۆر دەستنیشانکراویان هەیە وەک ڕۆمانی پۆلیسی، پێشگۆییە زانستییەکان، چیرۆکە تۆقێنەرەکان و هیتریش ئەنجام دەدرێت و لەڕێگەی گۆڤارە تایبەتمەندەکان، یانەکان، هەواڵنامە ڕاگەیاندنییەکانەوە دەفرۆشرێن. لەم بارودۆخەدا بیروباوەڕ و جوانیناسییەکی تایبەت بۆ هەریەکێک لەم ژانرە ئەدەبییانەوە دێنەکایەوە و جەماوەری خوێنەران و نووسەرانیش سوود لە چەند بنەمایەکی شێوازێکی تایبەت وەردەگرن، کە نیشاندەری گشت جۆرە هۆشیارییەکی دەستەجەمعی تازەیە[٦٢].

لەم کارەدا ئەوە دێتەبەرهەم، کە هەر هەڵبژاردنێک، کە بڵاوکەرەوە ئەنجامی دەدات وابەستەیە بە دوو لایەنەوە: یەکەم خوێنەرانێکی گریمانەیی (لەبەرچاوگیراو)، کە کاری هەڵبژاردن بەناو ئەوان و لەپێناوی ئەواندا شکڵ وەردەگرێت و دووەم هەڵبژاردنی نووسەرانێک، کە دەتوانن خواستەکانی ئەم خوێنەرانە بەرجەستە بکەن. یاری ئەدەبی بڵاوکەرەوە لەناو بازنەیەکی داخراو لەنێوان ئەم دوو گروپەی، کە پێشتر ڕوونمانکردەوە ئەنجام دەدرێت.

دروستکردنی بەرهەم بەشێکە لەم یارییە، هەر لەسەرەتای بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بەراییەکانی پرۆسەی دروستکردندا

---

[٦٢]. دەتوانین لە فرەنسادا تێبینی دوو نموونەی دیار لە گۆڤارەکانی فیکسیۆن و میستەر ماگازین، کە هەردووکیان لەلایەن یەک بڵاوکەرەوە چاپ دەکرێن بکەین. لە ئینگلتەرا دا ئەنجومەنی دێرینی هاکلۆڤیت لایەنگرانی گەشتنامەکانی بۆ خۆی کێش دەکرد و هانی بڵاوکەرەوەیەکی لەم جۆرەی دەدا.

پێویستی (خوێنەران)ی لەبەرچاوبێت. مەرجەکانی دروستکردنی کتێبی جوان و گرانبەها، کە بۆ چەند سەد کەسێک لەوانەی، کە ئارەزووی کتێب کۆکردنەوەیان هەیە چاپدەکرێت یا کتێبێکی ئاسایی هەرزان، کە بۆ گشت خەڵک چاپدەکرێت بە تەواوەتی جیاوازییان هەیە : جۆری کاغەز، قەوارە، تەکنیکی پیتچنی (هەڵبژاردنی پیتەکان یا فۆنتەکان، پاساو بۆ ئەم هەڵبژاردنە، ژمارەی لاپەڕەکان و هیتر)وێنەکان و نیگارەکان، بەرگ و بەتایبەتیش ژمارەی نوسخەکان هەموویان جیاوازن. لەم ڕووەوە بڵاوکەرەوە پێویستە تەواوی قۆناغەکانی ئەم پرۆسەیەی، کە دەیەوێت نیشانی بدات حیساب بکات، لەڕاستیدا ئەم هەژمارکردنە پێویستە لە هەمان قۆناغی هەڵبژاردنەوە ئەنجام درابێت. کتێبێک، کە بەم کوالیتییە یا بەو کوالیتییە بۆ فلان یا بۆ هەمان خوێنەر هەڵبژێردراوە پێویستە تایبەتمەندیگەلێکی ماددی تەواو دەستنیشانکراوی هەبێت.

لەنێو ئەم تایبەتمەندییانەدا ئاشکرایە، کە تیراژ لەهەموویان گرینگترە. هەرکاتێک تیراژ زۆر لەخوارەوە بێت، ئەوا خەرجییە نەگۆڕەکانی دروستکردنی کتێب (خوێندنەوە و ئامادەکاری دەستنووس و پیتچنین و ڕاستکردنەوە و دەرهێنانی ناوەوە (دیزایینی ناوەوە) و چاپکردن)،کە چەند پلەیەک بەرزترن لە تەواوی خەرجیەکانی دیکە بەهای ئەو ژمارە کەمەی نوسخەکانی کتێبەکە بەرەو سەرەوەتر دەبات و جۆرە ترسێک دێنێتەکایەوە، کە ئەم کتێبە لە دەرەوەی توانای کڕینی

خوێنەرە گریمانکراوەکاندا بێت، هەرکاتێکیش تیراژی کتێبەکە زۆر بەرز بێت ئەوا تەرازووی خستنەڕوو زیاد لە ئەندازەی پێویست بەرزدەکاتەوە و نەفرۆشانی هەموو نوسخەکان بێگومان زیان بەدوای خۆیدا دێنێت، چونکە پیشەسازی کتێب یەکێکە لە دەگمەنترین ئەو پیشەسازیانەی، کە تیایدا بەهای بەرهەمهێنراوە دروستکراوە نەفرۆشراوەکان کەمترە لە بەهای کەرەسە سەرەتاییەکانی[٦٣] .

لەبارەی تەواوی تایبەتمەندییەکانی کتێب، نەک بەتەنیا ژمارەی خوێنەرە گریمانکراوەکان، بەڵکو ماهیەتی ئەم خوێنەرانە و خواستە ئەرکییەکانیان بەتایبەتیش لایەنی دەروونناسییان پێویستە لەبەرچاو بگیرێت. بەکارهێنانی بەرگی ڕەنگاوڕەنگ (وێنەدار) لەم دواییانەدا لەئەمریکاوە بەرەو فرەنسا گوێزراوەتەوە. لە هەڵبژاردنی ئەم جۆرە بەرگەدا دەبێت بڵاوکار چەند پاڵنەرێکی جیاواز لەبەرچاو بگرێت، کە هانی کڕیاری گریمانکراوەیی دەدەن بۆ ئەوەی کتێبەکە بکڕێت. لەڕاستیدا ئەگەر وێنەی سەر بەرگەکە بە باشی هەڵبژێردرێت، ئەوا دەبێت نموونەیەکی چاکی ڕەخنەی ئەدەبی و دەرخەری وێنەیەکی جوانیناسی- دەروونناسی وا بێت، کە بڵاوکەرەوە لە کاتی هەڵبژاردنی کتێبەکەدا لەمێشکیدا بووە[٦٤] .

[٦٣]. بەرهەمی ئەدەبی ئاسایی ئەگەر لە کەمتر لە ٥ یا ٦ هەزار نوسخەدا چاپبکرێت ئەوا سوودی نابێت و لانیکەم پێویستە ٢٠٠٠نووسخەی لێ بفرۆشرێت تا بڵاوکەرەوە زەرەر نەکات.

[٦٤]. هەڵبژاردنی ناونیشان بۆ فرۆشتنی کتێبەکە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە و لەبارەی سەرپۆشی لاوەکی بەرگی کتێبەکە پێویستە بگوترێت، کە لە فرەنسادا ئامرازێکی ڕێکلامیانەی یەکجار باوە،

لێـرەدا پەی دەبەیـن بەو جیاوگانە (امتیـازات)نەی زنجیرەکـان، کە ژمارەی لاپەڕە و پەیکەر و تیراژەکانیـان تاکەجارێک لێکۆڵـدراوەتەوە و بـۆ هەمووجارەکـان دەسـتدەدات، واتە تیـراژ و ژمـارەی لاپـەڕەکانیـان لە دەسپێکی پرۆسەی هەڵبژاردندا دەستنیشانکراوە.

ئاشکرایە کە بۆ بڵاوکەرەوە دروسـتکردنی کتێـب بەردەوامـی پێـدانی هەڵبژاردنـی کتێـبەکەیە. لەم قۆنـاغەدا بڕیـاردانی بـڵاوکەرەوە دەربـارەی بەرهەمەکە دروست دەبێت. ئەو بە پلانە مادد‌ییەکانی خۆی و بە ئـامێرە تەکنیکییەکـانی خـۆی هاوسـەنگییەک بەرقەرار دەکـات، کە لە سـەرەتادا هەوڵی بۆ دەدا لەنێوان ئەو نووسەرانەی، کە بەرهەمەکانیـان دەخـاتەڕوو و ئـــەو خوێنەرانــەی، کە بەخـــوێنەری گریمانەبۆکراویـــان دادەنێـــت، بێنێتەکایەوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە بربیتییە لە مەسەلەی دابەشکردن (پەخش)، کە بەشێوەیەکی گشتی واتای فرۆشتن دەگەیەنێت. دەبێت ئەوەش پەسـەند بکەیـن، کە چەنـد کتێبێکـیش هەن کە بەخـۆڕایی دابەشـدەکرێن. لە ڕاستیدا فرۆش شتێکی سەرەکی و بنەڕەتییە بۆ ئەوەی دیاردەی ئەدەبی تەواو و کامڵ بێت. بایرۆن ڕۆژێک دەیگوت: ناچـارکردنی مرۆڤێکی تەواو

---

لەسـەر ئەم پێـوەرە پێویسـتە شـریتەکە ناونیشـانی کتێبەکە بەرجەسـتەتر و بەرچـاوتر بکـات، یـا ڕاسـتەوخۆ ڕوو لە یەکێـک لە پاڵنەرەکـانی خوێنـدنەوە بکـات. ڕێگەیەکـی دیـکە هەیە، کە ڕۆشـنبیرانەترە، بەڵام بەهەمـان ئەنـدازە کـاریگەری هەیە، ئەمەش بـریتییە لە نیشـاندانی شیکردنەوەیەکی کتێبەکە لە پشتەوەی بەرگەکە یان لەسەر یەکێک لەو لێوە نوشتاوانەی بەرگەکە ئەوەش بۆ هاوەڵانی کتێبە.

نەناسراو بەوەی کە پارەیەک لە گیرفانی بێنێتە دەرەوە (جووڵەیەکە، کە بەهۆی نائاگاییەوە و نەبەهۆی بێهودەیی ئەنجام دەدرێت) و کتێبێک بکڕێت ئەوا وەکو پاڵپشتیکردن و ڕێزگرتنێکی ڕاستەقینەی نووسەری کتێبەکەیە و نیشانەی توانا و بەهێزی نووسەرەکەیە.

لە وڵاتە سەرمایەدارییەکاندا مەسەلەی دابەشکردن هەستیارترین بەشی پۆسەی بڵاوکردنەوەیە و هەموو شتەکان چاویان لەسەر ئەوە، ڕێک وەکو شانۆگەرییەک، کە تەواوی هەستەکانی بینەران بەرەو دەرەنجامەکەی خۆی کێشدەکات. سەرکەوتن یا شکستهێنانی بڵاوکردنەوە لە قۆناغی دابەشکردندا شتێکی شاراوەیە، لە بوجەی کتێبدا تێچووەکانی دابەشکردن زیاتر لە نیوەی بەهای فرۆش قووتدەدات[٦٥].

بڵاوکەرەوە لەبەرامبەر مەسەلەیەکی دژواردایە، کە بریتییە لە پەیداکردنی خوێنەرانێکی گریمانەکراو و دەستگەیشتنێکی واقیعی پێیان. ئەو بۆ ڕاکێشانی خوێنەرانێک، کە لەسەرەتای کارەکەوە گریمانەیان دەکات یا لەفیکری ئەوەدایە دەستەمۆیان بکات وابەستەی کۆمەڵێک تەکنیکی ڕیکلامیانە دەبێت.

سادەترین و بەراییترین تەکنیک بریتییە لە تۆمارکردنی کتێبەکە لە پێڕستی بیبلۆگرافیادا، کە لە زۆرێک لە وڵاتەکاندا هەیە (بۆ نموونە

---

٦٥. لە مۆنۆگرافی چاپدا شێوازگەلێکی ئاڵۆز هەیە، کە بۆ دانانی بەهای گشتی فرۆشی کتێب بەکاردەهێنرێت، بەشێوەیەکی پوخت پێویستە بەهای تەواوکراوی هەر بەرگێک لە کاتی هاتنەدەری لە چاپخانە بە جۆرە لێکدانێک(جارانێک) کە دەشێت لە نێوان ٣ تا ٥ بگۆڕێت جاران بکرێت تا بەهای فرۆشمان دەستکەوێت

بیبلۆگرافیـــای فرەنســـا، کە بڵاوکـــراوەی حەفتـــانەیی ئەنجـــومەنی کتێبفرۆشەکانە) لە ڕێگەی ئەم بڵاوکراوەیە، کە کتێبفرۆشەکان و خـاوەن کتێبەکـان زانیـاری لەبـارەی بڵاوبـوونەوەی کتێـب بەدەسـت دێـنن. ئەم ڕیکلامە گشتی و ناتاکەکەسییە دەتوانرێت بە هەنگـاوێکی تاکەکەسییانە بەهێز بکرێت،ئەمەش پێشکەشکردنی نوسخەیەکی نموونەییە لە کتێـبەکە بە کەســـانێک، کە گەشـــت دەکەن. ڕیکلامـــی بازرگـــانی لە جـــۆرە باوەکەیـدا (ئاگاداری لە ڕۆژنامەکـان، ئاگـاداری لەڕێـگەی هەڵواسـین لە دیوار،نیشـــاندانی لە جامخانە)ڕاســـتەوخۆ کـــاریگەری دەخـــاتە ســـەر خوێنەران. ئەم جۆرە ڕیکلامە لە فرەنسا و ئینگلتەرا دا کەمتـر دەکرێـت وەک ئەوەی لە ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـادا ئەنجـام دەدرێـت، چـــونکە لەم وڵاتەدا نیشـــاندانی کتێـــب بە لەبەرچـــاوگرتنی چەنـــد گۆڕانکـارییەکی پێویسـت وەکـو هەر کـاڵایەکی بازرگـانی دیـکە شـکڵ وەردەگرێت[٦٦].

کەموکـورتی ئـامرازە ڕیکلامیـیە کلاسـیکییەکان ئەوەیە، کە ڕوو لە تێکـــڕای خەڵـــک دەکـــات، نەوەک ئەو خـــوێنەرانەی، کە بـــڵاوکەرەوە مەبەستیەتی: لە هەر ١٠٠٠ کەسێک، کە دەکەونە ژێر کاریگەری ڕیکلامـی کتێـب ڕەنـگە ١٠ یـا ٢٠ کەس پێوەنـدی و خواسـتیان بـۆ کڕینـی کتێـب نیشان بدەن، لەبەرامبەردا دەشێ هەر هەزار کەسـەکە بە کڕینـی سـابون

---

[٦٦]. لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیادا هاتووە کە: بۆ بڵاوکەرەوەیەکی ئەمریکی ڕیکلامەکان ١٠% ی بەهـــای بەرهەمهێنـــان تـــایبەت دەکەن بەخۆیـــان، ئەم ژمـــارەیە لە ئینگلـــتەرادا ٦% و لە ئەڵمانیا(٣%)ە.

یا جۆرێکی تایبەتی خواردنەوە یا پێداویستییەکانی ماڵ بوروژێن، بۆ ئەوەی ڕیکلامەکە کاریگەر بێت دەبێت هەر ئەو ١٠ یا ٢٠ کەسەی کە دەشێ ڕیکلامەکە هەرچەند بەشێوەیەکی کەمیش کاریگەرییان لەسەر دروستبکات بکاتە سەنتەر و چەقی چاوتێبڕینەکانی. بەداخەوە کێشەی کارەکە لەوەدایە کە ئەم کەسانە دەتوانن سەد کەس بن یا دوو کەس بن و لە لایەکی دیکەوە سەرلەنوێ ئەم ژمارەیە لەبارەی هەر کتێبێکەوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ئێمە جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە سەر خاسیەتی سنووردار بوون و تاکەکەسی بوونی پرۆسەی بڵاوکردنەوە. لەبەرئەم لایەنەیە، کە هەندێک لە بڵاوکەرەوەکان سوود وەرگرتن لە ئامرازە ریکلامییە ناگشتی و تاکەکەسییەکان و بەتایبەت وتارە واژۆکراوەکان لە بڵاوکراوەکاندا بە چاکتر دەزانن.

وتارێکی لەم چەشنە دەشێ ئیشی (پەیامنێری ئەدەبی) (کە لە ڕۆژنامەدا هەواڵی ئەدەبی دەنوسێت) یا ڕەخنەگرێک بێت، کە چەند خوێنەرێکی تایبەت بەخۆی هەیە و خوویان بە بەدواداچوونی ڕینماییەکانی ئەو گرتووە. دیاری ناردن بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکان گرینگییەکی تایبەتی هەیە لە ڕیکلامە ڕۆژنامەوانییەکاندا: لەگەڵ هەر بەرگێک، کە ئیمزای نووسەری لەسەرکراوە پارچە کاغەزێک کە لەسەری نووسراوە (تکایە ببێت بە پاشکۆ) دەنێردرێت بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکان، کە بەتێکڕا نموونەیەک یا شێوەیەکی گونجاو (هەڵبەتە ستایشئامێز)ە بۆ ناساندنی کتێبەکە.زۆرێک لە ڕۆژنامە کۆنەکانی دیکە لەهەمانکاتدا ئەم

نامەیە چاپدەکەن و تەنیا ئیمزای خۆیان لەژێر نامە زیاد دەکەن. کارێکی زۆر سەرنجڕاکێشتر لەمە بریتییە لە وتاری ڕەخنەگرێکی ناسراو لە ڕۆژنامەیەکدا، کە کڕیارەکانی تاڕاددەیەک هاوتا و بەرامبەرن لەگەڵ خوێنەرە گریمانکراوەکان. بڵاوکەرەوەکان هەموو جۆرە ئامرازێک بۆ دەستگەیشتن بەڕەخنەیەکی لەم جۆرە بەکاردەهێنن، چونکە سەرقاڵترین ڕەخنەگر ناتوانێت لەساڵێکدا زیاتر لە دووسەد بەرهەم بناسێنێت: بەشی چالاکیی گۆڤار و ڕۆژنامەکان هەمیشە بەفیرۆدانێکی زۆر لەخۆدەگرێت ، هەرکاتێک ڕەخنەکە بە زیانی کتێبەکەش تەوا بێت ئەوا گرنگییەکی ئەوتۆی نییە: گرینگ ئەوەیە، کە قسە لەبارەی کتێبەکەوە بکات. ناوبانگی نەرێنی بۆ کتێبەکە بەهەمان ئەندازەی ناوبانگێکی ئەرێنی سودمەندە. بەدناوکردنی کتێبەکە ڕەنگە فرۆشێکی بەرز و سوودێکی زیاتری بەدواوە بێت بۆ بڵاوکەرەوەکە.

تەلەڤزیۆن بە پەخشکردنێکی ڕاستەوخۆ و تاکەکەسیی بەرنامەکانی خۆی جۆرە ڕەخنەیەکی یەکجار کاریگەر بەکاردەهێنێت، کە تێیدا دانەر خودی خۆی ڕووبەڕوو قسە لەگەڵ خوێنەرانی خۆی دەکات، ئەوە تێبینیکراوە، کە لەکاتژمێرە بەراییەکانی دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ نووسەردا فرۆشی کتێبەکەی بە ئەندازەیەکی بەرچاو بەرزدەبێتەوە.

پێویستە تەکنیکێکی دیکە بۆ ئەم تەکنیکە ڕیکلامیانەی، کە لەسەرەوەدا باسکران زیادبکرێت،ئەویش هەڵبژاردنی کتێبە، بۆنموونە هەڵبژاردنی باشترین کتێبی مانگ یا براوەی خەڵاتێکی ئەدەبی یا یەک

دوو بۆچوون لەسەر ئەم جۆرە خەڵاتە بەناوبانگە براوەیەیە، کە لەسەر ڕووی ئەو سەرپۆشە لاوەکییەی، کە بەرگی کتێبەکەی پێ دەپێچرێتەوە دەنووسرێت.

شێوازێکی دیکەش هەیە بەکارهێنانی ئاڵۆز و سەختترە، چونکە وەکو شمشێری دووسەر وایە، ئەمەش بریتییە لە بڵاوکردنەوەی کتێبەکە لە ڕۆژنامەیەک یا گۆڤارێک بەشێوەیەکی تەواو یاخود بەشێوەی بەش بەشی هەڵبژێردراو، یا بەشێوەی پوختە وکورتکراوە. مەسەلەیەکی یەکجار چاک کە لێرەدا بوونی هەیە ئەوەیە، کە سەرنجی خوێنەر کێش بکرێت بەبێ ئەوەی زیانێک بە تازەیی بەرهەمەکە بگات، واتە بێ ئەوەی لەدواتردا فرۆشی کتێبەکە زیانی بەرکەوێت[٦٧].

ئامانجی ئەم تەکنیکە ڕیکلامیانە بەدەستهێنانی خوێنەرانێکی گریمانەکراوە، کە لە نێو کۆی خەڵکدا پەڕاگەندە و پەرش و بڵاون.ئاشکرایە، کە تەواوی خواستەکە ئەوەیە، کە ئەم خوێنەرانە بەیەکجاری بۆ هەمیشە دەستنیشان بکرێن و کۆبکرێنەوە و لەسەر هەمان شێوە بمێننەوە. یانەکانی (کتێب) لە خزمەتی هەمان کاردان، چونکە لە ڕاستیدا ئامانجیان ئەوەیە، کە کتێبی (ڕاسپێردراو) بکەنە جێگرەوەی کتێبی ئامادە و بەردەست. لەوەوەی کە ئەم یانانە خوێنەری گریمانەییان بە ئامانج گرتووە و کارتی ئەندامێتییان بۆ دەرکردووە و

[٦٧]. یەکێک لەو بابەتە سەرکەوتوانەی بڵاوکردنەوەی پێشوەختە دەربارەی ماژۆر تامپسۆنە کە لە چاپکردنی(intervalles irreguliers ) سوودی لە ڕۆژنامەی فیگارۆ وەرگرت.

هەندێجار پەلیان لەڕێگەی پەیماننامەوە بەستووە، ئەوا ئەو خوێنەرە ئیتر ڕێگەیەکی دیکەی بێجگە لە کڕینی کتێبەکە بۆ نامێنێتەوە.

لە وڵاتانەی، کە سیاسەتی ڕێنماییکردنی دەوڵەتییان هەیە بە تایبەت لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا بارودۆخەکە لەسەر هەمان شێوازە، بۆ نموونە لە یەکێتی سۆڤیەتی سۆسیالیستیدا کتێبی نەفرۆشراو تاڕاددەیەک کەمە، چونکە کاری بڵاوکردنەوە، کە لەژێر چاودێریدا نییە سوود لە هاوتاکردن و گونجاندنی خستنەڕوو لەگەڵ خواست و خواست لەگەڵ خستنەڕوودا وەردەگرێت.

لە وڵاتە سەرمایەدارییەکاندا پێگەی بڵاوکەرەوە بێئەندازە ئاڵۆز و شلۆقترە. لەو کاتەوەی، کە کتێبەکە دەخرێتە بازاڕەوە لەژێردەستی بڵاوکەرەوە نامێنێت و دەسەڵاتی بەسەردا ناشکێت. فرۆشی کتێبەکە ڕێک شوێنکەوتەی میکانیزمە بازرگانییە زۆر تایبەتەکانی کتێبفرۆشییە. لە شوێنێکی دیکەدا قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەین. کتێب تا ئەندازەیەک وەکو یەکەمین موشەکە ئاراستەکراوەکان کاردەکات، کە بەشێکی زۆریان پێش ئەوەی بگەنە ئاستی باڵای خۆیان و بەردەوامیدان بە ئامانجەکەی خۆیان سەرەونخون دەبنەوە و ژمارەیەکیشیان لە کۆنترۆڵ دەچنە دەرەوە و فڕینێکی سەرگەردان و پێشبینینەکراو لەخۆدەگرن، بەم شێوەیە زۆرینەی کتێبە بڵاوکراوەکان (لە فەرەنسا٦٠ تا ٧٠%ی بەرهەمهێنان) بەبێ ئەوەی بە فرۆشێکی سودمەندانە بگەن لە خولگەکە دەچنە دەرەوە و بڵاوکەرەوەش هیچ کارێکی لەدەست نایەت،

بەپـــێچەوانەوە هەنـــدێجار وا دێتەپێشـــەوە،کە بەرهەمێـــک لە ســـنووری گەشبینانەترین پێشبینییەکان هەنگاوێکی بـالاتر دەهاوێژێت و دەگۆڕێت بـۆ کتێبێکـی پڕفـرۆش. هێڵـی فرۆشـی ئەمە،کە لە بـازنەی قەیرانـدا تێـدەپەڕێت (بەشـێوەیەکی گشـتی لە فرەنسـا ئەم بـازنەیە ١٠٠٠٠٠ نوسخەیە) بە بەرزی و نزمییەکی بە ڕواڵەت نالۆژیکیانە گۆڕانی بەسەردا دێت. لە هەمان کاتدا بڵاوکەرەوە جگە لە چەند چاپکردنێکی کوێرانەی یەک لەدوای یەکـی کتێـبەکە بـۆ ئەوەی بەدوای شـەپۆڵەکەدا بـڕوات شتێکی دیکەی لەدەست نایەت.

هۆکاری لەدەست دەرچوونی کۆنترۆڵ تـاڕاددەیەک ڕوونە: کاتێـک کۆنترۆڵەکە لەدەست دەردەچێت، کە بەرهەمەکە لە بازنەی ئەو خوێنەرە گریمـانکراوانەی، کە بـڵاوکەرەوە مەبەسـتی بـووە دەچێـتە دەرەوە، لەم بارودۆخەدا بەرهەمەکە بەرەو ناوچەگەلێکی کۆمەڵایەتی هەڵنەسەنگێنراو و نەناسـراو هەنگـاو دەنێـت. لەم کـاتەدا بێهێـزی بـڵاوکەرەوە لە پێشـبینیکردنی کاردانەوەکـانی خـوێنەران لە لاوازی سیسـتمی بڵاوکـردنەوەکە هەڵقـوڵاوە. پرۆسـەی بڵاوکـردنەوە تەنیـا لەڕواڵەتـدا داهێنەرانەیە، لە ڕاستیدا لەبازنەیەکی داخراو لەناو گروپێکی کـۆمەڵایەتی شکڵ و شێوە دەگرێت. بەرهەمێک، کە بۆ ئەم گروپە گونجاو نەبێت بەردەوامـی نابێت و شکست دێنێت، چونکە ناتوانێت لە جێگەیەکـی دیکەدا خوێنەرانێکی پەسەندتر بدۆزێتەوە. خـودی مـاهیەتی هەڵبژاردنـی سـەرەتایی بەرهەمەکە، کە توانـای بڵاوکـردنەوەی بەرهەمەکەی فەراهەم

کردووه دەرگاکە بەڕووی خوێنەرانی دیکەدا دادەخات. دەبینین کە ئەم خوێنەرە جێگرەوانە ڕەنگە بەهۆی (ناپاکی داهێنەرانە)ەوە پەیدا ببن، بەڵام ئەم بابەتە پێوەندی بە بڵاوکەرەوە نییە.

دیاردەی سەرکەوتنی بەرهەم، کە بەهەمان ئەندازە پێشبینیکردنی شتێکی دەگمەنە و وابەستە نابێت بە بڵاوکەرەوە، تەنیا بۆ بەرچاوڕوونی ئەوە دەهێنینەوە، کە لە نزیکەی ١٠٠٠٠٠ بەرهەمێک لە فرەنسا، کە لەماوەی ساڵانی ١٩٤٥و١٩٥٥ دا چاپکراون بەئەستەم یەکێک لەم هەزار بەرهەمە سنوری (١٠٠٠٠٠نوسخەی) تێپەڕاندووە. بەم شێوەیە ئەوە دەبینین، کە کاریگەری ئەرێنی لە چارەنووسی منداڵە تازە لەدایکبووەکانی خۆیدا زۆر زیاتر نییە لەو مامانەی، کە پێشتر لەگەڵیدا بەراوردمان پێکرد. بەپێچەوانەوە کاریگەری نەرێنی بڵاوکەرەوە زیاترە، چونکە بوونەوەرگەلێک، کە ئەو دەیانهێنێتە دونیاوە بێجگە لە ئازادییەکی ساختە و دروستکراو و گرێدراویەکی توند بە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، کە لەپێناوی ئەم تۆڕەدا هاتوونەتەکایەوە لە شتێکی دیکە سوودمەند نین.

# پاری دووەم: تۆڕەکانی دابەشکردن

**١.سنوورەکانی تۆڕ(بازنە):**

لەنێــوان بەهــای کتێــب و ژمــارەی خوێنەرەکانیــدا پێوەنــدییەکی ڕاستەوخۆ بوونی نییە، بەڵام لەنێوان بوونی کتێب و بـوونی خوێنەرانـدا پێوەنــدییەکی تەســک لەئــارادایە. بەم شـێوەیە بەهــای پــارەی وڵات ناپێورێت بە ژمارەی دانیشتوانی وڵاتەکە، بەڵام لەهەمانکاتدا پـارە بەبێ بوونی وڵاتێک،کە تێیدا باوە هیچ واتایەکی نییە.

کتێب لەنـاو چ سـنورگەلێک بـاو و ڕەواجـدارە؟ سـەرەتا دوو سـنوور بەمێشــکدا دێــت، یەکەمیــان ســنووری زمــانی و ئەویتریــان تخــوبی نەخوێندەوارییە. تێگەیشتن لە زمانی کتێبێک و خوێندنەوەی ئەم کتێـبە دوو مەرجی سەرەکی و گرنگی بەکارهێنانی کتێبەکەیە.

کـۆمەڵە گەورەکـانی زمـانەوانی، کە چڕتـرین دانیشـتوانی خـوێنەران پێکـدێنن بـریتین لە: کـۆمەڵەی زمـانی ئینگلیـزی (٣٠٠ملیـۆن کەس

لەدەوروبەری ساڵی١٩٨٠)دا کۆمەڵەی چینی (٣٠٠ملیۆن کەس) کۆمەڵەی ڕووسی (٢٥٠ملیۆن)، کۆمەڵەی ئیسپانی (١١٠ملیۆن)، کۆمەڵەی ئەڵمانی (٦٥ملیۆن) کۆمەڵەی ژاپۆنی (٧٠ملیۆن) و کۆمەڵەی فرەنسی (٥٠ ملیۆن)[٦٨] لەناو هەریەکێک لەم کۆمەڵانە بازنەیەکی سەربەخۆی ئەدەبی هەیە، کە لەژێر کاریگەری سیستمە سیاسی و سنوورە نەتەوەییەکاندا کەم تا زۆر دابەشی سەر چەند بەشێک دەبێت، بەڵام لەهەر بارێکدا پێویستە لەهەموو شوێنێکدا هەمان چڕی هەبێت، واتە لە هەموو شوێنەکاندا یەکسان بێت.

وەرگێڕان ئەو توانایەمان پێدەدات، کە لەنێوان کۆمەڵە زمانەوانییەکاندا جۆرە هاوتاییەکی خۆبەخۆیی (ئۆتۆماتیکی) بهێنرێتەکایەوە. گەڕانەوەیەکی ڕێک بەرەو پێڕستی وەرگێڕانەکان، کە لەساڵی ١٩٥٠ەوە یۆنیسکۆ بڵاوی دەکاتەوە بەبێ هیچ گومانێک ئەو توانایە بەدەستەوە دەدات، کە ئەو یاسا گرنگانەی باڵادەستن بەسەر شەپۆلەکانی وەرگێڕان ئاشکرا بکرێت، ئێستاش ڕوون بۆتەوە، کە ئەم شەپۆلانە سێ جۆرن:

١.شەپۆلە ئایدۆلۆژییەکان لەناو کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی- سیاسی. ئەو شەپۆلانەی، کە لە کۆمەڵەی ڕووسیدا هەن لەم جۆرەن. ئەم شەپۆلە نڕووسیانە یا ڕوو لە یەکە زمانەوانییەکانی ناو یەکێتی سۆڤیەت دەکەن

[٦٨]. ئەم بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنە ، کە جیاوازیەکی کەمی لەگەڵ چاپەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا هەیە ، لەسەر بنەمای کەسانی ١٥ساڵ بەرەو سەرەوەتر، کە دەتوانن بە چاکی و ڕێک و پێکی بخوێننەوە، ڕێکخراوە.

یا ڕوو لە چەند کۆمەڵەیەکی زمانەوانی بچووکتر لە چەند وڵاتێک، کە لەژێر دەسەڵاتی سۆڤیەتدان، یا ڕوو لە کەمینە کۆمۆنیستییەکانی تەواوی کۆمەڵەکان دەکەن.

٢.شەپۆڵە هاوپەیمانییەکان لەنێوان کۆمەڵە گەورەکانی بەرهەمهێنەر و بەکاربەراندا:بەم شێوەیە کۆمەڵە ئینگلیزییەکان، فرەنسیی و ئەڵمانی ١٠تا٢٠ لەسەدی بەرهەمهێنانی ئەدەبی خۆیان بەشێوەیەکی هاوبەش دەفرۆشن.

٣. شەپۆڵە هاوسەنگکەرەکان لەنێوان ناوچە پاڵەپەستۆ زۆرە ئەدەبییەکان و پاڵەپەستۆ نزمە ئەدەبییەکان. ناوچە چڕەکان هەمان ئەو کۆمەڵە گەورە بەرهەمهێنەرەیە، کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، سەرباری ئەوانە بەتایبەتیش ئەو کرۆکە زمانەوانە بچووکانەی، کە خاوەن ئاستێکی ڕۆشنبیریی بەرزن لەئارادان، کە لەڕێگەی دانیشتوانە ئەدەبییە یەجگار فراوانەکەیانەوە بە ئاسانی بازاڕی دانیشتوانی خوێنەرانی کتێب تێردەکەن و بەدوای بازاڕی وەرگێڕانەوەن: وڵاتی هۆڵەندا، یا وڵاتە ئەسکەندەناڤیەکان لەم چەشنەن.

لەبارەی ناوچە پاڵەپەستۆ نزمەکانەوە پێویستە ئەوە بگوترێ، کە ئەم ناوچانە زیاتر لە وڵاتە تازە پێگەیشتوو و دانیشتوان زۆرەکان هەڵکەوتوون، جێگەیەک کە گۆڕانی ڕۆشنبیری خێرای دانیشتوان خواستگەلێک بۆ خوێندنەوەی ئەدەبی دێنێتەکایەوە، کە بەرهەمهێنانی

ناوخۆیی ناتوانێت لە ئێستادا پڕی بکاتەوە بۆ نموونە ژاپۆن و ئەمریکای لاتین.

سنووره نەتەوەییەکانیش (کە هەمیشە هاوتا و هەوتەریب نیە لەگەڵ سنووره زمانەوانی، یا سنووره کلتورییەکان) وەکو چوارچێوەیەک بۆ بازنەی کتێب دادەنرێن، تەنانەت لە وڵاتانی وەکو فرەنسا، کە یەکجار هەناردەکاریشن (چ لە ڕێگەی وەرگێڕان و چ لەڕێگەی فرۆشتنی ڕاستەوخۆی کتێبدا) بەشێکی گەورەی بەرهەمهێنان گرێدراوە بە بازاڕی ناوخۆییەوە. یاسا پارێزە گومرگییەکان (بە تایبەت لەنێوان وڵاتە پێشبڕکێکارەکانی ناو یەک کۆمەڵەی زمانەوانی وەکو ئینگلتەرا و ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا) و جیاوازیە دراوییەکان (ناوچەبەندی کردنی) ئەدەب زیاتر دەکەن، تەنانەت یاسا لیبرالییەکانیتریش بەهەمان ئەو شێوەیەی، کە یۆنیسکۆ داوای دەکات مەسەلەکەی چارەسەر ناکات. کێشەکە لەوەدایە، کە یاسا بۆ کتێب بێجگە لە لەلایەنە مادديیەکە شتێکی دیکە نابینێت و تەنیا بایەخ بە بەها پیشەسازییەکەی دەدات، لەڕاستیدا باشتر وایە بەهای ڕاستەقینەی کتێب لەڕووی ئالوگۆڕە کلتورییەکەی بەپێی ژینگەکان و گروپە جیاوازەکان لەبەرچاو بگیرێت. تاکە کتێبێک بەپێی بونیادی ئابووری و کۆمەڵایەتی دوو وڵات و پێگەی کارکردنە کلتورییەکەی لە ناو زنجیرەی پلە و پایە نەتەوەییەکانی ئەم دوو وڵاتەدا یەک واتا و یەک پێناسەی نییە.

لەپاشاندا پێویستە میکانیزمی دابەشکردنی ئەدەبیی لەسەر بنەمای چەند یەکەیەکی گشتگیرتر و لەهەمانکاتدا سادەتر لە نەتەوە و کۆمەڵە زمانەوانییەکان، کە لە خودی خۆیاندا بونیادگەلێکی ئاڵۆزن لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. لەڕاستیدا هەر گروپێکی کۆمەڵایەتی چەندین خواستی کلتوری تایبەت بەخۆیان و لەکۆتاییشدا ئەدەبێکی تایبەت بەخۆیان هەیە. گرووپ دەشێ ڕەگەزی، تەمەنی، چینایەتی بێت و بەم پێیەش بابەتی ئەدەبی ژنان، ئەدەبی منداڵان، ئەدەبی کرێکاری دەخرێتەڕوو و قسەی لەسەر دەکرێت. هەریەک لەم ژانرە ئەدەبیانە سیستمێکی ئالوگۆڕی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی گۆڤارەکانی ژنان و کتێبفرۆشەکانی منداڵان و کتێبخانەکانی کرێکاران هەن پێویستیشە هەریەک لەوانە سیستمگەلێکی تایبەتی خۆشیان هەبێت، هەڵبەتە ئالوگۆڕکردنەکان و بەکارهێنانە دووجەمسەرییەکان و تەنانەت چەند بازدان و هەڵبەزینەوەیەکیش هەن، کە دەبنە هۆکاری ئەوەی هەندێک بەرهەم لە سیستمێکەوە هەنگاو بۆ سیستمێکی دیکە بنێن.

گروپێکی کۆمەڵایەتی،کە خاوەنی دەستنیشانکراوترین و ڕوونترین ناسنامەی ئەدەبی بن بریتییە لە گروپی کلتوری (ڕۆشنبیری)، ئێمە پێشتر بینیمان،کە دەستەی (ڕۆشنبیران) سەرچاوە و کانگەی خودی چەمکی ئەدەبە. ڕۆشنبیران، کە لەبنەڕەتدا ستافێکی داخراو پێکدێنن، لە ڕۆژگاری ئێمەدا نە چینێکن و نە توێژێکی کۆمەڵایەتی و تانەنەت

گروپێکی کۆمەڵایەتی پیشەیی دیاریکراویش نین. دەتوانرێت وا پێناسەی ڕۆشنبیران بکرێت، کە چەند کەسایەتییەکن فێرکارییەکی فیکرییان هەیە و سوودمەندن لە پەروەردەکردنێکی جوانیناسانەی تاڕاددەیەک قووڵ و ئەمەش توانایان پێدەدات خاوەنی هەڵسەنگاندنێکی تاکەکەسیانەی ئەدەبی بن، چونکە کاتێکی باشیان بۆ خوێندنەوە هەیە و توانای کڕینێکی باشی کتێبیان هەیە و پێویستە سەرنج لەوە بدەین، کە ئەو پێناسەی سەرەوە پێناسەیەکی شاراوە و ناواقیعییە: زۆر لە ڕۆشنبیران هیچ جۆرە بیروبۆچوون و بیروڕایەکی ئەدەبییان نییە، هەرگیز کتێب ناخوێننەوە، هەرگیز کتێب ناکڕن،بەڵام توانای ئەم دوو کارەیان هەیە.

ئەم گرووپەی ڕۆشنبیران لە کۆندا هەر هەمان چینی ئەستۆکراتی بووە، لەپاشاندا بەشێوەی چینی بۆرژوازی ڕۆشنبیر، کە پاڵپشتە کلتورییەکەی فێرکارییە مامناوەندە کلاسیکییەکە بوو دەرکەوت.

لەئێستادا بەشێک لە خاوەن کارە فیکرییەکان (بە تایبەت ئەندامانی دەستەی فێرکردن و پەروەردەکردن، کە بەشێکی گرنگی ڕۆشبیران پێکدێنن)، خاوەن کارە هونەری و بەشێک (هەڵبەتە لاوان)لە خاوەن کارە دەستییەکان، کە فێرکارییەکی سەرەتایی یا نوێیان بینیووە هێزە سەرەکییەکانی ڕۆشنبیران پێکدەهێنن. ئەم گروپە هەر ئەوەیە، کە ئێمە بەناوی (ژینگەی ئەدەبی) ناومان بردووە و زۆربەی نووسەران هەڵقوڵاوی ئەم ژینگەیەن. هەروەها تێکڕای بەشداریکەران لە دیاردەی ئەدەبیدا، لە نووسەرەوە بگرە تا مامۆستای مێژووی ئەدەب، لە بڵاوکەرەوە تا

ڕەخنەگری ئەدەبی پێوەندییان بەم ژینگەیەوە هەیە. ئەم کەسانە،کە (باری ئەدەب لەکۆڵ دەنێن) هەموویان لە ڕیزی ڕۆشنبیرانن. دیاردەی ئەدەبی تایبەت بە ڕۆشنبیران — بەهەمان ئەو شێوەیەی، کە لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی میکانیزمی پرۆسەی بڵاوکردنەوەدا بینیمان- لە بازنەیەکی داخراودا لەناو ناخی گروپێک ئەنجام دەدرێت.

لە بەرامبەر تۆڕی ڕۆشنبیراندا چەند سیستمێکی دیکەی دابەشکردن هەن، کە ئێمە پێیان دەڵێین تۆڕە میللییەکان، یا بازنە میللییەکان (لەبەرئەوەی وشەیەکی باشترمان نەدۆزیوەتەوە بۆی). ئەم سیستمانە بۆ خوێنەرانێک داڕێژراون،کە پەروەردەکاری و چێژێکی ئەدەبی ئاشکرای تیایاندا بەئاگاهێناوە، بەڵام هەڵسەنگاندنێکی ڕوون و بەڵگەداری تیایاندا نەهێناوەتەکایەوە، بارودۆخەکانی کار و ژیانیان بەجۆرێکە، کە خوێندنەوە بۆیان نائاسودەکەر، یا نائاساییە و دەرامەتیشیان توانای کڕینێکی باشی کتێبیان پێنادات. ئەم خوێنەرانە هەندێکجار وابەستەن بە خوردەبۆرژوازی، بەڵام زیاتر بریتین لە فەرمانبەران، کرێکارە دەستییەکان و جوتیاران. خواستە ئەدەبییەکانیان وەکو خواستەکانی خوێنەرانی بازنەی ڕۆشنبیرانە بە هەمان گرینگی و هەمان جۆر و هەمان کوالیتییەوە، بەڵام ئەم خواستانە هەمیشە لەدەرەوە تێردەکرێن. ئەم کەسانە خۆیان هیچ ئامرازێکیان بۆ ناساندنی کاردانەوەکانی خۆیان بەرامبەر بە بەرپرسیارانی بەرهەمهێنانی ئەدەبی، نووسەران یا بڵاوکەرەوەکان نییە، لەکاتێکدا کتێبفرۆشیەکانی ڕۆشنبیران

شوێنێکی گونجاوی ئالوگۆڕکردنە ، فرۆشگا سەرەکییەکانی کتێب بۆ تۆڕە میللییەکان تەنیا (شوێنی نیشاندان)ی کتێب، یا شوێنێکی ئاسایی کتێب فرۆشتنە[٦٩]، کەسانی ناو ئەم بازنەیە هیچ ڕۆڵێکیان لە کایەی ئەدەبیدا نییە.

**٢. بازنەی ڕۆشنبیران:**

ئەگەر نموونە بە کتێبفرۆشییەکی مامناوەند بهێنینەوە، کە لەتەواوی شارەکانی دونیادا هەزاران جۆری ئەم کتێبفرۆشییە هەن و کۆی ناونیشانەکانیان لەنێوان پێنج تا شەش هەزاردایە و زۆربەی کات یەک نوسخە یا لەحاڵەتێکی زۆر پێویستدا دوو نووسخە لە هەر ناونیشانێک تیایاندا دەستدەکەوێت. لەم ڕێژەیە ٤٠٠ ناونیشانیان لەناو جامخانە و ١٢٠٠ ناونیشان لەسەر ڕووی مێزەکانی پێشەوە و ڕەفەکانی ناو کتێبفرۆشییەکەن.

بەرهەمهێنانی کتێب لە فرەنسا لە دەوروبەری ٢٠٠٠٠ تا ٢٢٠٠٠ ناونیشانە لەساڵێکدا، تەنانەت ئەگەر بازاڕی کتێب خۆش بێت و کتێبەکان بە خێرایی چاپ بکرێنەوە، ئەوا ناتوانرێت پێشبینی ئەوە بکرێت، کە لەم کتێبفرۆشییانەدا بێجگە لە بەشێکی کەم لەم ناونیشانە دەستبکەوێت و ڕێژەیەکیش لەم بەشەدا لەسەر مێزەکانی پێشەوەو ڕەفەکانی ناوەوە بە کڕیارێک، کە پێوەندییەکی توندوتۆڵی نیشانداوە و هەنگاوی بەرەو ناوەوەی کتێبفرۆشییەکە ناوە، واتە لەڕێگەی تۆڕی

---

[٦٩]. ئەتڵەسی کتێب خوێندنەوە لە شاری بۆردۆ لە ( لە سەنتەری کۆمەڵناسیی دیاردە ئەدەبییەکانی بۆردۆ)دا دوو جۆرە تۆڕ لەسەر ڕووی نەخشە نیشاندەدات.

بازرگانی کتێبفرۆشییەکەوە هاتوونەتە ناوەوە پێشاندەدرێت، تەنیا ڕێژەیەکی زۆر کەمی ئەم بەشەش، کە بەدرێژایی سەردەمێکی تاڕاددەیەک کورت لە جامخانەکان لەبەرچاوی هەمووان دادەنرێن.

ئەمە بەو مانایەیە، کە کتێبفرۆش وەکو بڵاوکەرەوە لەنێو ئەو نووسینە زۆرانەی، کە دەخرێتە بەردەمی، ئەو شتە هەڵدەبژێرێت، کە بەبۆچوونی خۆی بۆ بەکارهێنانی خوێنەرانێکی دیاریکراو گونجاو دەبێت. هەڵبژاردنی کتێبفرۆش جیاوازی لەگەڵ هەڵبژاردنی بڵاوکەرەوە هەیە، چونکە ئەو خوێنەرانەی، کە بڵاوکەرەوە مەبەستیەتی خوێنەرانێکی گریمانەکراوی کتێبەکانی ئەون، بەڵام ئەو خوێنەرانەی، کە کتێبفرۆش مەبەستیەتی خوێنەرانێکی ڕاستەقینەن، کە ڕاستەوخۆ خۆیان نیشان دەدەن، واتە کڕیاری ئەون. جیاوازییەکی دیکە ئەوەیە، کە کاتێک بڵاوکەرەوە دەستنووسی دانەر ڕەتدەکاتەوە، ئەوا بوونێکی ئەدەبی پەیدا ناکات، لەکاتێکدا کتێبێک، کە فلان کتێبفرۆش نایفرۆشێت، هەم ئێستا بوونی هەیەو هەمیش دواتر دەیبێت، بە دەربڕینێکی دیکە هەڵبژاردنی بڵاوکەرەوە ئەدەب دەخولقێنێت، لە کاتێکدا هەڵبژاردنی کتێبفرۆش چەند چین و پلە و پایەیەک لە ئەدەبدا دێنێتەکایەوە.

چەند کتێبفرۆشییەک هەن گشت شتێکیان و بەتایبەتیش سیستمی ئامادەکردنی کتێبیان[٧٠] بەجۆرێکە، کە وەڵامی هەموو جۆرە داواکاری و

[٧٠]. کتێبفرۆشی، کە داوا ی کتێب لە بڵاوکەرەوە دەکات بەدوای ئەوەوەیە، کە خەرجییەکانی بارکردنی کتێبەکە، کە دەشێ بەشێکی گەورەی دەرامەتەکانی کتێبفرش قووت بدات کەمبکاتەوە، بەم هۆیەوە کتێبفرۆشییە گەورەکان هەقدەستی چەند کارێک بەکاردەهێنن، کە ناردنی سەفتەکان

خواستێک دەداتەوە، بەڵام ئەم جۆرە کتێبفرۆشیانە بەپەنجەی دەست دەژمێـــردرێن. ئامارێـــک لە ســـاڵی ١٩٤٥دا ،کە لە مۆنـــۆگرافی چاپـــدا تۆمـارکراوە و دەرچـووە (٢٠٣) (کتێبفرۆشـی سـەراپایی) لە فرەنسـادا ژماردووە، ئەم ژمارەیە تەنیا کەمێک زێدەبوونی بەخۆیەوە بینیووە.

لە فرەنســـا دا کتێبفرۆشـــی لەســـەر شـــێوەیەکی تـــاڕاددەیەک سەرەتاییانەی خۆی ماوەتەوە لەگەڵ هەموو ئەمـانەدا لە سـاڵانی ١٩٧٠دا چەنـــدین کتێبفـــرۆش لە جـــۆری (فەزای گەورە) کە فنـــاکF.N.A.K ناسراوترین نموونەی ئەمـانەیە بەربڵاوی و فراوانـی بەخـۆیەوە بینیـووە. سیسـتمی بازرگـانی ئەم جـۆرە کتێبفرۆشـییانە و ئەو بـوون و دەرکەوتە گەورەیەی، کە لەباریانـــدایە و ئیشـــکردنیان بەشـــێوازی خزمەتگـــوزاری پێشـــوەختە ئەو توانایەیـــان پێـــدەدات، کە داشـــکاندنێکی بەرچـــاو بـــۆ کڕیارەکـانی خۆیـان بـکەن. هاتنەکـایەوەی ئـازادی لە بەهـای کتێـب لە سـاڵی ١٩٧٩دا بـارودۆخێکی خولْقانـد،کە کتێبفرۆشـیە کلاسـیکییەکان و بەتـــایبەتیش کتێبفرۆشـــییە مامناوەنـــد و بچووکەکـــانیتر نەیـــانتوانی لەبەرامبەر چاودێری خۆیان ڕاگرن.یاسای لانگ لە ساڵی ١٩٨١دا دووبارە نرخی کتێبی جێگیرکرد، بەڵام زۆر کار هەبوون تـا ئەم یاسـایە بتوانێـت مەسەلە ئابورییەکانی کتێبفرۆشی، کە سـەخترینیان ئامـادەکردنی کتێـب

---

بەشێوەیەکی گونجاو و دەستبەجێ ئەنجام دەدەن، هەڵبەتە ئەم مەسەلەیە بۆ کتێبفرۆشییەکانی نزیک لە کۆگاکانی بڵاوکەرەوەکانن، یا بۆ ئەوانەی، کە وابەستەن بە خودی بڵاوکەرەوە ناخرێتەڕوو و جێ بەجێ ناکرێت، لە هەندێک لە وڵاتەکاندا (هۆڵەندا ، دانیمارک، نۆرویژ، سویسرا)سەنتەرەکانی هاریکاری بۆ ناردن و دابەشکردنی کتێب دامەزراون.

بوو چارەسەر بکات. وڵاتە سۆسیالیستییەکان لە شارە سەرەکییەکانی خۆیاندا (خانەکانی کتێب)یان دامەزراند، کە تیایاندا کتێبەکان تا رادەیەکی کەم لەژێر ستەمدان و کتێبفرۆشیەکان دەتوانن لەوێ کتێب ئامادە بکەن[٧١].

بەڕێوەبردنی کاروبارە ئابوورییەکانی کتێبفرۆشی کارێکی ئاسان نییە، پرۆسەیەکی ئاڵۆز و سەختە و هەمیشە ئامادەکەری کتێبە نەفرۆشراوەکان دەشێ لەڕێگەی سیاسەتێکی چەند مانگەی کڕینێکی ناشارەزایانە سەرمایە بنەڕەتییەکەی خۆی بەتەواوی بەبادا، لەبەرئەوەیە کتێبفرۆشیە گەورەکان سەرباری گرینگیەکەیان ناچارن پێوەندییەکی تاکەکەسی لەگەڵ کڕیارەکانی خۆیاندا پەیدا بکەن و ئەم کارە بە ناردنی کەتەلۆگ بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و وەرزیانە و بۆ ئەو کڕیارانەی، کە ناویان لە نووسینگەی کتێبفرۆشیەکە تۆمارکراوە، یا لەڕێگەی پێوەندی ڕووبەڕوو لەگەڵ کڕیاراندا، یا بەتایبەتکردنی هەندێک لە ڕەفە یا بەشەکانی خۆیان و هەروەها بە مۆڵەتپێدانی خوێنەرە گریمانکراوەکان بە هەڵگێر و وەرگێڕکردنی کتێبەکە لەنێو ڕەفەکاندا ئەنجام دەدەن[٧٢]، بەم هۆیەوە ئەو ناوچانەی، کە بۆ کردنەوەی کتێبفرۆشیە سەراپاگیرەکان

---

[٧١].لە یەکێتی سۆڤیەتدا ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە وابەستەن بە دەوڵەت یا بە سەندیکاکانەوە، گرنگترینی ئەم ناوەندانە بریتییە لە سەندێکای نووسەران. دابەشکردن لەم ناوەندانە لەلایەن وەزارەتەوە بەشێوەیەکی چڕ ئەنجام دەدرێت، کە خۆراکی ٢٥٠٠٠٠کتێبفرۆشی وڵاتەکە دابین دەکات و بەشی فرۆشی (گەیاندنی) و کتێبخانەکانیشی لەئەستۆ دایە.

[٧٢]. کتێبفرۆشی ژیبێر(GIBERT) لە فەرەنسادا نموونەیەکی چاک و باڵایە بۆ بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە بازرگانیانە.

بە گونجاو دادەنرێن بریتین لەو ناوچانەی شار، کە بوونی زانکۆ تیایاندا کەشێکی فیکری چالاک دێنێتەکایەوە: بۆ نموونە لە فرەنسا بەپێی گرینگی دەتوانرێت ناوی هەریەک لە شوێنەکانی شەشەم، هەشتەم، حەفتەم و پێنجەمی پاریس و شارەکانی لیل، لیۆن، بۆردۆ، مارسی،ستراسبۆرگ، تۆلۆز و هیتر بهێنرێت.

دابەشکردنی ناوچەیی (واتە لەناوەی وڵاتێکدا.و) کتێبی (ئەدەبی) وابەستەیە بە کتێبفرۆشییە مامناوەندەکانەوە، لە فرەنسادا دەتوانرێت ٣٥٠٠ کتێبفرۆشی لەم جۆرە بدۆزرێتەوە، کە بەپێی ڕێژەی دانیشتوان یەک کتێبفرۆشی بۆ ١٢٠٠٠ کەس دەبێت. ئەم ژمارەیە بێگومان یەکێکە لە بەرزترین ژمارەکان لە جیهاندا[٧٣]. لە راستیدا لە هەندێک لە وڵاتان دەشێ ژمارەی شوێنەکانی فرۆشتن لەمەش زیاتر بێت، بەڵام ئێمە لێردە قسەمان لەسەر ئەو کتێبفرۆشیانەیە، کە سیاسەتێکی بازرگانیانەی ڕەسەن و سەربەخۆیان هەیە.

---

[٧٣]. لە مۆنۆگرافی چاپ بۆ ساڵی ١٩٤٥، ٢٠٣ کتێب فرۆشی سەراپایی، ٢٦١١ کتێبفرۆشی مامناوەند، ٤٩٧٦ کتێبفرۆشی بچووک و ژمارەی شوێنەکانی فرۆشتن ١٧٠٠٠ ناویان هێنراوە و تۆمارکراون.book for all بۆ ساڵی ١٩٥٢ باسی ٣٥٣٥ کتێبفرۆشی واقیعی کە بە شێوەیەکی مامناوەند هەر یەکەیان دوازدە کەس کاریان تێدا دەکات هەروەها باسی ١٢٧٨٠ کتێبفرۆشی کردووە لەو جۆرەی کە بە ڕۆژنامەفرۆشی هەژمار دەکرێن. بۆ هەمان ساڵ ساڵنامەی سەرژمێری فرەنسا ژمارەی ئەو دامەزراوانەی، کە هەڵدەستن بە فرۆشتنی کتێب( پۆلێنبەندی دەیی ٧٦٤) بریتین لە ٧٣٤٨ لەم ژمارەیەدا کرێکارانی ٦٥٩٠ دامەزراوە لەخوار ٦ کەسەوەن. ئەم ئامارە ئاستەنگی و سەختییەکی گەورەی هەڵسەنگاندن لە کاری کتێبفرۆشیدا نیشان دەدات بەهۆی نەبوونی چەندین پێوەری ڕاست و دروست.

ئەم ئـازادی و سـەربەخۆییە لەکـارەکەدا وابەسـتەیە بە هەبـوونی چەندین ڕێژە لە کتێب، کە نە ئەوەندە کەم بێت مـامەڵە بازرگانییەکـانی پـێ ئەنجـام نەدرێـت و نەئەوەنـدەش زۆر بێـت، کە سـەرمایەیەکی زۆر بخەوێنێــت. بەهەمــان ئەو شــێوەیەی کە لەســەرەوە تێبینیمــانکرد کتێبفـرۆش بە سـەرنجدان لە خـوێنەرانی خـۆی ئەم ڕێـژە کتێـبە ئامـادە دەکــات. بە ســەیرکردنی جامجــانەی کتێبفرۆشــێک دەتوانرێــت ئەو مەزەنـدەیە بکرێـت، کە لە نزیکـی ئەم کتێبفرۆشـیەدا زانکـۆ، کڵێسـا، قوتابخانە، کارگە یـا شـانۆیەک هەیە، تەنـانەت دەتوانرێت وێـنەی هـێڵە گشــتییەکانی بنیــادی کــۆمەڵایەتی- پیشــەیی خەڵکــی شــوێنەکەش بکێشرێت.

پســپۆڕی بوون (تایبەتمەنـد بـوون) یەکـێکە لەو تەکنیکـانەی،کە کتێبفرۆشی مامناوەند لەڕێـگەیەوە پـێگەیەک بە چـالاکی خـۆی دەدات و چــالاکی خــۆی ســنووردار دەکــات. دیــارترین نمــوونە لەســەر ئەمە کتێبفرۆشیەکی تەقلیدییە،کە لەتەک دامەزراوەیەکی فێرکاریـدایە. زۆربەی کـات لەتەک کتێبـدا کەلوپەلەکـانی نوسـینیش دەفرۆشـرێن، لـە زۆربەی بابەتەکانــدا لیســتی چەنــدین کتێــب ،کە لە قۆنـاغە جۆراوجۆرەکانــدا دەخوێنرێن بە ڕێککەوتنی دامەزراوە فێرکارییەکە لەگەڵ کتێبفرۆشییەکە، کە جۆر و قەوارەی داواکارییە پێویستەکانی کتێبەکە لەپێشدا دەزانێت، فەراهەم دەبێت. سیسـتمێکی لەم جـۆرە بـۆ دامەزراوە فێرکـارییەکە ئەم سـوودەی هەیە، کە خواسـتەکانی یەکسـەر دەسـتەبەر دەکرێـت، لە هەر

بارێکدا کە کتێبفرۆشییەک لە پێوەندیدا دەبێت لەگەڵ ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی، کە بۆ ئیشەکەی خۆی نیازی بە چەند بابەتێکی خوێندنەوەی ڕێک و پێک و قابیلی پێشبینیکردن هەیە، ئەوا جۆرە هاریکاریکردنێکی سودمەندانەی ئاوا لەنێوانیاندا پەیدا دەبێت. لەپاڵ کتێبفرۆشیە تەقلیدیەکاندا ، کتێبفرۆشیە تەکنیکی، ئایینی، پزیشکی و هیتریش هەن، کە ئاڵوگۆڕییەکان تیایاندا لە بازنەیەکی داخراوی کۆمەڵەیەکی (گروپێکی) سنووردار و بەرتەسکدا دەبێت.

جۆرێکی دیکەی تایبەتمەندبوون دامەزراندنی کتێبفرۆشییەکی بەرهەمە هونەریەکانە، کە زۆربەی کات کتێبەکانی دەستی دووەمیش دەفرۆشێت.

نزیکەی ٧ یا ٨ لەسەدی کتێبفرۆشیە مامناوەندەکان کاری فرۆشتنی کتێبەکانی دەستی دووەم ئەنجام دەدەن، بەڵام بازاڕی ئەم جۆرە کتێبانە لەکاتی ئێستادا شایەنی ئامارکاری نییە: دەتوانرێت لەم زەمینەیەدا چەند لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونێکی چاک و سەرنجڕاکێش ئەنجام بدرێت، لەو شوێنەی کە کتێبەکانی دەستی دووەم ئابلۆقەدراون بە ژمارەیەک لە هەوادارانیەوە، ئەوا لە بەکارهێنانێکی بێگەردی ئەدەبیدا – بێجگە لە چەند بابەتێکی تایبەت، کە دواتر قسەیان لەسەر دەکەین – گرینگییەکی دیکەی ئەوتۆیان نییە.

کتێبفرۆشییە مامناوەندەکان، کە کتێبی تازەی ئەدەبی دەفرۆشن بەشێوەیەکی زۆر ڕێکخراوتر و ڕێکتر لە کتێبفرۆشیە سەراپاییەکان

لەسەر ئاستی شاردا بڵاوبوونەتەوە، هەر شارێکی بچووک و تارادەیەک گرنگ خاوەنی چەند کتێبفرۆشییەکی مامناوەندی تایبەت بەخۆیەتی، بۆ نموونە لە پارێزگای ژیرۆند ڕێژەکەیان بۆ ناوچەی بۆردۆ یەک کتێبخانە بۆ هەر ١٠٠٠٠ کەسە و بۆ تێکڕای پارێزگاکە کتێبخانەیەک بۆ هەر ١١٠٠٠ کەسێکە.

لە راستیدا کتێبفرۆشی مامناوەند بەهۆی ئەوەی لەبارنەی خوێندنەوەی بەرهەمە کارەکییەکاندا دەردەچێت، ئەوا جگە لە چەند توێژێکی کەمی کۆمەڵایەتی یەجگار دیاریکراودا پێوەندی و سەروکاری لەگەڵ لایەنێکی دیکەدا نییە، بەتایبەت لەگەڵ چینی کرێکار یا چینی جووتیار پێوەندی بەرقەرار ناکات، بەهەمان ئەو شێوەیەی، کە (بنینیۆ کاسێرس) دەڵێت:

**ئەو کتێبفرۆشیانەی کە ڕۆمانە ئاست بەرزەکان دەفرۆشن (...) بێجگە لە چەند بارودۆخێکی شاز ئەگینا لەسەر سەر ڕێگای کرێکاران نین)**[٧٤].

کرێکاران لە ڕێگا ئاسایی و ڕۆژانەییەکانی خۆیاندا چاویان بە کابینەکانی ڕۆژنامەفرۆشی و جگەرەفرۆشی و دوکانە هەرزانەکان و کۆشکەکانی پەرتوک فرۆشتن دەکەوێت و ڕەنگە هەر لەو جێگایانەش بێت کە بابەتێک بۆ خوێندنەوە دەدۆزنەوە.

---

[٧٤]. هەواڵنامە کۆمەڵایەتییەکان، ژێنیوەری١٩٥٧: چۆن کتێب بگەیەنین بە خوێنەر؟ ل١٠٧ بەڕێز کاسێرس پسپۆڕی فێرکاری مرۆییە.

ئەوە شتێکی سەرنج ڕاکێش دەبێت ئەگەر بێتوو جامخانەی کتێبفرۆشییەکی مامناوەند لەگەڵ جامخانەی کابینەیەک لە هەمان دەوروبەردا، بۆ نموونە کابینەی ڕۆژنامەفرۆشیی یا جگەرەفرۆشییەکان بەراورد بکەین. ئەم دوو جامخانەیە بەشێک لە ناونیشانەکانیان بەشێوەیەکی هاوبەش هەیە، بۆنموونە ئەو جۆرە بەرهەمانەی، کە خوێنەرانێکی یەکجار بەربڵاویان هەیە وەکو ڕۆمانە پۆلیسییەکان، کتێبە پڕفرۆشەکان کە تیراژەکانیان لە سەرووی (١٠٠٠٠٠)دایە، بەرهەمە گەورە کلاسیکییەکان، کە بەچاپێکی هەرزان هاتۆتە بازاڕ و هیتریش، بەڵام قەوارەی کۆگاکانی کتێب لەم دوانەدا بەتەواوەتی جیاوازە، هیچ کەسێک بیر لەوە ناکاتەوە، کە لە کابینەیەکی جگەرەفرۆشی بەدوای بەرهەمێکی (شارل پیگێ)دا بگەڕێت و یا داوای کۆتا (ڕۆمانی دڵداری)، کە تازە هاتۆتە بازاڕەوە لە کتێبفرۆشیە هەرزانەکان بکات، خاڵێکی دژوارتر ئەوەیە، کە کرێکار و ڕۆشنبیرێک، کە هەردووکیان دەیانەوێت (بیرەوەرییەکانی مێجەر تامپسۆن)[٧٥] بکڕن سەردانی یەک شوێن ناکەن.

پێویستە سەرنج لەوە بدەین، کە زۆربەی زۆری کتێبفرۆشییە مامناوەندەکان هاوتەریب و هاوتان لەگەڵ ئەو شتەی، کە ئێمە بە (بازنەی ئەدەبی ڕۆشنبیران) ناومان هێناوە، واتە هەمان ئەو ئەدەبەی،

---

[٧٥]. بیرەوەرییەکانی مێجەر تامپسۆن کە نووسراوی ڕۆماننووسی بەناوبانگی فەڕەنسی پییێر دانینۆسە و لەساڵی ١٩٥٤دا بە زنجیرەیەک لە لۆفیگارۆی فەڕەنسیدا بڵاوکرایەوە و ناوبانگێکی جیهانی بەدەستهێنا و بۆ زۆربەی زمانەکان وەرگێڕدرا.و.کوردی

کە دواتـر جـێگەی خـۆی لە کتێبەکـانی مێـژووی ئەدەبیاتـدا پەیـدا دەکات (یا بەدوایدا دەگەڕێت).

کڕیـارانی ئەم ئەدەبە بە شـێوەیەکی تـایبەت لە کەسـە بـۆرژوازیە ڕۆشنبیرەکان و خاوەنکارە ئازاد و هونەرییەکان یا ڕۆشـنبیران پێکـدێن، واتە خوێنەرانێکی بەهێز، کە لە فرەنسـادا نـزیکەی یەک تـا سێ ملیـۆن کەسـن، هەڵـبەتە لە هەمـان وڵاتـدا دانیشـتوانی ڕاسـتەقینەی خـوێنەری کتێب دەگاتە ۳۰ ملیۆن کەس.

بە لێکـــۆڵینەوە لە پێڕســـتی ئەو بەرهەمە فرەنســـییانەی،کە تیراژەکانیـان لە سـەرووی ۱۰۰۰۰نوسـخە بـووە لەسـاڵی ۱۹۵٦ و لە هەواڵنامەی ئەدەبیدا بڵاوکـردۆتەوە[٧٦]، دەتوانرێـت درک بەوە بکرێـت، کە بازنەی ئەدەبـی ڕۆشـنبیران تـا چ ئەنـدازەیەک سـنووردارە. ئەم پێڕسـتە زۆر ورد و تەواو نیـــیە، ئەوە ڕوونە کە تـــاڕاددەیەکی زۆر هەمـــوو ئەو بەرهەمانەی، کە سـەرچاوەی خـۆراکی سـاڵانەی ئەدەبـی (ڕۆشـنبیران)ی فرەنســی فەراهەم دەکەن لەخــۆ دەگرێــت. لەڕێــگەی ئەم پێڕســتەوە دەتوانرێت پەی بەم ڕاستیانە ببردرێت:

١.سـەرجەمی نوسـخەی ئەو بەرهەمـانەی، کە لەپێڕسـتەکەدا هـاتووە بریتییە لە ٤٣٠٠٠٠ نوسخە لەو ١٥٠ملیـۆن نوسـخەیەی، کە بڵاوکـردنەوەی فرەنسا لەو ساڵەدا دەریکردووە واتە ڕێژەی٣%.

[76] . les nouvelles litteraires, 31 janvier, 1957.

٢. ئەم پێڕستە ١٦٦ ناونیشان لەخۆ دەگرێت لەو٣٠٠٠ناونیشانەی، کە لەبەرهەمهێنانی ئەدەبی فەرەنسا لەساڵی ١٩٥٦دا بەناوی (ناونیشانی ئەدەبی) بڵاوکراونەتەوە، واتە ڕێژەی ٣ ,٥٥%.

٣. لەم پێڕستەدا ناوی ١٩ بڵاوکەرەوە لەو ٧٥٠بڵاوکەرەوەی، کە لە ساڵی١٩٥٦دا بە چالاک هەژمارکراون هاتووە، واتە ڕێژەی٢ ,٥٥%.

هەڵبەتە ئێمە لێرەدا نە کتێبە کارەکی و ئەرکییەکانمان هەژمارکردووە، نە ئەو کتێبە نیمچە سەرکەوتووانە، یا سەرنەکەوتووانە، یا کتێبە ئەدەبییە میللییە گشتگیرەکان (لە جۆری ڕۆمانی پۆلیسی)، کە کتێبفرۆشەکان زیاتر لەڕێگەی ئەمانەوە داهاتی خۆیان دەستەبەر دەکەن و خۆیان دەژیێنن، بەڵام هەر ئەو زانیاریانە بەسن بۆئەوەی ئەو شتە ڕوونبێتەوە، کە پێیدەوترێت ژیانی ئەدەبی وڵات، بۆ نموونە ژیانێکی ئەدەبی وڵاتێکی وەکو فرەنسا (واتە وڵاتێک، کە ژیانی ئەدەبی تێیدا بەشێوەیەکی تایبەت چالاک و پڕ جموجۆڵە) شتێک نییە جگە لەیارییەک، کە لەنێوان ژمارەیەک بەشداربووی دیاریکراو لەئارادایە.

کتێبفرۆش بێ ئەوەی هەمیشە مەبەستی بێت، یەکێکە لە بەشداربووانی ئەم یارییە. هاوسەنگی بازرگانی بۆ ئیشەکەی ناچاری دەکات، کە نەک تەنیا هۆشیاری و ئاگادارییەکی بەردەوامی لەبارەی بەرهەمهێنانەوە هەبێت (بەتایبەت لەڕێگەی خوێندنەوە تازەکانی بڵاوکردنەوە، کە ڕەخنەگران سەرنجی ئەو بەرەو لای ئەو جۆرە

خوێندنەوانە ڕادەکێشن)، بەڵکو نیگەرانی کاردانەوەکانی خوێنەرانی خۆیشی بێت، کە زۆربەیان ئەویان دەوێت تا ڕێبەرایەتییان بکات.

ئەو بەشێوەیەکی گشتی لە گەڕەک یا شارەکەی خۆیدا وەکو کەسایەتییەکی باوەڕپێکراو هەژمار دەکرێت بۆ کۆڕە فیکرییەکان ڕۆڵی ڕاوێژکار لە پرۆسەی خوێندنەوەدا دەگێڕێت: ئەو ئامارانەی، کە بەدەست هاتوون ئەوە نیشان دەدەن، کە ئامۆژگاری و ڕاسپاردەی کتێبفرۆش بەیەکێک لە هۆکارە یەکلاییکەرەوەکانی دەسپێکی سەرکەوتنی کتێب دادەنرێت (هەڵبەتە بەردەوامی سەرکەوتنی کتێبەکە لەدەرەوەی چوارچێوەی کۆنترۆڵی ئەو دایە). لەڕوویێکی دیکەوە ئەو بۆ بڵاوکەرەوە وەکو گەرمیپێوێکی میللی وایە لە دانانی تەرازووی خۆشویستنی بەرهەمەکە: بۆ نموونە لە فەرەنسا ئەو بڵاوکەرەوانە کەمن، کە خۆیان دەخەنە مەترسییەوە و مۆری قەدەغەکردنی کتێبفرۆشییەکان لەبارەی کۆمەڵە چیرۆکێک یا چیرۆکێک (کە هۆکارە بازرگانییەکانی بەتەواوەتی ڕوونە) بشکێنن.

بۆئەوەی لەبارەی تۆڕی ڕۆشنبیران شتێک وەلاوەنەنێین و جێی نەهێڵین پێویستە قسە لەبارەی کۆتا ئەڵقەی پێوەندییەکە واتە ڕەخنەگری ئەدەبیش بکەین. نووسەران زۆربەی کات قسەیان پێدەڵێن و خۆشیان ناوێن و بڵاوکەرەوەکانیش وەک بڵێی ترسیان لێیان هەیە.

ڕەخنەگران نەشایستەی ئەم هەموو شانازیکردنەن نە شایەنی ئەو هەموو سەرزەنشتکردنەن. ڕۆڵی حەقیقی ڕەخنەگری ئەدەبی ئەوەیە، کە

مشتێک بێت لە خەروارێک و نموونەیەک بێت لە بیروبۆچوونەکانی خوێنەران. ڕەخنەگر لەهەمان ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەدا هەڵدەقوڵێت، کە خوێنەری بازنەی ڕۆشنبیران لێی هەڵقوڵاوە و ئەویش هەمان پەروەردەی وەرگرتووە. هەموو جۆرە مرۆڤێک بە هەر جۆرە بیروباوەڕێکی سیاسی، ئایینی، جوانیناسی و گشت جۆرە خولق و خوویێک لەنێو ڕەخنەگراندا دەستدەکەوێت. ئەم تایبەتمەندییانە ڕێک دەتوانرێت لەنێو خوێنەرانیشدا بەدەست بهێنرێن، بەڵام لەنێو ئەواندا هاوبەشی کلتور و شێوازی ژیان بوونی هەیە، تەنانەت ئەگەر هەڵسانگاندنەکانی ڕەخنەگران لەبارەی بەرهەمەکانەوە وەلاوە بنێین، هەر ئەوەی کە دەبینین ئەو ڕەخنە لە هەندێک بەرهەم دەگرێت و بێدەنگی لەبەرامبەر هەندێکی دیکەدا هەڵدەبژێرێت، ئەوا ئەم هەڵبژاردنە خۆی لە خۆیدا هەڵبژاردنێکی واتادارە: کتێبێک، کە (قسەی لەبارەوە دەکەن) باش بێت یا خراپ کتێبێکە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە وەڵامی داواکاریەکانی کۆمەڵە کەسێک دەداتەوە، ئەگەر باوترین هەڵی ڕەخنە بێدەنگییە لەبارەی بەرهەمگەلێک کە (پڕفرۆش) دێنەبەرچاو (بەپێچەوانەوە ئەم کارە بەدەگمەن ڕوودەدات) ئاشکرایە لەبەر ئەوەیە، کە بەرهەمە پڕفرۆشەکان وەکو ئەوەی بینیمان لە ئەندازەی گروپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت زیاتر بەرەو سەرەوەتر دەڕۆن و تێدەپەڕن.

ئەو جۆرە بانگەشەیەی دەکرێت بەوەی، کە کەسی ڕەخنەگر چێژی خەڵک پەروەردە دەکات لە ڕاستیدا شتێک نییە جگە لە خستنەڕوویێکی ئاشکرای چەندین بیروبۆچوونهی وشک، کە زاڵە بەسەر هەڵسوکەوتی ڕۆشنبیرانەوە. ئەوەندە بەسە ئێمە سەرنج لە خوێنەرانی ئەو ڕۆژنامانە بدەین، کە ڕەخنەگرە گەورەکان (داهێنەرەکان)شتی تێدا دەنووسن تا لەوە تێبگەین، کە ئەم ڕەخنەگرانە ئامۆژگاری خوێنەرانی خۆیان دەکەن نەوەک ئامۆژگاری کەسانێک بکەن، کە ڕەنگە پێویستیان بە (پەروەردەکردن)هەبێت، واتە پێویستیان بەهەمان ئەو جۆرە فێرکاریە هەبێت، کە خۆیان هەیانە. ئاشکرایە، کە کاریگەری و دەسەڵاتی هەندێک لە ڕەخنەران (بەتایبەت ئەوانەی، کە لە ڕۆژنامەکانی ناو شارەکاندا دەنووسن گوێگرانیان هێشتا شێوەیەکی ئەوتۆیان پەیدانەکردووە) ئەو توانایەیان پێدەدات، کە کاریگەری بخەنە سەر هەڵبژاردنی خوێنەران، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی ئەم بابەتە ئەوەیان سەلماندووە، کە ئەم کاریگەرییە لە کاریگەری کتێب فرۆش و تایبەتتریش لە کاریگەری ئەو ڕاوێژکارانەی، کە زیاتر لەهەموویان ناویان دەهێنرێت و قسەیان لەبارەوە دەکرێت وەکو فلان کوڕە مام لە پاریس، فلان مامۆستای لادێ یا فلان قەشەی گەڕەک زیاتر نییە[٧٧].

[٧٧]. ڕاست و دروستی ئەم زانیاریانە کە دەرەنجامی ڕاپرسییەکانە پێویستە بسەلمێنرێت و جارێ تەنیا وابەستەیە بە فەڕەنسا. بڵاوکەرەوەی ئەڵمانی (ئۆژن دیێ دریچ)بە لێکۆڵینەوەیەک کە لەدەوروبەری ساڵی ١٩٣٠دا لەسەر بنەمای ڕاپرسی ئەنجامی دا پێچەوانەی ئەوەی سەلماند. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕەخنەگرتن لە کتێب لەسەر هەڵبژاردنی ١٧تا١٨% ی خوێنەران و ڕاسپاردەی

سەبارەت بە بڵاوکەرەوەش ڕەخنە بەهایەکی بابەتیانەی بۆ ئەو بیروباوەڕە ئەدەبییە دەنوێنێت، کە خودی ڕەخنەکە بەناوی ئەم بیروباوەڕەوە ناودەنرێت، بە گوزارشتێکی دیکە خودی ڕەخنەکە دەبێتە قسەکەر و وتاربێژی ئەم بیروبۆچوونە ئەدەبییە. ڕەخنە پێشینەییەکان، کە لیژنەکانی خوێندنەوە لە دەزگاکانی بڵاوکردنەوە لەڕێگەی بەرهەمەکەوە دەیهێننەکایەوە لەسەر بنەمای ڕەخنەی باو ئەنجام دەدرێت و هەر بڵاوکەرەوەیەک ئارەزووی لەوەیە، کە ئەندامانی لیژنەی خوێندنەوەکەی نیشاندەر و ڕێبەری ئەو خوێنەرە گریمانکراوانە بێت، کە دەبنە بنەما و بنیاتی هەڵبژاردنەکانی بڵاوکەرەوە.

پاشان تۆڕی ئەدەبی ڕۆشنبیران ناسەرەوەی زنجیرە هەڵبژاردنێکی یەک لەدوای یەکە،کە یەکتری دیاری دەکەن. هەڵبژاردنێک،کە بڵاوکەرەوە لەنێو دەستنووسی نووسەراندا دەیهێنێتەکایەوە هەڵبژاردنی کتێبفرۆش، کە خۆی بە دیاریکردنی هەڵبژاردنی خوێنەر خەریک دەکات دیاری دەکات و هەڵبژاردنی خوێنەر، کە لەڕوویێکەوە لەڕێگەی کتێبفرۆشەوە دەگوازرێتەوە بۆ بەشی بازرگانی و لە ڕوێکی دیکەوە ڕەخنە هەڵدەستێت بە خستنەڕوو و لێکدانەوە و شیکردنەوەی و پاشانیش لیژنەی خوێنەران ئەو ڕەخنەیە بەکاردەبات و فراوانی دەکات بەپێی ڕۆڵەکەی بە هەڵبژاردنەکانی دواتری بڵاوکەرەوە دیاریدەکات و لە

---

دۆستان و خزم و کەس و کار ١٤ تا ١٧% و ڕاسپاردەی کتێبفرۆش تەنیا لەسەر ٥ تا ٧%ی خوێنەران کاریگەری هەبووە.

ئەنجامـــدا ئەو ئاســـتە تواناداررییەی (ئیمکـــانیەتەی)،کە دەتوانرێـــت بە نووسەرانی گریمانەیی بدرێت دادەبەزێنێت و دێنێتەخوارەوە.

ئەم کاریگەرییە پێچەوانەییە نەرێنـیە بەشداربووان لەم یارییەدا لە بازنەیەکی تەسک و داخراوتـر لە جاران زینـدانی دەکات، ئابلۆقەدان و چڕبـوونەوەی بەهـرە و توانـا مادديیەکـان لەم نـاوچە کـۆمەڵایەتییە زۆر سنووردارە هەنگاو دەنێت بەرەو بەفیـڕۆدان و زێدەڕۆییەکی غەمبـارکەر. هەرچەنـد بەدەگمەن ئەوە ڕوودەدات، کە لیژنەکانی خوێنـدنەوە لە هـیچ کاتێکدا بەهرەیەکـی گەورەیـان بە تەواوەتـی لەبەرچـاو نەگرتبێت، بەڵام ئاشکرایە، کە زۆرێک لە بەرهەمە باڵاکان بەهـۆی دابەشـکردنی نـاڕێکەوە لە دەســپێکی پرۆســەکەدا ســوودمەند نەبــوون لەو شایســتەییەی، کە پێویست بوو لەو کاتەدا هەیانبێت.

ئەو ســەرنەکەوتنە زۆرانەی، کە یەخەی گەورەتــرین بڵاوکەرەوەکــان دەگرێـت (کە دەشـێ هەنـدێجار ٦٠یـا٧٠%ی ناونیشـانە بڵاوکراوەکانیـان بگـــرێتەوە)ئەمەش لە وڵاتێکـــدا کە٨٠%ی خەڵـــک تێیـــدا لەڕووی فەرهەنگییـەوە بەدەسـت بەدخـۆراکی کلتـوری دەنـاڵێنن نیشـاندەری ئەو ڕاستییەیە، کە دابەشکردن لە تۆڕە داخراوەکاندا شوێنکەوتەی ئەو هێڵەیە کە لەســەریدا تواناکــان بەفیــڕۆدەدرێن و بەهرەکــان نەزۆک دەکــرێن، بە واتایەکی دیکە پرۆسەی دابەشکردن بەرەو پێشەوە ناچێت تەنیا بـریتییە لە هەڵبژاردنێکی گەمارۆدراو بە چەقبەستوویی و بەفیڕۆدان.

**٣.تۆڕە گشتییەکان( بازنە میللییەکان):**

بەشێکی گەورەی دابەشکردنی بازرگانی نووسراوگەلێکی لە چەشنی نووسراوی ئەدەبی لەنێو جەماوەردا لەلایەن (سەنتەرەکانی دابەشکردنی کتێب) و چەندین شوێنی وەک کابینەکانی جگەرەفرۆشی یا کابینەکانی ڕۆژنامەفرۆشی، کە لەتەک کارە سەرەکییەکەی خۆیاندا کتێبیش دەفرۆشن ئەنجام دەدرێت. لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئێمە شوێنە لاوەکییەکانی فرۆشتنی وەک ڕەفەکانی سوپەرمارکێت بۆ ئەم جێگایانە زیاد بکەین یا نا. لە فرەنسادا ژمارەیان لەنێوان٤٠٠ تا ١٨٠٠٠یا ٢٠٠٠٠ لە هاتوچۆدایە (دەگۆڕێت). لەڕاستیدا ئەم شوێنانە هیچ پێوەر و ڕێژەیەکی دیاریکراویان نییە و ئەستەمە بتوانرێت بەلانیکەمەوە پێوەرێکی چەسپاو بۆ ئەوانە لەبەرچاو بگیرێت. لە ڕاستیدا پێویستە ڕایەخی وەرزی کتێبفرۆشییەکانی کەناری ڕووباری سین، نیشاندانی کتێب لە بازاڕە میللییەکان، یا کتێب لە دەست گەڕۆکەکان و هاوشێوەی ئەمانە هەژمار بکرێت: لەسەر بنەمای هەندێک لە دەستنیشانکەرەکان دەتوانرێت واگومان بکرێت، کە ژمارەی تەواوی شوێنەکانی فرۆشتن بە هەژمارکردنی کتێبفرۆشییە جۆراوجۆرەکان بەشێوەیەکی نزیکەیی دەگات بە [٧٨] ١٠٠٠٠٠.

[٧٨].ئێمە لەم ژمارەیەدا هەندێک لە خاڵەکانی فرۆشتن، کە ماوەی ساڵانێکی دورودرێژە چالاکی ئەنجامدەدەن وەک بازاڕە وەرزییەکان، بازاڕە ڕۆژانەییەکان، جەژن و بۆنە ناوخۆییەکان و هیتریش هەژماردەکەین، بەراوردکردنی نەخشەی ئەو شوێنانەی، کە تیایاندا کتێب دەفرۆشرێن لەگەڵ نەخشەی کتێبفرۆشییە گەورەکان جیاوازییەکی سەرسوڕهێنەر نیشاندەدات، لە کاتێکدا کتێبفرۆشییە گەورەکان بە تایبەت(لە دەرەوەی پاریس) لە باکوور، ڕەنی خوارو، ڕۆن،

ژمارەیەکی لەم جۆرە بێگومان جۆرە دابەشکردنێکی زیاتر بەرامبەر بە قەوارەی وڵاتەکە فەراهەم دەکات. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کتێبفرۆشییە گەورە و مامناوەندەکان بەرامبەر بە تەرازووی دانیشتوان سێ یا چوار هێند کەمترە لە فرەنسا، کۆگا گەورەکان لە شارەکاندا و فرۆشگا گشتییەکان لە ناوچە بچووکەکاندا بازنەیەکی بازرگانی یەکجار بەرفراوان دەهێننەکایەوە، کە بڵاوکەرەوەکان سوودی لێ وەردەگرن، لە ڕوویێکی دیکەوە پێوەندی بازرگانی کتێب لەگەڵ بازرگانی سەرجەم کاڵاکاندا (کەلوپەلە ئاساییەکانی نووسین (قرتاسیە)، ڕۆژنامەکان، جگەرە و توتن، خۆراک) کتێب وەکو کاڵایەکی بەکارهێنانی ڕۆژانە دادەنێت و ئیتر پێویستت بەو زەحمەتکێشانەی چوون بۆ کتێبفرۆشی نییە. ئەم زەحمەتیە بۆ خوێنەر کاتێکی کەمتر دەخایەنێت کاتێک کتێبێک لە کاتی دەستبەتاڵیدا بخەنە بەر دەستی: لە کابینەکانی ڕۆژنامەفرۆشی، لە وێستگەی شەمەندەفەر، لە کابینەکانی جگەرەفرۆشی، نزیک دەرگاکانی چوونەدەرەوە لە شوێنی کاردا، لە چارۆگەی کتێبفرۆشە دەستگێڕەکان، یا تەنانەت لە ماڵەوە لە هەگبەی کتێبفرۆشە گەڕۆکەکان.

فرۆشیاری گەڕۆک ئیشێکە، کە بەهۆی گەشەکردنی ئامرازە خێراکانی پێوەندی و ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا خەریکە

---

ژیرۆند، وار و ئاڵپ ماریتیم ، ژمارەی کتێبفرۆشە بچووکەکان دەگاتە بەرزترین ئاست، شتێکی سەرنجڕاکێشتر و چاکتر دەبێت ئەگەر هاتوو ئەم دابەشکردنەمان لەگەڵ پێدراوە ئابووری و دانیشتوانییەکانی دیکە بەراورد بکەین.

لەناودەچێت و دەسڕێتەوە، بەڵام لەو وڵاتانەی، کە دابەشکردنی کتێب هێشتا وەڵامدەرەوەی خواستە کلتورییە نوێکانی جەماوەر نییە بە تایبەت لە ئەمریکای لاتینیدا بوونی هەیە و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت. تەنانەت لە چیندا ڕژێمی کۆمۆنیستی فرۆشیاری گەڕۆکی خستۆتە ناو سیستمی فەرمی دابەشکردن.

لەو کتێبەی (شارل نیزار) بە ناونیشانی (مێژووی کتێبە میللییەکان، یا ئەدەبی گەڕۆک)، کە پێشتر باسمان لێوەکرد چەند زانیارییەکی بەهادار لەبارەی (تۆڕی فرۆشتنی گەڕۆک) لە فرەنسا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم لەگەڵ سەنتەرە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە تۆڕە بەدەست دەهێنین، لەم سەنتەرانەدا (پاریس، تروا، ئیپینال، نانسی، شاتیۆن سۆرسن، تۆر، لۆمان، لیل و هیتر) چەند بڵاوکەرەوەیەکی پسپۆڕ خەریکی کارن.

بەشێکی گرنگی ئەدەبی گەڕۆک لە چەند ساڵنامەیەکی بێشومار پێکدێن، کە لەنێویاندا ساڵنامەی (ڤێرمۆ)یا ساڵنامەی (ئاشت)هێشتا بوونیان هەیە و لەگەڵ هەبوونی چەندین پێداچوونەوە، کە تیایاندا ئەنجامداوە هێشتا تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی خۆیان (هەڵبەتە بە وتنی چەندین نوکتە بەساویلکەییەکی کەمتر )پاراستووە، لە تەک ئەم ساڵنامانە لە کۆڵوانەی ئەم فرۆشیارە گەڕۆکانەدا کتێبگەلی ئەستێرەناسی و سیحر و جادوو (بۆ ژنان)، کۆمەڵە وتەی کورت و حیکایەتە شیرینەکان، بەرهەمگەلێک لەبارەی ڕاسپاردە ئایینی و

ئەخلاقی و سۆزداری و کارەکییەکان هاوتەریب لەگەڵ چەند ڕێنماییەکی چێشتلێنان یا پزیشکی، باسکردنی سەرگوزەشتە و بەسەرهاتەکان یا گەشتەکان، ڕۆمانە سۆزدارییەکان بەرهەمە ئەدەبییە کلاسیکییەکان، کە چەند وەچەیەکی تێرکردووە و زۆربەیان وەرگیراون یا کورتکراونەتەوە و هەمیشە لە هەموو شوێنێکیاندا چەند وێنەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش دەبینرێن. لە ڕێگەی ئەم جۆرە وەسفکردنەوە بە ئاسوودەیی دەتوانرێت سەرنج لەوە بدرێت، کە چۆن لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا گۆڤارەکانی ژنان، لێکدانەوەی کەلوەکان کە ڕاسپاردە سۆزدارییەکانیان تێدایە و ڕۆمانە دڵدارییەکان و وێنە خرۆشێنەر و ورووژێنەرەکان جێگەی ئەدەبی گەڕۆکیان گرتۆتەوە.

لە هەر شوێنێک لە بازنەکانی دابەشکردنی گشتی (میللی)دا لە تەک چاپەمەنییە ڕۆژانەییەکان یا هەفتەییەکان، کە -هەروەکو ئەوەی تێبینیکرا- لە زۆربەی وڵاتەکاندا بەشێکی گەورەی بابەتەکانی خوێندنەوە پێکدێنن. ئەم چاپەمەنییانە (گۆڤار و ڕۆژنامەکان) جێگەی تەکنیکە کۆنەکانی دابەشکردنی زارەکییان گرتۆتەوە (ئەم تەکنیکانە لە ئێستاشدا لەگەڵ پەیدابوونی تەکنیکە بیستراو- بینراوەکانی سینەما، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، کە کتێبی میللیش لەگەڵیاندا پێوەندییەکی نزیکی هەیە تا ئەندازەیەک تۆڵە لە ڕابردوو دەکەنەوە) لەبەرئەوە ئاساییە، کە میکانیزمی دابەشکردنی کتێبی میللی لە جۆری (ناوەندی دابەشکردنی ڕۆژنامەوانی)بێت تا ئەوەی لە جۆری کتێبفرۆشی بێت. هەموو

دەستپێشـــخەییەکان لەبەردەســـتی دابەشـــکارە ســـەرەکییەکاندایە.
وردەفرۆش ئیتر کەسێک نییە جگە لە پارێزەری چەند نوسخەیەک.

ئەوەمـان بینـی، کە زۆرێـک لە بڵاوکەرەوەکـان بەشـێک لە کـارە بازرگانییەکـانی خۆیـان بە کۆمپانیـا تایبەتمەنـدەکان دەسـپێرن، کە بەناوبـانگترین و بەتوانـاترینی ئەم کۆمپانیایـانە لە فرەنسـادا سـەنتەری وەشـاندنی (ئاشـیت)ە. ئەم کۆمپانیایـانە هەروەکـو ڕۆژنـامەوانی بـۆ کتێبیش سیستمێک بەکاردەهێنن، کە بەتایبەت لەسەر متمـانەپێبوونێکی تەواو بنیاتنراوە، واتە دانانی ژمارەیەک نوسخە لای فرۆشیارانی پشکدار و بەشـــێوەیەکی ئاســـاییش گەڕانـــدنەوەی نوســـخە نەفرۆشـــراوەکان (سیســـتمی دانـــان بە شـــێوەی متمـــانە، یـــا سیســـتمی بریکـــاری)کە بڵاوکەرەوەکـــان و هەنـــدێک لە کتێـــب فرۆشـــییەکانی بـــازنەی ڕۆشنبیران (هەڵبەتە نەوەک بەشێوەیەکی ئابڵوقەدراو)بەکـاری دەهێـنن و وەکو بەردێکە، کە لەتاریکیدا دەهاوێژرێت. لە دوای بڵاوبوونەوەی کتێب، دابەشـکەر بەشـێک لە کتێـبەکە (٣٥٠٠ تـا ٥٠٠٠ نوسـخە لە فرەنسـادا) دەنێرێـت بـۆ ئەو شـوێنانەی فرۆشـتن، کە لەمێشـکیدایە. ئەم بـابەتە ئەوەمـان پـێ نیشـاندەدات، کە لەبەرچـی لە مێـزی پێشـەوەی کـابینەی وێستگەی شەمەندەفەر دەشێت بەهەمان ئەو ئەندازەیە ( چەندین کتێبـی نوێ)ی تێدا دەستبکەوێت، کە لە کتێبفرۆشییەکی گەورە لەناو سەنتەری شاردا هەیە،بەڵام زۆربەی ئەم کتێبە تازانە درەنـگ یا زوو بەشـێوەیەکی

کەم تـــا زۆر ڕەنـــگ و ڕەونەقیـــان دەمرێـــت و بەرەو ڕێگـــای کۆگـــا بەڕێدەکەون.

سەبارەت بەو قەڵەمانەی، کە تاقیکردنەوەیان کردووە و فرۆشیان جێگەی متمانەیە وەکو ڕۆمانە پۆلیسییەکان یا ڕۆمانە دڵدارییەکان، کە دواتـر قسـەیان لەبـارەوە دەکەیـن ئەوا بڵاوکردنەوەیـان لەڕێـگەی زنجیرەیەکـی وەرزی و بە مەوداگەلێکـی دیـاریکراو ئەنجـام دەدرێـت و دابەشکردنیشـیان شـێوەی فرۆشـتن لەڕێـگەی هاوبەشیکردن (الاشـتراک) وەردەگرێـت. هەر کتێبفرۆشـێکی بڕواپێکراو (متمـانەپێکراو) تـا ڕاددەیەک ئەو ژمـارە نوسخەیی کە دەتوانێـت بیانفرۆشـێت دەزانێـت و لەئەنجامـدا لەسـەر بنەمـای ئەم زانیـنە ئەم ڕاددەیەی، کە مەبەسـتییەتی دەسـتەبەر دەکات.

زۆری هەڵبژاردنە یەک لەدوای یەکەکان، کە خاسیەتی جیاکەرەوەی تـــۆڕی ڕۆشـــنبیرانە ناشـــێت لێـــردەدا بـــوونی هەبێـــت. (گەڕانەوە)ی چاوەڕوانکراوی خوێنەران بەرەو ڕووی بڵاوکەرەوە بوونی نییە.هـاوتەریبی گرنگی کتێب لەگەڵ خواستەکانی خوێنەران لەڕێگەی شێوازی میکـانیکی هاوتاسازیی و یەکسانکردن شکڵ وەردەگرێت. ئەوە بەسە جۆرە کتێبێـک ببێـتە مـایەی پێشـوازیکردنێکی سـەرکەوتوو لەلایەن خـوێنەرانەوە تـا کتێبەکانی دیکەی سەر بە هەمان جۆر یەک لەدوای یەک بێنە بازاڕەوە و لەهەر کامێکیاندا تەنیا ڕێکخستن و زنجیرەی ڕووداوەکان بگۆڕێت. شـارل نیـزار لە بەرهەمەکەی خۆیـدا (لەبـارەی ئەدەبـی گەڕۆک) ڕەچەڵەکـی

سـەدەكانی ناوەڕاسـتی ئەم جـۆرە چیـرۆكە سـۆزداریانەی، كە بەشـێوەیەكی فـراوان لە دەقە هەرزان بەهاكـانی فرۆشـیارە گەڕۆكەكـان دووبارەدەبنەوە، نیشاندەدات. بەهای ئەم دەقانەوە ئەمڕۆ چەند بەرامبەر زیـادیكردووە، بەڵام چیرۆكەكـان، كە بەپێـی چێـژی سـەدەی بیسـتەم ڕێكخراون لە ڕۆمانە دڵدارییەكانی ئێمەدا لەسەر هەمان شێوە مـاوەتەوە: لە چیرۆكـی دڵـداری نوێـدا پیتچن (تایپێسـت) جـێگەی كـچە شـوانی گرتۆتەوە[٧٩]، بەهەمـان شـێوە كتێبـی پـامێلای بەرهەمـی ڕیچاردسـن، كە ڕۆمـانی ژنـانەی سـەدەی هەژدەیەم شـیرینتر و سەرنجڕاكێشـتری كردووە. (نیزار ناوی مادام كوتن دەبـات، بەڵام ئەم جۆرە كەسایەتییانە یەكجـار زۆرن) درێـژ دەبێـتەوە بەرەو خێزانێكـی یەكجـار بەربـڵاوی ڕۆمانە (دیللییەكان)، كە بەتەنیایی ژانرێكی ئەدەبی تایبەت پێكدەهێنن و چاودێرینەكراوترین كتێبە پڕ فرۆشەكانی چەندین وەچە بوون[٨٠]. (واڵـتەر سـكۆت) بـۆ نـوێكردنەوەی لاسـاییكردنەوەی داسـتانی میللـی ،شـێوە و نموونەی سـەرەكی ڕۆمـانی مێژوویـی دروسـتكرد، كە زۆر زوو لە بـازنەی ڕۆشـنبیراندا چـووە دەرەوە و گەیشـتە دەسـت ئەلیكسـاندەر دۆمـا و لاسـاییكەرەوە هاوچەرخەكـانی و بـووە یەكێـك لە خۆشەویسـتترین بەرهەمەكان لە ئەدەبیاتی میللیدا.

---

[٧٩]. شارل نیزار ناوی كەسێك دەبات بە ناوی(ڕابان) كە وادەردەكەوێت لە سەدەی نۆزدەیەمدا دروستكەری سەرەكی(بوێری ئەوەمان نییە بڵێین دانەر)ئەم جۆرە ڕۆمانانە بووە.

[٨٠]. لە وتـارێكی دیـكەدا بینینیـۆ كاسێرس لە پێڕسـتێكی(ڕۆمانە دڵدارییەكان)دا كە لە ڕەفەی كتێبفرۆشییەكاندا دیویەتی ئاماژە بە (چارەنووسی ئاینیس) دەكات وەكو ڕۆمانێكی بڵاونەكراوە لە پامێلادا. تا ساڵی ١٩٥٧یش ئەم ناوە شێوە هەڵخەڵەتێنەرییەكەی خۆی پاراستووە.

ئەم میکـــانیزمە ســـەخت و دژوارە، جـــووڵەی سرووشـــتییە بەرەو دابەزین و داڕووخان بێجگە لە چەنـد کاتێـک، کە بەشـێوەیەکی ڕێـکەوت بەرهەمێــک لە بــازنەی ئەدەبــی ڕۆشــنبیراندا هەڵــدێت و ڕوودەکــاتە ژینگەیەکـی کـۆمەڵایەتی بەربڵاوتـر، بـاس و هەواڵێـک لە نوێبـوونەوە و پێشـــکەوتن نیـــیە. ئەم بەرهەمە بەزوویـــی لەلایەن هونەردۆســـتان دەڕفێنرێـــت، بەخێرایـــی نـــاوەرۆکە کـــاریگەرەکەی دەهێنـــنەدەرەوە و دەسـتدەکەن بەچـاپکردنێکی زنجیرەیـی بەرهەمەکە تـا ئەو کـاتەی، کە خواسـت و داواکـان بە تەواوەتـی تێردەکـرێن و ئەم خواسـتەش ڕەنـگە چەند سەدەیەک بەردەوامی هەبێت.

لەگەڵ ئەمەدا لە وەچەی کۆتاییـــدا تەکنـــیکە نوێکـــانی دابەشـــکردنی جەماوەری زۆر گۆڕانکارییان لە شکڵی مەسەلەکە کردووە، بەرهەمگەلێـک کە ڕەنگە لە بازنەی ڕۆشـنبیراندا بمێنێـتەوە و زینـدانی بکرێـت زیـاتر لە جاران بە پشـت بەسـتن بە ڕۆژنـامەوانی، قەوان، تەلەفزیـۆن یـا سـینەما لەم بازنەیە دەیهێننە دەرەوە.

بـابەتی سینەما و تەلەفزیـۆن بـاوترین و دیـارترین ئـامرازن. (کتێبی ئەم فـیلمە بخـوێنەوە ) بـۆتە یەکێـک لە کـاریگەرترین دروشـمەکانی ڕیکلامکردن، هەڵبەتە بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی خەڵک بە سەیرکردنی فـیلمەکە، یـا لەوەش خراپتـر بە (چیرۆکـی فـیلمەکە)، کە ژمـارەیەک لە گۆڤارەکـان بـۆ ئامـادەکردنی ئەوە پسـپۆڕییان پەیـداکردووە پەسـەند دەکەن، تەنیـا لەژێـر ڕۆشـنایی لێکـۆڵینەوەیەکی بەرفراوانـدا دەتوانرێـت

بگوترێــت، کە ســینەما و تەلەڤزیــۆن تــا چ ئەنــدازەیەک هۆکــاری خوێندنەوەن، یا ڕێگری خوێندنەوەن.

بەپــێچەوانەوە هــیچ گومانێـک نەمـاوەتەوە، کە قەوان (و کاسـێت)ی شیعری لیریکیان ڕزگار کردووە، کە بەسروشتی خۆی زارەکییە و لەسـەر لاپەڕە کاغەزییەکان بەرجەستە نابێت. لە (ڤیلۆنەوە تا پریڤێر) شاعیری میللــی بەهــۆی گرامــافۆن و قەوان ڕێچــکەی ژیــنگەی واقیعــی خــۆی دۆزیوەتەوە.

ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی و ڕادیۆش لەم بوارەدا ئاشکراتر و ڕوونترە، ئەگەر ئەم ڕاگەیاندنانە لەڕێگەی ڕەخنەگرتن لە کتێب کاریگەری دەخەنە سەر خوێنەرانی ڕۆشنبیر، ئەوا بە چەندین ئامرازی کاریگەرتری وەک زنجیرە و وەرگــرتن و ڕۆمــانە وێنەدارەکــان کــاریگەری دەخەنە ســەر کــۆی خــوێنەران، لەژێــر ڕۆشــنایی ئەم چەنــد نمــوونەیەدا دەتوانرێــت وابیربکرێتەوە،کە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی لەسـەر شێوەی قەوان و کتێــبە وێنەدارەکان (کــارتۆن) لە ڕۆژنامەیەکــدا، کە بەشــێوەیەکی بەرفراوان بڵاودەبێتەوە، یا بەشێوەی زنجیرە لە پەخشی ڕادیۆییدا بەبێ وچان لافاوی کڕیارانی تـۆڕی گشـتی (میللی) دێنێـتە نـاو ڕێگـاکەوە، ئەم کاریگەرییانە پێویستە بپێورێت و دەستنیشان بکرێت.

گرنگی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما لە هێنانەناوەوەی بەرهەمێک بۆ نــاو تــۆڕە میللییەکانــدا لەڕوویــێکەوە ئەو دەرەنجـامەی هەیە، کە ئەم ڕاگەیاندنانە بەرهەمەکە لە بۆتەی تاقیکردنەوەیەکی شایستەیی ڕاکێشانی

کـۆمەڵایەتی دادەنێن (هەنـدێجار دەرەنجـامەکە کارەسـاتبارە) لەڕووییێکـی دیکەشەوە ئەو دەرەنجامەی هەیە، کە بەرهەمەکە بەبێ هـیچ ترسـێک لە ژیـانی ڕۆژانەی خەڵـک دێننەنـاوە و دەیـخەنە سـەر ڕێگـای ڕۆژانەی خـوێنەری ئاسـاییەوە. کەم و کـورتی کـارەکە لەوەدایە، کە تێکـڕای ئەم کارانە بەشێوەیەکی تاک ڕەهەنـدانە و بەبـێ هاتنەنـاوەوەی ڕاستەوخۆی خوێنەران، کە بەشێوەیەکی نێگەتیـڤ دەمێنـنەوە ئەنجـام دەدرێـت، ئەم جۆرە ئەدەبەش (ئەدەبێکی پێبەخشراو)ە.

لێـرەدا بـارودۆخەکە پـێچەوانەی بـارودۆخی تـۆڕی ڕۆشـنبیرانە. لە تـۆڕی ڕۆشـنبیراندا ژمـارەی بەرهەمهێنەرەکـان بـۆ ژمارەکەسـێک، کە بەکارهێنانیان زۆر نییە یەکجار زۆرە و خواسـت لە نـاو سیسـتمێک، کە وەستاوەتە سەر چەنـد هەڵبژاردنێکـی یەک لەدوای یەک بەبـێ وەسـتان نوێدەبێتەوە و ئەم بارودۆخە بە بەفیرۆدان و نەزۆککردنی بەهرە و توانـا ئافرێنەرەکـان کۆتـایی پێـدێت. لە تـۆڕە میللییەکانـدا کەمبـوونەوەی بەرهەمهێنانێـک، کە لەڕووی کـۆمەڵایەتییەوە گونجـاو بێـت بـوونی هەیە، دەسپێشخەری دەخرێتە ئەستۆی دابەشـکەر. خواسـت یەکجـار بەربـڵاو و نائاشکرایە و خستنەڕوویێکی ئاشکرا بەدەسـت ناهێنێـت یـا نـادۆزێتەوە، بەڵام ڕوو لە بەکارهێـــان دەکـــات، ئەم بـــارودۆخە لە ڕوویـــێکەوە بە سیسبوون و داڕووخانی میکانیکی شێوە ئەدەبییەکـان کۆتـایی پێـدێت و لەڕوێکـی دیـکەوە بە لەدەسـتچوونی ئـازادی کلتـوری جەمـاوەر کۆتـایی پێدێت.

مەسەلەکە لەسەر هاتنەکایەوەی هاوسەنگی وەستاوە، بەم شێوەیە تەقەلای کەسانێک، کە هەوڵدەدەن پۆشاکی سەلامەتی لەبەر جەستەی ئەدەبی ڕۆشنبیران بکەن، یا دەستیان بە ئەفراندنی ئەدەبیاتی میللی ڕاستەقینە بگات بەرەو ڕووی ڕووخاندنی چەندین دیوار دەڕۆن، کە تۆڕی ڕۆشنبیران لە تۆڕە میللییەکان جیادەکەنەوە. ئێمە چەند پەڕەگرافێک لەو شێوازانەی، کە بۆ شکاندنی بەربەستی کۆمەڵایەتی ئەدەب بەکاردێت بەشێوەیەکی کورت و پوخت هەڵدەسەنگێنین و لێکۆڵینەوەیان لەبارەیەوە دەکەین.

**٤.بەربەست شکێنەکان:**

دەتوانرێت قسە لەبارەی چوار شێواز بکرێت: شێوازە بازرگانییە تەقلیدییەکان، شێوازە بازرگانییە ناباوەکان، کرێی کتێب و پلاندانان بۆ خەڵک.

لە ڕاستیدا سادەترین بیرۆکە ئەوەیە، کە بەرهەمهێنان و دابەشکردنی بازنەی ڕۆشنبیران بەرەو تۆڕی میللی درێژبکرێتەوە بەبێ ئەوەی شێوازە بازرگانییەکان بگۆڕدرێن. لەم شێوازەدا چارەسەر چاپکردنێکی هەرزان بەهای ئەو کتێبانەی تۆڕی ڕۆشنبیرانە، کە لە سەنتەرە گشتییەکانی فرۆشتنی کتێبدا نیشاندەدرێن، ئەم کارە شتێکی نوێ نییە و کۆڵوانەی فرۆشیارە گەڕۆکەکانیش هەڵگری ڕۆمانگەلێکی هەرزان بەها بە ئیمزای دیڤۆ، سویفت، پیرۆ، فلۆریان، بێرناندن و دوسێن پییێر و هی دیکە بوون، بەڵام زۆربەی ئەم کتێبانە بەرهەمە

کلاسـیکییەکان بـوون و نەوەک بەرهەمە نوێکـان، بـابەتە سـەرەکییەکە ئەوەیە، کە بەرهەمەکە زۆر کۆن نەبێت و خوێنەرانی (دەستکورت= کەم پـارە) هاوسـەردەم لەگەڵ خەڵکانێکی (دەوڵەمەنـد=پارە زۆر) هاوبەشـی بکەن لە ژیانی ئەدەبیدا. لە فرەنسادا بە تایبەت لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا چەندین جار بۆ گەیشتن بەم ئامـانجە چەنـدین هەنگاو نـران. تەنیـا لە سـاڵی ١٩٣٥دا (دەسـپێکی چـاخی فرۆشـگا زنجیـرەییە یەک وشـەییەکان) یەکەمـین سـەرکەوتن لە ئینگلـتەرادا لەگەڵ کتێبـی هەرزان بەهای (شەش پێنسی) لە زنجیرەی (پەنگوین )دا هاتەکایەوە.

کـۆمەڵەی پەنگـوین بیسـت سـاڵ دوای دامەزرانـدنی زیـاتر لە ١٠٠٠ناونیشـانی کتێبـی چاپکردبوو. (شـایەنی باسـە، کە ئەم ژمـارەیە بەشـێکی یەکجـار بچـووک بـوو لە قەوارە زەبەلاحەکەی بەرهەمهێنـانی کتێبە ئەدەبییەکان لە ئینگلتەرادا) بەرگی سوور و سپی ئەم کۆمەڵەیە لە سەرانسـەری دونیـادا ناوبـانگی دەرکردبـوو. کـۆمەڵەی پەنگوین، کە سـەرەتا لە سـەرلەنوێ چـاپکردنەوەی بەرهەمە تـازە بڵاوکراوەکـان بە بەرگێکـی گرانبەهـا ڕەواجـی پەیـداکردبوو، لە کـاتی ئێسـتادا هەنـدێجار دەست بۆ چاپکردنی بەرهەمگەلی نوێی دەستی یەکەمی تـایبەت بەخـۆی درێژ دەکات.

سەرباری (پەنگوین)ی ئاسایی (کە لە ئەمریکادا بە بەرگی ڕەنگاو ڕەنـگ دەردەچێت) پەنگوینی سەوزی تایبەت بە ڕۆمانە پۆلیسییەکان و بەرگـی شـینی تـایبەت بە خوێنـدنەوە کارەکییەکـان و(پـۆفین) ی تـایبەت بە

منـــــــدالآن زیـــــــادکراوە . هەڵســــــەنگاندنی تەرازووی فرۆشـــــــی واقیعی (پەنگوین)ەکان کارێکی نەشیاوە، بەڵام تێکڕای تیراژەکەیان لە ساڵی ١٩٥٥دا بە ٢٠ملیۆن مەزەندە کردووە، ئەگەر ئەم ژمارەیە ڕاست بێت ٧ تا ٥٨%ی بەرهەمهێنانی ئینگلتەرا دەگرێتەوە.

لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا پێداویستی دابەشکردنی کتێب لەنێو سوپادا و پاشانیش پێداویستی و مەرامی ڕیکلامکردن بووە هۆی پەیدابوونی زنجیرەگەلێکی هاوشێوەی پەنگوین لە ئەمریکادا:هەریەک لە (signet book) و (bantam book) بەشێوەیەکی تایبەتیش ( pocket book= کتێبی گیرفانی)،کە هاوتاکەی لەکاتی ئێستا لە فرەنسادا (livre de poche)ە، کتێبە گیرفانییەکان بڵاودەکەنەوە. لە زۆربەی وڵاتەکاندا ئەم جۆرە زنجیرانە دەست دەکەوێت (ئەم زنجیرانە وەکو پەنگوین بۆ ناوەکەی خۆیان سوود لە ناوی گیانداران و بەتایبەتیش سوود لە ناوی باڵندەکان وەردەگرن بۆ نموونە کتێبەکانی (حاجی لەق لەقmarabout) لە بەلژیکا، کتێبەکانی شاهین (alcotan) لە ئیسپانیا (بەرشلۆنە) و کتێبەکانی تاوس (libidel pavone) لە ئیتاڵیا (میلان)).

خاسیەتی هاوبەشی نێوان ئەم کتێبانە هەرزانی نرخیانە: هەر یەکەکەیان بەهایەکی هاوتای نیو تا دوو کاتژمێری هەقدەستە مامناوەندەکانی کرێکارێکیان هەیە.

گرنگی کتێبی هەرزان بەها نکۆلی لێناکرێت زنجیرەی پەنگوین کاریگەرییەکی ڕزگارکەر و بەردەوامی لەسەر ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا

هەبووە. لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا زنجیرەی penguin new writing لە بارودۆخە دژوار و ناهەموارەکاندا چەند توانایەکی خستە بەردەم نووسەرە لاوەکان، بەڵام پێویستە ئەوە بزانرێت، کە لە چوارچێوەی شێوازە بازرگانییە تەقلیدییەکاندا کتێبی هەرزان بەها کاتێک سوودمەند و قازانج هێنەر( واتە شایەنی چاپکردنە)، کە خوێنەرانێکی تاڕاددەیەک بەربڵاو و تیراژێکی بەرزی هەبێت، لە وڵاتە سەرمایەدارییەکاندا زنجیرەی ئینگلیزی زمان تاکە بابەتێکە، کە خوێنەرانێکی چاکی هەیە.

پاشان ڕەنگە چارەسەر ئەوە بێت، کە لە زنجیرەی بازاڕیی تەقلیدی کتێبدا سەیری بازنە پڕ خەرجی و خۆلێلانەدراوەکانی ئەم بازاڕە واتە بڵاوکەرەوە و دابەشکەر و کتێبفرۆش بکرێت.

ئەمە کارێکە، کە یانەکانی کتێب کە پێشتر قسەمان لەبارەیانەوە کرد ئەنجامی دەدەن، بەشێوەیەکی گشتی یانەکانی کتێب سەروکاریان لەگەڵ کڕیاری ئاساییدا نییە و چەند ئەندامێکی تایبەتیان هەیە، بەڵام ژمارەیەک لەو یانانە بەرهەمە کلاسیکیی و نوێکان بە بەهایەکی هەرزان دەخەنەڕوو و پیشاندەدەن. بەداخەوە ئەم بەرهەمانە بەشێوەیەکی باو چاپکراوێکن کە سەرلەنوێ چاپکراونەتەوە و بە درەنگەوە بڵاوکراونەتەوە چونکە (هەمدیسان جگە لە کۆمەڵەی زمانی ئینگلیزی) بڵاوکەرەوەکان ئارەزوویان لەسەر ئەوە نییە مۆڵەت بە چاپێکی نوێ بەبێ هیچ مەودایەک لەگەڵ چاپی یەکەم بدەن، چونکە ئەم کارە دەشێ بۆ

کتێبێک کە فرۆشتنەکەی بە قورسی و زەحمەتییەوە دەبێت مەترسییەک بێنێتەکایەوە، لەڕوویێکی دیکەوە یانەکانی کتێب ڕووبەڕووی کێشەیەکی دیکەی گەورەتر دەبنەوە، ئەویش ئەنجامدانی کاروبارەکانی کتێبە لەڕێگەی ناردنەوە، هەرچەندەش یانەی کتێب لە سیستمی ناردنی ئاگادارکردنەوەی ڕێکلامی شارەزایی و زیرەکی هەبێت، هێشتا بۆ ئەندامەکان زۆر ئاسنترە بڕۆن بۆ کتێبفرۆشییەکە زیاتر لەوەی وەڵامی نامەی یانەکە بدەنەوە.

ئەوە شتێکی لۆژیکییە ،کە سوود وەرگرتن لە شێواز و تەکنیکی (سەردانیکردنی ڕاستەوخۆ) کاری خوێنەر ئاسانتر دەکات ، بەڵام ئەم کارە هاوشێوەی گەڕانەوە بەرەو فرۆشیاری گەڕۆکە، واتە ڕێچکەیەک، کە بەشێوەیەکی گشتی بۆ فرۆشتنی بەرهەمە گەورەکانی وەک فەرهەنگەکانی زمان و ئینسکلۆپیدیاکان بەکاردێت، هەڵبەتە بە دەگمەن ئەوە دەبینرێت کە ئەم ڕێچکەیە بۆ فرۆشتنی بەرهەمە ئەدەبییەکان سوودی لێوەربگیرێت. سەرەڕای ئەوە چەند نموونەیەکمان لەسەر ئەمە لەبەردەستدایە:

(ژێلبەر مۆری) لەوتارەکەی خۆیدا لە گۆڤاری (هەواڵنامە کۆمەڵایەتییەکان)دا، کە پێشتریش ئاماژەمان پێکرد قسە لەبارەی ئەزموونی یەکێتی نووسەرانی لاو دەکات، کە خۆیشی تیایدا بەشدار بووە و بەتەواوی سەرسامییەوە تێبینی ئەوە دەکرێت، کە ئەم یەکێتییە وابەستە دەبێت نەریتی (یۆمیۆری) ژاپۆنییەکان، چونکە دانەران خۆیان

هەم بڵاوکەرەوەن و هەمیش دابەشکەرن و ئەگەر فرۆشیاریش نەبن، لانیکەم چەند کرێکارێک دەگرن کە لەنێو خەڵکدا ڕاستەوخۆ کاری دۆزینەوەی بازاڕ بۆ ئەم دانەرانە دەکەن:شێوازی فرۆشتنی ڕاستەوخۆ چەند گەنجێک ئەنجامی دەدەن، کە لە زەنگی دەرگای ماڵەکان دەدەن و سەر لە کڕیارانی کافتیریا و چێشتخانەکان دەدەن و بەدوای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییە جۆراوجۆرەکان-بەتایبەت مامۆستایان- دەگەڕێن و ژمارە کتێبێکیان پێ نیشاندەدەن[81]. دەربڕینی سادەی (بە تایبەت مامۆستایان) لە زمانی ژێلبەر مۆرییەوە ئێمە بەرەو ئەو بیرۆکەیە دەبات، کە ئەم شێوازە ئەو توانایە بەدەستەوەدەدات، کە لە بازنەی ڕۆشنبیراندا دەست بە هەڵبژاردن بکرێ، بەڵام لە ڕاستیدا ناتوانرێت لەو بازنەیەوە دەربچیت، لەگەڵ ئەمانەدا گومانی تێدانییە، کە یەکێتی نووسەرانی لاو سەرکەوتوو بوو لەوەی دەستی بگات بە تەرازوێکی فرۆشتن، کە زۆرێک لە بڵاوکەرەوە بەناوبانگ و فەرمییەکان بەخیلییان پێدەبرد. دەربازبوون لە دەست کتێبفرۆشیش ئارەزووییێکە، کە لەناو مێشکی زۆر لە بڵاوکەرەوەکاندا دێت و دەچێت.

شێوازی سەردانیکردنی ڕاستەوخۆ بۆ تاکەکان هەر سوودێکی هەبێت، ناتوانرێت بەشێوەیەکی سەرەکی وەکو ئامرازێکی دابەشکردنی گشتی لێی بڕوانرێت. ئەگەر وا بڕیاربێت، کە هەموو ڕۆمانەکان لەم ڕێگەیەوە بفرۆشرێن، ئەوا پێویستە هەر خێزانێکی فرەنسی لە هەر

[81]. Informations Sociales, janvier1957, p.67.

ڕۆژێکدا چاوەڕوانی چەندین بریکار (ڤیزیتۆر یا بینەر)بێت، کە هەر یەکێکیان جانتایەکی گەورەی کتێبیان بە کۆڵەوە بێت، لەم بارودۆخەدا دەرگای ماڵەکان بەبێ گومان یەک بەدوای یەک بەڕوویان دادەخرێت و پێشوازیکردن لێیان بە خێرایی کەم دەبێتەوە.

جگە لە فرۆش، شێوازی کرێی کتێبیش بوونی هەیە. گرنگی ئەم شێوازە بەهۆی سەرکەوتنی شێوازی (فرۆشتن لەدوای کرێ) لە بازنە میللییەکاندا سەلمێنراوە (کتێبی فرۆشراوی پێشوو وەردەگیرێتەوە و پاشان داشکاندنی ڕێژەیەک لە نرخەکەی کتێبێکی نوێ بە کەسەکە دەفرۆشرێت).ئەم شێوازە لە بەشی فرۆشتنی کتێب لە دەرمانخانەکانی بۆتس (boots) لە ئینگلتەرا دا بەرەوی هەیە، ئەم کارە لەلایەن فرۆشیارانی ڕۆمانە دڵدارییەکانیش، کە لەپێش دەرگای چوونە دەرەوەی کارگەکاندا ڕایەخیان ڕاخستووە ئەنجام دەدرێت.

پێویستە وریای ئەوە بین، کە کڕینی کتێب هەر کاتێک لەگەڵ ئەم بیردۆزەی کە چەندین جار بخوێنرێتەوە هاوتەریب نەبێت، ئەوا لەڕووی ئابوورییەوە دەبێتە پرۆسەیەکی پووچەڵ و نەزۆک، بەڵام ڕۆمانگەلێک کە دووجار دەخوێندرێنەوە دەگمەنن و ئەوانەشی،کە لە درێژایی تەمەنی مرۆڤدا سێ یا چوار جار دەخوێندرێنەوە یەکجار دەگمەنترن. بۆ کرێکارێکی مامناوەندی فەرەنسی کڕینی ڕاستەقینەی کتێبێک، کە زیاتر لە جارێک نەتوانێت بیخوێنێتەوە وەکو ئەوە وایە،کە بۆ هەر خولەکێک لە خوێندنەوەی کرێی یەک یا چەند خولەک لە کارەکەی خۆی بدات،

لەکاتێکدا سینەما بۆ ئەو(بەتایبەت لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە) چێژێکی زیاتر دێنێتەکایەوە و هەرزانتریشە، واتە هەر خولەکێک سەیرکردن لەبەرامبەر بیست چرکە لە کارەکەی ئەو دەبێت. لە وڵاتانی دیکە جیاوازی ئەمە زیاتریشە، پاشان نابێت سەرمان سوڕبمێنێ ئەگەر ببینین زۆربەی خوێنەرانی کتێبخانە گشتییەکان لەبەرامبەر ئەم پرسیارەی، کە بۆچی دەچنە کتێبخانە گرانی کتێب دەکەنە وەڵام[٨٢].

لەبەرئەوەی لەبارەی کتێبخانەکان بەدواداچوون و چەندین لێکۆڵینەوەی گرنگ و فراوان ئەنجامدراون، بۆیە ئێمە جەختێکی زۆر لەسەر ئەم بابەتە ناکەینەوە، هێندە بەسە بڵێین کتێبخانەکان لە ئینگلتەرادا بەربڵاویی و فراوانییەکی تایبەتییان بەدەستهێناوە لەم وڵاتەدا ژمارەی سەردانیکەرانی کتێبخانە گشتییەکان لە ساڵی ١٩٧٥دا زیاتر لە ١٣٥٠٠٠٠٠کەس بووە و ژمارەی کتێبە خواستراوەکان نزیکەی ٦٠٠ملیۆن بووە، وەکو دەبینین کە سنوورەکانی بازنەی ڕۆشنبیران بەشێوەیەکی بەرفراوان تێکشکێنراوە.

فرەنسا، کە لە ساڵی ١٩٧٧دا ٣٦٠٠٠٠٠ سەردانیکەر و ٨٠ ملیۆن کتێبی بە خواستن داوە هێشتا ناتوانێت سەر بەرزبکاتەوە و بەشێوەیەکی یەکجار بەرچاو بارودۆخەکەی قەرەبووکردۆتەوە. لە هەر پارێزگایەکدا کتێبخانە ناوەندییەکان کە کتێب دەنێرن، خۆراکی کتێبخانە ناوخۆیی و کتێبخانەکانی قەزاکان دابین دەکەن. لە زۆربەی

---

[٨٢]. ئەم زانیاریانە خاتوو نیکۆڵ ڕۆبین لەکاتی لێکۆڵینەوە لەبارەی سەردانیکەرانی کتێبخانە گشتییەکانی شاری بۆردۆ کۆی کردونەتەوە.

بابەتەکاندا دەسپێکی کارەکە لە کتێبخانەی منداڵانەوە دەبێت، کە بە دەسپێشخەری چەند کەسێک دادەمەزرێت و بەخێرایی گەشە دەسەنێت و بڵاودەبێتەوە. کتێبەکانی منداڵان و نەوجەوانان یەکێکە لە وروژێنەرە بەهێزەکان بۆ ڕاکێشانی خوێنەرانی نوێ بەرەو کتێب خوێندنەوە، شایەنی باسە- بەهەمان ئەو شێوەیەی کە دواتر تێبینیدەکەین- لە بەرامبەر هەر خوێنەرێک کە ناوەکەی لە دەفتەری کتێبخانە تۆمارکراوە چەندین خوێنەری واقیعی بوونیان هەیە، ئەم بابەتە لەبارەی کتێبخانەکانی کارگەکان و کۆمپانیاکان کە کرێکارەکانیان بۆ هەموو ئەندامانی خانەوادەی خۆیان کتێب بە ئەمانەت وەردەگرن ڕاستییەکی زیاتری تێدایە[٨٣].

کێشەی پرۆسەی ئەمانەت لە کتێبخانەدا ئەمەیە، کە مەسەلەی کۆگای کتێب لەم شوێنەدا بێ ئەندازە دژوارترە لە هەمان مەسەلە لە کتێبفرۆشییەکدا، بەهۆی خێروبێری یاسای ناردنی نوسخەی هەر کتێبێک بۆ کتێبخانەی ناوەندی یا بەهۆی کڕینە ڕێک و پێک و گرانەکانەوە هەموو جۆرە کتێبێک لەم کتێبخانە ناوەندییانەوە دەست دەکەوێت. بەداخەوە کتێبخانەی ناوەندی ئەم ترسناکییەی هەیە وەکو (بینینۆ کاسێرس)وتوویەتی (بۆ گۆڕستانی کتێب) دەگۆڕێت، چونکە لە

[٨٣]. دەتوانرێت ڕێژەی٣,٥ وەربگیرێت. ئەم ڕێژەیە پێویستە جارانی ژمارەی کتێبە فرۆشراوەکان یا کتێبە خوازراوەکان بکرێت تا ژمارەی خوێنەرە واقیعییەکان بەدەست بهێنرێت. زانیارییەکانی ئێمە لە بارەی دەستاودەستکردنی کتێب کە لەناو خێزان و تەلارەکانی نیشتەجێبوون و کارگەکان برەوی هەیە یەکجار کەمن، ئەوەی بینینیۆ کاسێرس ناوی( تۆڕی خواستنی دەستاودەست)ی لێدەنێت شایستەی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵترە.

دەرەوەی تۆڕە میللییەکاندایە، واتە لە دەرەوەی تۆڕەکانی ژیانی ڕۆژانە دایە: چوونەژوورەوە بۆ کتێبخانەی ناوەندی (شوێنێک کە کتێب تێیدا مەرجە لەهەمان شوێن بخوێندرێتەوە) لە چوونەژوورەوە بۆ کتێبفرۆشیی پڕکێشەتر و ئاڵۆزترە. پاشان (( پێویستە کتێب ببردرێتە لای خوێنەر)) چ بەشێوەی بازرگانی (کتێبخانە گەڕۆکە تایبەتەکان، زنجیرە کتێبێکی بەکرێی کتێبفرۆشییە ناوخۆییە بچووکەکان، ڕەفەی کتێبە بەکرێیەکان لەسەر شێوازی ئینگلیزی لە هۆبەی دوکانە گەورەکان و هیتر)، چ بەشێوەی کارگێڕی ( کتێبخانە گشتییەکان بە چەند لقێکی جۆراوجۆرەوە کە کتێب بە خواستن دەدەن، کتێبخانەکانی کارگەکان و کۆمپانیاکان لە شوێنی کار، کتێبخانە گەڕۆکەکان، کتێبخانەکانی کڵێساکان، کتێبخانەکانی ناوەندەکانی بەڕێوەبردن و سەندێکاکان...)تا چەند ئامادەکردنی کتێبە تازەکان بۆ کۆگای ئەم کتێبخانانە بە خێرایی ئەنجام بدرێت، ئەوا ئەم کۆگایانە زۆر سنوردارتر دەبن و لە هەنگاوی سەرەتادا شوێنکەوتەی سەلیقەی کتێبفرۆشن، کە پێشتر باسی لێوەکرا، لە هەنگاوی دووەمدا شوێنکەوتەی چێژی ئەمینداری کتێبن، کە بەهۆی ئەو ئەرکە فێرکارییەی بۆخۆی دەیەوێت هەمدیسان سنوردارتر دەبن.

بەڕێوەبەرێکی ژنی کتێبخانەیەکی ناوەندی پارێزگایەک، کە کتێب بەشێوەی ناردن و سپاردن دەدات لە کۆتاییدا سەرباری نیازپاکییەکەی لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا نووسیویەتی:

**((ئێمە هیچ کاتێک ڕێگەیەکی ئاسانمان نەگرتۆتەبەر و لە کۆی ئەو کتێبانەی خۆماندا، کە دەیاننێرین لانیکەم یەک لەسەر سێی کتێبەکانمان تەرخان کردووە بۆ کتێبە بەڵگەنامەییەکان، سەرباری ئەوە لە کۆگاکەماندا ژمارەی ڕۆمانە پۆلیسی و ڕۆمانە دڵدارییە سواوەکان یەکجار کەمن، ئەم جۆرە کتێبانە بێجگە لە داواکارییەکی پێداگیریانەی کڕیارەکانی خۆمان بە خواستن و سپاردن نایدەین بە کەسی دیکە و هەرگیز لە هەر جارێکدا زیاتر لە ٣ یا ٤ کتێب لەم جۆرە ڕەوان ناکەین. وای بەچاک دەزانین، کە ئاستی کتێبە نێردراوەکانی سەرەوە بپارێزین تائەوەی خۆمان فریوبدەین، کە ئاماری کتێبە نێردراوەکانی خۆمان لەڕێگەی بەرهەمە ئاسان و سواوەکان ببەینە سەرەوە))[٨٤].**

ئەم وتەیە وەکو تێنەگەیشتن و پەینەبردنە لەو خاڵەی، کە ((سادەیی)) ئەم جۆرە ئەدەبە (لێرەدا مەبەست لە سادەیی بە واتای ئەوەی سروشتی ئامێریی و کلێشەیی بەسەریدا زاڵە) لەو شوێنەوە پەیدادەبێت، کە ڕۆمانە پۆلیسی و ڕۆمانە دڵدارییەکان لە سیستمی ڕاستەقینەی ئاڵوگۆڕکاری نێوان بەرهەمهێنەر و بەکاربەردا جێگەیەکیان نەدۆزیوەتەوە و قەدەغەکردنیان ئەم کەم و کورتییە بەهێزدەکات، کە بۆچی ئەم ڕۆمانانە تەنیا بەرەو تۆڕ بێ دەرگاکان و پەیکەرە

[٨٤]. ڕاپۆرتی ساڵانەی کتێبخانەی ناوەندی دۆردنیی(پەیوەست بە ساڵی١٩٥٤)ی مادام دولامۆت.

گشـتییەکان ڕەوان دەکـرێن،لە کاتێکـدا نمـوونەکەی ژۆرژ سـیمنۆن ئەوە نیشاندەدات، کە ڕۆمانە پۆلیسـییەکان دەتـوانن هەم ببـنە مـایەی سوود لێوەرگرتن لەلایەن خەڵکی ڕەشۆک و هەمیش ڕۆشنبیران بیانخوێننەوە.

لێـرەدا ئەوە دەبیـنـین، کە هەر جـۆرە سیاسـەتێکی ڕێنمـایکردن و ئاراسـتەکردنی وڵاتـی یـا تـایبەتی ڕووبەڕووی چ جـۆرە ترسـناکییەک دەبێـتەوە: ترسـناکی خولْقانـدنی ڕێـبەر و پەروەردەکردنـی ڕێـبەر، لەبەر ئەم هۆیەیە، کە کتێبفرۆشییەکان یا ڕێکخراوە کلتورییە عورفی و ئـایینی و سیاسـی یـا فەرمییەکـان ئامـادەنین ئەدەبێکـی میللـی زینـدوو بەدامەزراوەیـی بـکەن و ڕێکیـبخەن و بەشـێک لە چـالاکییە فـراوانە ئەدەبییەکان لە بازنەی رۆشنبیران بگوازنەوە بۆ بازنە میللییەکان. ئـێمە سـەبارەت بەمە لە گوتارەکـانی گۆڤـاری (هەواڵە کۆمەڵایەتییەکـان)دا ئەوەمـان نووسـیوە، کە : ئەگەر بەهەمـان ئەو شـێوەیەی کە واقیعیەتەکـان پێمـانی نیشـاندەدەن ئەو هەوڵە ڕێنمـاییەکەرانەی کە ڕووبەڕووی شکست بوونەتەوە بەهۆی ئەمە بـووە کە تەواوی ئەم هەوڵانە ئەو کەم و کورتییە گشتییەیان هەبووە کە بەرامبەر بە خەڵـک بێگـانە و نامۆ بوون، هەموو ئەم کۆششـانە لەسـەر بنەمـای ئەم بیـرۆکە بـووە کە پێویستە شتێکی وەکو خۆراکی فیکری، نامە، باسکردنی یادەوەرییەکـان یـا سـەرقاڵی و سـەرگەرمی بـۆ خەڵـک فەراهەم بکرێـت، بەشـێوەیەکی ئاگایـانە یـا نائاگایـانە ئەم بـابەتە فەرامـۆش کـراوە کە ئەوەی پێیـدەوترێت (ئەدەب) دەرەنجـامی بێـداری و بەئاگاهـاتنەی کلتـوریی

چینێک بووە لەم خەڵکە لەماوەی سێ سەدەدا نەوەک هۆکاری بێدارییان بووبێت و لەئەنجامدا ئەدەبی ڕاستەقینەی خەڵک پێویستە لە هەناوی ژیانی کلتوری ڕاستەقینەی خەڵک بێتەدەرەوە))[٨٥]

ڕژێمـــی سۆڤیەتی (پێشـــوو) وەک بڵێـــی تـــاڕاددەیەکی زۆر لە ڕێگەچارەیەکی تەکنیکی مەسەلەکە نزیک ببویەوە. نووسەران کە ستالین نازناوی (ئەندازیارانی ڕۆح)ی پێدابوون، بەهۆی حیزبی کۆمۆنیست، یا لەڕێگەی ڕێکخراوە کلتورییەکان، یا ڕاستەوڕاست بەهۆی شێوازی ژیانی خۆیان لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ دابوون لەگەڵ جەماوەردا، لەڕوێکی دیکەوە فراوانترین دابەشکردنەکان ئەنجام دەدران: کتێب لە هەموو شوێنێک، لە کارگە، لە باخچە هەبوو، زیاتر کەمی کاغەز ڕێگری لە بڵاوبوونەوە دەگرت تائەوەی کەمی فرۆش. پێکهێنانی مێزگرد و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی یەکێتییەکان و گفتوگۆ و دەمەتەقێکان توانای سەرهەڵدان و دەرکەوتی ئایدۆلۆژیاکانی خەڵکیان فەراهەم دەکرد و ئەم ئایدۆلۆژیایانە لە زەینی نووسەردا ڕەنگیدەدایەوە بەبێ ئەوەی پەردەی بازرگانیانەی بڵاوکەرەوە یا کتێب فرۆش لەنێوان ئەو و خەڵک دادرابێتەوە، بەداخەوە لەگەڵ ئەمەدا پەردەیەکی دیکە هەبوو ئەویش پەردەی ئایدۆلۆژیا بوو. لێرەدا دووبارە ڕووبەڕووی سیاسەتی ڕێنماییکەرانە دەبینەوە. لەم سیستەمەدا هەر ڕێکخەرێکی کلتوریی بە سەختی بەدوای ئەم بیرۆکە فریودەرانەیە، کە مرۆڤەکان لەگەڵ

[٨٥] ز.informations sociales, janvier1957, p.11

دامەزراوەکانـدا بگونجێنێـت و نەوەک دامەزراوەکـان لەگەڵ مرۆڤەکانـدا بگونجێنێـت. وەکـو وتمـان ڕژێمـی سـۆڤیەتی ڕێگەچـارەی تەکنیکـی مەسـەلەکەی دۆزیبـوویەوە، بەڵام پێویسـتە ئەوە بڵێـین، کە ڕێگەچـارەیەکی مرۆییـانە و مرۆڤادۆسـتانەی نەدۆزیبـوویەوە. چەنـدین قەیران، کە هەندێجار دونیای ئەدەبی سۆڤیەتییان دەهەژاند هەڵقوڵاوی ئەم گرفتە بوو.

لە شـیکردنەوەی کۆتاییـدا ئەوە دەبینـین، کە ناهاوسـەنگی لە دابەشکردنی کتێبدا وەڵامێکە بۆ ناهاوسەنگی لە بەرهەمهێنانی کتێبدا، بەڵام ئەم دوو ناهاوسەنگییە تەنیا ڕوێکی لاوەکی گرفتێکن. ڕێگەچارە دامەزراوەیـی و کارگێڕییەکـانی لەچەشنی (سـندوقی ئەدەب) بـۆ بەرهەمهێنان یا لە چەشنی (دامەزراوەی کلتوری) بۆ دابەشکردن شتێکن نین جگە لە چەند ئازارشکێنێکی تەکنیکی. ئەگەر ڕێگەچارەیەک هەبێت ئەوا تەنیا دەتوانرێت لە ئاستی هەڵسوکەوتی گروپە مرۆییەکان بەرامبەر بە ئەدەب، واتە لە ئاستی بەکار بردنـدا پشـکنین و بەدواداچوونی بـۆ بکرێت.

# بەشی چوارەم

## بەکاربردن

### پاری یەکەم:بەرهەم و خوێنەران

**١.خوێنەران:**

هەر نووسەرێک لەکاتی نووسیندا خوێنەران لەبەرچاو دەگرێت، تەنانەت ئەگەر ئەم خوێنەرانە خۆیان لە تاکە خوێنەرێکدا ببیننەوە، یا لە تاکە خوێنەرێکدا کورت ببنەوە و ئەو تاکە خوێنەرەش خودی نووسەر بێت! شتێک بەتەواوەتی ناگوترێت مەگەر ئەوەی بۆ کەسێک بوترێت و ئەمەش-وەکو تێبینیمان کرد-واتای پرۆسەی بڵاوکردنەوە دەگەیەنێت، بەڵام لە ڕوویێکی دیکەوە دەتوانرێت ئەمەش بگوترێت، کە ناتوانرێت شتێک بۆ کەسێک بگوترێت (واتە بڵاوببێتەوە) مەگەر ئەوەی سەرەتا بۆ کەسێک گوترابێت. ئەم دووکەسەش بەشێوەیەکی حەتمی

یەکێک نین، تەنانەت بەدەگمەن وا ڕوودەدات کە یەکبن، بە گوزارشتێکی دیکە خوێنەری گوێگر هەر لەسەرەتای ئەفراندنی ئەدەبییەوە بوونی هەیە، لەنێوان ئەم گوێگرە و کەسانێک کە لەواقیعدا بەرهەمەکە دەخوێننەوە دەشێ ناگونجاوییەکی یەکجار بەرفراوان هەبێت.

بۆ نموونە (ساموێل پێپێس)،کە یادداشتە ڕۆژانەییەکانی خۆی بێجگە لە خۆی بۆ کەسێکی دیکە نەدەنووسی (نووسینە سەخت و ڕەمزاوییەکانی ئەو بەڵگەیەکن بۆ ئەم بۆچوونە)، لەم ڕووەوە خۆی گوێگری خۆی بوو، بڵاوکەرەوەکان (بە بەرزترین واتای وشەکە) نووسینەکانی ئەویان لەپاشی مردنیدا بۆ جەماوەرێکی یەکجار بەربڵاوی خوێنەران بڵاوکردەوە. بەپێچەوانەوە (لوسیان)ی نووسەری چینی،کە لە ساڵی ١٩١٨ تا ساڵی ١٩٣٦ دا چیرۆکەکانی خۆی لە زنجیرەکان یا لە گۆڤارەکاندا بڵاودەکردەوە و لەڕوواڵەتدا بێجگە لە ژمارەیەکی کەمی ڕۆشنبیران، یا شۆڕشگێڕان ئاراستەی کەسێکی دیکەی نەدەکرا، لە ڕاستیدا بۆ دەیان ملیۆن چینی دەینووسی (چینییەکان کە لەدواتردا پاش سەرکەوتنی شۆڕش و بڵاوبوونەوەیەکی بەرفراوانی بەرهەمەکانی ئەو دەستیان پێیڕاگەیشت).

گروپی گوێگران دەتوانێت وابەستە بێت بە کەسێک، واتە لە کەسێکدا کورتببێتەوە. ئێمە بەرهەمێکی زۆری جیهانی دەناسین، کە لەبنەڕەتدا پەیامێکی تاکەکەسی بوون. هەندێجار وادێتەپێشەوە کە ڕەخنەگرتنێکی زانستیانە ئەم پەیامەی لەتەک وەرگری پەیامەکە

ئاشکرادەکات و وابیردەکاتەوە، کە تەواوی بەرهەمەکەی ڕوونکردۆتەوە .لە ڕاستیدا ئەوەی، کە پێویستە ڕوونبکرێتەوە ئەوەیە،کە چۆن ئەم نامەیە لەکاتێکدا وەرگر و (هەندێجاریش واتای خۆی) گۆڕیوە هێشتا کاریگەریی و چالاکییەکەی خۆی دەپارێزێت، هەموو جیاوازییەکانی نێوان بەرهەمی ئەدەبی و نووسراوی ئاسایی لەم کاریگەرییە نەمرەدا شاردراوەتەوە، نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین، کە جیاوازی بەئەدەبی بوون و نائەدەبیبوونی بەرهەمەکە بریتییە لە تەرازووی بێ مەرامبوونی بەرهەمەکە (مەبەست لە بێ مەرام بوون لێرەدا ئەوەیە، کە بەرهەمەکە لایەنی کەسایەتی تێدانەبێت)،بەشێوەیەکی گشتی ئەفرێنەری بەرهەم (چ لە خەیاڵ و چ لە جیهانی واقیعدا) لەگەڵ گروپی گوێگرانی خۆیدا (تەنانەت ئەگەر هەندێجار ئەم گروپە تەنیا خودی خۆی بێت)دەست بە گفتوگۆیەک دەکات، کە هیچ کاتێک ئەم گفتوگۆیە بێ مەرام و بێ پاڵنەر نییە، گفتوگۆیەکە، کە دەیەوێت کاریگەریی دروست بکات، قەناعەت بهێنێتەکایەوە، هۆشیاری بهێنێت، دڵنەوایی ببەخشێت، ئازاد بکات، تەنانەت ببێتە هۆی نائومێدی، بەڵام هەرچۆنێک بێت گفتوگۆیەکە مەرامێکی هەیە و بەدوای مەبەستێکدا دەگەڕێت. بەرهەمێک کە پێیدەڵێن ئەرکی (مەنهەجی) جۆرە بەرهەمێکە، کە گوێگرەکانی لەگەڵ ئەو خوێنەرانەی،کە لەدوای بڵاوبوونەوەیدا بەرهەمەکە دەخوێننەوە بگونجێن، بەرهەمی ئەدەبی بەپێچەوانەوە خوێنەرێکی بێ ناو و نیشان وەکو ئەوەی کەسێکی نامۆ و بێگانە بێت بانگهێشتی

گفتوگۆکە دەکات، خوێنەر نامۆیە بەکەشەکە و بە نامۆییەکەی خۆی دەزانێت، ئەو وەکو بوونەوەرێکی نەبینراوە، کە هەموو شتێک دەبینێت، هەموو شتێک دەبیستێت، هەست بە هەموو شتێک دەکات و تێدەگات بەبێ ئەوەی لە گفتوگۆیەکدا کە پێوەندی بەوەوە نییە بوونێکی ڕاستەقینەی هەبێت، چێژێک کە ئەو لە کاتی خوێندنەوەی بەرهەمە بەهۆی سپاردنی دڵی بە شەپۆلی هەست و بیرۆکەکان و شێوازی نووسەر وەریدەگرێت چێژێکە بێ مەرام و بەخۆڕایی و بێ ئەوەی چاوی لێبووبێت.، چونکە هیچ پابەندییەک بۆ ئەو ناهێنێتەکایەوە. خوێنەرانی بەرهەمە ئەدەبییەکان بێ ناونیشانن و مەودایەکیان لەگەڵ نووسەردا هەیە، کە توانایان پێدەدات بەشداری لە گفتوگۆکەی نووسەردا بکەن لەهەمانکاتدا بێ ئەوەی پابەند بن بەکەسێکەوە (لە کاتێکدا نووسەر لەم گفتوگۆیەدا بەشێوەیەکی خۆ لێ لانەدراو پابەند دەبێت). ئەم بێ ناونیشانی و مەودایە لەگەڵ نووسەردا ئاسایشێکی چاک بۆ خوێنەران دێنێتەکایەوە،کە بەبێ ئەمە هیچ جۆرە چێژوەرگرتنێکی ئیستاتیکی و هیچ جۆرە ئالوگۆڕییەکی ئەدەبی دروست نابێت. کرێکارێک بە بیستنی قسەگەلێکی ستایشئامێز لەبارەی سینەمای ناتۆرالیستی ئیتاڵیا وتەیەکی دەربڕی، کە لەپشتیدا حەقیقەتێکی تاڵ و قووڵ خۆی حەشاردا بوو، ئەو گووتی (( ئەگەر جەنابی قسەکەر بە حیسابی خۆیماندوێتی نمایش دەکات و دەنوێنێت، ئەوا نابێت هیچکاتێک لە ژیانیدا ماندوو بووبێت)).

لە ڕاستیدا تەواوی کارەساتی ئەدەبی ڕۆشنبیران لە بەرامبەر واقیعیەتی میللی لێرەدا خۆی حەشارداوە. هاتنەناوەوەی خوێنەرە ڕۆشنبیرەکان لە گفتوگۆی داهێنەرانەدا بوارێکی نییە، لەبەرئەوەی ئەوان خۆیان لەناو کەش و هەوای گفتوگۆکە ئامادەییان هەیە، بەڵام خوێنەرە میللییەکان لەدەرەوەی ئەم فەزایەن و ناچارن بەسەندە بە دەقی گفتوگۆکە بکەن بەو شێوەیەی کە هەیە.

ڕۆڵی ئەو خوێنەرە مەزەندەکراوانەی، کە بڵاوکەرەوەی بازنەی ڕۆشنبیران بەرهەمەکە لەپێناوی ئەواندا بڵاودەکاتەوە سنووردار نابێت، یا کورت نابێتەوە لەو هاوبەشیکردنە ناپابەندەی ئەوان، کە واتای ئەدەبی بە بەرهەمەکە دەبەخشێت، هەروەها ئەم خوێنەرانە خولقێنەری ژینگەیەکی کۆمەڵایەتین، کە نووسەر تێیدا سەردەردەهێنێت و چەند ئەرک و سنورێکیش لەسەر نووسەر باردەکات.

ئێمە تا ئێرە بۆ ئاسانکردنی نیشاندان، تۆڕی ڕۆشنبیرانمان بە کۆمەڵەیەک داناوە، بەڵام لە ڕاستیدا بەم جۆرە نییە. ڕۆشنبیران دابەش دەبن بەسەر گروپە کۆمەڵایەتی و نەژادی و ئایینی و پیشەیی و جوگرافیایی و مێژوویی و قوتابخانە فیکرییەکان و دووبارە دابەش دەبنەوە. بڵاوکەرەوەی مۆدێرن بە وردی هەوڵی ئەوە دەدات، کە هەر دەستەیەک لە نووسەرانی خۆی لەگەڵ گروپێک لەم خوێنەرانە بگونجێنێت یا لەگەڵیەکدا هاوتەریبیان بکات. کەسانێک کە بەرهەمی نووسەرێکی وەکو (ساگان) هاوسەری (ژولیار)ی نووسەر و بڵاوکەرەوە

دەخوێنێننەوە لە دەزگای بڵاوکەرەوەی (ژولیار) جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئەو خوێنەرانەی، کە بەرهەمی (ڕۆپێس)ی هاوسەری (فایارد)ی بڵاوکەرەوە لە دەزگای بڵاوکەرەوەی (فایارد) دەخوێننەوە واتای ناسنامەی خوێنەرانی هەردوو نووسەرەکە جیاوازییان لەگەڵ یەکدا هەیە، هەر نووسەرێک لە دەوروبەرەکەی خۆیدا بارێک لە خوێنەرە گریمانەییە کەم تا زۆر بەربڵاوەکان لە کۆڵ دەکات، کە بەپێی کات و شوێن کەم تا زۆر دەشێ فراوان و بەربڵاوتر ببن.

شارڵ پینۆ- دوکلۆ لە ساڵی ١٧٥١دا لە کتێبەکەی خۆیدا (چەند تێبینییەک دەربارەی داب و نەریتی ئەم سەدەیە) نووسیویەتی:

**((منی خوێنەرانی خۆم دەناسم، هیچ نووسەرێک نییە کە خوێنەرانی خۆی نەبێت ، واتە بەشێک لەو کۆمەڵگا هاوبەشەی نەبێت، کە خۆی تێیدا پەروەردە بووە)).**

ئەوەی مایەی خۆشحاڵییەکی زۆرە ئەوەیە کە تێکڕای نووسەران وەکو ئەم نووسەرە جۆرە ئاگایی و هۆشیارییەکی ڕوونی هاوشێوەی ئەمەیان لە خوێنەرانی خۆیان نییە (چونکە ئەگەر هەیانبوایە ئەوا لەکارەکەی خۆیاندا پەکیان دەکەوت)،بەڵام نووسەران لە گشت بارێکدا دیلی خوێنەرانی خۆیانن. باوەڕپێکراوترین و توندترینی ئەو ئامرازانەی، کە نووسەر بە خوێنەران دەبەستێتەوە بریتین لە هاوبەشیکردنی کلتوری و هاوبەشیکردنی بیروباوەڕەکان و هاوبەشیکردنی زمانی.

پەروەردە و فێرکردن بنەما و هۆکاری پێکەوەگرێدان و یەکانگیری گروپی کۆمەڵایەتییە، ئێمە ئەوەمان وت ، کە هۆکاری سەرەکی پێکەوەلکان و پێوەندی گروپی خوێندەوارانی فرەنسی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمدا هاوبەشیکردنیان بوو لە ڕۆشنبیری و فێرکارییە مامناوەندیە کلاسیکییەکاندا، بەم شێوەیە لە نێوان هەزاران پێوەندی و پێکەوەلکانی دیکەی سەدەی شازدەیەم هاوبەشیکردنی کلتور و ڕۆشنبیری هیومانیستی بوونی هەبوو و لە سەردەمی ئێمەشدا هاوبەشیکردنی کلتوری مارکسی بوونی هەیە. ئەلدۆس هاکسلی لە گاڵتەیەکی خوازەئامێزدا کلتور و ڕۆشنبیری لەکەڵ تێکڕای خێزانێک بەراورد دەکات، کە ئەندامەکانی خێزانەکە باسی ڕوخسارە جوان و درەوشاوەکانی ناو ئەلبومی خێزانی خۆیان دەکەن، بۆ پەیڕەوکردنی ئەم بابەتە لەسەر فرەنسا وا باشترە بڵێین: لەنێوان ئەندامانی خێزانەکەدا: نوکتە و قسە شیرینەکانی مامە پۆکلن، زیرەکی وشکی خاڵە دیکارت، وتارە پڕ لە شکۆییەکانی باپیرە هۆگۆ، زەردەخەنە تورەکانی بابەڤێرلین نموونەیەکی باشن بۆ هەموو قسەکانی خێزانەکە دەربارەی کەسەکان ، هەبوونی کلتور واتە بانگکردنی هەموو ئەندامانی خێزان بە نازناوەکانیانەوە، بێگانە لەنێو ئەندامانی خێزانەکەدا ئاسوودە نییە، چونکە بەشێکی خێزانەکە نییە، بە دەربڕینێکی دیکە کلتوری نییە.( ئەم وتەیە بەو واتایەیە، کە ئەو کلتور و ڕۆشنبیرییەکی دیکەی هەیە) ئەم گاڵتە و شۆخییەی سەرەوە وێنەیەکی تارادەیەک ڕاست و دروستی

واقیعـیەت نیشـان دەدات. مامۆسـتا مەعـنەویە گەورەکـان کە بەسـەر کلتورەکاندا زاڵن، ئەرستۆ، کۆنفۆشیۆس، دیکارت، کارل مارکس و هیتر زیاتر لەڕێگەی بەهای تەوتەمیانەی بەرهەمـی خۆیـان کـاریگەری دەخەنە سەر کـانگە و سـەرچاوەی گـروپە کۆمەڵایەتییەکـان تـا ئەوەی لەڕێـگەی دەسەڵاتی فیکرییان ( کە لای زۆربەی ئەنـدامانی کۆمەڵگـای خێزانـی ئەم کەسـانە بیرەکـانی ئەوان بەقورسـی درک دەکـرێن، واتە بە سـەختی لە بیرەکـانی ئەم فەیلەسـووفانە دەگەن). ئەو فرەنسـییەی، کە خـۆی بە پەیڕەوکـــاری دیکـــارت) دادەنێـــت ئەو چەمـــکەی،کە دەریـــدەبڕێت جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو چەمکەی، کە مرۆڤێکی لادێیی لەیەکێک لە هۆزەکان بەکاری دەهێنێت، نییە.

ئەو کاتەی (بێن جۆنسۆن) لەبـارەی شکسـپیرەوە دەیگـوت: ( ئەو زمانی لاتینـی بە کەمـی و زمـانی یۆنـانی کەمتـر لە لاتینـی دەزانـی) (وە ئەگەر ئەمڕۆ لە فرەنسا ژیانی بەسەر ببردبایە دەیگـوت زمـانی شکسـپیر وەکو زمانی منـداڵانی قوتابخانەکـانە) مەبەسـتی ئەوە بـوو، کە وابەسـتە نییە بە گروپێکی کلتوری (University wits)، واتە بەشـێکی ڕونـاکبیران کە خاوەنی کلتور و ڕۆشنبیرییەکی هیومانیستی نـیيە. لەڕاسـتیدا لەگەڵ ئەوەی خوێنەرانی بێن جۆنسۆن و شکسپیر لەگەڵ یەک تـێکەڵاون، بەڵام تەوتەمە کلتورییەکانیـــان زۆر لەیەکیـــان جیادەکـــاتەوە. خـــوێنەرانی بەرهەمەکـانی بـێن جۆنسـۆن کەمیـنەیەکن کە خۆیـان بـۆ ڕوخسـارە درەوشـاوەکانی چـاخی کـۆن دەگەڕێـنەوە، خـوێنەرانی بەرهەمەکـانی

شكسپیر زۆرینەیان خەڵكانێكی میللین، كە بە چاخی كۆنی پلە دوو یا پلە سێ (بۆنموونە بە مۆنتینی كە فلۆریۆ وەریگێڕاوە) پەسەند دەكەن، بەڵام بە پابەندییەكی سەختەوە لەسەر تەورات و نەریتە پەندئامێزە میللییەكان و ئەفسانە میللییە گەورەكان ماونەتەوە.

هاوبەشیكردنی كلتوری ئەوەی، كە ئێمە ناومان ناوە هاوبەشیكردنی بیروباوەڕەكان بەدوای خۆیدا دێنێت هەر كۆمەڵە مرۆڤێك ژمارەیەك بیرۆكە و بیروباوەڕو و بڕیارە بەهایی یا بڕیارە واقیعییەكان هەڵدەبژێرن، كە وەكو شتگەلێكی ئاشكرا و ڕوون پەسەند كراون و پێویستییان بە ڕوونكردنەوە و بەڵگەهێنانەوە و سەلماندن و ستایشكردن نییە، ئێمە لێرەدا ڕووبەڕووی چەند چەمكێك دەبینەوە، كە نزیكن لە هەردوو چەمكی (گیانی نەتەوەییvolksgeist) و (گیانی ڕۆژگار zeitgeist) ئەم بنەما ئاشكرایانە وەكو تەوتەمە سەرەتاییەكان بەرگە و توانای لێكۆڵینەوە ناگرن، بەڵام ناتوانرێت گومان لەبارەیانەوە بكرێت، چونكە ئەگەر وابێت ئەوا پایە ئەخلاقی و فیكرییەكانی گروپەكە دادەڕوخێت. ئەم چەمكانە بنیاتی بنەڕەتە ئایدۆلۆژییەكانی گرووپەكە، هەروەها خاڵی پشت پێبەستنی شتە داهێنراوەكان و نەگونجاوییەكان پێكدەهێنن، كە هیچ كاتێك لە سەرپێچییە ڕێژەییەكان بەرەو سەروەتر ناڕۆن،چونكە سەرپێچی ڕەها شتێكی پووچ و نالۆژیكییە، هەر نووسەرێك بەم شێوەیە بەند و دیلی ئایدۆلۆژیا و جیهانبینی ژینگە و خوێنەرانی خۆیەتی: دەتوانێت ئەوە پەسەند بكات، بیگۆڕێت، بە تەواوەتی یا تا ئەندازەیەك

نکۆڵی لێ بکات، بەڵام ناتوانێت بە تەواوەتی لێی دەرباز ببێت، لەم لایەنەوە مەترسی ئەوە هەیە خوێنەرە گریمانکراوەکان کە لە دەرەوەی سیستمی بیروباوەڕە سەرەکییەکان دەژین واتای حەقیقی بەرهەمەکان درک نەکەن.

بۆ نموونە با بگەڕێینەوە بۆ شکسپیر و بیر لە بەکارهێنانی تارمایی و جادوگەرەکان لە بەرهەمەکانیدا بکەینەوە. ڕوناکبیرانی ڕۆژئاوایی سەدەی بیستەم (کە زۆربەی لێکدەرەوەو شیکەرەوە هەنوکەییەکانی بەرهەمەکانی شکسپیر لەم جۆرەن)بەشێوەیەکی گشتی نە باوەڕیان بە جادوگەرەکان هەیە و نە بە تارمایی، لەبەرئەوە ئەو ئارەزووەیان هەیە، کە ئەوانە وەکو جوانکاری و ئارایشتکارییەکی خەیاڵی هەژمار بکەن، کە هێز و تینێکی زیاتر بە تراژیدیا دەدات، لە کاتێکدا هاوچەرخەکانی شکسپیر و بەتایبەتیش ئەو خوێنەرانەی، کە ڕوویان لەبەرهەمەکانی ئەو بوو بەشێوەیەکی ئاسایی باوەڕیان بەو شتە هەبوو، کە ئێمە بە شتێکی میتافیزیکی ناوی دەبەین. هەبوونی جادوباز لە شانۆدا بۆ ئەوان دڵڕفێنتر بوو لە هەبوونی ڕێگر، بەڵام سەرسوڕهێنەرتر نەبوو. لە بەرهەمەکانی شکسپیردا بینەری ڕۆحێکی گوماناوی پەرەسەندووین، بەڵام بۆ ئەو بەتەواوەتی نەشیاو بوو، کە بەجۆرێکی دیکە بەرامبەر بەو بیروبۆچوونەی کە گشت خەڵک پێ پەسەندبوو کاربکات و هەنگاو بنێت. چەمکی شتی جادوویی یا خەیاڵی لە بیری ئەودا بوونی نییە، چونکە ئەم چەمکە وابەستەی ئەم بنەما ڕوونەیە،کە ئەوەی گونجاو و هاوتا

نیـیه لەگەڵ یاسـا سروشـتییەکان، شـتێکی نـاواقیعییە و لە سـەردەمی شکسـپیردا ئەم یاسـایانە هێشـتا تومـارنەکرابوون و نەچەسـپیبوون، لەبەرئەوە هەرکاتێـک بمانەوێـت بەرهەمەکـانی ئەو جیـابکەینەوە لە سیسـتمی واقیعیەتەکـانی ڕۆژگـار، کە تێیـدا لەدایکبـووە و بـۆتە دیلـی سیستمەکە ، ئەوا پێویستە ناپاکی لە شکسپیر بکەین. (ئێمە دەیبینـین کە خیانەتی پێویست چ واتایەکی هەیە)[٨٦].

هاوبەشیکردنی بیروباوەڕەکان لەناو گروپێکدا بەهۆی هاوبەشـیکردنی ئـامرازە گوزارشـتەکەرەکان و لەپـێش هەمووشـیاندا لەڕێـگەی زمـانەوە دەچەسپێت. نووسـەر لە مەیـدانی زمانـدا بـێجگە لەو وشـانە و لەو یاسـا زمانیانەی، کە هەموو کەس بۆ دەربڕینی بیروباوەڕەکانی بەکاریان دەبات شـتێکی دیـکەی لەبەردەمـدا نیـیە، ئەو تـا ئەنـدازەیەکی زیـاتر دەتوانێت (واتـایەکی پـاکژتر بە وشـەکانی خەڵـک بدات)، بەڵام وشـەکان هەمان وشەکانن و ئەگەر نەبن ئەوا واتای خۆیان لەدەست دەدەن، کێشە چارەسـەرنەکراوەکانی وەرگێـڕان[٨٧] ، خـراپ لێکـدانەوەی مێژوویـی لە قۆناغێک بـۆ قۆنـاغێکی دیکە، خـراپ تێگەیشـتنەکان لە گـروپێکەوە بـۆ گروپێکی دیکە لەناو وڵاتێکدا لێرەوە سەرهەڵدەدەن.

---

[٨٦]. ئەم نموونەیە وەرگیراوە لە وتاربێژی پرۆفیسۆر کینگز لە زانکۆی بریستۆڵ، کە لە ساڵی ١٩٥٣دا لەژێر ناونیشانی the sociology of literature سازدرا.

[٨٧]. لێکۆڵینەوەی وەرگێران پێوەندییەکی تەسک و تریسکی لەگەڵ ڕەهەندەکانی کۆمەڵناسی ئەدەبیداهەیە، لەگەڵ ئەمانەشدا مەسەلەکە بە ئەندازەیەک فراوانە، کە نەمانتوانیوە لەو کورتەیەدا بیخەینەڕوو و باسی بکەین.

لەم دواییانەدا وەرگێڕانێکی شکسپیر لە فرەنسادا سەرلەنوێ ململانێ هەمیشەییەکەی دەربارەی وەرگێڕان هەڵگیرساندەوە[٨٨]، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە بەئاسانی، هێندە بەسە سەرنج لەوە بدەین،کە کاتێک بێن جۆنسۆن بە مەرامی نیشاندانی نامۆیی ڕەفتارەکانی کەسێک وشەی هونەریانەی (قۆشمەیی)بەکارهێناوە، کە لە وشە کۆنەکانی پزیشکی بە قەرز وەریگرتووە، کاتێک شکسپیر ئەم وشەیەی وەکو جۆرێک لە پشت پێبەستنێکی وشەکە بە واتا نادیارەکەی، کە لە زمانی خەڵکی ڕەشۆکی گشت کۆمەڵگاکاندا هەیە دەخاتە سەر زمانی عەریف (نیم)،کە یەکێکە لە سەربازەکانی سوپای هێنری پێنجەم، ئەوا نە واتای یەکەم و نە واتای دووەمی ئەم وشەیە هیچ ڕوێکی هاوبەشیان لەگەڵ واتا مۆدێرنەکەی (قۆشمەیی)دا نییە، تەنیا شیکردنەوەیەکی مێژوویی ورد دەتوانێت پێوەندیی و نزیکایەتییەکی عەقڵانی لە نێوان ئەم سێ واتایە بهێنێتەکایەوە، بەڵام بەهای زیندووی هەریەکێکیان وەکو دیلێک لە فەزا داخراوەکانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا دەمێنێتەوە[٨٩].

سەرباری زمان، ژانر و شکڵە ئەدەبییەکان جیاکەرەوەیەکی دیکەن، کە گرووپ لەسەر نووسەر باردەکەن. ژانرێکی ئەدەبی ناتوانرێت

---

[٨٨] . ئەم شەڕە قەڵەمە لەنێوان بەڕێز ئیف فلۆرین و بەڕێز لوازۆ لەبارەی وەرگێڕانێکی شکسپیر، کە یانەی فرەنسی بۆ کتێب بڵاوی کردبوویەوە هەڵگیرسا. بگەڕێوە بۆ لۆمۆند ژمارەکانی ١٨-٢٨ی ئاب و ٦ و ٢٠ و ٢٤ی سێپتێمبەری ١٩٥٥، گۆڤاری etudes anglaisesکانوونی یەکەم-ئازار و مارس و تەمموز- سێپتێمبەری ١٩٥٦ و بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی گشتی کۆلێژی ئەدەبی بۆردۆ، بەرگی ٥ .

[89] .voir l. cazamian, the development ofenglish humor, 1951.

دابهێنرێــــت، تەنیـــا دەتوانرێـــت لەگەڵ خواســـتە نوێکـــانی گـــروپە کۆمەڵایەتییەکاندا بگونجێنرێت و ئەمەش ڕێنیشاندەرێکە بۆ پەرەسەندنی ژانرەکان بەپێی گۆڕانی کۆمەڵەکان، کاتێـک وەکـو (ئـافرێنەر)ی ژانرێـک بیر لە نووسەرێک دەکەینەوە، زۆربەی کات ئەوەمان بیردەچێـت، کە ئەم نووسەرە سەرەتا (بەلانیکەمەوە لە قوتابخـانەدا) بەهـرە و سروشـەکانی خۆی لە قاڵبە نەریتییەکانـدا داڕشـتووە و هەمـان ئەم قاڵبـانە نمـوونەی چەنـد شـکڵێک بـوون، کە نووسـەر لە دواتـردا بەرجەسـتەی کـردووە و نیشانی داوە. لەو کاتەی، کە نووسـەرێک یەکێـک لە ژانـرە ئەدەبییەکـان بەناوبانگ دەکات، ئەوا بە دەگمەن ئەو کەسـەیە، کە ئەم ژانرەی (بنیـات نابێت). ئەو بۆ ئەفرانـدنی بەرهەمەکە سـوود لەو ئـامرازانە وەردەگرێـت، کە خراوەتە بەردەستی، واتای پێدەبەخشێت، واتـای تـایبەتی خـۆی بەم ئـامرازانە دەبەخشـێت، بەڵام ئامرازەکـان داناهێنێـت یـا نـادۆزێتەوە، لە کۆتاییـدا هەمـاهەنگی ڕۆحـی تەواوی ئەو لەگەڵ خواسـتە هونەرییەکـانی گـروپە کـۆمەڵایەتییەی خـۆی بەرەو گـۆڕینی ئامرازەکـان، یـا تەنـانەت بەڵگەهێنـــانەوە بۆنیشـــاندانی ســـوودوەرگرتن لەم ئـــامرازانە دەیـــبەن. ســـەبارەت بە ڕاسـین، بەو شـێوەیەی کە تێـری مـۆنیێ (کە ڕەنـگە بە چاکترین شێوە گوزارشتی لێکردبێت) هەمان ئەو خاڵە نیشاندەدات:

**لەبەرچی ڕاسین پێویستبوو لە بەرامبەر دونیاو شارستانیەت و داب و نەریتێک،کە بە ئاسوودەییەکی تەواو و بە باشترین شێوە لەگەڵیاندا گونجاو و سازگار بوو و هەموو ڕەگەزەکانی**

**سەرکەوتنی خۆی لە ناویاندا بە بەردەست و ئامادە دەبینی یاخی بێت؟ئامرازەکانی تراژیدیا ئامادە بوون،هەوڵێکی پەنجا ساڵەیی تراژیدیای فرەنسی نەگایاندبووە پلەی کەماڵ و تەواوەمەندێتی، بەڵام پەسەندکردنی تەواوەمەندێتی تراژیدیای کردبووە شتێکی نزیک و پێویست، نەمامی تراژیدیا لە دەروازەی شکۆفەکردن بوو. ئەرکی ڕاسین داهێنان، یا دووبارە بنیاتنانەوە یا خۆسپاردن بە ڕووداوەکان نەبوو، بەڵکو ئەم ئیمتیازە بێهاوتاییەی هەبوو،کە تراژیدیا بەپلەی کەماڵ و لوتکە بگەیەنێت[٩٠].**

پێویستە جگە لە دەستنیشانکەرە زمانی و ژانری ئەدەبی دیاریکەرێکی دیکەش زیاد بکرێت ئەویش بریتییە لە ڕەگەزێک بەناوی شێواز، کە پێناسەکردنی قورسە. سەرەڕای پێناسە بەناوبانگەکەی بۆفۆن، کە بونیاتنراوە لەسەر ئەوەی (شێواز واتە خودی مرۆڤەکە) پێویستە بگوترێت شێواز تەنیا مرۆڤ نییە، بەڵکو کۆمەڵگاشە. بە کورتی شێواز هاوبەشیکردنی واقیعیەت و بیروباوەڕەکانە، کە لە ڕووخسار و بابەت و وێنەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. شێوازیش وەکو هاوبەشیکردنی بیروباوەڕەکان چەند بنەمایەکی بیروباوەڕی تایبەتی خۆی هەیە، واتە لاساییکەرەوەکان (نەریتگەراکان) و سەرپێچیکەرانێکی داهێنەرانەی هەیە، کە پشت بە خودی شێواز دەبەستن، ئەزموون ئەوە

---

90 .thierry maulnier, racine, 1935, pp.42-43.

دەسەلمێنێت، کە دەتوانرێت بەبێ ناسینی نووسەری دەق بە یارمەتی شیکردنەوەیەک لەباری تەکنیکی نووسین، بونیاتی ڕستەکان، بەشەکانی وشە یا قسە، جۆری بابەت، خواستنەکان و بەگشتیش پێداویستییە جوانیناسییەکانی ژینگەی دەقەکە، کە دەتوانرێت ناویان لێبنرێت (بۆنەکان)[٩١] مەزەندەی مێژوو و شوێنی نووسینی دەقەکە بکرێت. بلیمەتی داهێنەرانەی نووسەر بگاتە هەرچییەک، ئەوا دەتوانێت سەرپێچی پێداویستییەکانی چێژی ژینگە بکات، بەڵام ناتوانێت لەبەرچاویان نەگرێت و وەلایان بنێت.

ئەگەر بکرێت خوێنەرە گریمانکراوەکانی سەدەی حەڤدەیەمی فەرەنسا کە خوازیاری چەند شێوازێکی جۆراوجۆری وەک (شێوازی دروستکراو،بارۆک، گاڵتەئامێز، گرۆتسک، کلاسیک )بوون باشتر بناسرێن، بێگومان ناسینی زیاتری ئاڵۆزی شێوازەکان لەم سەدەیەدا باشتر و گونجاوتر دەبێت. مرۆڤەکان لەڕووی کلتور و زمان و بیروباوەڕەوە جیاوازیان لەگەڵ یەکدا نییە، بەڵام گرووپ و دەستە و بازنەگەلێک پێکدەهێنن، کە هەریەکەیان فەزای تایبەتی و شێوازی تایبەتی و تەنانەت جوانیناسی تایبەتی خۆی هەیە، (کۆڕنێ)ی شارستانی لەنێو بۆرژوازییەکی درێو و وشک نقووم دەبوو، کە تازە جەنگە ئاینییەکانی وەلانابوو و شەیدای جووڵە و پاڵەوانێتی و ئیرادە

[٩١]. لەبارەی بۆنەکانەوە بگەڕێرەوە بۆ:

B. munteano, des constanes en literature, revue de litteraturecomparee, 31, juillet-septembre, 1957, pp.388-420

بـــوو. (لاکـــاڵ پیرانـــد)یش ژانـــری ئەدەبـــی ڕۆمـــانی هەڵبـــژارد، کە گونجاوییەکی چاکتر و زیاتری هەبوو لە تراژیدیا بەرامبەر بەم بارودۆخە بۆرژوازییە، لەبەر ئەم هـۆیە شـتێکی ئاسـایی بـوو،کە سـەرکەوتنەکانی کۆرنێ)لە پاریسدا ڕووبەڕووی ساردییەکی درکنەکردن و لێتێنەگەیشتنی ئەکادیمیـــای پـــاریس بـــوویەوە، ئەنـــدامانی ئەکادیمیـــا بەشـــێوەیەکی تاکەکەسیانە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ کۆرنێدا نەبـوو، بەڵام ڕەمـزی نەریتگەرایـی نـوێی نووسـەرە پاریسـییەکان بـوون، لە کۆمەڵگایەکدا کە کۆرنێ تێیدا نامۆ بوو یاسا جوانیناسییەکان لەلایەن وەچەیەکـی دیـکەوە دادەڕژران، وەچەیەک کە ئـــێمە لەم ڕۆژگـــارەدا بە کلاســـیک ناویـــان دەهێنین، لەبەر ئەم هۆیەیە، کە ململانێ لەسەر شانۆنامەی (سـەیید)ی کۆرنێ ململانێیەکە هاوشێوەی ئەو ململانێیە بێ ئەنجام بوو، کە شەست ساڵ دواتر لەنێوان (کۆنەخوازەکان) و (نوێخوازەکان)دا هەڵگیرسا.

ئەگەر ئەم ڕوونکردنەوە و ڕێنیشاندانە یەکجار گشتییە لەگەڵ ئەوەی کە لەڕێگەی ئامارەوە لە بەشەکانی سێیەمدا (لەدەستگرتنی چارەنووسـی کـۆمەڵێکی ئەدەبـی لەلایەن چەنـد کەسـێکەوە، زنجیـرەی وەچەکـان) و بەشی چوارەم (جیاوازی نێوان پاریس و ناوچەکـانی دیـکە، جۆراوجـۆری ژینگە کۆمەڵایەتییەکان)نیشاندران لەتەک یەکتردا دابنێین، دەگەیـنە ئەم ئەنجـــامەی، کە ئەم دیـــاردانە دەرخەری کـــاریگەری خـــوێنەران و ژینگەکەیانە بەسەر پەیام و کەسایەتی و کاری نووسەرانەوە.

لەگەڵ ئەمەدا ئێمە تەنیا ڕوومان لەبەشێکی کارەکە کردووە ئەویش لێکۆڵینەوەیە لە بارودۆخی کۆمەڵانی خوێنەران و ژینگەی هەر یەک لەم کۆمەڵانە، لەبەرئەوە لێکۆڵینەوە لە کلتور و زمان و ژانرە ئەدەبییەکان و شێوازەکانیان بەتەنیا بەس نین بۆ تێگەیشتن لە هەموو لایەنەکانی دیاردەی ئەدەبی، لەڕاستیدا لەپشت سنورە زمانی و جوگرافییەکان، یا کۆمەڵایەتییەکان جەماوەرێکی یەکجار فراوانی خوێنەران بوونیان هەیە، کە ناتوانن هیچ جۆرە سەپاندنێک لەسەر نووسەر باربکەن، بەڵام هەر لەنێو ئەم جەماوەرەدا، کە بەرهەمەکە ڕەنگە بتوانێت بە باشترین شێوە لەڕێگەی خوێندنەوەی کەسەکان و زۆربەی کاتیش لەڕێگەی دەماودەم یا گۆڕانکارییە پێشبینینەکراوەکاندا درێژە بە ژیانی خۆی بدات. بۆ ئەو نووسەرانەی، کە بۆ بازنەی ڕۆشنبیران دەنووسن خوێنەرانی تۆڕە گشتییەکان، کە لەمڕۆدا بە (تێکڕای خەڵک، یا خوێنەرانی ڕەشۆک) ناودەبردرێن پەیوەستن بە سەرزەمینێکی نەناسراوەوە، خوێنەرە بیانییەکان و خوێنەرانی زمانەکانی داهاتووش دەچنە سەر ئەم خوێنەرە ڕاستەقینە و ناوخۆییانە، واتە دەبنە هاوڕێی خوێنەرانی تۆڕە گشتییەکان لە سەرزەمینە نەناسراوەکەدا. چەند زۆرن ئەو نووسەرانەی، کە لەگەڵ پێستە و پۆشاکی تەسکی خۆیان جێگەیان نابێتەوە و ناگونجێن و جەماوەرێکی نەناسراویان داوەتە پێش خۆیان و وەکو گوێگر هەژماریان کردوون و بەرهەمەکانی خۆیان بۆ ئەو خوێنەرانە هەڵبەتە بۆ وێنەکێشانێک، کە ئەو خوێنەرانە لەناو مێشکیاندایە- نووسیوە وەکو

ئەدەبیـاتی میللـی و بەرهەمە جیهانییەکـان، وتارگەلێـک بـۆ نەوەکـانی داهاتوو، بەڵام چەنـد دەگمەنـن ئەوانەی کە وەڵامێکیـان بـۆ ئەم ئیشـەی خۆیان دەستکەوتووە.

ئێستاش ناتوانرێت ئەم وەڵامە بەدەست بهێنرێت، لەبەرئەوەی بۆتە شـــتێکی شـــێواو، ئەو خـــوێنەرانەی، کە لەدەرەوەی چوارچێـــوەی بەرهەمەکەدا ژیـان بەسـەر دەبەن نـاتوانن بەهەمـان ئاسـانی و بەو بـێ مەرامـیەی، کە گـروپە کـۆمەڵایەتییە سـەرەکییەکە لە نووسـەر نزیـک دەبـــنەوە، دەســـتیان بە بەرهەمەکە بگـــات، لەبەرئەوە ئەو خـــوێنەرە نامۆیانە توانـای تێگەیشـتنێکی بابەتیـانەی دیـاردەی ئەدەبییـان نیـیە و ئەفسانە دروستکراوەکانی ناو مێشکیان لە بـری واقیعـیەت نیشـاندەدەن. زۆربەی ئەو پۆلینبەنـدییانەی، کە لە مێـژووی ئەدەبیـدا ئەنجامـدراون بـۆ ئەو کەسانەی، کە ناتوانن ئەم پۆلێنبەنـدییانە لە سـنوور و چوارچێـوەی ڕۆڵەکانیاندا وەکو پێداویستییەکی کارەکە بە وردی هەرس بکەن گـۆڕاون بـــۆ ئەفســـانەیێکی لەم چەشـــنە. مێژوونووســـانی ئەدەب، کە بـــە واقیعیەتەکـانی زەمەنـی ڕابـردوودا نـامۆن، ئەم دروسـتکراوە زەینیانەیـان کـردۆتە جێگـرەوەی واقیعیەتەکـان: بەکارهێنـانی چەنـد وشـەیەکی وەک هیومانیزم، کلاسـیک، پیاکارسـک، گاڵتەئـامێز، ڕۆمانتیـک و زۆری دیـکە واتـــای واقیعـــی خۆیـــان بەتەواوەتـــی لەدەســـتداوە، بەهەمـــان شـــێوەی بەکارهێنانی وشەی (ئێگزیستانسیالیزم= بوونگەرایی) لە زمـانی ڕۆژانەدا، کە چیتر واتا واقیعیەکەی خـۆی نیـیە. هەنـدێجار ئەفسانە ئامـاژەیە بـۆ

کەسێک و لەسەر ناوی خودی پاڵەوانەکە چڕدەبێتەوە بۆ نموونە: کۆڕنێ ئامێز، گۆتەیی،بالزاکی، هەروەکو ئەوەی، کە لە ساڵی ١٩٥٨دا هەزاران کەس قسەیان لەبارەی (ساگانیزم) دەکرد بەبێ ئەوەی هەرگیز چاوێکیان بە کتێبێکی (فرانسوا ساگان)دا خشاندبێت.

وەکو گوتمان خوێنەرانی ڕەشۆک کاریگەرییان لەسەر نووسەر نییە، ئەم قسەیە بە تەواوەتی ڕاست نییە، لە ڕاستیدا هەر جارێک نووسەر تووشی ئەم گوناهە تەواو ئەدەبییە دەبێت بەوەی، کە گومان لە سەرکەوتوویی ئەفسانەیەک دەکاتەوە لەبری سەرکەوتنی بەرهەمەکەی خۆی، ئەوا کاریگەری لە تێکڕای خوێنەرانی ڕەشۆک وەردەگرێت و بەناچاری دەبێت باجی تاوانەکەی خۆی بدات، چونکە ئەو خوێنەرانەی، کە بۆ سوودوەرگرتن لە ئەفسانەکە بەرهەمەکەی ئەویان خوێندۆتەوە، چێژێکی ئەدەبی و بێ مەبەستانەیان لەم بەرهەمە وەرنەگرتووە، بەڵکو بەرهەمەکەیان وەکو پێناو و خزمەتکارێک گرتووە، کارەساتی نووسەرێکی وەک ڕۆدیارد کیپلینگ[٩٢] کە لەژێر پاڵەپەستۆی بەرگریکردن لە ئیمپریالیزم بووە مایەی نەفرەت لێکردن نموونەیەکی دیاری ئەمەیە.

**٢.سەرکەوتن:**

ئەو خوێنەرانەی کە تاوەکو ئێستا مەبەستمان بوون و ڕووبەڕوویان بووینەتەوە (گوێگران، خوێنەرانی هەڵقوڵاو لە ژینگەی نووسەر، خوێنەرانی ڕەشۆک (گشتی) ) ناتوانن ببنە تەرازوویێک بۆ چەسپاندنی

[٩٢]. لە کتێبی servitides et grandeurs imperials ، کە لە ساڵی ١٩٥٥ دا بڵاوکراوەتەوە بەرگریمان لەم ڕوانینە کردووە.

سەرکەوتنی بازرگانیانەی بەرهەمەکە، چونکە هیچ یەکێکیان واقیعی نین. لەڕووی بازرگانییەوە تاکە خوێنەرانێک کە واقیعین ئەو کەسانەن کە کتێب دەکڕن، لەوەوە دەتوانرێت بوترێت کە سەرکەوتن چوار پلەی هەیە: شکست یا لەدەستدانی سەرکەوتن ئەمەش کاتێکە کە فرۆشی کتێبەکە ببێتە مایەی زیان بۆ بڵاوکەرەوە و کتێبفرۆش، سەرکەوتنی ڕێژەیی واتە کاتێک کتێب خەرجییەکانی خۆی دەردەهێنێت، سەرکەوتنی ئاسایی یا باو کە فرۆش تاڕاددەیەک هاوتایە لەگەڵ پێشبینییەکانی بڵاوکەرەوە و لە کۆتاییشدا کتێبی پڕفرۆش ئەمەش کاتێکە کە فرۆشی کتێبەکە تخووبە پێشبینیکراوەکە دەبەزێنێت و حیسابەکەی لەدەست دەردەچێت.

بەدەستهێنانی سەرکەوتن- بەتایبەت سەرکەوتن لەبارەی کتێبی پڕفرۆش- دیاردەیەکی پێشبینینەکراو و تەفسیرهەڵنەگرە، بەڵام ئێستا لەدوای دەستگەیشتن بە سەرکەوتن ڕەنگە بتوانرێت یاسا تەکنیکییەکانی ڕوونبکرێتەوە. ئەو زانیاریانەی کە لەم زەمینەیەدا لەبەردەستماندایە هێندە پەرش و بڵاوە کە ناتوانین سوودێکی ئەوتۆیان لێوەربگرین، بڵاوکەرەوەکان و کتێبفرۆشان یا خۆپارێزی دەکەن لە پێدانی زانیارییە گرنگ و پێویستەکان، یا پەیکەری ڕێکخراوەیی کارەکانیان ئەوەندە سەرەتاییە کە ئەو زانیاریانەی ئێمە دەمانەوێت لەبەردەستیان دا نییە،

بەڵام زوو یا درەنگ پێویستە چەند لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونێکی جیددی و خێرا لەم زەمینەیەدا ئەنجام بدرێت[٩٣].

لەگەڵ ئەمەشدا سەرکەوتنی بازرگانی کە گرنگییەکەی بۆ ژیانی کتێب شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، بێجگە لە ئاماژە و نیشانەیەک شتێکی دیکە نییە و پێویستی بە لێکدانەوە هەیە. واقیعیەتی سەرکەوتنی ئەدەبی شتێکی دیکەیە، چونکە وەکو ئەوەی وترا کتێب بەتەنیا شتێکی ماددی نییە. لە گۆشەنیگای دانەرەوە بەواتایەک لەگەڵ یەکەمین کڕیار یا تەنانەت لەگەڵ یەکەمین خوێنەری نەناسراو بەدەست دێت، چونکە وەکو ئەوەی بینیمان داهێنانی ئەدەبی لەڕێگەی خوێنەرەوە تەواو دەبێت و ئەنجام دەدرێت.

لە سەرەتای ئەم کتێبەدا گوتمان،کە ئەدەب بەبێ هاوسەنگی مەرامی نووسەر و خوێنەر یا لانیکەم گونجاوی و سازگاری مەبەست و مەرامەکانی ئەم دوانە بوونی نییە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەم چەمکانە ڕوون بکەینەوە. لەنێوان ئەوەی نووسەر دەیەوێت لە بەرهەمەکەیدا بیخاتەڕوو لەگەڵ ئەوەی خوێنەر بەدوای دەگەڕێت دەشێت مەودایەکی وەها بێت کە هیچ پەیوەندییەک لەنێوان ئەم دووانەدا دروست نەبێت، لەم شێوەیەدا تاکە ڕێگایەک کە بۆ خوێنەر دەمێنێتەوە دانانی

---

[٩٣]. یەکێک لەو لێکۆڵینەوە دەگمەنانەی ئەم بوارە هی ژ.ئاسین- فۆردەرە کە بە یارمەتی بڵاوکەرەوەی سۆی ئەنجامیداوە، ئەم لێکۆڵەرە ئەنجامی بەدواداچوونەکانی خۆی لەژێر ناونیشانی(Etude de la diffusion d un success de librairie پاریس ١٩٥٧) لە دەفتەرێکی تایپکراو لە (سەنتەری لێکۆڵینەوە ئابوورییەکان) بڵاوکردۆتەوە.

جۆرە ئاوێنەیەکە لەنێوان خۆی و نووسەردا کە ئێمە ناوی (ئەفسانە)مان لێنا. خوێنەر ئەفسانەی خۆی لەو گرووپە کۆمەڵایەتییە وەردەگرێت کە پەیوەندی لەگەڵدا هەیە و وابەستەیە پێیەوە، خوێنەرە ئەورووپییەکان زۆربەی نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی دووریان بەم شێوەیە ناسیوە.

بەپێچەوانەوە کاتێک نووسەر و خوێنەر وابەستەن بە تاکە گرووپێکی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوا دەشێت مەرامەکانیان لەگەڵ یەک گونجاو بێت. سەرکەوتنی ئەدەبی لەناو ئەم یەکانگیری و گونجاوییەی مەبەستەکان خۆی حەشارداوە. بە دەربڕینێکی دیکە کتێبی سەرکەوتوو کتێبێکە ئەوە بخاتەڕوو کە گرووپ چاوەڕوانی دەکات و وەکو ئاوێنەیەک گرووپەکە نیشانی خۆیان بدات، یەکێک لەو لێکدانەوانەی کە خوێنەرانی کتێبی سەرکەوتوو زۆربەی کات ئاماژەی پێدەکەن ئەمەیە، کە لەگەڵ نووسەردا هاوبەشی فیکرییان هەیە، هەستەکانیان لەگەڵ ئەودا هاوبەشە و لەژیانیاندا هەوراز و نشێوگەلێکێکیان بەسەرهاتووە، کە هاوشێوەیە لەگەڵ ئەوەی لە کتێبەکەدا هاتووە.

پاشان دەتوانرێت بگوترێت کە مەودای سەرکەوتنی نووسەر لەناو گرووپە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیدا وابەستەیە بە توانستی نووسەر بەو شێوەیەی کە (زرنگانەوەیەکی دەنگدار)ی ئەو گرووپە بێت (زاراوەی زرنگانەوەی دەنگدار ڤیکتۆر هۆگۆ بەکاری هێناوە) لەڕوویێکی دیکەوە بەربڵاوی ژمارەیەک لە خوێنەران و درێژی کاتی سەرکەوتنی بەرهەمەکە

پەیوەندی بە ڕەهەندگەلێکی ئەو جەماوەرە خوێنەرە هەیە کە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی نووسەردا ژیان بەسەر دەبەن.

لە ڕاستیدا خوێنەرانی ژینگەی کۆمەڵایەتی چەند ڕەهەندێکی یەجگار جیاوازیان هەیە[٩٤]، هەندێک لەنووسەران دەبنە مایەی ستایشکردن لەلایەن کەمینەیەکەوە، یا بۆ ماوەیەکی کورت دەبنە بنێشتە خۆشەی سەر زاران، بەشێکی دیکە دەبنە مایەی سەرنجدان بەلای گروپە کۆمەڵایەتییە فراوانەکان، یا چینەکان یا میللەتان، یاخود ئەوەی کە لەڕووی کاتەوە چەندین وەچە لەخۆدەگرن.

وڕێنەی بەجیهانیبوون یا نەمری نووسەر بەم شێوەیە شیدەکرێتەوە کە نووسەرانی (گشتگیر= جیهانی)یا (نەمر) کەسانێکن کە خۆشویستنی کۆمەڵایەتییان لە ڕووی شوێن یا لە کاتدا بەشێوەیەکی تایبەت بەربڵاو و فراوانە و لە شوێنە دوورەکان بەدوای (برایە هاوهۆزەکان)ی خۆیاندا دەگەڕێن. مۆلییێر بۆ ئێمەی فەڕەنسی سەدەی بیستەم هێشتا گەنجە، چونکە دونیای مۆلێر هێشتا زیندووە، ئێمە هێشتا لەگەڵ ئەودا هاوبەشی کلتوری و هاوبەشی بیروباوەڕ و هاوبەشی زمانمانمان هەیە، لەبەرئەوەیە شانۆنامەکانی ئەو هێشتا نمایشدەکرێن، چونکە گاڵتەکانی ئەو هێشتا بۆ ئێمە دڵگیرن، بەڵام بازنەکە تەسک دەبێتەوە و مۆلییێر پیر دەبێت

---

[٩٤]. پێویستە پشت بەم بابەتە ببەسترێت کە ئەم کارە بەهیچ شێوەیەک لە بەهای خودی و ناوخۆیی بەرهەمەکان کەم ناکاتەوە، بۆژێ، پرۆست، ژید هەریەکەیان لەگەڵ جیهانی خۆیاندا مردوون، بەڵام وەکو بەها مێژووییەکان زیندوون.

کاتێــک کە لایەنەکــانی هاوبەشــێتی شارســتانی ئەمــڕۆی ئــێمە لەگەڵ فەڕەنسای سەردەمی مۆلییێر بمرن، ئەویش دەمرێت.

وڕێنەی (بلیمەتی نەناسراو)یش هەر بەم شێوەیە مایەی لێکدانەوە و شیکردنەوەیە بەوەی کە هەندێک لە نووسەران لەڕووی کاتەوە مەودایان لەگەڵ گرووپەکەی خۆیان هەیە. بە دەگمەن قسە لەبارەی ئەو کەسانەوە دەکرێت کە لە سەردەمی خۆیاندا لەپاش بوون، واتە لەڕووی کاتەوە دواکەوتوو بوون، چونکە ئامرازێکمان لەبەردەستدا نییە تا لەوە تێبگەین کە ئایا لەو سەردەمدا بەڕاستی بە نەناسراوی ژیاون یان نا، بەپێچەوانەوە سەرکەوتنی ئەوانەی کە لە سەردەمی خۆیاندا لەپێشتر و پێشڕەوترن زۆربەی کات لەدوای چەندین وەچەوە فراوانی لەخۆدەگرێت و چەند بەرامبەر زیاد دەکات و ئەمەش کاتێکە کە ئەو کەمینەیەی کە لە سەردەمی ژیانی ئەم دەستە نووسەرانە بەرهەمەکانی ئەو نووسەرانەی خوێندۆتەوە بەربڵاوتر دەبێت و فراوانی بەخۆیەوە دەگرێت و گرینگی و کاریگەرییان زیاتر دەبێت. دەربارەی (لوسیان)ی نووسەری چینی کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا پێی ئاشنابووین هاوشێوەی زۆربەی نووسەرانی مارکسی پێش شۆڕشی سۆڤیەتییە، بەڵام دەتوانرێت ئەم یاسایە لە ڕەهەندگەلێکی سنووردارتر پیادەبکرێت بۆنموونە بەسەر (ستانداڵ) یا (شاعیرانی نەفرینلێکراو)ی سەدەی نۆزدەیەم پەیڕەو بکرێت، هەر چۆنێک بێت دەبێت لە سەرەتادا سەرکەوتنێک لە کارەکەدا هەبوبێت و بەرهەمهێنانێک هەرچەند نارێک و پێک ئەنجام درابێت و گروپێکی

کۆمەڵایەتی، کە بە بەردەوامی ئەو سەرکەوتنەی لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی دیکە گواستبێتەوە، بەبێ ئەم مەرجانە مەرگی نووسەر دەگات و ئەم مردنەش قابیلی گەڕانەوە نییە و شتێکی حەتمییە.

نابێــت ســەرکەوتنی ســەرەتایی بەرهەمەکە هەرچەنــدە لەڕووی بەربڵاویــیەوە کەم بێــت یــا زۆر، لەگەڵ ســەرکەوتنەکانی دواتــری یــا ســەرلەنوێ زینــدووکردنەوەی بەرهەمەکە تــێکەڵ بکــرێن، چــونکە ئەوەی لەدواتردا ڕوودەدات- بەچاوپۆشی لە بەربەستە کۆمەڵایەتیی و شوێنی یا کاتییەکــان- ســەرکەوتنێکی جێگــرەوەیە واتە ســەرکەوتن لەنێــو ئەو گرووپــانەی کە جیاوازییــان لەگەڵ گرووپــی ســەرەکی خــوێنەرانی نووسەرەکە هەیە. وەکو بینیمان خوێنەرانی نامۆ ڕاستەوخۆ دەستیان ناگــات بە بەرهەمەکە، ئەوەی ئەم جــۆرە خــوێنەرانە لە بەرهەمەکەدا بەدوایدا دەگەڕێن، هەمان ئەو شتە نییە کە نووسەر مەبەستی بووە دەیبڕێــت، لەنێــوان مەبەســتەکانی نووســەر و مەبەســتەکانی ئەو خوێنەرانەدا هاوتایی و هاوسەنگی بوونی نییە، بەڵام دەشێت گونجاوی بــوونی هەبێــت، واتە ئەوان دەتــوانن ئەوەی ئارەزوویــان لێــی هەیە لە بەرهەمەکەدا بەدەستی بهێنن، لە کاتێکدا نووسەر بەدوای ڕازیکردنێکی ئاشکرای ئارەزوویێکی لەم جۆرە نەبووە یا تەنانەت هەرگیز ئەم جۆرە شتە بە مێشکیدا نەهاتووە.

لێرەدا بێگومان ناپاکییەک ڕوویداوە، بەڵام ناپاکییەکی داهێنەرانە و ئەفــرێنەرانە، ئەگەر ئەوە قەبــووڵ بکەیــن کە وەرگێــڕانیش هەمیشــە

ناپاکییەکی داهێنەرانەیە، ئەوا ڕەنگە کێشە سەخت و ئالۆزەکەی وەرگێڕانیش چارەسەر ببێت. ئێستا بابزانین بۆچی ناپاکییە؟ لەبەرئەوەی وەرگێڕان بەرهەمەکە دەخاتە ناو سیستمێکی هەڵگەڕاندنەوەکان (لێرەدا مەبەست لە هەڵگەڕاندنەوە زمانییەکانە)کە بەرهەمەکە بۆ ئەو سیستمە دروستنەکراوە، یا دانەهێنراوە، بەڵام لەبەرچی داهێنەرانەیە؟، چونکە وەرگێڕان بە فەراهەمکردنی توانستێکی ئالوگۆڕیی ئەدەبی نوێ و خوێنەرانێکی فراوانتر، واقیعیەتێکی نوێ بە بەرهەمەکە دەبەخشێت و دەوڵەمەندتری دەکات[95]، لەبەرئەوە نەوەک تەنیا دەبێتە مایەی مانەوەی بەرهەمەکە، بەڵکو بوونی دووەمیشی پێدەدات، دەتوانرێت بەشێوەیەکی کردارەکی بگوترێت کە تەواوی ئەدەبی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست تەنیا بەهۆی ئەم ناپاکییە داهێنەرانەوەیە کە بۆ ئێمە زیندوو ماونەتەوە، ئەم ناپاکییە لە سەدەی شازدەیەم دەستی پێکرد، بەڵام لەدواتر چەندین جار نوێکرایەوە.

---

[95]. فۆرمالیستە ڕووسییەکان لە دیدگایەکی هاوشێوەی ئەمە بەرگریان لە دیاردەکە کردووە. ب. تۆماشفسکی لە ساڵی ۱۹۲۸دا نووسیویەتی: ئەدەبیاتی بەرهەمهاتوو لە ڕێگەی وەرگێڕانەکانەوە پێویستە وەکو یەکێک لە ڕەگەزە خولقێنەرەکانی ئەدەبی هەر میللەتێک لێی بکۆڵدرێتەوە. لەتەک برانژێی فرەنسی و هاینەی ئەڵمانی برانژێ و هاینەی ڕووسیش ژیاون کە وەڵامی خواستەکانی ئەدەبی ڕووسییان داوەتەوە و بێ گومان تاڕاددەیەک دووربوون لە هاوکارە ڕۆژئاواییەکانی خۆیاندا)).(لە قوتابخانەی نوێی مێژووی ئەدەب لە ڕووسیادا revue des etudes slaves لاپەڕەکانی ۲۲۶-۲٤۰ وەرگیراوە). ئێمە لەگەڵ ئەم بابەتە زێدەڕۆیی تێداکراوە کۆک نین ، چونکە برانژێی فرەنسی و برانژێی ڕووسی خولقێنەری برانژێی مێژوویی و ئەدەبین، کە لە بەرهەمەکانی برانژێ دا بەشێوەیەکی پەنهان و(نەستیانە) بوونیان هەبووە.

دوو نموونەی دیاری ئەم خیانەتە داهێنەرانە: یەکێکیان بریتییە لە گەشتەکانی گۆلیڤەری بەرهەمی (جۆناتان سویفت) و ئەویتریش (ڕۆبنسن کرۆزۆ)ی بەرهەمی (دانیال دیڤۆ)یە. کتێبی یەکەم لە ئەسڵدا داشۆرینێکی بێبەزەییانەی فەلسەفی وەها تاریک و ڕەشبینانەیە،کە لەبەراوردکردنیدا لەگەڵ بەرهەمەکانی (ژان پۆل سارتەر)دا وەک بڵێی بەرهەمەکانی (سارتەر) دەرخەری گەشبینی کتێبەکانی منداڵانە[٩٦]. کتێبی دووەمیان ئامۆژگارییەکە (زۆربەی کات زۆر وەڕزکەر) لە وەسفی داگیرکاری (ئیستیعماری) نوێدا، بەڵام ئەم دوو کتێبە چۆن لەکاتی ئێستادا هێشتا بەردەوامی بەژیانی خۆیان دەدەن؟ بە چ شێوەیەک هەمیشە نزیک بوون لە سەرکەوتنێکی بێ ڕێگری لێکردن و ڕووبەڕووبوونەوە؟ تەنیا لەڕێگەی گواستنەوەیان بۆ ناو بازنەی ئەدەبی منداڵان! ئەو دوو کتێبە لە ڕیزی ئەو کتێبانە دەرکەوتوون کە وەکو دیاری بۆ منداڵان لە سەری ساڵدا دەسەنرێن، دیڤۆ ئەگەر ئەم شتەی بزانیبوویایە، ڕەنگە پێی خراپ نەبووبایە، هەڵبەتە سویفت تووڕە دەبوو، بەڵام هەردووکیان بەبێ گومان بە توندی تووشی شۆک دەبوون، چونکە نەدەکرا شتێک زیاتر لەمە لەگەڵ مەبەستەکانیان نامۆ بێت. بەسەرهاتە سەرسوڕهێنەرەکان یا نائاشناکان، کە بنەڕەتی ئەو شتانەن، کە خوێنەرە هەرزەکارەکان لەم کتێبانەدا بەدوایدا دەگەڕێن بۆ نووسەرانی

[٩٦] : لێرەدا مەبەست لە ڕاددەی بەراوردکردنی ئەم کتێبەیە لەگەڵ بەرهەمەکانی سارتەر، کە فەلسەفەکەی تەواو ڕەشبینانەیە، لەگەڵ ئەوەدا هێشتا بەرهەمەکانی سارتەر لەم بەرهەمە گەشبینانەتر دەکەونە بەرچاو.(و.کوردی)

ئەم کتێبانە شتێک نەبووە، جگە لە چوارچێوەیەکی تەکنیکی سواو، کە وەکو ژانری باوی کۆمەڵگای ئەو سەردەم هەژمارکراوە. ئەم ژانرە بە کۆکردنەوەی باسکردنی گەشتەکان و سوودوەرگرتن لە گێڕانەوەکانی هاکلۆیت و ماندۆیل و گێڕەرەوەکانی دیکەی ئەو سەردەم بنیاتنراوە، پەیامی سەرەکی لەم کتێبانەدا بەبێ شیکردنەوە و لێکدانەوەی حەقیقەتەکان ڕوون نابێتەوە و درک ناکرێت، ئەمەش کارێکە کە لەدەست خوێنەری مامناوەندی سەدەی بیستەمدا نایەت، ئەم خوێنەرانە بە قاڵبی کارەکە (کە تازە دەستکاری تێداکراوە) بەسەندە دەکەن، قاڵبێک، کە گونجاوە لەگەڵ هەڕەتی گەنجییان. تەواوی ئەم بەسەرهاتە بیرهێنەرەوەی ئەو چیرۆکی ئەو شێتە بەناوبانگەیە، کە پێشخۆرەکەی (المقبلات) دەڕژاندە سەر زەوی و قاپەکەی دەخوارد: لێرەشدا بە جۆرێک لە جۆرەکان ناپاکییەکی داهێنەرانە ڕوویداوە.

ئەم ناپاکیانە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە ئەنجام نادرێت، بەڵکو لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە و تەنانەت لە گروپێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ گروپێکی کۆمەڵایەتی دیکە لەناو یەک وڵاتدا شێوە دەگرێت. کیپڵینگ کە لە ئینگلتەرادا بە جۆرێک لە جۆرەکان کوژراوی دەستی ئەفسانەی ئیمپریالیستی بوو، لە پێش مردنی جەستەییانەی خۆیدا لە فرەنسا لەڕێگەی ئەدەبی منداڵان و لە یەکێتی سۆڤیەتدا لەڕێگەی ئەدەبی جەنگ و شۆڕشەوە دووبارە ژیایەوە. کیپڵینگ لە سەردەمێکی زووەوە دەربارەی نموونەکەی سویفت و بێ مەرامی

**دیارییەکانی خودای سەرکەوتنی ئەدەبی قووڵببوبیەوە و لێی ڕامابوو.: ئەم خودایە نکۆڵی لەو سەرکەوتنە دەکرد کە خودی کیپڵینگ بەدەستی هێنابوو، بەڵام چەند سەرکەوتنێکی پێ نیشاندا ، کە هەرگیز کیپڵینگ بیریشی لێیان نەکردبوویەوە، ئەو لە کۆتاییەکانی ژیانی خۆیدا لە وتاربێژییەک لە (دەستەی شاهانەی ئەدەب)[٩٧]دا قسە لەبارەی بێتوانایی نووسەر لە پێشبینیکردنی ئەوەی، کە بەرهەمەکانی لە وڵاتە دوورەکانی ئەودیوی سنوورەکان چ شادی و حەقیقەتێک دەوروژێنن، دەکات.**

**ڕەنگە توانادارای و شایستەیی پەسەندکردنی ناپاکی لە بەرهەمی ئەدەبیدا نیشانەی باڵایی بەرهەمەکە بێت، شتێکی لەم جۆرە موستەحیل نییە، بەڵام چەسپاو و حەتمیش نییە، بەپێچەوانەوە ئەوەی حەتمی و ڕەهایە بریتییە لە ڕواڵەتی واقیعی بەرهەمە ئەدەبییەکان، کە بەهۆی بەکارهێنانە جیاوازەکانی خوێنەرە جۆراوجۆرەکانەوە ئاشکرا دەبێت و شێوە وەردەگرێت و دەڕوشێت. بۆ پەی بردن بە ماهیەتی کتێبێک سەرەتا پێویستە بزانین چۆن خوێندراوەتەوە[٩٨].**

---

[97] .Royal society of literature.

[٩٨]. ژۆرژ .ە. فۆرد لە کتێبی(دیکنز و خوێنەرەکانی dickens and hes readers پرینستۆن ١٩٥٥) نموونەیەکی ڕەخنەیی دەهێنێتەوە، کە وەک بڵێی دەسکەوتەکانی خوێنەر بۆ بەرهەمەکە نیشان دەدات، هەروەها بگەڕێرەوە بۆ وتارێکی ئێمە لەبارەی ناپاکی داهێنەرانە:

Creative treason as a key to literature, year book of comparative and general literature, n 10, 1961.

# پاری دووەم
# خوێندنەوە و ژیان

**١.شارەزایان و بەکاربەران:**

ئەو مەودایەی لەنێوان ئەدەبیاتی قوتابخانەیی و ئەدەبیاتی زیندوودا هەیە لە کۆنەوە مایەی پێکەنین و گاڵتەجاڕی بووە. لە ڕواڵەتدا وادەردەکەوێت ئەوە شتێکی ناماقووڵ بێت، کە مرۆڤ چەندین ساڵ لە تەمەنی خۆی بۆ خوێندنەوەی دەقە وەڕزکەرەکان بەفیرۆ بدات، کە هەرگیز بۆ جاری دووەم نایانخوێنێتەوە و ناگەڕێتەوە سەریان، بەڵام لێکدانەوەیەکی لەم جۆرە وەکو ئەوە وایە هەڵوێستی شارەزایەک لەگەڵ هەڵوێستی بەکاربەرێک لەگەڵ یەکدا تێکەڵ بکەین و وەکو یەکیان دابنێین، تایبەتمەندی مرۆڤێکی ڕۆشنبیر لە توانستە تیۆرییەکانیدایە بۆ داوەریکردن و هەڵسەنگاندنە ئەدەبییە بەڵگەدارەکان، ئامانجی فێربوون لە قوتابخانە بۆ دروستکردنی ئەم داوەرییە شیاوە ئەدەبییەیە و بەتایبەت لە فرەنسادا هونەری تەفسیرکردنی دەقەکان، کە بنەما و

بنەڕەتی خوێندن و فێرکردنی ناوەندییە بەدوای ئەم ئامانجەوەیە کە هەر خوێندکارێک کەسێکی شارەزای لێدەرچێت.

بەداخەوە پرۆسەی خوێندنەوە تەنیا بۆ پرۆسەی ناسین نییە، ئەزموونێکە،کە بوونەوەری زیندوو بەشێوەیەکی گشتی چ لەڕووی ڕەهەندە تاکەکەسییەکان و چ لەڕووی ڕەهەندە کۆمەڵییەکان سەرقاڵ دەکات.

خوێنەر بەکاربەرە و وەکو هەموو بەکاربەران زیاتر لەوەی ڕوو لە داوەری و بڕیار بکات پەیڕەوی لە چێژ و سەلیقەی خۆی دەکات، تەنانەت ئەگەر توانی ئەوەی هەبێت لەدوای خوێندنەوەی بەرهەمەکە بەڵگەیەکی عەقڵانی بۆ چێژی خۆی دەربکات.

پرۆسەی داوەریکردنی ئەدەبی تایبەتمەندی و پسپۆڕێتی گروپی ڕۆشنبیرانە (کە زۆربەیان خۆیان وەکو (خوێندکارانی ئامادەیی)لە فرەنسای پێشوو، یا دەستە و چینێکی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکەن) ئەم گرووپە هەڵسوکەوتێکی شارەزایانە لەسەر ئەندامەکانی خۆیان باردەکەن (ئەگەرنا بە بیرکۆڵ و ڕەشۆک و تەنانەت (سەرەتایی)یش ناوزەندیان دەکەن و بەم شێوەیە لەژێر فشارێکی ئەخلاقی دایاندەنێن. ئەمەش بریتییە لە شیکردنەوەو تەفسیرکردنی میکانیزمەکانی پرۆسەی خۆچاودێری کردن، کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا خستمانەڕوو، میکانیزمێک کە پرۆسەی لێکۆڵینەوە لەبارەی جۆرەکانی خوێندنەوە بەو ئەندازەیە سەخت و دژوار نیشاندەدات:بە چ شێوەیەک

**مرۆڤێکی (ڕۆشنبیر) کە دەربارەی شانۆنامەی ڕاسین داوەری کردووە و بەهای شانۆنامەکە دەستنیشان دەکات، بوێری ئەم دانپێدانانەی دەبێت، کە چێژە تاکەکەسییەکەی خوێندنەوەی (تان تان)[٩٩] بە باشتر دادەنێت لە بەرهەمەکە.**

**ئەو ئەفسانانەی، کە بە (یزم) کۆتاییان دێت و وەکو ڕێنیشاندانێکی عەقڵانی و ئامادە بۆ کەسانێک بەکاردێن، کە فشاری گروپە کۆمەڵایەتی-کلتورییەکەیان ناچاری کردوون چێژ و سەلیقەی خۆیان لە قاڵبی داوەرییە بەڵگەدار و سەلمێنراوەکان دەربخەن هەمان واتای ئەمەی سەرەوەیان هەیە.هەر کاتێک ئێمە بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە لە داوەرییە بەڵگەدارەکانی شارەزایان و چێژە نائەقڵانییەکانی بەکاربەران دوو جۆر بەهای تەواو جیاواز لەیەکترمان ناسی، ئەوا چیتر هەڵەیەک ڕوونادات.**

---

٩٩. ئێمە بە هیچ شێوەیەک مەرامی سووکایەتیکردنمان بە و بەرهەمە باڵایە(herge) نییە. لەهیچ کەسێک نەشاردراوەتەوە کە ئەم بەرهەمە لەنێو کەسانی ناو زانکۆکان پلەو پایەکی تایبەتی وەرگرتووە و سوودمەندبووە لە شایستەییەکی بەرز. لە دوتوێی ئەو گفتوگۆیانەی کە لە کۆنگرەیەکی نوێدا لەبارەی مێژووی ئەدەبەوە سازدرا، پێنج جار ناوی ئەم کتێبە هێنراوە. لە چەند شوێنێکی ئەم کتێبەدا وشەی(تان تان )دوبارە بۆتەوە، لە گشت شوێنەکاندا مەبەست لەبەرهەمێکی ئەدەبی منداڵانە،کە بەفەرەنسییەکەی Les Aventures de Tintin و بریتییە لە زنجیرە چیرۆکێکی وێنەیی(کارتۆنی) کە نووسەری بەلژیکی (جۆرج ڕیمی) کە لە ساڵی ١٩٢٩دا لە پاشکۆی( Le Petit Vingtième)،کە تایبەت بوو بە منداڵان بڵاویکردەوە و بە درێژایی سەدەی بیستەم پڕفرۆشترین کتێبی منداڵان بووە و بۆ زیاتر لە حەفتا زمان وەرگێڕدراوە و تا ئێستا چەندین زنجیرە کارتۆنی تەلەفزیۆنی و شانۆیی و ئەنیمەیشنیشی لەسەر دەرهێنراوە.(و.کوردی).

ڕۆڵـی شـارەزا بـریتییە لە هـاتوچۆکردن لە پشـتی پەردە، درککردنـی ئەو بارودۆخانەی، کە بەرهەمی ئەدەبی تیایاندا دێنە بەرهەم، تێگەیشتن لە مەرامەکـــانی نووســـەر و شـــیکردنەوەی ئەو ئـــامرازانەی، کە لە بەرهەمەکەدا بەکارهاتوون. پیربوون یا مردنی بەرهەم بۆ کەسـی شـارەزا شـــتێکی بـێ مانـــایە، چـــونکە ئەو لە هەر چرکەســـاتێکدا دەتوانێـــت ســـەرلەنوێ سیســـتمی ئەو دۆکیۆمێنـــت و پشـــت پێبەســـتنانەی، کە خـــولقێنەری دەرکەوتنـــی جوانیناســـیی بەرهەمەکەیە بنیـــات بنێـــتەوە، لەبەرئەوە ڕووبەڕووبـوونەوەی ئەو بـۆ بەرهەمەکە ڕووبەڕووبـوونەوەیەکی مێژووییە.

بەپـــێچەوانەوە بەکـــاربەر لەکـــاتی ئێســـتادا دەژییێت (تەنـــانەت ئەگەر هـــاتوو وەکـــو ئەوەی تێبینیمـــانکرد ئەم کـــاتە ڕابـــردووە دوورەکـــانیش بگـــرێتەوە)ئەو ڕۆڵێکـــی نیـــیە، تەنیـــا بـــوونی هەیە.ئەو چێـــژ لەو شـــتە وەردەگرێت، کە پێ نیشاندەدرێت و دەربارەی پەسـەندی یا ناپەسـەندی ئەو شتە پلان دادەنێت و ئارەزوویێکیشی نییە لە نیشاندانی پلانی خۆی: بەکاربەر دەخوێنێتەوە یا ناخوێنێتەوە، ئەم هەڵوێسـتە بەهـیچ شـێوەیەک نیشانەی وشیاری هزریی ئەو نییە و نابێتە ڕێگریش بۆ هیچ کەسێک تـا بەدوای لێکدانەوەیەکی باشـتر بـۆ هەڵبـژاردنەکەی خـۆی بگەڕێـت، بەڵام لێکـدانەوەی ئەم هەڵبـژاردنە زۆر زیـاتر لەوەی پێویسـتی بە هێنـانەوەی بیانوو بێت پێویستی بە تیژبینی هەیە.

ئەم دوو بەهایە دەتوانن و پێویستیشە لەگەڵ یەکتریدا پێکەوە بژین، تەنانەت هەندێجار وا دێتە پێشەوە، کە لەگەڵ یەکتریدا دەگونجێن، نەگونجاوییەکی ئاشکرا، کە لە نێوانیاندا هەیە شتێک نییە، جگە لە کاریگەری بنیاتە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان، کە پێشتر باسیان لێوەکرا و بەتایبەتیش کاریگەری دابڕان و جیابوونەوەی بازنەی ڕۆشنبیران.

لەڕاستیدا پرۆسەی خوێندنەوە لە هەر بارودۆخ و کەشوهەوایەکی فیکری و سۆزداریدا ئەنجام بدرێت هەریەکەو پێویستە بەشێوەیەکی دەستەجەمعی سەرنجی لێبدرێت و لێی بڕوانرێت. پرۆسەی خوێندنەوەش وەکو سەرەکەی دیکەی زنجیری پرۆسەی ئەفراندنی ئەدەبی پرۆسەیەکی ئازادانەیەو ئەو بارودۆخانەی، کە ئەم پڕۆسەیە تیایاندا دەردەکەوێت کاریگەرییان هەیە لەسەر پرۆسەکە و پاڵەپەستۆ دەخەنە سەر پرۆسەکە.

سروشتە قووڵەکەی ئەو پرۆسەیە بەلانیکەم لەکاتی ئێستادا قابیلی شیکردنەوە نییە، بەڵام دەتوانرێت سنوور و تخوبەکانی بە لێکۆڵینەوە لە هەڵسوکەوتە جیاوازەکانی خوێنەران نەک لەڕێگەی داوەرییە ئەدەبییەکان، بەڵکو لەسەر بنەمای پێگە جیاوازەکانی ئەم خوێنەرانەوە یەکلایی بکرێتەوە.

زانیارییەکانی ئێمە لەبارەی ئەم هەڵسوکەوتە شتێکی ئەوتۆ نییە و زۆربەی کات لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی ئەمیندارانی کتێبخانەکان یا

پەروەردەکـارانی کلتـوری بەدەسـت هێنـراوەو توانـای بەدەسـتەوەدانی ئەنجامەکانمان پێنـادات، بەڵام لێکۆڵینەوە لە خوێنـدنەوەی ژنـان جۆرە زانیاریـەک، کە دەتوانرێـت لەڕێـگەی بەدواداچـوونێکی ڕێـک و پێـک و هەمەلایەنەدا بەدەست بهێنرێت، نیشان دەدات.

لە تەواوی تـوێژە کۆمەڵایەتییەکانـدا هەڵسـوکەوتی خـوێنەرانی ژن گونجـاوترە لە هەڵسـوکەوتی پیـاوان، ئەوەی بەشـێوەیەکی بـاو نـاوی خوێندنەوە لەپێنـاوی هەڵاتنـی لێدەنێن (لە دێڕەکـانی دواتـردا سـەبارەت بەم گوزارشتە چەند ڕوونکـردنەوەیەک دەدەین)لەنێـو ژنانـدا تـاڕاددەیەک شـتێکی ئاسـییەو دووبارەدەبێتەوە (ڕۆمـانە سـۆزدارییەکان، ڕۆمـانە مێژووییەکـان، ڕۆمـانە پۆلیسـییەکان) و نووسـەرانی ژن چ لەنـاو بـازنەی ڕۆشنبیران و چ لەبـازنە گشـتییەکاندا خەڵـک خۆشەویسـتییەکی زیـاتری بۆیـان هەیە (لە دەوروبەری سـاڵی ١٩٥٥دا پێـرل بـاک، دافنـێ دومۆرێ، مـارزو دولا روش، کۆلێـت و بەتـایبەتیش دەللـی، کە نووسـەرێکی هەمیشـەییە) پێویسـتە سـەرەڕای ئەم نـاوانە نـاوی چەنـد نووسـەرێکی دیـکەش زیـاد بکـرێن، کە پاڵپشـتیکەری ڕووکـردنە ڕێچـکەی ئەدەبی (هەڵاتن)ن (لـۆتی، پییێـر بنـوا، پـۆڵ ڤـێلار و ئەوانیتـر..)، بەڵام کەسـانێکیش هەن کە ڕوو لە گرفتـارییە ڕۆژانەییەکـان دەکەن: (ڤانـدەر میریش،کرۆنان، سلویتەر، مۆنییێ، سۆبیران و هیتر...).

ئەم هەمەجۆرییە زادەی ئەوەیە، کە شێوازی ژیانی ژن بە تایبەت لە چـاخی نوێدا تـاڕاددەیەک یەک شـێوەیە: گرفتـاری کارەکـانی ناومـاڵ و

منداڵان، کە زۆربەی کات هاوتەریب و نزیکە لەگەڵ چالاکیی پیشەیی، ژنان لە تەواوی چینە کۆمەڵایەتییەکان و لە هەموو ناوچەکاندا پەیڕەوی لە یەک نموونە دەکەن. دەربارەی هەڵبژاردنە تایبەتەکانی ژنان پێویستە بگوترێت، کە ئەم هەڵبژاردنانە بۆ دەسپێکی خوێندنەوەی ژنان لە سەدەکانی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا دەگەڕێنەوە، واتە بۆ سەردەمێک کە ماندوێتی ژنان لە مانەوە لەناو ماڵدا یەکێک بووە لە سەرچاوەکانی نووسینی ڕۆمان ، کاتێک کە بەرپرسیاریەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ژنان زۆر کەم بوون. بوونی نووسەرانێکی وەک پێرل باک یا کرۆنان گەواهیدەری ئەو سەرقاڵییە فیکرییە نوێیە بوو، کە بێ هیچ گومانێک وردە وردە پێگەی کۆمەڵایەتی ژن بەرەو بەشداریکردنێکی چالاکانەتر لە ژیانی شارستانیدا دەگۆڕا، کاریگەرییەکی دەخستە سەر خوێندنەوەی ژنان،کە ڕۆژانە ڕووی لە زیادبوون بوو، هەروەها پێویستە ئەوە دەستنیشان بکرێت، کە خوێندنەوەی (ئەدەبی هەڵاتن) لە نێو ژنانی گەنجدا (لەنێوان سی و چل ساڵیدا) باوترە،چونکە ئەوان زیاتر لە کەسانیتر دووچاری نارەزایەتی و هەڵاتن لەواقیع و خەیاڵبازین، بەشێوەیەکی گشتی (و ئەم بابەتە سەبارەت بە ژنان ڕاستە بەهەمان شێوە سەبارەت بە پیاوانیش بە هەمان ئەندازە ڕاستە) خوێندنەوەکان تاوەکو بەرەو تەمەنێکی سەرەوەتر بڕوات، ئەوا زیاتر دەبێتە خوێندنەوەیەکی ئەدەبی.

خانەنشینان زۆربەی کات خوێنەرانێکی یەکجار چاکن، بێگومان لەبەرئەوەیە، کە هەلێکی زیاتریان بۆ خوێندنەوە هەیە، هەروەها لەبەرئەوەشی فشارەکانی ژیان کاریگەری لەسەریان کەمترە.

له دواتردا وا گونجاوترە،کە ڕوو لە لێکۆڵینەوە لەو پاڵنەرە دەروونی و بارودۆخە مادییە بکەین، کە کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوتی خوێنەری باو[100] دا هەیە.

**٢. پاڵنەر:**

ئەوە دەزانین، کە بەکارهێنانی کتێب نابێت لەگەڵ خوێندنەوەی کتێبدا تێکەڵ بکرێت و بەیەک شت دابنرێن،کاتێک بەکارهێنەرێک کتێبێک دەکڕێت (یا بەدەگمەن بە خواستن وەریدەگرێت) بەبێ ئەوەی مەرامی تایبەتی بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبە هەبێت. (یا دەشێ وای دابنێین، کە بەشێوەی ڕێکەوت کتێبەکە بخوێنێتەوە).

دەتوانرێ ئاماژە بۆ کڕینی (خۆدەرخستنانە)ی کتێب بکرێت،کە دەکرێت مرۆڤ بەهۆی نیشاندانی سەروەت، یا کلتوری باڵا یا چێژ و سەلیقەیەکی چاک ئەم جۆرە خۆدەرخستنەی هەبێت. (ئەمە یەکێکە لە باوترین ئەو تەکنیکانەی، کە لەیانەکانی کتێب لە فرەنسادا بەکار دەهێنرێت)، کڕینی کتێبە نایابەکان کە لەگەڵ سەرمایەداریش یەکانگیر

---

[100]. بگەڕێوە بۆ لێکۆڵینەوە چاکەکەی ڕیچارد.د. ئاڵتیک(Richard d altick) the English common reader , a social history of the mass reading public(1800-1900)Chicago1957. هەروەها بگەڕێرەوە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی دیکە، کە وردییەکەی کەمترە و هی ر.ک.وب.(r.k.webb) ە بەناونیشانی ( the British working class reader)1790-1848 (لەندەن)

دەبێت، کڕینی چەند بەرگێکی زنجیرەیەک وەکو داب و نەریتێک، کڕین بەهۆی وەفاداری بۆ ئامانجێک یا کەسێک (سەرکەوتنی بەرهەمەکە لەنێوان ڕەخنەگران) کڕینی کتێب بەهۆی پێوەندی هەبوون لەگەڵ شتە دانسقەکانەوە، کە لەم بارەدا کتێب بەهۆی بەرگکردنەکەیەوە، یا بەهۆی پیت و وێنەکانییەوە پایەی کاڵایەکی هونەری وەردەگرێت و دەگۆڕێت بۆ کاڵا.

بەکارهێنانی کتێب بەبێ خوێنەنەوەی کتێبەکە تەنیا لەبەر ئەم هۆکارەی، کە دەچێتە ناو بازنەیەکی ئابوورییەوە مایەی سەرنجدانە بەلای ئێمەوە، بەڵام ئەم جۆرە بەکارهێنانە بەشێکی زۆر بچووک لە تێکڕای بەکارهێنان بەتایبەت لە بازنە میللییەکاندا پێکدەهێنێت، لەم بازنانەدا زۆربەی کات ڕۆژنامە بۆ خوێندنەوەی چەند بەشێک لێی دەکرێن، بەڵام ئەگەر مەرامیان نەبێت کتێبێک بخوێننەوە، ئەوا زۆر بەدەگمەن ڕوو لە کڕینی کتێبەکە دەکەن.لە ڕوویێکی دیکەوە ئەوە دەزانین، کە لە بەکارهێنانی هاوتاریب لەگەڵ خوێندنەوە (واتە ئەو بەکارهێنانەی،کە بەرهەمەکەی تێدا دەخوێندرێتەوە .و)، پێویستە بەکارهێنانی مەنهەجی لە بەکارهێنانی ئەدەبی جیابکەینەوە، هەریەک لەم دوو جۆرە لەگەڵ چەند پاڵنەرێکی جیاواز کۆک و گونجاون.

ئێمە تەنیا بۆ بیرهێنانەوە ناوی ئەم پاڵنەرانەی،کە دەبنە بنەمای بەکارهێنانی ئەرکی (مەنهەجی)دەبەین، پێش هەموو شتێک بەدەستهێنانی زانیاری، کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و بڕوانامە و لێکۆڵینەوە

لە زەمینە پیشەییەکان بەشێکن لەم پاڵنەرانە، ئاڵۆزتر لەم پاڵنەرانە بەکاربردنی ئەرکیانە (مەنهەجیانە)ی کتێبی ئەدەبییە. یەکێک لە دیارترینی ئەم جۆرە بەکارهێنانە بریتییە لە بەکارهێنانی پزیشکیانەی کتێب یا بەکارهێنانی دەرمانیانەی کتێبە، بۆنموونە لەو کاتەی کەسێک کتێب دەخوێنێتەوە تا خەوی لێبکەوێت یا مێشکی سەرقاڵ بێت یا پەشێوی لە مێشکی دووربخاتەوە. ئەو جۆرە خوێندنەوانەی کە یارمەتی (خاوبوونەوە)دەدەن یا ئەوانەشی، کە وەرزشێکی تەندروستیانە بۆ مێشک دەهێننەکایەوە لەم جۆرەن:جۆرێک لە ڕۆمانە پۆلیسییەکانیش لەم بوارەدا ڕۆڵێکی هاوشێوەی خشتەی وشە یەکتربڕەکانی ڕۆژنامەکان دەگێڕن، لە چەند بوارێکی دیکەدا پێشبینی ئەوە لە کتێب دەکرێت،کە وەکو مادده بێهۆشکەرەکان بۆ هێنانەکایەوەی هەندێک هەستی دیاریکراو کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ بخاتە سەر کۆئەندامی دەمار، خوێندنەوە تەواو تۆقێنەرەکان، خوێندنەوە پێکەنیناوییەکان (بە سوود وەرگرتن لە کۆمێدییە سووک و نزمەکان)، خوێندنەوە فرمێسک هێنەرەکان و بەتایبەتیش خوێندنەوە شەهوت وروژێنەکان لەم دەستەیەن، دەربارەی خوێندنەوە شەهوەت وروژێنەکان پێویستە بگوترێت کە بەکارهێنانی سێکسیانەی کتێب، تەنانەت ئەگەر لایەنی ناپەسەند و قەدەغەکراو تێیدا شتێکی لاوەکی بێت یا تەنانەت بەشێوەیەکی تەواو نائاگایانە لە بەرهەمەکەدا خرابێتە ڕوو هێشتا یەکێکە لە پاڵنەرە یەجگار باوەکان بۆ خوێندنەوە.

هەرچەنــدە خوێنــدنەوەی دەقە جەنگاوەرییەکــان یــا ئەو دەقــانەی وابەستەن بە خۆفێرکاری لە جۆرێکی تەواو جیـاوازن، بەڵا پێویسـتە ئەو دەقانە (یا بەلانیکەم بەشـێک لەو دەقـانە)ش بە مەنهەجـی دابنـرێن. لەم بـارەدا کتێـبەکە وەکـو ئامرازێـک بـۆ هـونەری جەنـگ یـا پێشـکەوتنی کـۆمەڵایەتی هەژماردەکرێـت. کتێـبەکە سـەرەتا بـۆ بەدەستخسـتنی رۆشنبیری و پاشانیش بۆ بەدەستهێنانی چێژ دەخـوێننەوە، واتە دەشـێ پاڵنەری ئەدەبی هەبێت، بەڵام لاوەکییە.

پاڵنەرە ئەدەبییە تایبەتەکان (پاکژەکان) ئەو پاڵنەرانەن، کە ڕەچاوی بـێ مەرامبـوونی بەرهەمەکە دەکەن و ڕێـزی لێـدەگرن و خوێنـدەوە نەک وەکــو ئامرازێــک، بەڵکــو وەکــو ئامانجێــک دادەنــێن. شــایەنی باســە خوێندنەوەیەکی لەم چەشنە لە هەمانکاتدا وابەسـتە و لادەری تەنیـاییە، لە ڕاستیدا خوێندنەوەی کتێب وەکو ئەفرێندراوێکی ڕەسەن نەوەک وەکو ئامرازێک بۆ ڕازیکردنـی مەنهەجیـانەی خواسـتێک ئەوە دەسـەپێنێت، کە خـوێنەر لە دەرگـایەکی دیـکە بـدات، داوای یـارمەتی لە کەسـێکی دیـکە بکـات و لەدواتـردا لە خـودی خـۆی بێـتەدەرەوە، بەو واتـایەی بەرامـبەر ئەوەی کە کتێب وەکو ئامرازێکە بە تەواوەتی شوێنکەوتەی خواستەکانی تاکەکەسـە، کتێـب وەکـو هـاوڕێ جێـی خـۆی دەگرێـت، واتە کتێـبەکە بەرهەڵسـتی ئەوە دەکـات کە بەتەواوەتـی ئامرازێـک بێـت و ملکەچـی خواستەکانی تاکەکەس بێت، بەڵام لە ڕوێکی دیکەوە خوێندنەوە بەواتای تەواوی وشــەکە پرۆســەیەکی گۆشــەگیرانەیە، مرۆڤێــک کە ڕوو لە

خوێندنەوە دەکات، قسە ناکات، کارێک ناکات، لە مرۆڤەکانی دیکە دوور دەکەوێتەوە، لە ژینگەی دەوروبەر خۆی دوورە پەرێز دەکات. ئەم بابەتە هەم دەربارەی خوێندنەوەی بیستراو هەر ڕاستەو هەمیش دەربارەی خوێندنەوەی بینراو: هیچ کەس تەنیاتر نییە لە بینەرێک، کە لەنێوان کەسانی دیکە لە هۆڵی شانۆدا دانیشتووە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە جیاوازییەکی سەرەکی بکەین لەنێوان ئەدەب و هونەرە جوانەکاندا: لە کاتێکدا،کە مۆسیقا و نیگارکێشی بەهۆی ئەوەی،کە تەنیا بەشێک لە هەستەکانی مرۆڤ بەخۆیان سەرقاڵ دەکەن دەتوانن ڕۆڵی دیکۆر بگێڕن، تەنانەت وەکو زەمینەیەکی مەنهەجیانە بۆ کەسێک، کە سەرقاڵی کارە هەژمار دەکرێن، بەپێچەوانەوە خوێندنەوە بۆ هەستەکانی مرۆڤ هیچ جۆرە ئازادییەک ناهێڵێتەوە و تەواوی هەست و هۆشیارییەکان دادەپۆشێت و خوێنەر دەگۆرێت بۆ کەسێکی بێتوانا کە نەتوانێت کارێکی دیکە ئەنجام بدات.

لەبەرئەوە پرۆسەی خوێندنەوەی ئەدەبی هەم کۆمەڵایەتییە و هەمیش هەڵاتنە لە کۆمەڵ و پێوەندییەکان تاک لەگەڵ جیهانەکەی خۆیدا بەشێوەیەکی کاتی دەپچڕێنێت تا پێوەندییەکی نوێ لەنێوان ئەو و جیهانی بەرهەمەکەدا بەرقەرار بکات.لەبەر ئەمەیە،کە پاڵنەری خوێندنەوە بە شێوەیەکی نزیکەیی هەمیشە جۆرێکە لە ناڕازیبوون و ناهاوسەنگی بوون لەنێوان خوێنەر و ژینگەدا. ئەم ناهاوسەنگییە دەشێ بۆ هۆکارە ناخەکییەکانی سرووشتی مرۆڤ ( لەوانە کورتی و خێرایی و

بەردەوامنەبوونی ژیان)بگەڕێتەوە،یا دەشێت پەیوەندی لەگەڵ ڕووبەڕوو بـــــوونەوەی مرۆڤەکـــــان لەگەڵ یەکتریـــــدا (وەکو عەشـــــق،ڕق، بەزەیی)پەیدابکات، یا پێوەندی لەگەڵ بنیاتە کۆمەڵایەتییەکان (ستەم، بێنەوایی، ترس لە داهاتوو، بێزاری لە کار )دروست بکات. بە دەربڕینێک خوێندنەوە وەکو بارودۆخی مرۆڤە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پووچی چارەنووسی مرۆڤایەتی. ئەو خەڵکانەی، کە شادمانن، ڕەنگە مێژوویان نەبێت، بەڵام بە ڕەهایی ئەدەبیان نابێت،چونکە هەست بە پێویستی خوێندنەوە ناکەن.

زاراوەی (ئەدەبی هەڵاتن) زۆرجار بەکاردەهێنرێت، بەبێ ئەوەی هیچ کات واتا ڕوونەکەی نیشاندرابێت. ڕووبەڕووبوونەوە گاڵتەجاڕییەکان یا بەرهەڵستیکارەکان لەگەڵ ئەم جۆرە ئەم ئەدەبەدا زۆربەی کات یەجگار لەخۆوە و هەڕەمەکییە. لە ڕاستیدا هەر خوێندنەوەیەک بەر لە هەموو شتێک جۆرێکە لە هەڵاتن، بەڵام هەڵاتن سەدان شێوەی هەیە و گرنگ ئەوەیە، کە مرۆڤ بزانێت لە چییەوە بەرەو چی هەڵدێت. لێکۆڵینەوەی خوێنـــــدنەوەکانی کەســــەکان لە پێوەنــــدییەکانی لەگەڵ واقیعـــــیەتە سیاسییەکان و بەتایبەتیش سەردەمە قەیراناوییەکاندا (جەنگەکان، پەشێویە نێودەوڵەتییەکان، شۆڕشەکان و هیتر..) دەشێ لەم بوارەدا ڕەنگدانەوە و ڕوونکردنەوەیەکی یەجگار زۆریان هەبێت.

کتێبی (دۆن کامیۆ) لەو وڵاتانەی، کە تیایاندا جیاوازییەکی قووڵی سیاسی بوونی هەبوو، سەرکەوتنێکی زۆری بەدەست هێنا، چونکە لەم

بەرهەمەدا دیمەنی دۆستایەتییەکی پتەو و بێڕیا لەنێوان کۆمۆنیستێک و قەشـەیەکدا هەیە، کە هەردووکیـان ڕیشـەیەکی تونـدیان لەگەڵ خـاکەکە هەیە،کە نەک نـابێتە هـۆی سـڕینەوەی جیاوازییەکـان، بەڵکـو هەوڵـی پاککردنەوەی هێزە شوومەکانیان دەدات تا توانای پێکەوەژیانیـان لەگەڵ یەکتریدا فەراهەم بکات. گەشبینی و بەختیـارییەک کە لەسـاڵی ١٩٤٥دا چـواردەوری دەسـپێکی حکـومەتی (مینـدیس فـرانس)ی گرتبـوویەوە، یەکێـک لە هۆکارەکـانی سـەرکەوتنی کتێبـی (یادەوەرییەکـانی مـێجەر تامپسۆن)[١٠١] بـوو، نەک لەبەرئەوەی کەش و هەوای شـادی ئەو سـەردەم خوێنـدنەوەی کتێـبە قەوارە بچـووک و سـووکەکانی دەخواسـت،بەڵکو بەپـێچەوانەوە هەوڵـیدەدا لەو لایەنەی، کە پێویسـت بـوو ئەو بـارودۆخە بپارێزرێت، هەروەهـا سـەرلەنوێ زینـدووکردنەوەی ڕووداوگەلێکـی گرنـگ، کە دەرخەری ڕۆحـی نەتەوەیـی بـوو(وەک ئەوەی هەر کاتێـک لەسـەر زمانی کەسێکی بێگـانە دەبیسـترا کـاریگەرییەکی فراوانـی جێدەهێشـت) بچەسـپێنێت و ڕێـگە لە سـواوی و نابەرقەراریـیان بگرێـت، لەبەرئەوە لە مانگی دیسێمبەری ١٩٥٦دا لەو هەفتەیەی، کە قەیرانی قەنـاتی سوێسـی تێیـــدا ڕوویـــدا ، واتە ڕێـــک کاتێـــک کە ئەم کـــاریگەریە تایبەتەی(یادەوەرییەکان) لەنێو دەچوو و خوێندنەوە ئەو(یادەوەرییـانە) لەڕاستیدا دەگۆڕا بۆ ئامرازێک لەپێناو هەڵاتن لە واقیعیەتەکـان، فرۆشـی

---

[101] . carnets du major Thompson.

بەرهەمەکە کە دوو ساڵ لەوەو بەر لە ئاستێکی باڵادا جێگیرببوو لەناکاو بۆ یەک لە پێنج کەمبووەوە.

ئێمە قەرزارباری ڕێبەر و نیشاندەری ئەو شانۆیانەین، کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا لە لەندەن نمایشکراون ئەمەش بە کۆششی بەڕێز (ژان دولک)ی مامۆستای زانکۆی پاریسی سێیەم ئامادەکراوە. جەنگ لەگەڵ فرەنسا لە ئەپریلی ١٧٩٢ هەڵگیرسا، لەم ڕووەوە ژمارەی کۆمێدیا سووکەکان کە بەرەو نمایشکردن چوون لە ٩ دانەوە لە ساڵی ١٧٩١ و ١٠ دانە لە ساڵی ١٧٩٢ دابەزین بۆ ١ دانە. لە هەمان کاتدا شانۆنامە تەنزئامێزە ڕەخنەییەکان (کۆمێدیای ڕەوشتەکان) کە لەساڵی ١٧٩٢دا ژمارەیان ٤ دانە بوو لە ساڵی ١٧٩٣دا بۆ ٦ دانە و لە ساڵی ١٧٩٥دا گەیشتە ١٢ شانۆنامە. ژمارەی تراژیدیا لە ٣ دانە لە ساڵی ١٧٩٢ بۆ ٥ دانە لە ساڵ ١٧٩٣ و لە ساڵانی ١٧٩٤-١٧٩٥دا بەرزبوونەوە بۆ ١٠ دانە. لەبەرئەوەی لە ئیشی شانۆییدا خستنەڕوو یەجگار کاریگەر و هەستیارە بە خواستەوە (بە تایبەت لەم سەردەمەدا)، بۆیە دەتوانرێت ئەم گۆڕانکاریانە بە نموونەگەلێکی بەرز و چاکی کاریگەریی قەیرانەکان لەسەر بەکاربردنی ئەدەبی دانبنرێت و بێگومان نەک لەسەر ئەوەی، کە پێیدەوترێت ئەدەبی هەڵاتن: کۆمێدیای سووک بەسروشتەکەی خۆی ژانرێکە تەرازووی (پابەندێتی)یەکەی بەرامبەر بە کۆمێدیا ڕەوشتییەکان و تراژیدیا کەمترە.

زانیارییەکانی ئێمە بۆ شیکردنەوەیەکی قووڵتر هێندە نین ، بەڵام کاتێک کە زانیاریگەلێکی پێویست بەدەست بێت ئەوا زەمینەیەکی فراوان فەراهەم دەبێت کە پێویستە دەرونزانی کۆمەڵایەتی ڕووی تێبکات و لێی بکۆڵێتەوە، لەم کاتەدا بە خستنەڕووی ئەم خاڵە بەسەندە دەکەین، کە نابێت هەڵاتنی دیلێک (کە بەسەرکەوتن و شانازییەک بۆی هەژماردەکرێت) لەگەڵ هەڵاتنی سەربازێک لە سەربازگە (کە بە دۆڕان و نەنگی هەژمار دەکرێت) لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ بکرێن، لە ڕوێکی دیکەوە ئەوەی شایەنی باسە ئەمەیە، کە نابێت لەڕێگەی خوێنەنەوەی کەسەکانەوە پەی پاڵنەرەکانیان ببردرێت، بەواتایەکی دیکە ناتوانرێت لەڕێگەی خوێندنەوەی کەسەکانەوە بڕیار لەسەر پاڵنەرەکانیان بدرێت. دەوڵەمەندییەک، کە خوێنەر لە خوێندنەوەدا بەدوایدا دەگەڕێت- ئەم دەوڵەمەندییە لەڕێگەی ئاشتەوایی لەگەڵ پووچی چارەنووسی مرۆڤ، بنیاتنانەوەی هاوسەنگی سۆزداری خۆی، بەدەستهێنان یا خود دەستگەیشتن بە هوشیاری خوودی پێکدێت- شتێکی شیاوە، بەهەمان ئەو شێوەیەی، کە لە وتارێکی دیکەدا نووسیومانە ( لەسەر شێوەی چەند سککەیەکی گرانبەها بێت، کە بە زوویی لەگەڵ ئەزموونندا دەگۆڕێت و کەڵەکە دەبێت، یا لەسەر شێوەی چەند چەکێکی بێ بارمتە کە قابیلی ئالوگۆڕ نییە و ئەمەش نەک لەسەر بنەمای بوون و واقیع، بەڵکو لەسەر بنەمای وەهمگەلێک ڕاکێشراوە )[١٠٢].

---

[١٠٢] . informations sociales, fevrier 1956, p.202: les lectures populaires.

لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی ئێستای خۆمان لەڕووی دابەشکردنی خوێندنەوەکان دەتوانین بڵێین لەو وڵاتانەی،کە سیاسەتی ئاراستەکردن و ڕێنیشاندانی ئەدەبی کاری پێناکرێت زۆربەی ئەو دەقانەی، کە لە بازنەی ڕۆشنبیراندا دەست بە خولانەوە دەکەن (تەنانەت لەڕواڵەتدا دەستیشیان پێکردووە) پاڵنەری زێدەکردنی فێربوون (واتە پاڵنەری خۆدەوڵەمەندکردن لەڕووی زانیارییەوە .و.کوردی) دەسەپێنێت ، لەکاتێکدا زۆربەی ئەو دەقانەی، کە لە بازنە گشتییەکاندا بڵاودەبنەوە سەپێنەر و هاندەری پاڵنەری هەڵاتنن.

لە تورەگەی گەڕۆکەکانەوە بگرە تا مێزی ناوەندەکانی فرۆشتن لە هەموو شوێنێکدا ڕووبەڕووی ئەدەبی کلێشەیی (ئەو ئەدەبەی، کە ڕەسەنایەتییەکەی لەدەستداوە .و.کوردی) دەبینەوە، کە هەوڵدەدات بە دروستکردنی ئەفسانەگەلێکی هەستەکی زبر، جەماوەر بەرەو هەڵاتن لەواقیع و چەند خەیاڵبازییەک، کە بەئەندازەیەکی زۆر خستویانەتە ناو مێشکیان هانبدات.

ئەم جۆرە لێکدانەوە و پێکچواندنانە لەخۆوەیە و وەک بڵێی واقیعیەتی ڕێچکەکانی خەڵک نییە، ئەوان بارودۆخی هەنوکەیی و بارودۆخێکی دامەزراوەیی و بنیاتێکی ئابووری- کۆمەڵایەتی دەخەنەڕوو، ئەو پاڵنەرانەی، کە خەڵک بەرەوە خوێندەنەوە ڕادەکێشن لە هەر جۆرێک بن، تەنیا لە بارودۆخێکی ماددی گونجاودا دەبنە شتێکی کردارەکی و کاریگەرییان دەبێت.

**٣. بارودۆخە گونجاوەکانی خوێندنەوە:**

ئێمە ناگەڕێینەوە بۆ ئەو شتەی،کە سەبارەت بە دابەشکردن وتمان، ئەگەر وایدابنێین کە کتێب لەبەردەستی خوێنەراندایە، ئەوا ئەو کاتە چەند مەسەلەیەکی نوێ دێنەگۆڕێ: کەی و لەکوێ دەتوانرێ ئەو کتێبە بخوێنرێتەوە؟

لێرەدا چەمکی ئامادەیی کەسەکان دێتەپێشەوە، ژیانی دەستەجەمعی بەشێوەی جۆراو جۆر تاکەکەس سەرقاڵ دەکات، بۆ نموونە تەمەن لەم بوارەدا بە هۆکارێکی گرنگ هەژمار دەکرێت: لەڕوویێکەوە پەروەردە و فێرکردن، شیاندنی پیشەیی، بەدەستهێنانی شوێنی کار، هەموو ئەوانە ئامادەیی هەرزەکاران و گەنجان بۆ خوێندنەوە نائەرکییەکان کەمدەکەنەوە و لەڕوێکی دیکەوە کاتی بەتاڵ لەم تەمەنانەدا بە چەند چالاکییەکی دیکەی سەرقاڵکەر پڕدەبێتەوە، لەگەڵ ئەمەدا گەنجان ڕوو لە خوێندنەوە دەکەن، چونکە چەند پاڵنەرێکی بەهێزیان هەیە بۆ ئەم کارە هەیە (ئەم تەمەنە  بە قۆناغی قەیرانەکانی کەسایەتی و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگا هەژمار دەکرێت)، ئەوان شەیدای خوێندنەوەن، بەڵام گشت بەدواداچوونەکان ئەوە نیشاندەدەن، کە ئەوان لە دەرەوەی بازنەی خوێندنەوەی کتێبەکانی قوتابخانە شتێکی کەم دەخوێننەوە و بازنەی خوێندنەوە ناقوتابخانەییەکانیان (غیر درسی)تاڕادەیەک سنورداره، دەسپێکی قۆناغی خوێندنەوە لەنێوان سی و پێنج و چل سالّی دایە، واتە کاتێک کە پاڵەپەستۆی ژیان کەم دەبێتەوە. بۆ بیرهێنانەوە هەر لەو ساڵانەشە کە کەسایەتی ئەدەبی

مێژوویی نووسەران دروست دەبێت. رەنگە لەنێوان ئەم دوو دیاردەدا پەیوەندییەک هەبێت: تەنیا لێکۆڵینەوەیەکی سەراپایی دەتوانێت بوونی ئەم پەیوەندییە بسەلمێنێت.

لەنێو ئەو هۆکارانەی دیکەی جگە لە تەمەن کە کاریگەری دەخەنە سەر ئامادەیی کەسەکان پێویستە ئاماژە بۆ جۆری چالاکی پیشەیی، جۆری نیشتەجێ بوون، بارودۆخە ناوچەییەکان، بارودۆخی خێزان و هیتریش بکرێت. هەر یەک لەم هۆکارانە پێویستە بە وردی لێیان بکۆڵدرێتەوە، بەڵام دەتوانرێت ئەو کاتانەی کە مرۆڤی شارستانی سەدەی بیستەم لە ژیانی خۆیدا کە تێیدا ئامادەییەکی تەواوی بۆ خوێندنەوە هەیە بە شێوەیەکی گشتی بۆ سێ دەستەی گەورە دابەش بکرێن: ئەو چرکەساتە بەتاڵانەی کە بەفیڕۆدەچن (بارکردن و گوێزانەوە، نان خواردن، و هیتر)، کاتە بەتاڵە ڕێکخراوەکان (لەدوای کاتژمێرەکانی کار)، چرکەساتە ناچالاکەکان (یەکشەممەکان، پشوەکان، نەخۆشی، خانەنشینی).

خوێندنەوەلە چرکەساتە بەتاڵەکان زۆربەی کات تایبەت دەبن بە خوێندنەوەی ڕۆژنامە. لە ڕاستیدا ناڕێک و پێکی و کورتی و پچڕانە دووپاتبووەوەکانی ئەم چرکەساتانە و پەرش و بڵاویە بەردەوامەکانی هەستەکان وادەکەن کە خوێندنەوەیەکی بەدوایییەکداهاتوو شتێکی سەخت بێت، لەگەڵ ئەمەدا ئەگەر لەکاتی نانخواردندا بەشێوەیەکی نزیکەیی هەمیشە ڕۆژنامە دەخوێندرێتەوە،ئەوا چەند بەرهەمێکی تایبەت بە گەشت و بارکردن و گوێزانەوەش بوونیان هەیە بۆ نموونە (ئەو

ڕۆمانــانەی کە بە تــایبەت لەنــاو شــەمەندەفەردا دەخوێنــدرێنەوە)، کە بەشێوەیەکی گشتی ڕۆمانە پۆلیسییەکانن. ئەم ڕۆمانـانە بـۆ هـاتوچۆی ڕۆژانەی کرێکاران لەماڵەوە بۆ شوێنی کارەکانیان شتێکی گونجاو نـین، یەکێـک لە هۆکارەکـانی سـەرکەوتنی (دایجیســتەکان= هەڵبژاردەکـان) ئەوەیە کە تیایانـدا بـابەتێکی گونجـاو بـۆ گشـت کاتێـک دەدۆزرێتەوە و بەدەســت دێــت. (چیرۆکە دڵــدارییەکان)،کە بەتــایبەتی بــۆ ئەم کــارە نووســراون بەشــێوەی نــامیلکەگەلێکی ١٦، ٣٢، ٦٤، یــا ٩٦ لاپەڕەیــی نیشــاندەدرێن و بــۆ ئەو گەشــتانەی، کە دە خــولەک تــا یەک کــاتژمێر دەخـایەنن سـوودیان لێوەردەگیردرێت. یەکێـک لەو ڕێگاچـارانەی، کە لە ئینگلـــتەرادا بەکاردەهێنرێـــت بـــریتییە لە کتێبێـــک، کە بە (کتێبـــی میترۆیی)ناسراوە و چەند دەقێکی خوێنـدنەوەی تێـدائاخنراوە بـۆ چەنـد هەفتەیەک، بەڵام ئەستووری ئەم بەرگە وادەکات لە زۆربەی بابەتەکانیـدا بەکارهێنانی قورس و ناکردارەکی بێت.

لە زەمیــنەی خوێنــدنەوە لە کــاتە بەتاڵەکانــدا دەتوانرێــت نــاوی خوێندنەوە لەکاتی پشوودان لە شوێنی کـاردا بهێنرێـت، خوێنـدنەوە لەم کاتــانەدا تــاڕاددەیەک شــتێکی دەگــمەنە، چــونکە قســەکردن، گفتوگـــۆکردن،مێزی کافێ (مەبەســـت لە سەرخۆشـــییە .و.کوردی) بەرهەڵســـتکارێکی ســـەرەکین بـــۆ ئەو شـــتە، بەڵام ئەزمـــوون ئەوە دەسـەلمێنێت، کە هەرکاتێـک بـارودۆخێکی یارمەتیـدەر بـۆ خوێنـدنەوە بێتەکـایەوە، واتە ژووری خوێنـدنەوە و کتێبخـانە لە شـوێنی پشـوودان

هەبێت، ئەوا دەشێت خوێندنەوە لە کاتەکانی پشووداندا بە ئاسانی ئەنجام بدرێت و سوودبەخش بێت.

خوێندنەوە لە کاتە بەتاڵەکاندا بە فراوانییەکی زیاتر ئەنجام دەدرێت. لەم بارەیەوە دەتوانرێت ناوی هەریەک لە خوێندنەوەی شەوانە کە بەشێوەیەکی باو لەنێو ئەندامانی خێزاندا لە پێش یا دوای خواردنی نانی ئێوارەدا ئەنجام دەدرێت و خوێندنەوەی کۆتایی شەو کە بەشێوەیەکی باو لەسەر جێگای خەوتن ئەنجام دەدرێت بهێنرێت، ئەم جۆرە خوێندنەوەیە زیاتر کاری کەسانێکە کە کەوتوونەتە ناو تەمەنەوە و کەمتر لە کەسانی دیکە وابەستەی سەرقاڵییە دەرەکییەکان دەبن،ئەم جۆرە خوێندنەوەیە لەگەڵ ژیانی لادێنشینی (شەوە درێژەکان) و سەختی کەش و هەوا (کە لە وڵاتانی ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاستدا بوونی نییە و لە ئینگلتەرا و وڵاتە ئەسکەندەناڤییەکاندا یەکجار باوە) و لەگەڵ نیشتەجێبوونە ئاسوودەکان گونجاوە. ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بە تایبەت تەلەڤزیۆن لە بری خوێندنەوەی بینراو وردە وردە بەرەو بە جۆرەێک لە خوێندنەوەی بیستراو-بینراو دەدەن، کە هەڵبەتە بێ بەها نییە، بەڵام سیاسەتی ڕێنماییکردن و ڕێپیشاندانی خوێندنەوە لەسەر خەڵک باردەکەن، لەگەڵ ئەمەدا هێشتاش پتەوترین و مەحکەمترینی خوێندنەوەکان لە کاتە بەتاڵەکانی شەوانەدا ئەنجام دەدرێن.

خوێندنەوەی درەنگانی شەو چەند تایبەتمەندییەکی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەو خوێنەرانەی، کە لەبارەی خوگرتن بە خوێندنەوەوە پرسیاریان

لێـدەکرێت زیـاتر ئامـاژە بەم جـۆرە خوێنـدنەوەیە دەکەن. لە کـۆنەوە گرنگی (کتێبی ژوور سەر) واتە کتێبی نزیـک جـێگەی خەوتـن زانـراوە .لە ڕاستیدا ئەم کتێبـانە چێـژ و سـەلیقەکانی خـوێنەران بە وردتـرین شـێوە نیشـــان دەدەن، چـــونکە لە تەنیـــایی ژووری خەوتنـــدا تـــابۆو و قەدەغەکراوەکـان کاڵـدەبنەوە و ئەرک و تێبینییەکـان و سـەپێنراوە کۆمەلایەتییەکـان بەرەو پەراوێـز دەڕۆن. ئەنجامـدانی لێکـۆلینەوەیەکی تایبەتی لە زەمینەی (کتێبی ژوور سەر) یەجگار بەهادار دەبێـت، چـونکە خەڵک بۆ ئەم کتێبانە زیـاتر لە تەواوی کتێبەکـانی دیـکە کـات تەرخـان دەکەن و زۆربەی کـات لە هەر شـەوێکدا دوو کـاتژمێر یـا زیـاتر بـۆ خوێندنەوەیان دادەنێن، بەڵام دەربارەی ئەو خوێندنەوانەی، لە کاتەکـانی بێکاریدا ئەنجام دەدرێت پێویستە ئەوە بگوترێت، کە چەنـد ڕەهەنـدێکی زۆر جیاوازیان هەیە، لەپێش ئەمەدا چەند بابەتێکی کورتمان دەربـارەی خوێندنەوەی خانەنشینان باسکردووە.

خوێندنەوە لەڕۆژی یەکشەممەدا لەڕواڵەتدا چەنـد بەرهەڵستیکارێکی هەیە کە بـــریتین لە وەرزش و (کـــارە چێـــژدارییە جیاوازەکـــان). ئەم خوێندنەوەیە زۆربەی کات لەسـەر شـێوەی خوێندنەوەی (یەکشـەمنامە= مەبەسـت لەو ڕۆژنامـانەیە، کە لەڕۆژانـی یەکشـەممەدا دەردەچـن )کـان دەردەکەوێـت: لە بەریتانیـــای گەورەدا یەک لەســـەر چـــواری خەڵکـــی پێگەیشـــتوو چەندین (یەکشـــەمنامە Sunday Paper)، کە لەڕۆژی یەکشەمواندا دەردەچن دەخوێننەوە.

خوێندنەوە لە کاتی نەخۆشیدا خۆشبەختانە شتێکی هەڵاوێردکراوە، بەڵام کـاریگەرترە. بەسـەربردنی چەنـد کـاتژمێرێکی دورودرێـژ لەسـەر قەرەوێڵەی نەخۆشیدا توانای خوێندنەوەیەکی قووڵ فەراهەم دەکات، کە کەسانی دیکە بە ئاسانی دەستیان ناکەوێت. ئەم توانـایە بەتـایبەت لە قۆنـاغی دوای چـاکبوونەوە لە نەخۆشـی دێتەپێشـەوە. خـودی قۆنـاغی نەخۆشی زیاتر بۆ خوێنـدنەوە ئەرکییەکـان گونجاوە، هەڵـبەتە لێرەشـدا هەمووشـــتێک وابەســـتەیە بە توانـــا ماددییەکـــانەوە. کتێبخانەکـــانی نەخۆشخانەکان لە فرەنسادا دووچـاری هەژارییەکـی غەمنـاک بـوونەتەوە، لەگەڵ ئەمەدا زۆربەی کـات هەر لەم کتێبخانـــانەیە، کە چـــارەنووس سازترین خوێندنەوەکانی هەندێک لە کەسەکان ئەنجام دەدرێت.

لەبـارەی خوێنـدنەوە لەکـاتی پشـووەکاندا زانیـارییەکی ئەوتـۆ لەبەردەسـتدا نیـیە، لەم ڕۆژانەدا خوێنـدنەوە بەرهەڵسـتیکارێکی زۆری هەیە، بەڵام لە سەنتەرەکانی ئاوە کانزاییە گەرمەکان، لە کەنار دەریاکان و لە باخچەکـــان و لە دەشـــتەکان بـــرەوی هەیە، ئـــێمە خۆمـــان لەم بابەتەمان کۆڵیوەتەوە لە شارێکی بچووک کە خەڵـک بـۆ سوودوەرگرتن لە ئـاوە کـانزاییە گەرمەکان (گرِاوەکـان) دەهـاتن و جـێگەی ١٠ تـا ١٥ هەزار کەسـی دەکـردەوە. لەم شـارەدا دوکـانێکی کتێبفرۆشـی و سـێ کـــابینەی کتێبفرۆشـــی هەیە، لە کتێبفرۆشـــییەکە و یەکێـــک لە ســـێ کابینەکە (کە ڕۆژنامەش دەفرۆشن)دەتوانرێت کتێبە سـەرەکی و نوێکـانی سـاڵ بەدەسـت بهێنرێـت، وا دەرناکەوێـت، کە کتێبێـک هەبێـت و

نەفرۆشـــرێت (هەرچەندە هەردوو دامەزراوەکە بە شـــێوەی بریکـــاری کـــاردەکەن و کتێـــبە نەفرۆشـــراوەکان دەگەڕێنـــنەوە بـــۆ ناوەنـــدی دابەشـکردن). دوو کتێببخـانەی بازرگـانی و کتێبخـانەیەکی وابەسـتە بە کلێسـاش بوونیـان هەیە، کە هەردووکیـان کتێـب بە خواسـتن دەدەن. گرنگترینـی ئەم سـەنتەرانە (واتە دوکـانی کتێبفرۆشـی) بەشـێوەیەکی نزیکەیـــی ٣٠٠٠ کتێببیـــان هەیە (کە ٣٠٠لەوانە ڕۆمـــانی پۆلیســـین) کتێبەکـــانیتر بـــریتین لە ڕۆمـــانە فرەنســـییەکان و ڕۆمـــانە بیانییەکان (بەڕێژەی٦٠%)، لێکۆڵینەوەکان، کتێبە مێژووییەکـان، کتێـبە سەرچڵییەکان، چەند کتێبێکی فێرکاری و فەلسـەفیش دەبینـرێن. لە بە هەڕمێنترین وەرزی هاتوچۆدا تا ٨٠٠ خوێنەر ناوی خۆیان تۆمار دەکەن و خـولانەوەی و دەستاودەسـتکردنی کتێـب بە خێراییەکـی زۆر ئەنجـام دەدرێت (بەشـــێوەیەکی مامناوەنـــد هەر دوو ڕۆژ جارێـــک کتێبێـــک بە خواستن وەردەگیرێت). بەشێک لە کڕیارەکان وابەستەن بە خوێنـدنەوەی ڕۆمانی پۆلیسییەوە، لەنێو گرووپەکانی دیکەی خوێنەراندا چاودێریکردن بۆ وەرگرتنی کتێبە تازەکان و کتێبە گەشتنامەکان بەرچاودەکەوێت.

ئەم زانیـارییە پوختـانە ئەوە نیشـاندەدەن، کە خوێنـدنەوە تـا چ ئەندازەیەک وابەستە دەبێت بە بارودۆخ و ژینگە و بەشێوەیەکی گشتیش بە ژیـانی ڕۆژانەی مرۆڤەکـانەوە. لەهەمـان شـوێندا واتە لە واقیعیەتـی سادەی ژیانی هەر ڕۆژێکی خەڵـک پێویسـتە ئەنجام و هۆکـاری بـوونی ئەدەب بەدواداچوونی بۆبکرێت و لێی بکۆڵـدرێتەوە. ئەو کـاتە بە ڕوونـی

ئەوە دەبینرێت کە لەنێوان ئەم واقیعیەتە و دەزگای کۆمەڵایەتی ئەدەب بەو شـــێوەیەی کە لەم کتێـــبەدا باســـی لێـــوەکراوە چ مەودا و ناگونجـاوییەکی سەرسـوڕهێنەر بـوونی هەیە، ئایـا کۆمەڵگـا هێشـتا دەتوانێت لەگەڵ ئەدەبدا بسـازێت و بژییـت؟ کۆتـا پرسـیاری ئـێمە ئەوە دەبێت.

# ئەنجام

ئێمە ئەوە دەزانین کە دەرئەنجامی ئێمە لە ژێرەوە شتێکی ناتەواو و گشـتیی دەبێـت، بەڵام ئەو ڕەخنـانەی،کە دەیوروژێنێـت بەبـێ هـیچ گومانێک کەمتر وابەسـتە دەبـن بە پێـدراوەکانی ئەم بەرهەمە تـائەوەی بە بیـری ئـێمە دەربـارەی ئەم پێـدراوانە . پێمـان دەڵـێن: لەدوای ئەم هەمـــوو کۆمەڵناســـی و نـــیمچە کۆمەڵناســـییە ئیتـــر چ لە ئەدەب دەمێنێـتەوە؟ و لەدواییشـدا ئایـا پشـت بەسـتن بە بـێ مەرامـی ئەدەب لەپێش هەموو شتێک تۆمەتبارکردنی ئەدەب ڕاناگەیەنێت؟

ئەم ڕەخنەیە مـایەی پەسـەندکردنە، بەڵام دەتوانرێت بگوترێت، کە ئەدەب لێـرەدا بەوشـێوەیەی،کە هەیە لەبەرچـاوگیراوە، نەوەک وەکـو ئەوەی کە پێویسـتە وابێـت. ئـێمە ئەوەمـان نەشـاردۆتەوە کە پـێگەی ئەدەب لە کۆمەڵگای مۆدێرنـدا بەهـیچ شـێوەیەک دڵخۆشـکەر و ڕازیـکەر نـیـیە، دەشـێ ئەم کۆمەڵگـایە ئیتـر بـێ مەرامـی بەلانـیکەم لەسـەر ئەو شـێوەیەی، کە مرۆڤـی ڕۆشـنبیر لە سـەردەمی مـەدام دی سـتایل لە مێشکیدا پەروەردەی دەکرد، پەسەند نەکات.

لەم بارەدا ئەو چەمکەی ئەدەب، کە ئێمە بەکاری دەهێنین و بەهۆیەوە دیاردەی ئەدەبی پێ لێکدەدەینەوە لەگەڵ سەردەمی ئێمەدا گونجاو نییە. ئەم چەمکە کە لەسەدەی هەژدەیەمدا لەژێر پاڵەپەستۆی بارودۆخی ئەو سەردەمدا ( دەستڕاگەیشتنی چینی بۆرژوازی بە کلتوری ڕۆشنبیران، بەپیشەسازیبوونی کتێبفرۆشییەکان، پەیدابوونی نووسەرانی پیشەیی) دەرکەوت، لە کۆتاییدا دەتوانرێت بە یارمەتی جۆرە (ناپاکییەکی داهێنەرانە) وێنەکێشانێکی درکپێنەکراوی شێوانەی سەدەکانی ڕابردوو بەرجەستە بکرێت، بەڵام تواناییەکەی لە شوێنکردنەوە و دانانی کاتی ئێستا لە سنوورە یەکجار تەسکەکانی خۆیدا سات بەسات کەم دەبێتەوە. وردە وردە لە هەموو شوێنێکی دونیادا کلتورەکانی جەماوەر دەردەکەون و خۆیان نیشاندەدەن، لەتەک چەند داوکارییەک، کە نە دەهێنە سەر زمانەوە و نە دامەزراوەگەلێک بۆ سەلماندنیان بوونی هەیە، بەڵام پاڵەپەستۆکانیان هەموو ڕۆژێک هەستیارتر دەبێت. لە بەرامبەر پیشەسازی و بازرگانی کتێبدا چەندین ئامراز وەها بەهێز بۆ بڵاوکردنەوەی بابەت و وێنەکان هاتوونەتەکایەوە، کە چیتر جێیان لە قاڵبی دامەزراوە بچووکەکاندا نابێتەوە: سەرباری سینەما و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، ڕۆژنامەوانی و بڵاوکەرەوە وەرزییەکان لەڕێگەی چیرۆکە وێنەدارەکان و هەڵبژاردەکانیانەوە هاتوونەتە ناو مەیدانەکەوە. پارێزگاریکردنی ئەدەبی ئامرازی سیاسەتە ڕێنماییکەرەکانی وڵاتانە و بنیاتە کۆنەکانی بلاوکەرەوە تایبەتەکانی ڕۆشنبیرانیش ئیتر

ئەو توانایەیان نییە نانی نووسەر دەستەبەر بکەن. لەم نێوانەدا نووسەر بەناچاری لە دەستەی ناڕوونی (ڕۆشنبیران ) گۆشەگیرە و دورخراوەتەوە و لەنیوەڕێی کاری ئازاد یا مووچەخۆری سەرگەردان ماوەتەوە.

لێرەدا وشە گرنگی نییە: وشەی ئەدەب وەکو هەر وشەیەکی دیکەیە، گرنگ بەدەستهێنان و دۆزینەوەی هاوسەنگییەکی نوێیە. هاوسەنگییەک کە سەدەی هەژدەیەمی بە میرات بۆ ئێمە جێهێڵا ونبووە، تەنیا لە ژێر ڕۆشنایی هەوڵێکی ڕوونبیانە دەتوانرێت هۆشیاری و ئاگایی لەبارەی هاوسەنگییەک بەدەست بهێنرێت- کە تاڕاددەیەک بێ ئەوەی ئاگای لە ئێمە بێت-لە دەوروبەرمان سەرهەڵدەدات.

بۆ ئەم کارە پێویستە ئەدەب پیرۆز بکرێت (تەقدیس بکرێت) و لە کۆت و بەندی قەدەغەکراوە کۆمەڵایەتییەکان- بە تێگەیشتن لە نهێنی توانستی ئەم قەدەغەکراوانە و نەزۆککردنی تواناکانیان- ئازاد بکرێت، ئەو کاتە ڕەنگە بتوانرێت نەک تەنیا مێژووی ئەدەب، بەڵکو مێژووی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا لەسەر بنەمای گفتوگۆی ئەفرێنەرانی وشە و ئەفسانە و بیرۆکەکان لەگەڵ مرۆڤانی هاوچەرخ و مرۆڤانی داهاتووشیان دووبارە بنووسرێتەوە، گفتوگۆیەک کە ئێمە ئێستا پێیدەڵێین ئەدەب.

# بیبلۆگرافیای کتێبە فرەنسییەکان

ALTICK (R. D.), The English Common Reader, Chicago, 1956.

ANGOULVENT (P.), L'édition française au pied du mur, Paris, 1960.

BOLLEME (G.), DUPRONT (A.), EHRARD (J.), FURET (E.), ROCHE (D.), ROGER (J.), Livre et société dans la France du XVIII siècle, La Haye, 1965.

DUMAZEDIER (J.), et HASSENFORDER (J.), Eléments pour une socio-logie comparee de

*la production, de la diffusion et de l'utilisation du livre, Bibliographie de la France, Paris,*

1963.

ESCARPIT (R.), La révolution du Livre, Paris, 1965.

ESCARPIT (R.), The sociology of Literature, dans International Encyclopaedie of the Social Sciences, New York, 1968.

. ESCARPIT (R.), L'écrit et la communication, Paris, 1973.

ESCARPIT (R.), BOUAZIS (Ch.), DUBOIS (J.). ESTIVALS (R.), MURRY (G.),

ORECCHIONI (P.), ROBINE (N.), ZALAMANSKY (H.), Le littéraire et le social, Paris,

*1970.*

*ESTIVALS (R.), La statistique bibliographique de la France au XVII siècle, La Haye, 1965.*

*GOLDMANN (L.), La sociologie de la littérature, dans Revue interna-tionale des Sciences* sociales, 4, 1967.

. HOGGART (R.), The Uses of Literacy, Londres, 1956.

LEENHARDT (J.), La sociologie de la littérature, dans Revue inter-nationale des Sciences sociales, 4, 1967.

LUKACS (G.), Literatur-Soziologie, Neuwied, 1961.

MEMMI (A.), Cinq propositions pour une sociologie de la littérature, dans Cahiers

internationaux de Sociologie, 1959, VI, 26.

MEMMI (A.), Problèmes de la sociologie de la littérature, dans Traité de Sociologie, Paris,

1963.

PICHOIS (C.), Vers une sociologie historique des faits littéraires, dans Revue d'histoire

littéraire de la France, 1961, 1.

SARTRE (J.-P.), Qu'est-ce que la littérature?, Paris, 1948.

Syndicat national des Editeurs, Monographie de l'édition, Paris, 1970.

Littérature et grand Public, Informations sociales, 1957. 1.

## سەرچاوەکانی هەمان نووسەر– بەرهەمە زانستییەکان

*Historia de la literatura francesa, Mexico Fondo de Cultura Economica, 1948.*

*De quoi vivait Byron?, Paris, Deux-Rives, 1951.*

*Précis d'histoire de la littérature anglaise, Paris, Hachette, 1953.*

teme de Stehette. 192 Paris. Ha

.L'Angleterre dans l'euvre de Mme de Staël, Paris, Didier, 1954.

Guide anglais (avec J. DULCK). Paris, Hachette, 1954 (éd.anglasie meet Britain, 1957).

anglaise Meet e Rudyard Kipling. Servitudes et grandeurs impériales, Paris, Hachette, 1955.

Lord Byron. Un temperament littéraire, Paris, Le Cercle du Livre, 1957. Contracorrientes mexicanas, Mexico, Antigua libreria Robredo, 1957.

Guide hispanique (avec F. BERGES et G. LARRIEU), Paris, Hachette, 1959 L'humour,Paris,P.U.F.("Que sais-je?",n°877), 1960.

Ecole laique, école du peuple, Paris, Calmann-Lévy, 1961.

Atlas de la lecture à Bordeaux (avec N. ROBINE), Bordeaux, Faculté des lettres Hemingway, Bruxelles, La Renaissance du Livre, 1963.

La révolution du livre, Paris, P. U. E., 1965.

Byron, Paris, Seghers, 1965.

Le littéraire et le social, Paris, Flammarion, 1970.

La faim de lire (avec R. E. Barker), Paris, P.U.F., 1973.

L'écrit et la communication, Paris, P. U. F., 1973.

Théorie générale de l'information et de la communication, Paris, Hachette. 1976. Théorie de l'information et pratique politique, Paris, Seuil, 1981.

Livre blanc de la communication, Bordeaux, Lasic, 1982.

Livre blanc de la communication, Bordeaux, Lasic, 1982.

## بیبلۆگرافیای سەرچاوە فارسییەکان

### ا) کتێب


- آریان پور، امیرحسین، ایبسن آشوب گرای، کاوشی در زمینه جامعه شناسی هنر، ج ۱، تهران، سپهر، ۱۳۴۸.
- __________، جامعه شناسی هنر، ج ۳، تهران، دانشکده هنرهای زیبا، ۱۳۵۴.
- آرین پور، یحیی، از صبا تا نیما، ج ۳، تهران، ۱۳۵۳.
- التباخ، فیلیپ جی، واوا – مریار اکبر، نشر کتاب در جهان سوم، ترجمه علی شکوئی، تبریز،انتشارات دانشگاه تبریز ۲۷۲، ۱۳۶۴.
- باختین، میخاییل، و دیگران، سودای مکالمه، خنده، آزادی، گزیده و ترجمه محمدجعفر پوینده،ج ۱، تهران، آرست، ۱۳۷۳.
- بارت، رولان، نقد تفسیری، ترجمه محمدتقی غیاثی، ج ۱، تهران، بزرگمهر، ۱۳۶۸.
- بنیامین، والتر، نشانهای به رهایی، ترجمه بابک احمدی، ج ۱، تهران، تندر، ۱۳۶۶.
- پرهام، سیروس، رئالیسم و ضد رئالیسم در ادبیات، چ ۶، تهران، آگاه، ۱۳۶۰.
- پلخانف، گئورگی، در باره ادبیات، ترجمه منوچهر هزارخانی، ج ۲، تهران، رواق.
- ______، هنر و زندگی اجتماعی، ترجمه منوچهر هزارخانی، ج ۱، تهران، آگاه.
- ترابی، علی اکبر، جامعه شناسی و ادبیات، شعر نو هنری در پیوند با تکامل اجتماع، ج ۱، تبریز،نوبل، ۱۳۷۰.
- جورج، امری، جورج لوکاچ، ترجمه عزت الله فولادوند، ج ۱، تهران، ویراسته، ۱۳۷۲.

●رنجبر، احمد، هشت مقاله (اجتماعیات در ادبیات)، ج ۱، تهران، اساطیر، ۱۳۷۲.

●زرافا، میشل، ادبیات داستانی (رمان و واقعیت اجتماعی)، ترجم نسرین پروینی، ج ۱، تهران،فروغی، ۱۳۶۸.

● سارتر، ژان پل، ادبیات چیست؟، ترجمه ابوالحسن نجفی، مصطفی رحیمی، ج ۱، تهران، زمان، ۱۳۵۲.

●________، و دیگران، ادبیات و اندیشه، گزیده و ترجمه مصطفی رحیمی، ج ۱، تهران، زمان، ۱۳۵۶

●سلدن، رامان، راهنمای نظریه ادبی معاصر، ترجمه عباس مخبر، ج ۱، تهران، طرح نو، ۱۳۷۲.

●شو کینگ، لوین، ل.، جامعه شناسی ذوق ادبی، ترجمه فریدون بدرهای، ج ۱، تهران، توس، ۱۳۷۳.

●عابدینی، حسن، صد سال داستان نویسی در ایران ، جلد اول، چ۱، تهران، تندر، ۱۳٦٦.

●فیشر، ارنست، هنر در روند تکامل اجتماعی، ترجمة فیروز شیروانلو، چ ۷، توس ۱۳۵۸ .

●صد سال داستان نویسی در ایران، جلد اول، چ ۱، تهران، تندر، ۱۳۶۶.
صد سال داستان نویسی در ایران، جلد دوم، ج ۱، تهران، تندر، ۱۳۶۸.

●گلدمن، لوسین ، جامعه شناسی ادبیات (دفاع از جامعه شناسی رمان)، ترجمه محمدجعفر پوینده، ج۱، تهران، هوش و ابتکار، ۱۳۷۱.

●______، فلسفه و علوم انسانی، ترجمه حسین اسدپور پیر انفر، ج ۱، تهران، جاویدان، ۱۳۵۷.

●______، نقد تکوینی، ترجمه محمد تقی غیاثی، ج ۱، تهران، ۱۳۶۹.

●لنگرودی، شمس، تاریخ تحلیلی شعر نو، ج ۱، تهران، مرکز، ۱۳۷۰.

- لوکاج، گئورگ، پژوهشی در رئالیسم اروپایی، ترجمه اکبر افسری، ج ۱، تهران، علمی و فرهنگی، ۱۳۷۳.
- ________، جامعه شناسی رمان، بالزاک، زولا، استاندال، ترجمه محمد پوینده، ج ۱، تهران، تجربه، ۱۳۷۴.
- ______، معنای رئالیسم معاصر، ترجمه فریبرز سعادت، ج ۱، تهران، نیل، ۱۳۴۹.
- مختاری، محمد، انسان در شعر معاصر، ج ۱، تهران، توس، ۱۳۷۲.
- مصباحی پور ایرانیان، جمشید، واقعیت اجتماعی و جهان داستان، ج ۱، تهران، امیر کبیر، ۱۳۵۸.
- میرفطروس، علی (به اهتمام)، سهند، درباره جامعه شناسی و ادبیات، تهران، صدا، ۱۳۵۷.
- ولف، جانت، تولید اجتماعی هنر، ترجمه نیره توکلی، ج ۱، تهران،۱۳۶۷.
- هاوزر، آرنولد، تاریخ اجتماعی هنر (دو جلد)، ترجمه امین مؤید، ج ۳، تهران، چاپخش، ۱۳۷۲.
- ______، فلسفه تاریخ هنر،ترجمه محمدتقی فرامرزی،ج ۱، تهران، ۱۳۶۳.
- ______، و دیگران، گستره و محدوده جامعه شناسی هنر و ادبیات، ترجمه فیروز شیروانلو، چ ۱، تهران، توس، ۱۳۵۵ .
- هگل، گئورگ ویلهلم فردریش، مقدمه بر زیباشناسی، ترجمه محمود عبادیان، ج ۱، تهران، آوازه،۱۳٦٤.
- یوشیج، نیما، ارزش احساسات و پنج مقاله در شعر و نمایش، ج ۳، تهران.

**●ب)وتارەکان**

●امینی، احمد، «کاری کارستان»، نقد کتاب جامعه شناسی ادبیات (دفاع از جامعه شناسی رمان) نوشته لوسین گلدمن، سلام، ش٤٨٤(٢٨دی ١٣٧١).

● باختین، میخاییل، «علم ادبیات و بررسی های ادبی، ترجمه محمدجعفر پوینده، آدینه، ش ٩٤-٩٥، (شهریور ١٣٧٣).

●_____، «فرهنگ خنده آور مردمی» ترجمه محمد پوینده، تکاپو، ش ١٣ (آبان و آذر ١٣٧٣).

● بنیشو، پل، «شکنجه آفرینش ادبی (گفتگو با پل بنیشو منتقد و جامعهشناس ادبیات)»، ترجمه اسماعیل مطلبی سنگری، گیله وا ویژه هنر و اندیشه (تابستان ١٣٧٣).

● پاسکادی، یون، «ساختگرایی تکوینی و لوسین گلدمن»، ترجمه محمد پوینده، جامعه سالم، ش ٢ و٣ (مهر و دی ١٣٧٠).

● پلانتی - بونژور، گی، «زیبایی شناسی بلینسکی و تأثیر پذیری از هگل» ترجمه محمد پوینده، کتاب صبح، ش ١١ (فروردین و اردیبهشت) ١٣٧٠.

●_____، واقع گرایی زیبایی شناختی، چرنیشفسکی و هگل، ترجمه محمد پوینده، کلک ش ٢٩ مرداد ١٣٧١)

●پوینده، محمد، «خنده آزادی بخش رابله»، تکاپو، ش ١٣ (آبان و آذر ١٣٧٣).

●____ ، رمان از نظرگاه هگل،کتاب صبح،ش٧ (تابستان )١٣٦٩ .

●_____، کوهلر، چشم اندازی نو در جامعه شناسی ادبیات، آدینه، ش ٩٨ (بهمن ١٣٧٣).

● پی یر و زیما، «جامعه شناسی رمان از نظرگاه گلدمن»، ترجمه محمد پوینده، کلک، ش ٣١ (مهر ١٣٧١)

●تودوروف، تزوتان، «گزینشهای اساسی باختین»، ترجمه محمد پوینده، تکاپو، ش ۱۲ شهریور ومهر ۱۳۷۳).
●سرژ، ویکتور، «نقش مسلکی نویسنده، ترجمه محمد پوینده، کتاب صبح، ش ۸(مهر و آبان ۱۳۶۹).
● کوهلر، اریش، «۲۲ تز درباره جامعه شناسی ادبی»، ترجمه محمد پوینده، آدینه، ش ۹۸ (بهمن).۱۳۷۳
●گرامشی، آنتونیو، «معیارهای نقد ادبی»، ترجمه محمد پوینده، تکاپو، ش ۳ (تیر ۱۳۷۲).
●گلدمن، لوسین، «تحلیل ساختاری سرنوشت بشر»، ترجمه محمد پوینده، کلک، ش ۲۳-۲۴ (بهمن و اسفند) ۱۳۷۰.
●_____ ، »جامعه شناسی ادبیات»، ترجمه محمد پوینده، تکاپو، ش ۵ (آبان) ۱۳۷۲.
●_____، روش ساختگرای تکوینی در جامعه شناسی ادبیات»، ترجمه محمد پوینده، تکاپو، اش ۲ (خرداد ۱۳۷۲).
●لوکاچ، گئورگ، «آرزوهای بر باد رفته، قله رمان پندار زدایی» ترجمه محمد پوینده، کلک، ش ۳۹خرداد ۱۳۷۲).
●_____، ایدئولوژی مدرنیسم»، ترجمه فریبرز سعادت، جهان نو، ش ۴و ۵ و ۶ (مهر تا اسفند ۱۳۴۸.
●_____ ، «درباره رمان»، ترجمه محمد پوینده، کلک، ش ۵ (مرداد ۱۳۶۹).
●_____، فرانتس کافکا یا توماس مان؟»، ترجمه فریبرز سعادت، کتاب نمونه (۱۳۵۱)
●_____، «فرم ویژه رمان» ترجمه محمد پوینده، کلک، ش ۱۱ و ۱۲ (بهمن و اسفند ۱۳۶۹).

# ژیاننامەی نووسەر رۆبێر ئیسکارپیت



* لە ٢٤ی نیسانی ١٩١٨ لە سانت ماکیر لە فرەنسا لەدایک بووەو لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٠ لە فرەنسا کۆچی دوایی کردووە.

*بەهۆی نووسینی کورتەچیرۆک و وتار و نووسینی ستوونی رۆژنامەوانیی لە رۆژنامەی لۆمۆند لە ١٩٤٩-١٩٧٩ زۆر بەلای جەماوەرەوە ناسراوبوو.

*بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی ئینگلیزیدا وەرگرتووەو لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥ کاری مامۆستایەتی کردووە.

* دوای جەنگی دووەمی جیهانی بۆتە ئەمینداری گشتی و بەڕێوەبەری پەیمانگای فرەنسی لە ئەمریكای لاتین لە مەكسیك.

* دواتر بۆتە پرۆفیسۆری ئەدەبی بەراوردكاری لەزانكۆی بۆردۆ لە١٩٥١-١٩٧٠. لە ساڵی ١٩٦٠ دا سەنتەری كۆمەڵناسیی ئەدەبی دامەزراندووە.

-*لە ساڵی ١٩٨٨ دا بۆتە بەڕێوەبەری زانستیی پرۆژەی (قامووسی زاراوە ئەدەبییە نێو دەوڵەتییەكان).

*لە ساڵی ١٩٦٥ دا لەسەر داواكاری یۆنسكۆ كتێبی (شۆڕشی كتێب)ی نووسیوەو بۆ زیاتر لە ٢٠ زمان وەرگێڕدراوە.

*یەكێكە لە هەوەڵین ئەو گەورە زانایانەی (زانستی پێوەندیكردن)یان لە فرەنسا پەرەپێدا.




بەرگی چاپی ئینگلیزی




بەرگی چاپی فارسی

## وەرگێڕەکان

- **هیمداد حوسێن بەکر لە ساڵی ١٩٦٤ لە دایک بووە.**
- **لە ساڵی ٢٠٠١ دکتۆرای لە ئەدەبیات و ڕۆژنامەوانیی کوردی لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە.**
- **لە ساڵی (١٩٩٥)ەوە لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر پرۆفیسۆری ئەدەبیاتی نوێی و ڕۆژنامەوانیی کوردییە و سەرپەرشتی ژمارەیەک خوێندکاری دکتۆرا و ماستەری لە بەشەکانی کوردی و فارسی و ڕاگەیاندندا کردووەو زیاتر لە ٣٠ کتێبی چاپکراوی هەیە**
- **سکرتیری ڕۆشنبیریی یەکێتیی نووسەرانی کوردە.**

..........................

- **سەنگەر نازم حسین لە ساڵی لە هەولێر لە ساڵی ١٩٨٩ دایک بووە.**
- **ساڵی ٢٠١١ بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی کۆیە وەرگرتووە.**
- **ساڵی ٢٠١٥ ماستەری لە ئەدەبی نوێی کوردی وەرگرتووە.ناونیشانی نامەکەی بریتییە لە:وێنەی پیاو لە شیعرەکانی کەژاڵ ئەحمەد و فروغی فەروخزاد.**

*** ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی کۆیە.**